# ئیسکەندەر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

هێرمان شوڵتز

# ئیسکەندەر

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

**ئەنوەر محەمەد ئەحمەد**



ناوی کتێب: ئیسکەندەر
نووسینی: هێرمان شوڵتز
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٠٢
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٨٥٣ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

لەمەڕ ئەم بەرهەمەوە:

سەرەتای ساڵەکانی شەست، لاوێکی تورک بەناوی ئەساف کارپات، دێت بۆ ئەڵمانیا هەتا پارە پەیدا بکات. لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵات، هەمدیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا. ئەویش لەبەرئەوەی ناتوانێت ئەو ماوە کورتە خۆشەویستییەی لەتەک ژنێکی ئەڵماندا، لە بیر بکات. گوایە کە ئەو ژنە، لە تورکێک منداڵێکی هەیە. ئەسافیش دەکەوێتە گەڕان بەدوای ژن و منداڵەکەدا. چونکەی ئەو لەو باوەڕەیدایە کە باوکی منداڵەکە بێت. لە ئاکامی گەڕاندا و لە خانەیەکی منداڵاندا، بەکوڕێک ئاشنا دەبێت بەناوی ئەلێکساندەر. کە خۆشەویستی و گرینگی پێ دەبەخشێت. رۆژێک ئەلێکساندەر بزر دەبێت. هاوکات، خورتێک لە گوندێکی بچکۆلانەی تورکیای نێزیک شاری ئەنتالیا، پەیدا دەبێت. منداڵێکی بێدەنگ و خۆگر، کە نەوەی (کارپات)ە(*). منداڵەکە گەورە دەبێت. دەبێتە خورتێکی هۆشیار و هۆی خۆشحاڵی دایەپیرە و بابەپیرەی. هەتا ڕۆژێک نامەیەکیان لە باڵوێزی ئەڵمانیاوە پێ دەگات....

ئەم ڕۆمانە هەست هەژێنە بنەمایەکی ڕاستەقینەی هەیە کە هێرمان شوڵتز بەگرینگی و خۆشەویستییەوە لە هەمبەر مرۆڤدا، باسی لێوە دەکات.

هێرمان شوڵتز لە ١٩٣٨ لە شاری نکالینزی وڵاتی تانزانیا لە دایک بووە.

کوڕی پیاوێکی ئایینی – قەشە – ئەڵمان. ئەو لە ساڵی ١٩٦٠ەوە لە شاری ڤوپێرتاڵ دەژی. لە ١٩٦٧ – ٢٠٠١ بەڕێوەبەری دەستگای چاپی (هامەر فێرلاگ) بووە. ئەو گەشتی بۆ زیاد لە شەست وڵات کردووە. زۆرترینیان بۆ ئەفریقا و ئەمریکای لاتین. ئەو ڕۆمانەکانی (بەدەم شەپۆلەوە) و تەمی خۆری بڵاو کردووەتەوە.

١

## ئەساف و ئەلێکساندەر

لە ڕۆژنامەکانی ناوچەی ڕورگەبیت و لە مارتی ١٩٦٨دا، ئاگەدارییەک بڵاوکرایەوە: منداڵێکی خورتی تەمەن حەوت ساڵان کە باری دەروونی باش نییە، لە خانەی منداڵان دیار نەماوە. گوایە سەری لێ تێکچووە. ئەگەری ئەوە هەیە کە بێپەروا و ناتوانا بەو ناوەدا دەسووڕێتەوە. ئەوەی دەتوانێت زانیارییەک بدات، با پۆلیس ئاگەدار بکاتەوە. منداڵەکە پانتۆڵێکی شین و چاکەتێکی مۆری تۆخی لەبەر دایە. قژی ڕەشە و کورت تاشراوە. منداڵەکە وەک بێئاگا دێتە بەرچاوان و کەمدووە. ئەو لەڕە و بۆ ئەو تەمەنەی گەورەتر دیارە. ساڵێک لەمەوبەر دایکی لە کارەساتی ئۆتۆمبیلدا گیانی لە دەست داوە. باوکیشی نەناسراوە. هەر کەسێک بەو منداڵە گەیشت یان لە منداڵێکەوە زانیاری دەستکەوت کە ئەو بێپەروا بە شەقامەکاندا دەسووڕێتەوە، باشترە هەر خێرا و نێزیکترین بنکەی پۆلیس ئاگەدار بکاتەوە.

لێ، کەسێک بەزانیارییەکەوە خۆی لەکن پۆلیس نەناساند.

چوار ڕۆژ پاش بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەوازە، ئۆتۆمبێلێکی ئۆپل ئۆلۆمپیا، هێدی هێدی خۆی لە پۆلیسی سنووری تورکیای شاری ئەدەرنە نێزیک کردەوە. بەرەبەری بەیانی بوو. بایەکی سارد لە نێوانی درەختەکانەوە دەهات. پیاوێکی لەڕ کە قاتێکی قاوەیی لەبەردا بوو،کراواتێکی مۆدەی بەستبوو، لە پشتی سوکانەکەوە بوو. لە پاڵ ئەویشدا، پیاوێکی تێکسمڕاوی سمێل ڕەش کە دەستێک جلی کەشخەی لەبەردا بوو، دانیشتبوو. سەربازێکی خورت کە بەرگی سەربازی ڕەنگ سەوز و قاوەیی لەبەردا بوو، دەمانچەیەکیشی بەدەستەوە بوو، لە ژوورە سەقف نزمەکە هاتە دەرەوە. ڕووناکییەکی کزی گڵۆپێک لە ساتی کردنەوەی دەرگەکەدا، کەوتە سەر جادە قیرەکە. هەردوو گەشتیارەکان پاسپۆرتە تورکییەکانیان پیشاندا.

– ئێوە لە ئەڵمانیا کار دەکەن، گوزەران لەوێکانە چۆنە؟





لێخوڕەکە وەڵامی دایەوە:

– گلەییەکمان نییە.

پاسەوانەکە داوای کرد بڕوانێتە سندوقەکەی پشتەوە. کەسی کن لێخوڕەکە دابەزی و دەرگەکەی بۆ کردەوە. سەبەتەیەکی پڕ و سیخنان لە سندوقەکەدا بوو. پاسەوانەکە داوای لێ کرد کە بیکاتەوە. پیاوەکەیش سەری سەبەتەکەی لادا. پاسەوانەکە هەندێک لەو جلانەی بەرز کردەوە کە بەڕێکوپێکی قەد کرابوون. ئەوجا لە لایەکەوە دەستی بۆ خوارەوەی سەبەتەکە شۆڕ کردەوە، هەتا قۆڵی تێیدا بزر بوو. ئەوجا دەستی بردە لاکەی تر و پاشان پرسی:

– هەر جلن؟

ئەو پیاوەی کە ناوی ئەساف کارپات بوو، وەڵامیدایەوە:

– هەر جلن.

– ئامێری تەکنیکیتان پێ نییە؟ وەک ڕادیۆ، کامێرا، چەک، ئەلکەول، جگەر و شتی لەو بابەتانە؟

پیاوەکە بەئارامییەوە وەڵامیدایەوە:

– هیچمان پێ نییە.

– ئەم هەموو جلانەتان بۆ چییە؟

– لە ئەڵمانیا جلوبەرگ هەرزانە، ئێمەیش خێزانێکی زۆرین.

– دەتانەوێت بۆ کوێ بچن؟

– کۆنیا.

– من خەڵکی ترابزونم... کەواتە سەفەرێکی خۆش، برادەر.

ئەساف کارپات دەمی سەبەتەکەی داخست و سندوقی ئۆتۆمبێلەکەی دادایەوە. سەربازەکەیش دەستی بۆ هەڵخستن. لێخوڕەکەی ناوی محەمەد ڕازی پێکێر بوو، بەهێواشی ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو سنووری تورکیا شۆڕ کردەوە و پاشان بەرە و ناو شار پێچی کردەوە. هەردووکیان بێدەنگ بوون و دەیانڕوانییە سووریی ڕۆژئاوابوون. ساتێک ئۆتۆمبیلەکەیان لە پارکی پشت ئۆتێلە بچکۆلەکەی بەناوی یەڵدرم وەستاند،

ئەوجا گرژییەکەیان خاو بووەوە. بەدەم جگەرەکێشانەوە لە پاڵ هەردوو دەرگە کراوەکانی ئۆتۆمبیلەکەدا وەستا بوون. هەتا پیاوە پیرەکە تەنەکە تێکقوپاوی زبڵەکەی لادا. کورتەبنەیەکی کۆماوەیش وازی لە خستنەکاری ماتۆڕەکەی هێنا. کە ئیدی کەسێک لەو نێزیکانە نەما، بەهەردووکیان سەبەتەکەیان لە سندوقەکە دەرهێنا. هاوکاری گەنجەکەشیان کرد تا لە حەشارگەکەی بێتە دەرەوە. ئەساف بەزەردەخەنەیەکی لەخۆڕازیبوونەوە، دەستی بەقژە قاوەییە تۆخەکەیدا هێنا و دەستی گرت. هەرسێکیان کەوتنە ڕێ و خورتەکە لە ناوەڕاستیاندا. بەدەوری بیناکەدا وەرچەرخان و بەرە و دەرگەی سەرەکی ئۆتێلەکە چوون. لەوێکانەدا ژوورێکیان بەکرێ گرت. سەر لە بەیانی ڕۆژی داهاتوو بەرەو ئیستەنبول بەڕێکەوتن. دەمەدەمی ئێوارە گەیشتن و ژوورێکیان لە ئوتێلێک گرت. هەردوو پیاو و خورتەکە هەتا ئێوارەی درەنگ بەبازاڕدا گەڕان. پاشان چوونە کۆشکی سوڵتان لە تۆپقاپی. هەمیشەیش خورتەکە لە نێوەڕاستیاندا بوو. لە پردی قەڵات ماسیان کڕی و بۆ حەوانەوەیش چوونە باخی مزگەوتێکەوە. زۆربەی بە تورکی لەتەک گەنجەکەدا دەپەیڤین. بەڵام هیچ دیار نەبوو کە ئایا ئەو لە هەمووی تێ دەگات، چونکەی زۆر بەکەمی وەڵامی دەدایەوە. بەکورتی و تەنیا بەڵێ و یان نەء ی دەوت. بۆشیان ڕوون نەبوو کە ئایا خورتەکە گرینگی بەجوانی شار و بۆسپۆرۆس دەدات. لێ، ئەوان خۆیان پێوە سەرگەرم دەکرد و تاڕادەی توانین شتەکانیان بۆ ڕاڤە دەکرد. ڕۆژی دووەم بەئۆتۆمبیلە ئۆپلەکەیانەوە بەرەو باشوور بەڕێکەوتن. بەڕۆژێک گەیشتنە گوندی یەنیکۆیای جێی مەبەست، لە چیاکانی تاوروس.



٢

ئەساف تاقانە کوڕی ڕەئووف کارپات و ئایشێی ژنی بوو. ئەم ماڵباتە بچووکە لە گوندێکی بچکۆلەی بەناوی یەنیکۆیای نێوان ئێلمەلی و ئەنتالیا و نێزیک جادەیەک دەژیان. ئەوان سەرگەرمی کاری ئاژەڵداری بوون. ڕەئووف کارپات بەهەبوونی نێزیکەی سەد پەز و هێندەیش بزنی ئەنگۆرا، بەزەنگین دادەنرا. هەشتا پەز و ئەو خانووەی لە باوکییەوە بۆ مایەوە، کە کەوتبووە دەرەوەی گوندەکە. لێ ئەو توانی کە بەکارامەیی و دەستگرتنەوە و بەختیش، لە بیست ساڵی ڕابردووەوە، گەلەئاژەڵەکەی زیاد بکات. هێندەیش مەزن بوو کە بەدژواری دەیتوانی لەتەک کوڕەکەیدا بەڕێوەی ببات. هەتا پێش لە هاتنی مانگە ساردەکانی زستان، گەلەکەی بە لاپاڵی چیاکانەوە دەلەوەڕین. کە زوقم و سەرمایش دەهات، ئیدی گەلەکە لە کۆزی بەرتەسک و بەڵام گەرمدا ڕادەگیران. ڕەئووف کارپات، مرۆڤێکی ڕەبەند و بێدەنگی خەڵکی ئەناتۆڵیای بەناوی عەلی، لە کن خۆی دامەزراندبوو. عەلی لەتەک پێنج شەش مێردمنداڵی هەژاری گوندەکەدا، سبەینان زوو پەزەکانیان دەبردە چیا. ڕەئووف ئەو حەقدەستەی پێدەدا کە دەبێت بەشوانێک بدرێت، لێ کەمێکیش زۆرتر. جێی نوستنەکەشی ژووری ئامێرەکان بوو. تەنیا ڕەئووف لە نهێنی ئەم زەلامە گەورە و بەڵام شەرمێونەی دەزانی. ئەو پیاوە لەبەر ئەوەی کە ئامادە نەبوو، تۆڵەی خوێن بکاتەوە، ناچار ما گوندەکەی بەجێ بێڵێت، هەر وەک چۆن کولتووری ئەوێ و کەسەکانی وایان دەویست. ئەو دەبووایە کوڕی دراوسێکەیان بکوژێت، لەبەر ئەوەی گوایە، پێوەندییەکی خۆشەویستی لەتەک خوشکە منداڵەکەی عەلیدا هەبووە. ئیدی لە شەوێکی تۆفاندا عەلی گوندەکایانی جێهێشت. تەنیا دایکە پیرەکەی کە پەڕۆیەکی بەسەرەوە بەستبوو، هەتا سەر ڕووبارەکە لەتەکیدا چوو. بەچاوی فرمێسکاوییەوە باوەشی پێداکرد. هەردووکیان دەیانزانی کە ئیدی یەکتر نابیننەوە. پاش چەندین مانگی ڕێپێوان لە ڕۆژهەڵاتی دووردەستەوە، گەیشتە گوندی یەنیکۆیا. بەشێکی

زۆری ڕێگەی لەتەک کۆچەرییەکانی یوروکدا بەڕێ کرد. ئەو کە لە کاری پەزداریدا هاوکاری دەکردن، ئەوانیش بێ ئەوەی پرسیارێکی ئاراستە بکەن، لە خێوەتێکدا جێیان کردەوە و بژێویان پێ دەدا. لەسەر پردەکەی نێزیک گوندەکە ڕەئووف بەو گەیشت. ئیدی کە کەوتە بەردڵی، ئەویش کاری پێدا. عەلیش بڕیاریدا خۆی جێنشین بکات. ڕەئووف هەستی کرد کە ئەم پیاوە، دەکرێت جێی متمانە و باوەڕی بێت. ئیدی لەو ساتەوە، لەتەک مێردمنداڵەکاندا پەز و بزنە ئەنگۆرەکان، بەرەو چیاکان دەبات. بەخێراییش بووە جێی متمانە و باوەڕی خاوەن ئاژەڵ و عایشەی ژنی. مێردمنداڵە شوانکارەکانیش لە هەمبەر کارەکانیاندا، نان و پەنیر و هەندێکیش پارەیان پێدەدرا. زۆرتر لەوەی لە کن ئاژەڵدارەکانی تر دەدرا. ڕەئووف یەکێک بوو لەوانەی لە یەکسانیدا ناوێکی دەرکردبوو، دڵ و دەروونێکی باشی هەبوو. هاوکارەکانی بەکارامە ناسرابوون و زۆر بەدەگمەن، مەڕێکی بەجێدەما. کە ئەگەری ڕوودانی ئاسان بوو. چونکەی لە کەندەڵانی چیاکاندا پڕ بوون لە پشیلەکێوی و گورگ، کە خۆیان تێدا مەڵاس دەدا. باڵندە ڕاوکەرەکانیش لە ئاسمانەوە خولیان دەخوارد و خۆیان بۆ ئاژەڵە بچکۆلەکان ئامادە دەکرد. هەندێک لە شوانکارەکان هەشت ساڵیشیان تەواو نەکردبوو، لێ بەکارامەییەوە کاریان دەکرد. ئەوان بەر لە خۆرهەڵاتن دەهاتن. لە چاوەڕێکردنی ڕەئووف و عەلیدا، لەو بەرەبەیانە فێنکەدا لەبەر ماڵەکاندا ڕۆدەنیشتن. عایشە، شیری گەرم و نانی تازە و پەنیری پێ دەدان. لە دەسترۆکەیەکدا، خەیار و زەیتوون و هێلکەی کوڵاو و دۆڵکەیەکیش شیری بۆ ڕێگە دەدانێ. ئیدی کە ڕۆژ هەڵدەهات، ئەوان بەپەزەکانیانەوە گەیشتبوونە بەر بنارەکان. ئەو لەوەڕگایانەی کە باشترین گژوگیای لێدەڕوا. ڕەئووف و عایشە دەیانزانی کە ئەو مێردمنداڵانە، دەستکەوتەکانیان بەدایک و باب و خزمەکانیان دەدەن. گەلێک جاران ئەوان تەنیا کەسانێک بوون، دەیانتوانی پارە بۆ ماڵەوە فەراهەم بێنن. لێ، ئەو پارەیە لەوە زۆرتر بوو کە پێڵاوبۆیاخکەرێک، لە بەرچایخانە و یان سەر جادەکان پەیدایان دەکرد. بەڵام کەسێکیش لە خەمی ئەوەدا نەبوو کە ئەوان کەمتر دەچنە خوێندنگە.

ئەگەر پەزێک بزایە دەچوون بەدوی ڕەئووف یاخۆ عایشەدا. بەڵام جارجاریش ڕووی دەدا، ئەگەر پیاوەکان لەو نێزیکانە نەبوونایە، هەر خۆیان ئەرکی زایینەکایان





مەیسەر دەکرد. ئەوان فێر بووبوون کە بەئاگاییەوە پەلەکانی تازە زاوەکە بگرن و بەئاگەیشەوە دەری بێنن. بەگژوگیا بیسڕن و پاشان ئەنگوستی خوێیاوی بەگەروویدا بکەن، هەتا خووی بەگووان مژین پێ بگرن. پاشان هەر خێرایش زیادەی زایینەکەیان لە چاڵێکدا دەشاردەوە. چونکەی بەپێی بیروباوەڕی کۆن، هەتا سەرنجی باڵندە گۆشتخۆرەکان بۆ خۆیان ڕانەکێشن. بۆ بەرهەڵستیش لە پشیلەکێوی و قەل و داڵەکان، قۆچەقانی و شەقشەقەی بەستراو بەنووکی دارەوەیان بەکار دێنا. خۆیان لە قتوو دروستیان دەکرد و چەویان تێ دەکرد. بۆ خۆپاراستن لە بارانیش لە نێو گژوگیاکاندا و بەچیلکە و چەوێل، کەپرۆکەیان دروست دەکرد. عەلی ئەشکەوتی وەهای دەزانی کە جێی هەموو گەلە مەڕەکەی تێدا دەبووەوە. ئەگەر جارجاریش لەوەڕگایەکی باشیان بدۆزیایەتەوە، ئەوا لە چیا دەمانەوە. لەسەر شەوەر و گژوگیا دەخەوتن. ئەوجا عەلی لەبەر ئەشکەوتەکەدا ئاگرێکی دەکردەوە. هەندێ لە ئارەقی ناو شووشەکەی دەخواردەوە. پاشان دەکەوتە باسی شوێنە دوورەکانی تورکیا لە یەکتر. ئەو بەسەرهاتانەشی کە ئەو لە گەشتەکەیدا بەسەری هاتبوو. ئەم مرۆڤە بێدەنگە لە هیچ جێیەک وەها نەدەکەوتە شت گێڕانەوە. لە خەمی ئەوەشدا نەبوو کە ئەوانە مێردمنداڵ بوون و لە هەمووی حاڵی نەدەبوون. کە لە چیرۆک گێڕانەوەش دەبۆوە، هەمدیسان داوایان لێ دەکردەوە، باسێکی تر بگێڕێتەوە. چونکەی زۆریان لا خۆش بوو، بەدەووری ئاگردا دابنیشن و گوێڕادێرن.

لێ، بزن و پەزە زاوەکان و کار و بەرخۆلەکان، لە حەوشەی ماڵەوە دەمانەوە. هەر خۆشیان دەیان دۆشین. ئامێرەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی پەنیر ئامادە دەکرد. عایشە بۆ پێویستی زستان سیرێژی دەکردە پێستی مەڕەوە. ئەو هونەرەی کە بتوانی پەنیر بۆ زستان هەڵبگرێت، عەلی لە کۆچەرەکانەوە فێری بوو. ئەویش عایشەی فێر کرد. ئەوەشی کە دەمایەوە دەیانفرۆشت. چونکەی پەنیرەکەیان ناوبانگی هەبوو، دژوار نەبوو مشتەری بۆ بدۆزنەوە. ئەوان لە یەنیکۆیا باشتر لە ماڵباتەکانی تر دەژیان. داهاتی پەنیری بزن و مەڕ، گۆشت و خوری و پێستە و ئەو کورسیانەی کە ڕەئووف سەر لە ئێواران، لەسەر کورسیەکەی بەر ماڵەکەیاندا لە شووڵ دەیچنی، بەشی ئەوەی دەکرد کە هەموان تێر بن و بڕێکیشی لێ پاشەکەوت بکەن. ئەگەر هەندێک

جار زایینی زۆر لە ئاژەڵەکان هەبووایە، ئەوا ڕەئووف قووماشی حەریری بۆ عایشە دەکڕی. شووشەیەک ڕەقی لە هەرزانەکان، نەک گرانەکان، بۆ خۆی و دانەیەکیشی بۆ عەلی دەکڕی. شووشەیەک بەشی مانگێک زیاتریشی دەکرد. ئێواران لەگەڵ خۆرئاوادا، لەبەر ماڵەکایاندا دادەنیشت، ئەو جێیەی کە ڕێگە بەردەڵانییەکەی بەرەو چیاکانی تاوروس هەڵدەکشا. پیاڵەیەکیشی بۆ عایشە تێ دەکرد. ئەوجا سەرەکەی دادەخستەوە و دەیخستەوە جێگەکەی خۆی. ئیدی کە دەیانخواردەوە، لە ژیان و دنیای خۆیان ڕازی بوون. دەیانڕوانییە مەزرا شەن و کەو کەرەکان و چیاکانی تەمی ئێوارە دەوریانی گرتبوو. ئەوان نەیان دەتووانی ئەم دڵگیرییە لەتەک ژیانێکی تردا بەراورد بکەن. چونکەی ئەوان لەمە زیاتر، هیچی تریان نەدەزانی. ئەو زۆر جاران باسی ڕووداوە نوێکانی ئەنتالیا و ئەنقەرە و ژیانی دنیایەکی تری بۆ عایشە دەکرد. ئەو هەواڵانەشی لە خەڵکی مزگەوت وەردەگرت کە دەیانگۆڕینەوە. کە ئەو دەپەیڤا، عایشە گوڵەکانی ناو قتووەکانی ئاو دەدا. ئەو قتووانەی کە ڕەئووف بەگوێسەبانەکەدا هەڵیانی واسی بوو. ئەگینا ئیدی لە گۆڕانەکانی دنیا بێئاگا بوون. چونکەی ئەوان نە ڕادیۆیان هەبوو و نە ڕۆژنامە. هەتا تاریکی دادەهات ڕەئووف سەرگەرمی داتاشینی پارچەکانی کورسییەکە بوو. ئەو کورسییەی کە دەیویست بەپارەیەکی زۆر بیفرۆشێت. ئەو ئەم هونەرەی لە ئونوری باوکییەوە بۆ مابووەوە. باوکیشی لە حەسەنی باوکییەوە فێر بووبوو. کورسی چنراو نەبوو وەک ئەمەی ئەمان باش بێت. یان بەبەن و تاڵی درێژی بزنی ئەنگۆرا، فەرشی پان و پۆڕ و دۆشەکی قایمی لێدەکرا. بۆیەکە لە هەموو ناوچەی ئەنتالیادا ناوبانگی هەبوو. میوانەکانی گرینگیان بەکارەکەی دەدا و ئەوانەشی شارەزاییان لەو کارەدا هەبوو، بەسەرنج و سەرسووڕانەوە لێیان هەڵدەڕوانی کە ئەو چۆن بەکارامەیی ئامێرە دەستییەکانی چنین و ڕستن بەکار دێنێت. هێندە کارامە، هەر دەتگۆ ئامێرەکان خۆیان ئەو کارە دەکەن. لاکانی بەگوڵ و فەنتازیای خۆی دەڕازاندەوە. ئەو دەیویست کە لە ساڵێکدا دە کورسی ئاوەها بفرۆشێت. بەڵام تەنیا دووان و یان سیانی بۆ تەواو دەکرا. چونکەی ئەو دەیتوانی تەنیا لە دەمژمێرەکانی ئێواراندا ئەو کارە مەیسەر بکات. ئەگەرچی مشتەرییەکانی نائارام دەبوون، بەڵام هەر چاوەڕێیان دەکرد. عایشە، پاش





لەدایکبوونی ئەساف، دوو جاری دیش سکی کرد، بەڵام منداڵەکانی لەبار چوون. کە ئیدی کۆتایی بەسکپڕی هات. ئەو ساتانەی کە کوڕەکەیان لەسەر تەنیا جادە تەپ و تۆزاوی و خۆڵاوییە ڕەنگ زەرد و قاوەییەکەی گوندەکەیان، یان لە بان کا و گژوگیای بەربووەوە لە گالیسکەی جووتیارەکان، کایەی دەکرد. یاخۆ لەتەک هاوەڵەکانیدا لە چایخانە دادەنیشت. ڕەئووف و عایشە دڵنەوایی خۆیان دەدایەوە، کارێکی باشە، کە یەزدان تەنیا خورتێکی پێ بەخشیوون، لێ بەڵام خورتێکی باش. کە ڕۆژێک لە ڕۆژان گەلەمەڕەکە گەورەتر و بەرفراوانتر دەکات و دەبێتە پیاوێکی دەوڵەمەند. عایشەیش دەیوت:

– کە پیریش بووین، خزمەتمان دەکات.

ڕەئووفیش وەڵامێکی ناپێویستی دەدایەوە:

– بێشک وەهایە. باسی چی دەکەیت ئافرەت؟ دەزانیت ئێمە چ کوڕێکمان مەزن کردووە؟ زۆر ئاشکرایە کە ئەو وەک ئەوانی تر نییە.

ئەوجا بەلەخۆڕازی بوونەوە، دەست بەسمێڵە ماش و برنجەکەیدا دێنێ و بۆ سەرەوە لوولیان دەدات. هەردووکیان یەکتریان خۆشدەویست. عایشە لەوەی ئەرخەیان بوو کە هەرگیز کاری خراپ لەو ناوەشێتەوە. وەک ئەو ژنانەی کە لە پیاوەکانیان دەیانگێڕایەوە. ئەو هەرگیز کارێکی وەهای نەکردووە کە ئەم شک لە بەوەفاییەکەی بکات. ئەو تەنانەت نەشدەچووە سەیری ئەو سەما شەرقیانەی، کە هەر چەند مانگێک جارێک دەهاتنە گوندەکە. لێ، بۆ زۆربەی گوندییەکان سەمای شەرقی، تەنیا خۆشییەک بوو کە بەخۆیان ڕەوا دەبینی.

بەڵام کە ئاساف بوو بەنۆزدە ساڵان، هەموو شتێک هاتە گۆڕین.

خورتەکەیان هەڵچوو بوو. وەک خەڵکیش دەیانوت؛ ئەو خاوەن کەسایەتییەکی خۆیەتی و گەورە و بەهێز دەبینرا. ئەگەرچی هێشتاکە نەبووبووە بیست ساڵان، لێ، سمێڵێکی چڕ لە ژێر لووتیدا دەرکەوتبوو. کە بەساڵاچووتری دەنواند. ئەو کەسانەی کە بۆ کڕینی وەک نان، پەنیر، زەیتوون و یان بۆ شتی دی سەرگەرمی مامەڵە بوون، ساتێک ئەساف بەلای چایخانەکەدا ڕادەبوورد، لێیان هەڵدەڕوانی و دەیانوت: "چ کەسایەتییەکە" یان دەیانوت: " دەبێتە سەربازێکی کارامە. دەبا کەسێک بەس

شەڕێک هەڵگیرسێنێت، ئیدی بەپشتیوانی وەها لاوانێک، تورکیا وەک جاران گەورە دەبێتەوە..." یان دەیانوت: " دەبێت چ ژنێک ڕاوی ئەم داڵە بکات؟". ئەساف لە دایک و بابی زیاتر لە دنیا بەئاگا بوو. ئەگەرچی ئەو هێندە چووبووە خوێندنگە کە ئیجباری بوو. ڕۆژنامەشی نەدەخوێندەوە. بەڵام لە چایخانە و لە نێو هاوتەمەنەکانیدا، باسی بەسەرهات و ڕووداوی زۆر دەکرا و دەگێڕدرایەوە. لە چەند مانگی ڕابردوودا ساختمانێکی قەشەنگ دروست کرا، کە بووە هۆکاری فەنتازیای خەڵکی. کارگوزاری ئاوئاوەڕۆی دەوڵەتی، هاتبوو بەو بەر چایخانەکەوە ساختمانێکی دروست کرد. ئەندازیارە گوزەران باشەکان، بەئۆتۆمبێلی خۆیان و یان بەجێبی فەرمانگەوە، پاشائاسایی بەو ناوەدا لە هاتوچۆدا بوون. خەڵکانی گوزەران باشی خەڵکی ئەنقەرە، ئەنتالیا و یاخۆ ئستەنبۆڵ کە قاتیان لەبەردا و کراواتیان بەستبوو، بەرەو فەرمانگە دەیانهاژووت. جارجاریش ئافرەتانی جوانی هەمان چین، لەتەکیاندا دەبینران. ئەوان لە بەراورد لەتەک ئێرەدا، ژیانێکی جیاوازیان هەبوو. خۆ ئەگەر بچیتە سەر کار، دەبێت وەها خۆت بگۆڕیت و وەها ئۆتۆمبێلێکیشت هەبێت. لە نێو گەنجەکاندا کەسێک نەبوو بیر لەوە بکاتەوە و بکارێت، ئۆتۆمبیلێک بکڕێت. ئەمان بۆ کاری مەزرا و مەڕداری، هەروەک ژنان و پیاوانی سەد ساڵی ڕابردوو، شەڕواڵی خوری و کراسی دەڵبیان لەبەر دەکرد و شەبقەیەکیش بەسەرەوە. خواردنەکەشیان بریتی بوو لە برنج و فاسۆلیا، پەنیری سپی، نانی گەرم و زەیتوون و خەیار. خواردنەوەکەشیان، ئاو یان دۆی ترش بوو. لێ ئەگەر مرۆڤ بیتوانیبا هەموو شتێکی هەبووایە، ئەوا باش دەیتوانی لە یەنیکۆیادا بژی. لێ گەلێک خێزان هەبوون کە لە زۆر شتیان کەم بوو. ئیدی لەو ساتەوەی خەڵکانی بیانی هاتبوونە ئەم شوێنە لاچەپە کە، بۆ گەنجانی ناو چایخانەکە گرینگ و سەرنجڕاکێشتر بوو، دەربارەی ئۆتۆمبیل و پارە قسە بکەن، لەوەی هەمیشە بەکیژۆڵەکاندا هەڵبڕوانن و خەونیان پێوە ببینن. ئەو کیژانەی کە تەنیا دەتوانرا، ئەو چەند هەنگاوە لەتەکیاندا بڕۆن کە دەچوون هەندێک شیرینی بکڕن. لە چرپاندنی چەند ڕستەیەکیش زیاتر بەگوێیاندا، هیچی دی نەبوو. ئەسافیش تەنیا چەند جارێک لەتەک کیژۆڵەکاندا، قسەی کردووە.

کە سەر لە ئێوارە ئەساف لەسەر بیرەکە خۆی شت، هێشتاکە ماندوو بوو. هەر





هەموو ڕۆژەکە لەتەک باوکیدا تووکی بزنە ئەنگۆرەکانیان دەڕنییەوە. بەرگەکانی پیس و شەلاڵی ئارەقە بوو. کارەکە دژوار بوو. ئەو دەبووایە لەسەر مێزێک ڕای بگرتبانایە و پەلە نائارامەکانیانی بگرتبایە، هەتا باوکی بەئاگەییەوە، بێ ئەوەی پێستیان زامدار بکات، بەچەقۆکەی تووکەکانیان ببڕێتەوە. دەستەکانی بەچەوریی خورییەکان تورت ببوو. ئیدی کە ئێوارە داهات، بۆنی بزن و ئارەقەیان لێ دەهات. ئەو ڕۆژە توانیان تووکاکانی ٢٥ ئاژەڵ ببڕنەوە. قۆڵ و باسکەکانیان دەئێشان. هێشتاکە سێ ڕۆژی تریان بۆ ئەم کارە لەبەردەمدا بوو. لەو ساتەیشدا عەلی باقی گەلەکەی بردبووە چیا. ئێوارە ئەساف بەرگی نوێی لەبەر کرد و بەرە و چایخانەکە چوو، هەتا لەوێکانەدا بەهاوەڵەکانی بگات. کە لە کن محەمەد ڕازی بەکرەوە دانیشت، ئەو ڕۆژنامەیەکی بەسەر مێزەکەوە پانکردبووەوە و دەیخوێندەوە. ئەو هێندە چووبووە قووڵایی بابەتەکەوە، هێشتاکە دەستی لە چاکەی نەدابوو. ئەساف پرسی:

– سەلام. ئەوە چی دەخوێنیتەوە؟

ڕازیش کە پێنج ساڵان لە ئەساف مەزنتر بوو، باشترین هاوەڵیشی بوو. وەڵامیدایەوە:

– سەلام. وازبێنە بزنەشوان، هەتا کۆتایی بەخوێندنەوە دێنم و پاشان بۆتی باس دەکەم.

ئەساف داوای چای کرد و سەرنجی دایە جادەکە. ئەو جادەیەی کە لە ڕەوی بزن و مەڕ و گا زیاتر، هیچی تری پێوە نەدەبینرا. یان ئەو ژنانەی کە بەلەچکەکانیانەوە، کۆتایی کڕینیان بەئەنجام دەگەیاند و نانی تازەیان دەکڕی. ئەگەرچی سەرکۆماری مەزن ئەتاتورک، هەر لە زووەوە لەچکی قەدەغە کردبوو، بەڵام هێشتاکە زۆربەیان، بەلەچک و سەرپۆشەوە دەگەڕان. هێشتاکەیش منداڵەکان لەسەر جادەکە کایەیان دەکرد. جارجاریش پاسکیل سووارێک، تێدەپەڕی، بەڵام ئەمەیش زۆر کەم ڕوویدەدا. کە ڕازی چاوی لەسەر ڕۆژنامەکە هەڵگرت، دەرفەتی ئەوەی نەدا هاوڕێکەی بەنیگا قورسەکەیە، وەڵامی – وازبێنە بزنە شوانەکەی بداتەوە، بەپەنجە ئاماژەی بەبابەتەکە کرد کە خوێندبوویەوە و وتی:

– ئەساف گوێ بگرە. لێرەدا نووسراوە؛ هەمدیسان لاوانی تورک بۆیان هەیە، بۆ

کارکردن بچنە ئەڵمانیا. کار زۆرە و مەسرەفەکەیش دەدەن. پارەی باشیش دەدەن. تۆ چی دەڵێیت؟ دەکارین هەتا کاتی هاتنەوەی سەربازییەکەت، بۆ دوو سێ ساڵ بچینە ئەوێکانە. پارەی باش پەیدا دەکەین و دەگەڕێینەوە.

لێ ئەوە باسێکی نوێ نەبوو. چونکەی لە هەر گوندێک، باسی چوونە گەنجانی تورک بۆ ئەڵمانیا دەکرا. باسیش لەو تورکانەی کە بەدەوڵەمەندی دەگەڕانەوە و دەبوونە خاوەن کاری خۆیان. خانووی گەورەیان چێ دەکرد و ئۆتۆمبێلیان دەکڕی. ئیدی وا وادەی نێزیک بووەتەوە.

دوای شەش مانگان، ئەساف و ڕازی لە ئەستەنبوڵەوە سواری شەمەندەفەر بوون بەرەو ئەڵمانیا. لە نێوان ئەو سەدان گەنجانەی کە لە وێستگەی شەمەندەفەرەوە، خۆیان بۆ سەفەر ئامادە کردبوو، خۆیان بە نامۆ دەزانی. جانتاکانیان هەژارانە بوو. زۆربەشیان کارتۆن و جانتایان لەبەر قاچەکانیاندا دانابوو. کە شەمەندەفەرەکە کەوتە بزووتن، خوشک و برا و دایک و بابەکانیان، کەوتنە باوەش پێداکردنیان. لە ئاپۆڕەکەدا و لەتەک هەراوزەناکەدا، گەلێک فرمێسک ڕژان. تەنانەت گیرفانبڕەکانیش خۆیان لەو ناوە بەدوور گرتبوو، چونکەی لێرەکانەدا، تەنیا خەڵکانی هەژار بوون، خۆیان بۆ کار لە ئەڵمانیا ناونووس دەکرد و هیچی بۆ ئەوان تێدا نەبوو.

ڕازی دایک و باب و پێنج برا و شەش خوشکی بەجێهێشت. خێزانەکەیان هەژار بوون. بۆیە بەڵێنی دا کە هەرچۆنێک بێت، لەم نێزیکانەدا پارەیان بۆ ڕەوانە بکات. ئەگەرچی ڕەئووف و عایشە، بەگفتوگۆی چڕ و شەڕاوییەوە، لە هەوڵی پەشیمان کردنەوەی کوڕەکەیاندا بوون: "تۆ چیت لە ئەڵمانیا دەوێت؟ لێرەکانە، ئەوەی کە تۆ پێویستت پێی بێت هەتە. ڕۆژێکیش دێت کە خانوو و پەزەکان دەبنە هی تۆ، ئیدی چیت گەرەکە؟" بەڵام ئەساف ئینکار بوو. ئەو ئێوارەیە، بێ بەخواسپاردن دایک و بابی جێهێشت و چووە کن هاوەڵەکەی. ترس دایک و بابی داگرتبووەوە. ئەوان خەویان بەوەوە دەدی کە بووکێکی باشیان بۆ دێتە ماڵەوە. ئەوان لە خەمی ئەوەدا بوون کە ئەم سەفەرە دەبێتە هۆی نائاکامی هیواکەیان. چونکەی مەترسی هەمیشە لە نامۆییدا خۆی مەڵاسداوە! وە خورتەکەشیان زمانی نۆیی نەدەزانی. لە کۆتاییدا،





شەوێک کە ڕەئووف لە سەر حەسیرەکە و لە پاڵ ژنەکەیدا پاڵکەوتبوو، وتی:

– قابیلە دەبێت چی ڕوویدات؟ با وازی لێبێنین و بڕوات. ئەو حەزی لە چوونە تاراوگەیە. چۆن یەزدان هەتا نهاکە ئاگای لێمان بووە، ئاگەداری ئەویش دەبێت. ئەو دوای دە ساڵێک دێتەوە و پارەیەکی باشی پەیدا کردووە. ئەوجا دەتوانێت خانوویەکی نوێ دروست بکات. یان، بەهۆی زۆربوونی مەڕ و بزنەوە، لەوەڕگایەکی گەورە و بەرفراوان دەکڕین. پاشانیش بۆ سێ ساڵان دەچێتە سەربازی و ئیدی بۆ هەمیشە لە کنمان دەمێنێتەوە. نهاکە و بۆ پەزەکان پێویستمان بەو نییە. ئەگەر بمهەوێ کە تووکی پەزەکان ببڕم، خۆم هێشتاکە بەهێزم و عەلیش دەتوانێت هاوکاریم بکات.

ئەساف بۆ یەکەم جار پارەی بۆ دایک و بابی نارد. لە شارێکیشەوە نامەی بۆ نووسین کە ناوی دویزبۆرگە. لەوەبەر ئەو ناوەیان نەبیستبوو. هەمیشە لێ دەگەڕان کە نامەکانیان بۆ بخوێنرێتەوە. ئالەوێکانەیشدا دەکەوتنە گریان کە ئەساف باسی تاسەی دووری یەنیکۆیای دەکرد. پارەکەیان هەڵگرت. چونکەی نەیاندەزانی چی لێ بکەن. ئەگەرچی کوڕەکەیان ئامۆژگاری کردبوون کە پۆشاکی جوانی لێ بکڕن و هەوڵ بدەن کارەبا بێننە ماڵەکەیانەوە. ڕادیۆیەک بکڕن. یان (ساردکەرێک) بۆ پەنیر و شیر، یان هیوادارە کە ئەوان، بەتەکسییەک بۆ (فینیکی) بڕۆن و بچنە خواردنگەیەکی جوانی سەر دەریا. بەڵام ئەوان هیچ لە تاسەی پۆشاکی نوێ و یان چوونە فینیکدا نەبوون، بەڵکو یاد و بیری کوڕەکەیانیان دەکرد.

کە پاشی سێ ساڵ و نیو ئەساف گەڕایەوە. لەبەردەم خانووەکەیاندا لە ئۆتۆمبێلەکەی ڕازی دابەزی، دەتگۆ خەون دەبینێت و ئەو لە دنیایەکی تردا بەئاگابووەتەوە. هیچ شتێک نەگۆڕابوو. بزن و مەڕی ناو چەپەرەکان، ژووری ئامێرەکان. گوڵەکانی سەر بان، کە باکە بەئاستەم دەیجووڵاندنەوە. قرتەقرتی مریشکەکەکانی ناو حەوشە. هەروەک ڕوابێت، جانتاکەی بەدەستەوە و لە پاڵ ئۆتۆمبێلەکەدا وەستا بوو. هەوای تامداری هەڵدەمژی. بەفر هێشتاکە بەبەرزاییەکانەوە بوو. ڕوانییە خۆی. پاڵتۆیەکی قەشەنگ، بەسەر جووتێک پێڵاوی شەوقدارەوە و ئەو پانتۆڵەی کە بۆ ئەم برێک پان و پۆڕ بوو. بەکەیفسازییەوە بیری کردەوە، کە ئەو هاکا خۆی گۆڕی. هێشتاکە هەشت مانگی مابوو، تاخۆی بۆ

سەربازی ناونووس بکات. ئیدی ئەوانیش بۆ کوێیان دەنارد، ئاشکرا نەبوو. کە سەری بەماڵە گچکەکەی دایک و بابیدا کرد، بۆ وەها کەسێکی شیکپۆش، بچکۆلە و هەژارانە دەهاتە بەرچاوان. لێ ئەو هێشتاکە هەمان کوڕیان بوو، کە پیرەکان هیچ شکێکیان لەوەدا نەبوو. ئەم شیکپۆشە وەک ئەساف دەپەیڤا. چاوەکانیشی هەمان بریسکەی جارانی منداڵیان دەبەخشی. ئەوان نەیاندەتوانی چاوی لەسەر لابەرن:

– ئیدی تۆ بەزمانەکەی ئەوان قسە دەکەیت؟

– بەڵێ. دەنا چۆن لێم تێ دەگەن. بەڵێ هەروایە!

ئەو باسی سەردەمی ئەڵمانیا و باسی هەموو وردەکارییەکی کرد. باسی کورەی ئاسن توانەوە و ئامێرەکان و پارچە ئاسنەکانی لە سووڕانەوەدا کاریان پێ دەکرا. ئەو هەزارانەی کە بەیانیانی زوو بەدەروازەکەدا و بەخێرای تێ دەپەڕین. باسی ڕووبارێکی گەورەی (ڕاین) و بەندەر و پاپۆڕەکانی وڵاتە جیاوازەکان و وێستەگی شەمەندەفەری گەورە و گوندە بچکۆلەکانی ئەوبەری ڕووبارەکەی، ئەمان بۆ کڕینی پەز و سەربڕینی چووبوونە لایان. باسی ئەو جووتیارانەشی کرد کە مارسێدیسی گەورە لێدەخوڕن. بەو مارسێدیسانەوە کە خاکەناس و بێڵیان تێدا بوو و لە سندوقەکەی پاشەوە سەریان دەرهێنابوو. گونییە پەینی کیمیاوی لەسەر کورسییەکانی دواوە دانرابوو، دەچوون بۆ سەر مەزراکانیان. پاشان ئەساف گواستبوویەوە بۆ فرانکفۆرت. ئەو شارە سەرسووڕهێنەرتر بوو. فڕۆکەخانەیەکی لێبوو. شارەکەیش هێندە گەورەیە کە جێی هەزار یەنیکۆیای تێدا دەبێتەوە. مرۆڤ سواری تراموایەک دەبێت، کەچی پاش دەمژمێرێکیش هێشتاکە لە نێو شاردایت. زۆر دژوارە باس لە هەموو شتەکان بکرێت. بەڵام دایک و بابی دەیانویست هەموو شتێک بزانن، ئەویش بۆیانی دەگێڕایەوە. هەتا گەیشتە باسی دروستبوونی خۆشەویستییەک کە ئەو لە ئەڵمانیا تووشی هات و نهاکەیش پێوەی دەتلێتەوە. ئەو لەو بارەیەوە هیچی بۆ نەنووسی بوون، بڕیاریشی دابوو کە نهاکەیش لەبارەیەوە شتێک نەڵێت. ئەو نەیدەویست کە ئەوان تووشی نیگەرانی و قەلەقی بکات.

بۆ ساتی چوونە سەربازیش، بەپاس چوو بۆ تەمەر هەتا خۆی بناسێنێت. ئیدی هەتا ڕۆژی گەڕانەوەی، بۆ ئەڵمانیا، هەروک سەردەمی گەنجیەتی لە تەک بابیدا





کاری دەکرد. چ لەتەک پەزەکاندا، یان لە مەزرادا. لەو جێیەی کە خەیار و کودی و کاڵەک و پەتاتە و فاسۆلیاکان ڕوابوون. لەبەر ئەوەی کە لەم ساڵدا بارانی باش نەباری، بۆیە بەرهەمی باشیش پێشبینی نەدەکرا. لەبەرئەوەی کە بیرەکە وشکی کردبوو، ئەساف ناچار بوو بەسەتڵ و لە چۆمە دوورەکەوە ئاو بەکێش بکات. ئاژاڵەکان تەندورستیان باش بوو. ئەوان لە چیادا ئاویان پەیدا دەکرد. ڕەئووف و عایشە خەمیان لە بیر چووبووەوە، چونکەی وادیسان ئەساف پاشایان لێرەکانەیە. ئەوان هیواداربوون کە هەر پاش تەواوکردنی ڕاژەی سەربازی، ئەو بۆ هەمیشە لەوێ بمێنێتەوە. بەڵام ئەوان هیچیان لەبارەی ژنێک و خۆشەویستی نهێنی کوڕەکەیانەوە نەدەزانی.

# ٣

ئافرەتەکە لە بارێک بەناوی (بەرەو داری بەڕوو)، لە گەڕەکی (رورئۆرت)ی شاری (دویزبورگ) کاری دەکرد. ئەساف زۆری لەبارەی ئەم گەڕەکەوە بیستبوو. لە پشووەکانی کارگەدا، تورک و ئەڵمانی و ئیتالی بەنیوە نهێنی زۆریان لەهەمبەر (رورئۆرت)ەوە دەگێڕایەوە. دەیانوت: ئەگەر مرۆڤ بخوازێت کە بەڕاستی کەیف بکات، دەبێت بچێت بۆ (رورئۆرت). هەر پاش سێ وێستگەی تراموای، ئیدی مرۆڤ لە بەهەشتە. بێ پێشەکی پرسین، بۆت هەیە لەتەک هەر ژنێکدا قسە بکەیت. چونکەی لەوێکانەدا، مۆڵەتی هەرشت دراوە. بەڵام دەبێت خۆتت تەواو ئامادە کردبێت. نەک هەروەک جووتیارێکی ئەنادۆڵی، پانتۆڵێکی خوری دەڵب لەبەردا و تەزبیحێک بەدەستەوە، بەوناوەدا بسووڕێیتەوە. ئێرە ئەڵمانیای نوێژەن و دنیایەکی ترە. بۆیە مرۆڤ پێویستە فێر بێت، وەک کەسێکی خەڵکی شاری گەورە هەڵس وکەوت بکات. ئەو ئافرەتەی کە ڕێگە دەدات بەئەنگی نێوی ببەن ناوی ئەگنێس لێمانە.

ئەساف لەتەک ڕازی و دوو تورکی تردا، کە ئەوان شارەزا بوون، چوونە رورئۆرت. لە سەرەتاوە بەنەشارەزاییەوە لە کن سەکۆکە وەستا بوون، بیرەیان دەخواردەوە و بەدەوری خۆیاندا هەڵیاندەڕوانی. کە ئەساف سەرنجی لە دیوارە سوورەکاندا، لەبەرخۆوە – ماشەڵا – یەکێ ورتاند. لە وێنەیەکی سەر دیوارەکەدا، ئافرەتانی ڕووت لەسەرگیا و لە ژێر درەختەکاندا پاڵکەوتبوون. هۆ لەولاشەوە، وەک یەنیکۆیا گەلە مەڕ و بزن دەلەوەڕان. لەوێنەیەکی تردا، ئافرەتی تەواو ڕووت تەنیا پەشمینیان بەسمت و کەفەڵەوە بوو و بەناز و لاقرتێوە لە پیاوانیان هەڵدەڕوانی. بەسەر دیوارەکەی ئەوبەریشەوە، ئەسپێک بەهەوادا دەفڕی کە سەری مرۆڤێکی ڕیشداری بەسەرەوە دەبینرا. ژنێکی ڕووتیش لە پشتییەوە دەستی بەباڵی ئەسپەکەوە گرتبوو و ڕووبە خەڵکی ناو بارەکە پێ دەکەنی. کە ئەساف خۆی وەرچەرخاند ئەگنیسی دی. ئەو لە





پشت سەکۆی بارەکەوە لێوانەکانی ئاوشۆر دەکرد. ئەو قژی زەرد و دوو چاوی شینی کاڵ و بالایەکی باریکەلەی هەبوو. ئەو وەها جوان نەبوو، کە جموجوڵی ڕووخسار و لەشی، کەوتە بەردڵی ئەساف. کە لە تەکیدا قسەی کرد، ئەو بەسەبر و میهرەبانی و زەردەخەنەوە، گوێی بۆ ئەم ڕادێرا. هەتا ئەساف بەزمانە هێشتا تەواو فێرنەبووەکەی، ئەوە بڵێت کە دەیەوێت. کە ژنەکە لەسەر خەرجی ئەو لێوانێک زێکتی خواردەوە، جگەرەیەکی بەئەسافدا. کە ئەویش وەریگرت، بێدەنگ کەوتنە کێشان. ئەساف نەیدەزانی چی پێ بڵێت. کە ئێوارەی ئایندە هاتنەوە، ئەو ئاسافی ناسییەوە. ئیدی چۆن مرۆڤ سلاو لە هاوەڵێکی کۆنی خۆی دەکات، وەها سلاوی لێ کرد. وادیاربوو کە ئەسافی بەگەن کردبوو. ئایا شتی وەها جێی باوەڕ بوو؟ دەتگۆ دنیای ژیانی گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە. لەو چرکەساتەوە ئەوی خۆشویست. لەگەڵ هەر بینینێکیشدا، هەیەژانەکەی ناخی زۆرتر دەبوو. بۆ کۆتایی هەفتە داوەتی کرد کە پێکەوە بچن بۆ باخچەی ئاژەلان. ئەم پێشنیارەیش ڕازی بۆی دۆزییەوە، دەنا خۆی هیچی بەبیردا نەدەهات. قاتێکی شینی کاڵ و کراسێکی شینی تۆخی لەبەر کرد. کراواتێکی زەردی بەست و جووتێک پێلاوی نایابی لە پێکرد. قژە چڕە ڕەشەکەشی لە چەوریدا دەبریسکایەوە. ئەگنیسیش خۆی ڕازاندبووەوە. قژی بۆ سەرەوە کۆکردبووەوە و بەستبوو. بەپێلاوێکی بەرزەوە، لە پاڵ ئەو تورکە بالابەرزەدا لەنجەی دەکرد. ئەساف بەوەی کەیفی دەکرد کە خەڵکی ئاوڕیان لێ دەدانەوە و زەردەخەنەیان بۆ دەکردن. ئافرەتەکە گرینگییەکی وەهای بۆ زەڕافە و فیل نەبوو. بۆیە پاش نیو کاتژمێر لەسەر جادە گەورەکەی بەرە و شاری مولهایم، لە خواردنگەیەک قاوە و لە دوایشدا ڤاینبراندیان خواردەوە. پاشانیش سواری تراموایەک بوون. ژنەکە ئەوی بردە ماڵە خنجیلانەکەی خۆی، کە پڕ بوو لە بووکەشووشە و ورچۆلکەی قووماش. گوڵدانی هەرزانبەها و گوڵی کاغەزی. پێکیشەوە خەوتن! ئەساف هەر تەواو شڵەژا بوو. چونکەی ئەو هەرگیز لەتەک ژنێکدا نەنووستبوو. بەڵام ژنەکە، بەسەبر و میهرەبان بوو. فیری کرد کە ئەو دەبێت چی بکات، هەتا هەردووکیان بەختەوەربن.

ئەساف هەر کاتی هەبووایە دەچووە لای. ئەگەر ئەویش دەبا کاری بکردبایە، ئەساف لە کن سەکۆی بارەکەوە دەوەستا. ئەو غیرەی دەکرد کە پیاوەکانی دی لەتەک

ئەگنیسدا دەپەیڤین. هەر لەسەر ئەوەیش یەکەم دەمەبۆڵەیان بوو. ئەویش چوار مانگ پاش چوونەکەیان بۆ باخچەی ئاژەڵان ڕوویدا. ڕۆژێکی دووشەممە ئەساف زووتر لە ساتەکانی دی ڕۆیشتە بارەکە. ئەگنیس لەتەک پیاوێکدا و لەسەر مێزێک دانیشتبوو. قۆڵی ئەگنیس لە ملی پیاوەکەدا بوو و دەخەنییەوە. شووشەیەکی بەتاڵی – زێکت – یش لەبەردەمیاندا بوو. ئەساف خوێنی هاتە جۆش و بەری چاوەکانی لێڵ بوو. پەلاماری لێوانە نیوەپڕەکەی کابرای داو بەدیوارەکەیدا کێشا، زێکت هەڵپرژایە سەر وێنەکە و ووردە شووشەیش بەربوونەوە. چەقۆیەک بەدەستەوە، پەلەکانی لەبەردەمی کابرادا کردبوونەوە و دەیویست هێرش بکاتە سەری. کابرایش وتی: " دەی خۆت تاقیبکەرەوە. دەوری زەلامێکی وەحشی مەبینە و ئەو کچەیش هی تۆ نییە. باش بزانە، ئەگەر وازنەهێنیت، دەکەویتە پیسییەوە!" ئەساف خولەکێک کەوتە بیرەوە، لە تووڕەییدا هێندەی نەمابوو خۆی بەسەریدا بدات. بەڵام لە بری ئەوە، بەپەستییەوە هاتە دەرەوە سەر جادەکە و گەڕایەوە بۆ نشینگەکەی. دەیویست هەرگیز ئەگنیس نەبینێتەوە. غروری زامدار بووبوو. شەرمیشی لەخۆی دەکرد کە لە کێشەکە هەڵهات. جا بۆئەوەی کە ئەشکەنجەی خۆی نەدات، وازی لە کارەکەی هێنا و شاری دویزبورگیشی بەجێهێشت. ڕازیشی ڕازی کرد کە لەتەک ئەودا بگوێزنەوە بۆ شاری فرانکفۆرت. لەوێکانە و لە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی کیمیا، کاری باشیان دۆزییەوە. کە پارەکەشی باش بوو. پێکەوە خانوویەکیان بەکرێ گرت. هەردووکیان خۆشحاڵ بوون، چونکەی کارەکە لەوەی دویزبورگ هاسانتر بوو. کە دەبووایە لە پاڵ کورەی ئاگردا پارچە ئاسنی گەرم و ئاگرینیان ئەمدیوو ئەودیو بکردبایە. هەراوزەنایش گوێی کەڕ دەکرد. سەرکارەکەیش بەسەریاندا دەیقیژاند، هەر وەک ئەمان نۆکەری بن.

لە چەند مانگی داهاتوودا، ئەساف کەمتر پارەی بۆ دایک و بابی دەناردەوە. زیاد لە پێویست دەیخواردەوە و لەتەک هاونیشتمانییە تورکەکانیدا، کە لەوە و بەر سڵاو و چاکوچۆنیان نەبوو، دەچووە دەرەوە. ڕازیش وازی لە ئاگەدارکردنەوەی هێنا، کە هێندە لەتەک ئەوانەدا پێوەندی نەگرێت. ئەو پیاوانەی کە بەچاوی حەزەوە لە ئافرەتە ئەڵمانەکانیان هەڵدەڕوانی و پەسا پەسایش ناوگەڵیان دەخوراند. ئەگەر ئەو بۆ





چوونە بارِ و دیسکۆکان بەڵێنی لەتەک هاوەڵەکانیدا هەبووایە، لێ دەگەڕا کە بڕوات. ئەو دەیزانی کە ئەساف ئەشکەنجە دەکێشێت و هەوڵ دەدات بەوجۆرە، خۆشەویستییە سەرنەگرتووەکەی لە بیر بکات.

## ٤

تەنانەت ئەو کاتەشی کە ئەساف لە ڕۆژهەڵاتی وڵات ڕاژەی سەربازی دەکرد، ئەگنیسی لە بیر نەدەچووەوە. ئەو یەکەم ئافرەت بوو کە خۆشی دەویست. بەڵام وازی لەو بیرە هێنا، کە دەبێ ئەویش ئەمی خۆشویستبێت. یادی ئەو ئێوارەیەی باڕەکە و کێشەی لەتەک پیاوەکەدا، لە ناخیدا چەقی بوو. دڕکێک بوو کە بەدرێژایی کاتیش، کول نەبووبوو. ئەگەرچیش هەوڵی دەدا، ڕووداوەکە لە ژێر ڕۆشناییەکی دیدا ببینێت. خۆ پێدەچوو کە ئەو پیاوە کۆنە ناسیاوێکی بووبێت. یان خزمی. بۆچ وا شەڕەنگێزی هەڵسوکەوتی کرد؟ خۆشی بەوە ڕازی دەکرد، خۆ ئەگەر ئەگنیس جارجارە داوای پارەی لێ کردبێت، ئەوە ئاسایی و لەجێی خۆیدا بووە. پیاو دەبێت خزمەتی ژنەکەی بکات! ماوەیەکی درێژ لەسەر ئەو بیرەی بوو کە بیبینێتەوە، یان نامەیەکی بۆ بنووسێت. بەڵام ڕازی پەشیمانی دەکردەوە: " دۆستی ئازیزم، تۆ تەنیا خۆت بەدبەخت دەکەیت. مرۆڤ دەبێت بزانێت، شتێک ئیدی کۆتایی پێهاتووە، بۆیە هیچ سوودێکی نییە کە بۆی خەمبار بیت. دەیبینی لە دنیادا ژنی زۆر هەن کە چاوەڕێی تۆ دەکەن. وەرە با بچینە شەقامی (لایپزیک)، دەڵێن لەوێکانەدا خواردنگەی نوێی تورکی لێ کراوەتەوە......" لە ئاکامدا و بێ ئەوەی جارێک بچێتەوە بۆ دویزبورگ و بۆ لای ئەگنیس، سەفەری بۆ تورکیا کرد. چونکەی ڕاژەی سەربازی چاوەڕێی دەکرد.

بێ ئەوەی نارەزایی دەرببڕێت، لێ گەڕا کە مانگە بێبڕانەوەکانی سەربازی بەسەریدا تێپەڕن. وەک چۆن کەرێک بارێکی قورس هەڵدەگرێت. وەک ئەوانی تر، لە کاتژمێرەکانی سەرەتاوە، ڕیش و سمێڵ و قژیان ساف بۆ تاشی. کە پاشان یەکتریان نەدەناسییەوە. تا چەند ڕۆژێکیش ئەم سووکایەتییەی بۆ هەرس نەدەکرا. بەتالیۆنەکەی کەوتبووە چیاکانی قەفقازی سنووری ڕوسیا. چەند ڕۆژی سەفەر لە یەنیکۆیا دوور وەک سەربازەکانی دی، دەبایە دوای تەواوکردنی مەشقی سەرەتایی،





پسوولەیەکی بەخت ڕابکێشێت، هەتا بەرکوێ دەکەوێت. کە یەکێک لە هاوەڵەکانی ناوی شوێنەکەی لەسەر کوتە کاغەزەکە خوێندەوە، کە ئەساف دەبێت بۆی بچێت، هەندێکیان بەزەییان پێیدا دەهاتەوە. هەتا ئەو ساتەیش ئەساف ناوی مورگولی نەبیستبوو. بەشەمەندەفەر و پاس دوو شەو و ڕۆژی خایاند، تا گەیشتە ئەوێکانە.

سەربازخانەکە، چ بۆ سەرباز و چ بۆ ئەفسەرکانیش بێزارکەر بوو، بەڵام هیچ نەبێت ئەفسەرەکان گازینۆ و باڕیان هەبوو. جارجارە مۆسیقای تێدا لێ دەدرا و سەمای شەرقی تێدا دەکرا. سەربازەکانیش کاتە ئازادەکانیان لە باڕێکی داڕوخاوی بنار گردێک بەسەر دەبرد و ئارەقیان دەخواردەوە. سەربازخانەکە لە بنار و بەرایی گردەکەدا بوو. ئەوان هیچیان وەرنەدەگرت. هێندە پارەیان نەبوو کە هەرزانترین جگەرە بۆ سەرباز، کە ناوی ئەسکەر بوو بکڕن. لەوێکانەدا تەنیا نانیان دەخوارد. تەنانەت توانای کڕینی پۆشاکی ژێرەوەشیان نەبوو. هێدی هێدی خۆشی ژیانیان لە دەست دا و بەتاسەی دوورکەوتنەوە لە شوێنەکانی خۆیان ئەشکەنجەیان دەچێشت. تەنیا هیوا ئەوە بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم بەندەیییە کۆتایی پێ دێت. ئەمان سنوورێکیان دەپاراست، گوایە لە نێو چیاکانە. لێ هەرگیز نەیانزانی ئەو سنوورە کوێیە. هیچیش لە مانای گەڕانەکانیان بەناو چیاکاندا تێنەدەگەیشتن. کەسیش هیچ هەوڵێکی نەدابوو، سنوور ببەزێنێت. کە زستان هات، هێندە سارد بوو، بۆیە ناچار بوون لە هۆڵەکەدا ئاگردانێک دروست بکەن، لەگەڵ هەبوونی ئاگردان و پاڵتۆکانیشیاندا هەر سەرمایان بوو. لە ساتێکدا لە ئۆتۆمبیلە سەربازییەکاندا، تفەنگەکانیان لەبەر قاچیان و خۆیان لە پەتۆ دەئاڵاند، سەرنجیان دەدایە شیو و دۆڵە بەفراوی و بێ کۆتاییەکان. ئەگەر بەبێ دەستکێش، دەستیان لە تفەنگەکانیان بدایە، دەستیان بەئاسنەکەوە دەنووسا. سنوورێکی وەها چۆڵ بوو کە سەربازەکان هەرگیز ئەوانەی ئەوبەریان نەدەدی. دوای پێنج مانگ سەرما و بەستەڵەک بەفر توایەوە. تادەهات گەرم دەبوو. دۆڵەکان لە بۆنی گوڵ و گژوگیا پڕ دەبوون، ئەساف بەتاسەوە بیری لە یەنیکۆیا و ماڵی خۆیان دەکردەوە.

ڕەئووف کارپات هەموو مانگێک، بەهۆی سکاڵانووسەکەی یەنیکۆیاوە، نامەیەکی بۆ کوڕەکەی دەنارد. کە دوای هەفتەیەک نامەکە دەگەیشتە سەربازخانەکە. ئەساف

سەری سوورِما کە جارێکیان ئەفسەرەکە، لە نامە دابەشکردنی کۆتایی هەفتەدا، دوو زەرفی بەدەستەوە بوو. دانەیەکیان دەستنووسی ئاشکرای سکالانووسەکەی یەنیکۆیای لەسەر بوو کە لە ڕەئووف و عایشەوە هاتبوو. لێ، نامەکەی دی پولی ئەڵمانیای بەسەرەوە بوو. لە پشتەکەشی ناوی ڕازی هاوڕێی بەسەرەوە بوو. هاوڕێکەی بەدرێژی باسی کارگەی کیمیای بۆ کردبوو. هەروەها خانوویەکی تری نوێی دۆزیوەتەوە. هێندە گەورە کە بتوانێت، مارەبڕەکەی بۆ ئەڵمانیا بێنێت و زەماوەندی لەتەکدا بکات. لە کۆتایشدا نووسیبووی: هاوڕێی خۆشەویستم ئەساف، بارِەکەت لە یادە، ئەو جێیەی کە خانمی ئەگنیس کاری تێدا دەکرد؟ ئەوەی کە چاوێکی لەسەر تۆ بوو؟ بێگومان دەبێت لە بیرت بێت. چونکەی تۆ لەو کۆتاییانەدا، زوو زوو دەچوویتە ئەوێکانە. ئەو منداڵێکی بووە، منداڵێکی کوڕ. دۆستەکەشمان مەنسوور، خۆ دەبێت بیناسیت، ئەویش نهاکە لێرە و لە کارگە کار دەکات. ئەو بۆمی گێڕایەوە. ئەویش گوایە بیستوویەتی؛ کە ئەو منداڵە لەو تورکەیە، لێرەکانە نەماوە و گواستوویەتییەوە. پێدەچێ کە ئیدی لە ئەڵمانیا نەبێت. کۆتایی هەفتەیەک لەتەک مەنسووردا ڕۆیشتم بۆ شاری (دویزبورگ)، بۆ ئەوەی بەتەواوی بۆم ئاشکرا بێت. ئێوارەیەک چووین بۆ بارِەکە هەتا لەتەکیا قسە بکەین و لەخۆی بپرسین، بەڵام کەسێک بەئێمەی وت: ئەو لێرەکانە کار ناکات و گواستوویێتیەوە بۆ شارێکی تر. نازانم چیت بۆ بنووسم. بەڵام لەوەش دەچێت کە قسە و قسەڵۆکی خەڵکی بێت، بەڵام ژنە نوێکەی لە بارِەکە کاری دەکرد، ئەویش جەختی لەسەر ئەوە کرد، کە باوکی منداڵەکە تورکێکە و تورکەیش دیارنەماوە. تورکان هەمیشە خۆیان لە خەرجی و مەسرەف دەدزنەوە. ئیدی هەتا تووڕە نەبێت، بێ قسە بەجێمان هێشت. لێ، خەڵکان نابێت ئاوەها لە هەمبەر ئێمەی تورکەوە قسان بکەن. ئەگەرچی لە سەربازیدا، وەک گەلەبەراز مامەڵەی سەرباز دەکرێ، بەڵام دان بەخۆتدا بگرە و بەسەبر بە. ئیدی بەم نێزیکانە تەواوی دەکەیت و پشتی تێهەڵدەکەیت. مەنسووریش سلاوت بۆ دەنێرێت.

هاوڕێی هەمیشەییت/ محەمەد ڕازی بەکر

ئەساف لە پەنجەرەی هۆڵی سەربازخانەکەوە، دەیڕوانییە شارۆچکە و چیاکە. کە برادەرەکانی هاتن و داوەتیان کرد، تا پێکەوە بچنە بارِێک، ئەو دەستی بەسەر لێوو





جێی تاشراوی سمێڵەکەیدا هانی و بەبێدەنگی دەستی بۆ هەڵخستن. ئەو دەیویست بیر لە نامەکە بکاتەوە و لەتەک کەسێکدا، لە هەمبەر ئەڵمانیاوە قسان بکات. لەتەک ڕازی و یان بابیدا. بەڵام ڕازی لە فرانکفۆرت و بابیشی لە یەنیکۆیا و بەسەدان کیلۆمێتر دوورن. ئیدی دەیکاری لەگەڵ کێدا، دەربارەی ئەم شتانە بدوێت؟ لەسەر پێخەفەکەی پاڵکەوت و چاوەکانی نوقاند. زۆر باش بوو کە لەو ژوورە گەورەیەی جێی سی سەرباز بوو، تەنیا بوو. ئەو بۆنی ڕۆنگریس و تۆز و ئارەقەی لێ دەهات. گەرمای ئەو ڕۆژەیش تاقەتپسێن بوو. لەو مێشوولانەیش بێئاگا بوو کە لە کونەکانی پەنجەرەگیراوەکەوە دەهاتنە ژوورەوە. بووە نیوەشەویش، لێ، ئەو هێشتاکە بەبەرگەکانییەوە لە جێگەدا و بەئاگا بوو. هەندێک لە سەربازەکان گەڕانەوە سەربازخانە. هەندێکیان سەرخۆش بوون و هەراوزەنایان دەکرد. ئەساف پەتۆیەکی بەسەرخۆیدا داو، وای پیشاندەدا کە خەوتووە. ئەو بڕیاری خۆیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و لە دوی ئەگنیس دەگەڕێت. ئەگەرچی هەمدیسان دوورکەوتنەوەکە ئازاری دایک و بابی دەدات، بەڵام هەر دەیکات. جا چی دەبێت با ببێت. بەڵام هێشتاکە، بۆ چوونە دەرەوە لێرەکانە، دوو ساڵی مابوو. بیرکردنەوە لە سەفەر، لە بینینیەوەی ئەگنیس و منداڵەکەی خۆی، بەخێرایی کاتی تێپەڕاند. بەڵام تا دەهات بێ سەبرتر دەبوو.

کە ڕاژەی سەربازییەکەی تەواو کرد و نووسراوی سەربازی لە گیرفانیدا بوو، بەپاس چوو بۆ ئەنقەرە و لەوێشەوە بەشەمەندەفەر بۆ ئستەنبۆڵ. ئەو بەبێ کێشە توانی مۆڵەتی کارکردن لە ئەڵمانیا بەدەست بێنێت. بەنامەیەکی کورت دایک و بابی ئاگەدار کردەوە؛ هەر کە هەندێک کاروبارەکانی لە ئەڵمانیا ڕێکوپێک و تەواو کرد، بەزوویی دەگەڕێتەوە بۆ یەنیکۆیا. هیچیشی لەبارەی ئەگنیس و منداڵەکەوە نەنووسی.

لەسەرەتاوە ئەساف چوو بۆ فرانکفۆرت، بۆ لای ڕازی هاوڕێی. لە نێزیکەی چوار ساڵ دوورکەوتنەوەیدا، گەلێک شت هاتبوونە گۆڕان. وا نهاکە لە هەر جێیەک دوکان و خواردنگەی سەرپێی تورکان دەبینرێت. ئەو جێیانەی کە منداڵانی تورک و ئەڵمان، پاش کاتی خوێندنگە، خواردنیان لێ دەهێنا و پێکەوە کایەی ئۆتۆماتیکیان دەکرد.

هەستێکی وەهای لا دروست بووبوو، دەتگۆ هاتووەتەوە بۆ نیشتمانی دووەمی. چووە پرسگەی کارگەکە، هەتا خۆی ناونووس بکات. وتیشی؛ ئەو جارێ نایەوێت یەکسەر کار بکات، چونکەی چوار هەفتەیەکی پێویستە هەتا کاروبارکانی خۆی جێبەجێ دەکات. بەڵام فیرماکە دەتوانێ حسابی هاتنی ئەم بکات. ئەوجا ڕازی ڕازی کرد، چەند ڕۆژێک مۆڵەت وەربگرێت، هەتا پێکەوە بۆ شاری دویزبورگ بڕۆن. محەمەد ئۆزگون کە دۆستێک بوو و دەگەڕایەوە بۆ تورکیا، ماڵەکەی خۆی بۆ ئەو ماوەیە پێدان، لە گەڕەکی بروکهاوزن.

ئەساف بۆ ڕۆژی دوای گەیشنەکەی لە دویزبورگ، چووە باڕی بۆداری بەڕوو. پاشنیوەڕۆیەکی هەتاو بوو، تاڕادەیەک هۆڵی باڕەکە چۆڵ بوو. لە پشتی قاسەکەوە، ژنێکی قژ ڕەش وەستابوو کە ماکیاجێکی خەستی کردبوو، مژی لە جگەرەیەک دەدا. ژنەکە کراسێکی ڕەش و چەسپاو بەلەشی لەبەردابوو. بەفیزەوە جگەرەکەی دەگرت. ئەساف بەدوودڵی و نائەمینییەوە پرسی:

– من لە دوی ئەگنیس دەگەڕێم، کە لێرەکانە کاری دەکرد.

– چیت لێی دەوێت؟

ئەوجا بەفزوڵییەوە، سەرنجی دایە لەشە زەبەلاح و ئێسقاناوی و قژە کورت و سمێڵە ڕەشەکەی.

– دۆستێک نامەیەکی بۆ تورکیا بۆ ناردم، تێیدا دەڵێت، کە ئەگنیس لە شوێنان وتوویەتی، گوایە منداڵێکی بووە. بۆیە دەمەوێت لەتەکیا بپەیڤم. چونکەی ئەگەری ئەوە هەیە کە من باوکی ئەو منداڵەبم.

ژنەکە بەسەر سووڕمانەوە لێی هەڵڕوانی وتی:

– کەواتە تۆیت؟

ئەساف بێدەنگ بوو. حەزی دەکرد مۆسیقاکە هێندە بڵند نەبووایە، هەتا ئەمیش هێندە بەبەرزی نەدوێت. بەڵام وادیاربوو بۆ ژنەکە هێندە گرینگ نەبوو. ژنەکە وتی

– من نازانم ئایا ئەو دەیەوێت تۆ ببینێت، مستەفا! دەبێت لە پێشدا پرسی پێ بکەم، تێدەگەیت؟





– بەڵام، بۆچی؟ خۆ ئەگنیس باش من دەناسێت.

– بۆچی... بۆچی.. تۆ هەروا بیربکەرەوە، مستەفا، یان نازانم چ ناوێکت هەیە. خۆ من ناتوانم هەروا بەسانایی ئەدرێسەکەی بدەمە تورکێک کە بەپیاسە خۆی بێرەدا دەکات. پاشان بەچەقۆیەکەوە لەبەردەمیدا بووەستیت و کێشەی بۆ دروست بکەیت. پاشانیش سووچی من دەبێت. نا، وەها نابێت. من تەلەفۆن بۆ ئەگنیس دەکەم و پاشان پێتی دەڵێمەوە.

– ئەی کەنگێ تەلەفۆنی بۆ دەکەیت؟

– پێ دەچێت سبەینێ، ئەگەر دەرفەتم بۆ بڕەخسێت. یان دووسبەی. یان هەفتەیەکی دی وەرەوە.

– تکایە تەلەفۆنی بۆ بکەن، ئەگینا چۆنی بدۆزمەوە؟ هیچ لەبارەی منداڵەکەوە دەزانن؟

– ئۆو خوایە، خۆ من دایەن نیم! هیچ نامەوێت بزانم. ئەوە چ پێوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟ خۆت لەتەکیا بیبڕەوە، تێ دەگەن؟

ئەوجا بەماناوە تێی هەڵڕوانی و وتی:

– تۆ پەلەتە کێشەکەت لەکۆڵ بێتەوە. لێ، ئەوەیش کوڕی خۆتە. هەروەک وتم؛ هەفتەیەکی دی وەرەوە. کە ئیدی لەتەک ئەگنیسدا قسەم کردووە.

– ئەی دەتوانم وێری لێوانێک، – زێکت – ت بکەم؟

ژنەکە بێئەوەی شتێک بڵێت، لێوانێک زێکتی بۆ خۆی تێکرد و نرخەکەشی لەسەر مقەبایەکی ژێر بیرە نووسی. ئەساف هەستی بەگاڵتەپێکردن کرد. بەڵام دەبا چی بکردبایە، هەتا ئەگنیس بدۆزێتەوە؟. ئەو پێویستی بەو ژنە هەبوو و دەبا هەوڵی بدایە. لە پاڵەوە لە ژنەکەی پرسی:

– ئایا ئەو لە جێیەک کار دەکات؟

– بەڕاستی بێچاوڕوویت، ئیتر بەسەو بیبڕەوە، زەبەلاح! من تەلەفۆنی بۆ دەکەم و پێی دەڵێم کە مستافایەک هەواڵی دەپرسیت....

– پێ بڵێ، کە ئەساف کارپات هاتووەتەوە و دەیەوێت لەگەڵیا قسان بکات..

ئەساف لەسەر مقەبایەکی ژێر لێوانی بیرە و بەپیتی درشت، ناوی خۆی نووسی و دای بەژنەکە.

– کەواتە ناوت ئەساف کارپاتە؟ باشە. دەتەوێت پارەکەت بدەیت؟

ئەویش پارەی بیرە و زێکتە گرانەکەی ئەوی دا و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، هەتا لەتەک ڕازیدا ڕاوێژ بکات.

ڕازی هاوڕێی درەنگانێک لە سینەما هاتەوە. هەردووکیان لە سەر قەنەفە پان وپۆڕەکەی ژێر فەرشە هەڵواسراوەکەی دیوارەکە دانیشتن. کە بەڕەنگە تۆخەکان دیمەنێکی ئستەنبۆڵی پیشان دەدا. ئەساف شووشەیەک ئارەق و دوو لێوانی هانی. هەردوو لێوانەکەی هەتا لێوارەکانی پڕ کرد. کە ئەساف باسی هەوڵی سەرنەگرتنی ئەگنیسی بۆ کرد، ڕازی وتی:

– باشتێکت پێ بڵێم. ئێستاکە وەک هاوەڵێک لەتەکتا دەپەیڤم. بەڵام هەر خێرا ئارەقەکە نەکەیت بەسەروگوێلاکمدا، چونکەی ئەوەی کە دەیڵێم بەدڵی تۆ نەبێت. دەمەوێت کە تۆ هەلومەرجەکە لە هەموو لایەکەوە هەڵسەنگێنیت و ببینیت... تێ دەگەیت..

ئەسافیش وەک تێ نەگات لێی هەڵدەڕوانی

– کەسێک نەهاتووە و بەتۆ بڵێت، وەک باوک خۆت بناسێنە. کێ دەزانێت کە ئایا تۆ باوکیت؟ بەڕاستی تۆ چی لەبارەی ئەو ژنەوە دەزانیت؟ خۆ هۆکار هەبوو کە بۆچی لێی هەڵهاتیت... لە بیرتە.. کەواتە زویر مەبە هاوڕێکەم تۆ دەبێت لەسەررا، بیر لە هەموو شتەکان بکەیتەوە. منیش هاوکاریت دەکەم. تۆ ئەگەر ژنەکەت دۆزییەوە و ئەویش تۆ وەک باوک بناسێنێت، دەزانیت چی ڕوودەدا؟ ئیدی ١٨ سالان پارە دەدەیت بەو منداڵەی کە ئەگەری ئەوەش هەیە، منداڵی تۆ نەبێت. تۆ خەرجی منداڵێک دەدیت کە ناشتوانیت لەتەک خۆتدا بۆ تورکیای بەریت، ئاوەهات دەوێت...؟

پشوویەکی دا. چەند قوومی لە ئارەقەکەی دا و بەتیلەی چاوان سەرنجی دایە هاوڕێکەی، کە لەوسەری قەنەفە گەورەکەوە چیچکەی دابووەوە و بەگرینگییەوە گوێی بۆ ئەم ڕادێرا بوو.

– ئاوەها، ئەوجا بچینە ئەو دیوی کێشەکە. پێم وایە باش بیردەکەمەوە، ئەگەر





بڵێم؛ تۆ دەتەوێت ئەو ژنە بخوازیت. من دەتناسم، خۆ ئەگەر وەهات بوێت، ئەوا دەبێت تورکیا لە بیر خۆت بەریتەوە و ببیتە ئەڵمان. ئەگینا هاوسەریەتییەکەتان سەرناگرێت. بەجەغتەوە دەڵێم کە تێک دەچێت، ژنی ئێرە لەوانەی ئێمە جیاوازن. خۆ ژنێکی وەک ئەگنیس ناتوانێت لەتەک مەڕ وبزندا بژی. ئافرەتانی ئەڵمان وەها ژیانێک ناسناکەن. ئیدی سەرزەنشتی خۆشت مەکە، بۆچی ئەگنیس لەتەک تۆدا بۆ یەنیکۆیا نایەت. باشە، وای دابنێین کە ئەو ڕازییە. لێ، ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێواران لەتەک تۆدا، لەسەر کورسییەکی بەر ماڵەکەتاندا دابنیشێت. ئەو گەرەکییە ژیانی زیندو و چالاکی هەبێت و لە ناو خەڵکدا بێت. بەجۆرێکی دی چێژ لە ژیان وەربگرێت، نەک وەک ئەوەی کە ئێمە لە گوند دەیزانین. هەی پیاو، خۆت باش دەزانیت کە ئێمە لە باژێرێکی مەزندا دەژین، کەواتە جارێ باش هەڵیسەنگێنە و پاشان بڕیارێک بدە.... یان پێدەچی کە وا باشتر بێت، هیچ هەوڵێکی بۆ نەدەیت!

خۆ ئەسافیش هەر لە زووەوە کێشەکانی دەزانی، بەڵام بەلایەوە گرینگ نەبوون. بێ دەستەڵات و بەپۆرخزی لە هاوڕێکەی هەڵدەڕوانی. پێنجەم لێوانی بەتاڵ کردەوە. نەبوونی چارەسەری کێشەکە خەمباری دەکرد، بەڵام نەیدەزانی چی لە خەمەکانی بکات. وتی:

– تۆ شت گەلێک باس دەکەیت، کێشەکەم دژوارتر دەکەن. (ئەگەرچی جگەرەکێش نەبوو بەڵام پەلاماری جگەریەکی لە کن هاوڕێکەی دا) دەبێت چارسەرێک هەبێت، دەنا وەها نابێت. گەر مرۆڤ کەسێکی خۆشبوێت، ڕێگەچارەیەک هەر هەیە. هاوکاریم بکە تا بیری لێ بکەمەوە...

– چی هەیە هەتا بیری لێ بکەیتەوە؟ بیر لە خۆت بکەرەوە. بەر لەوەی تووشت بکەن بۆی دەرچۆ. ئەمەیش باشترین ئامۆژگارییە کە من بتوانم بتکەم. خۆ تۆ دەخوازیت بۆ یەنیکۆیا بگەڕێیتەوە، ئیدی چاوەڕێی چی دەکەیت؟ ئەوە تەنیا چارەسەرە کە بەبیری مندا بێت و تۆیش نەکەویتە بەدبەختییەوە.

– بەڵام ئەگەر منداڵ، منداڵی منە، ئیدی ناتوانم بیگێڕمەوە. هەروا بەسانایی بڕۆم و وا بنوێنم کە ئەو منداڵە وجودی نییە؟ نەفرەت بێت. تۆ هەرگیز منداڵت هەبووە؟ منداڵی خۆت.. شتی وەها چۆن دەبێت. ئەگەر ئەو منداڵە هەیە، ئەوا دەمەوێت بیبینم.

له هەمبەر ژنەکەیشەوە،چارەسەرێک دەدۆزرێتەوە...

ئەسـاف شـڵـەژاو و تووڕەبوو. خـۆی بۆ پێـشـەوە چۆمـاندبووەوە و چاوەکـانی دەبریسکانەوە. ڕازیش قسەی پێ بڕی و لە هەوڵی ئەوەدا بوو، ئارامی بکاتەوە:

– ئەساف تۆ مرۆڤێکی باشیت، تۆ بێشک هەر ئەوەیش دەکەیت کە دەتەوێت، بەڵام کە پرسیار لە من دەکەیت، منیش وەڵامت دەمەوە. ئەو پرسانەشی کە وادیارە بۆ تۆ باش نەبن. بۆ تۆ لەو باوەڕەدایت، ئامۆژگارییەکانی خۆمم بەدڵە؟ ئێ خۆ من دنیام وەها دروست نەکردووە.؟! تۆ دەبێت فێری ئەوە ببیت، بیر لە خۆت بکەیتەوە. بۆ هەرکەسیش وەسایە...

– بەڵام ئەگنیس ئەوە نییە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. ئەو لەتەک مندا گەلێک باش بوو.

ڕازی بەدوودڵییەوە لێی هەڵڕوانی:

– پارەت دەدایە؟

– لە ئاسایی زیاتر نا.

– دەبینیت؟ من دەمویست هەر باسی ئەوەیش نەکەم. کە ئەو هەرگاڤ لەگەڵ پیاواندا لە گەڕاندا بوو. بەڵام وەک هاوڕێیەک ئامۆژگاریت دەکەم، لە بیری بکە و وازبێنە.

هەر زووتریش هەستی پێ کردبوو کە ئامۆژگارییەکانی بەکەڵکی ئەساف نایەن. ئەو زەبەلاحە زامدارەی لەسەر قەنەفەکەی بەردەمیدا دانیشتووە. لەتەک خواردنەوەی ئەو هەموو ئارەقەیشدا، هێشتاکە بەچاوە نەرمەکانییەوە سەرنجی دەداتێ. نەخێر، ئەم پیاوە واز لەم کێشەیە ناهێنێت.

– ئەگەر تۆ پێویستت بە من هەبوو، من بۆ تۆ ئامادەم. خۆ دەزانیت..

ئیدی کۆتایی بەقسەکردن هێنا و پێکێکی بۆ خۆی تێ کرد. ماندوو بوو، چوو بۆ خەوتن. ئەسافیش بەتەنیا مایەوە. بێدەنگ و بێ جووڵە، لە قەنەفەکەدا دانیشتبوو. چاوەکانی بڕیبووە ئاسمانە بێ ئەستێرەکە. ئەو ئاسمانەی کە بەهۆی غوباری ئاسنی تواوەوە، سوور هەڵگەڕا بوو. ئەو وەها فێر نە بووبوو، لە سەر ڕێی سووار





لاچێ. ئەگەرچی ئەوە بۆ یەکەمین جارە کە تووشی وەها کێشەیەک دەبێت. هەر شت لەو نامەیەوە دەستی پێ کرد. نەخێر، زۆر پێش ئەوەیش....

مێشکی خۆی گووشی، خۆی بەدەبەنگ ناساند و هەستی بەتەنیایی دەکرد.

ڕازی هاوڕێی بەیانی ئەوی بەخەوتوویی لەسەر قەنەفەکە دۆزییەوە.

دوای چوار ڕۆژ، ژنی بارەکە پارچەیەک کاغەزی چرچ و لۆچی پێدا کە ژمارەی تەلەفۆنی لەسەر بوو. گوایە ئەو دەتوانێت تەلەفۆن بۆ ئەو ژمارەیە بکات. ئیدی ئەوەیش کێشەی ئەگنیس خۆیەتی، کە ئایا ناوونیشانی خۆی بەم دەدات یان نا. لەوە زیاتر هیچی تری بۆ ناکرێت.

– ئەی پێ توت کە من گەڕاومەتەوە؟

– من نەمتوانی پەیدای بکەم و پێوەندی پێوە بکەم. ئەم ژمارەی تەلەفۆنەیشم لە دۆستێکییەوە وەگرتووە، کە ڕازی بوو بەتۆی بدەم.

ئەساف لە کابینەیەکەوە تەلەفۆنی کرد. بەڵام کەسێک خۆی نەناساند. بەدرێژایی ڕۆژەکان بەشەقامەکاندا دەگەڕا و پەسا پەسایش تەلەفۆنی دەکرد. بەڵام بێ سوود بوو. جارێکی دیش سەری لە (رورئۆرت) دایەوە و چووەوە بارەکە، هەتا لە ژنەکە بپرسێت کە ئایا ئەو ژمارەی هەڵەی نەداوەتێ؟ پیاوێکی چارەگرانی قژ چەور، کە بەپەنجە گوێی پاک دەکردەوە پێی وت:

– ئافرەتەکە لێرە نییە و دەتوانیت ڕۆژێکی تر بێیتەوە. بەڵام ڕۆژی داهاتوو بەژنەکە گەیشت. ئەو وتی:

– گوێ بگرە، مستەفا! کە من ژمارەیەکی تەلەفۆنت دەدەمێ، ئیدی دەبێت ڕاست بێت، دەتوانیت تەلەفۆن بکەیتەوە!

ڕازی لەتەکیدا چوو بۆ پۆستی سەرەکی. لەوێدا بۆیان ئاشکرا کردن، کە بەشی یەکەمی ژمارەکان هی شارێکە بەناوی ڕێکلنهاوزن. ئیدی کەوتنە هەڵدانەوەی پەڕتووکێکی قەبەی ناوونیشان و ئەدرێسەکەی ئەگنیسیان دۆزییەوە. ڕازی پێ یوت تەلەفۆن بکات. کە ئیساف تەلەفۆنی کرد، گوێی لە دەنگێک بوو کە وتی: "ئەم ژمارەی تەلەفۆنە بەشێوەیەکی کاتی وەرناگیرێت." ئەوجا بەسەرسوورمانەوە، لە

بیستۆکەکەی هەڵڕوانی.

بەیانییەکی زووی ڕۆژێکی شەممە، بەئۆتۆمبیلە کۆنەکەی ڕازی، چوونە ڕێکلنهاوزن، هەتا ماڵەکەی ئەگنیس بدۆزنەوە. پاش ماوەیەکی زۆری گەڕان و پرسیارکردن، لە جادەیەکی پەڕپووتدا دۆزیانەوە. خانووەکە وێرانە بوو و بەدەرگەکەوە ناوی بەباران خوساوە دەبینران. بەڵام ناوی ئەگنیسی تێدا نەبوو. کە لە زەنگی ماڵێکی تورکیاندا، پیاوێکی تێکسمڕاو بە سەرپێیەوە، خش خش هات و دەرگاکەی کردەوە. کە ئەوان بەتورکی لەگەڵیا قسەیان کرد، خوڵقی ژوورەوی کردن. ژوورەکە سیخنان بوو بەقەنەفەکۆنی قەیفە، چەندین دەمژمێری پەڕپووت، فەرش و وێنەی ڕوودیوار و کۆمەڵێک منداڵ کە لەبەر تەلەفیزیۆنەکەدا دانیشتبوون. هەواکەی پۆنگی خواردبووەوە. پیاوەکە جگەری پاش جگەرە دەکێشا. وادیار بوو کە لە هەمیشە هەڵسان و بۆ تاوێک پەنجەرەکردنەوەیش بێزار بوو. ژنێکی لەچک بەسەر، بێ قسەکردن هات و سێ پیاڵە چای خستە سەر مێزەکە. ئەوجا کە مەبەستی خۆیان خستە ڕوو، ئەو وتی:

– ئۆو یەزدان، ئێوە چ پرسیارێکم ئاراستە دەکەن. وەڵا ئەو ژنە هۆو بەوبەر دالانەکەوە دەژیا. (ماوەیەک بێدەنگ بوو) بەڵام ئێستاکە لەوێدا ناژی. دراوسێکان پێیان وتم کە ئەو تووشی کارەساتی ئۆتۆمبیل هاتووە و مردووە. بەڕاستی ناشزانم، بەتەواوی چی ڕووی داوە. هەر ئەوەندەی کە گوایە شەوێک و لەتەک خەڵکی تردا، لە پێچێکی سەر جادەی خێرادا دۆزراوەتەوە، ئەگەرچی براویشە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام لەوێدا مردووە. بەڵێ، برادەران، بەداخەوەم. ببوورن برادەران، ئەمەیش گوایە هەفتەیەک لەمەوبەر و یان دە ڕۆژێکە ڕووی داوە... بەتەواویش نازانم. ئەو ئەڵمانێکی میهرەبان و ئافرەتێکی باش بوو. دراوسێتیمان باش بوو.

ئەساف و ڕازی بێدەنگ بوون. تەنیا دەنگی تەلەفیزیۆنەکە و مۆسیقی تورکی لە چێشتخانەکەی تەنیشتەوە، دەبیستراو لە دەریشەوە، هاڕە و وژەی ئۆتۆمبیل. کابرای تورک، لێوانی هانی و ئارەقی بۆ تێ کردن.

– ئەی منداڵەکەی؟ هیچ شتێک لەبارەی منداڵێکەوە دەزانن؟

– نەخێر. منداڵ لێرە نەدەژیا. هێندەی من بزانم کە ئەو لە خانەی پەروەردە دەژیا.





نەخۆشیش بوو. خەڵکی ئەمەیان پێوتم. شتی زۆرتر نازانم.

ئەساف بەدەنگێکی نائاسایی پرسی:

– ئەی کەسێک دەناسیت، لەم بارەیەوە، زۆرتر بزانێت؟

– کێ دەبێت بزانێت؟ کێ باشتر لە ئێمە ئەو ژنەی دەناسی یان دەبێت خەڵکیتری کە لەم خانووەدا دەژین.

خۆی بەرەو چێشتخانەکە خشاند و شتێکی بەژنەکەی وت. ژنەکەیش لە ساتێکدا دەستەکانی دەسڕی، لەتەک مێردەکەیدا هاتە ژووری دانیشتن. ژنەکە وتی:

– ئەو ژنە دەیویست هیچ لەبارەی کوڕەکەیەوە نەزانێت. ئەو کوڕەکەی لە شارێک داناوە، کە زۆرتر لەوێکانە دەژی. منیش لەخۆم دەپرسم؛ چۆن مرۆڤ دەتوانێ منداڵی خۆی بباتە جێیەکی تر؟ ئەو دەبێت لە خانەیەکی پەروەردەدا بێت. دەبێت بۆی بگەڕێن. جارێکیش وتی؛ گوایە ئەو نەخۆشە و بۆیە ناتوانێت کە ڕاژەی کوڕەکەی بکات و لە خەمیدا بێت.

هەردووکیان بێدەنگ گەڕانەوە بۆ دویزبورگ. کە ئۆتۆمبیلەکەیان ڕاگرت، ماوەیەک تێیدا مانەوە. هەتا ئەساف بەهێواشی وتی:

– تۆ باشتر لە من ئەم ناوە شارەزایت. هاوکاریم بکە هەتا ئەو منداڵە بدۆزینەوە.

– سروشتییە کە هاوکاریت دەکەم. ئەگەر تۆ تەواو بیرت لێ کردبێتەوە.

– هەروایشە.

– باشە خۆ ئێمە تەنانەت، ناوی منداڵەکەیش نازانین..

– بەڵام ناوی دایکی.. لە ئەڵمانیا هەموو شتێک تەواو ڕێکخراوە. لێرەکانە زارۆ بزر نابێت...

– ئەی دەزانیت کە چەندە خانەی زارۆیان، لە شاری دویزبورگدا هەیە؟

ئەساف وەڵامی نەدایەوە. خۆ ڕازیش لە چاوەڕێی وەڵامدا نەبوو. ڕازی هەر ئەو ڕۆژە تەلەفۆنی بۆ کارگە کرد و تکای لێ کردن، مۆڵەتەکەی چەند ڕۆژێک بۆ درێژ بکەنەوە، چونکەی کارێکی پێویستی خێزانیی بۆ هاتووەتە پێش.

## ٥

ئافـــرەتە باریکەلە ڕەنگ زەردەکـــە، لە بەردەم دۆلابێکدا پەڕەکـــانی پەروەندەیەکی ئەستووری قاوەیی، هەڵدەدایەوە. جارجارەیش سەرنجی دەدایە هەردوو پیاوە سمێڵ چڕەکانی، بەقەلەقی لە سەر کورسیەکانیان دانیشتبوون. بەدەم چاوگێڕانەوە پێیانی وت:

– ئێرە خانەی ئەو زارۆکانەیە، گیروگرفتی دەروونیان هەبێت. ئەوانە ناتوانن باش بپەیڤن، یان ئەوانەی کێشەی خوێندنەوەیان هەیە. ئەو مندالانەی بەکەمـایەسی مـێشکەوە لە دایک دەبن. ئەوانەی تووشی نەخۆشی خەمۆکی و خۆخـواردنەوە بوونەتەوە. پزیشکەکان هەوڵ دەدەن، بەهاتنیان بۆ ئێرەکانە یارمەتیان بدەن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، خۆیان بتوانن کارەکانی خۆیان مەیسەر بکەن. ئێمە زۆربەی ئەو گیروگرفتە لە بەرچاوانەمان لە کنە، کە دایکان و باوکان، بێ توانان لە ئاستیدا. بەڵێ، نەک تەنیا هەر هەتیوەکان. ئەی لە کوێی تر پرسیارتان کردووە؟

ئەساف دەستێکی نائومێدی هەڵتەکاند و وەڵامیدایەوە:

– لە هەر جێیەک کە منداڵی لێ بێت. لە گەلێک خانەی مندالان. ئێمە وا هەفتەیەکە بەڕێگەوەین.

ئافرەتەکە هەر پەڕەی هەڵدەدایەوە، هەتا پارچە کاغەزێکی باریکەڵەی لە نێوان پەڕەکاندا دەرکێشایە دەرەوە:

– بەڵێ. دەبێت ئەمە بێت. پێم وایە کە ئێوە لە دوی ئەلێکساندەری گچکە وێڵن. ئەلێکساندەر لێمەن. دایکیشی، ئەگنیس ماریا لێمەن. باوکی: نەناسراو. بەلام کەسێک بەپێنووس لە پشتەکەی نووسیوەوە، کە باوکی گریمانەی تورکی لێدەکرێت. منیش نازانم، بۆچ کەسێک لە خەمیدا نەبووە.

ئەساف وتی: دەی من باوکیم.





ژنەکەیش بەناباوەڕییەوە سەرنجی دایە و وەڵامیدایەوە:

– ئەی بۆچ ناوی جەنابتان لێرەکانەدا تۆمار نەکراوە؟

– من لە ئەڵمانیا نەبووم. نەیشم زانیووە کە ئەو منداڵێکی بووە.

– ئەی بەچیدا دەتوانرێت بزانرێت کە جانابتان باوکین؟

– ئەگەر منداڵەکە ببینم، زۆر باش دەتوانم بزانم. ئەی تەمەنی چەندە؟

– ئەلێکساندەر حەوت ساڵانە.

– ئیدی لێم ڕوونە کە منداڵی منە. دەتوانم ببینم؟

– ئینجا پاشان؟!

ئەساف کەوتە کۆکەکۆک و نەیدەزانی چی بڵێت. خۆ ئەگەر بەتورکیش قسەی بکردبایە، هەر ئەو حاڵەتەی بەسەردا دەهات. ژنەکەیش لە چاوەڕێکردنی وەلامدا، چاوی تێبڕی بوو. ئەساف بە نەرمی وتی:

– ئینجا دەتوانم لە خەمیدا بم. بۆ ئەو باوک بم. دەتوانم ئەو بۆ یەنیکۆیا و بۆ کن دایە و بابەگەورەی ببەم. کن مەڕەکانمان..تکایە، دەتوانم ئەو منداڵە ببینم؟

شەرمی دەکرد ناوی ئەلێکساندەر بەدەمیدا بێنێ. بەلام لە مێشکیدا چەند پاتەی دەکردەوە. ئافرەتەکە وەلامیدایەوە:

– من ناتوانم وەها بڕیارێک بدەم. دەبێت لە سەرۆکی پزیشکان بپرسم. دەبێت لەوەوە شت بزانن و تێ بگەن. جەنابتان وەک باب تۆمار نەکراون. ئێمە ناتوانین هەرکەس هاتە ئێرەکانە و منداڵی بخەینە بەردەست. خۆ تێ دەگەن؟

ئەساف سەری لەقاند و ڕازیش بەنائارامی، بەردەوام لەسەر کورسییەکە دەخزایە خوارەوە. ژنەکە بەئاسپایی چووە دەرەوە، هەردوو پیاوەکەیش بەبێدەنگی، چاوەڕێ بوون.

ئافرەتەکە لەتەک پیاوێکدا گەڕایەوە کە شایەد چل ساڵێک تەمەنی دەبوو. پیاوەکە بالابەرز و باریکەڵە بوو. لە بەختی ئەساف ڕووخسارێکی میهرەبانی هەبوو. دەستی بۆ هەردووکیان درێژ کرد و خۆی بەپیتەر گایگەر ناساند. ئەوجا ڕووی کردە ئەساف:

– کەواتە جەنابتان لەو باوەڕەیدان کە باوکی ئەلێکساندەر بن؟ ئەگەرچی ئەوە

کاری من نییە، وەها شتێک روون بکەمەوە، بەڵام ئەگەر دەتانەوێت بیبینن ئەوە تکاتان لێ دەکەم، کە بۆ من زۆرتر لە بارەیەوە قسان بکەن. من دەبێت زووتر بزانم کە ئێوە چۆن کەوتوونە سەر گریمانەیەکی وەها..؟

ئەسافیش گێڕایەوە کە چۆن بەئەگنیس ئاشنا بوو. چۆن پێکەوە چوون بۆ باخچەی ئاژەڵان. لە دوایشدا ئەگنیس ئەمی بۆ ماڵەکەی خۆی برد. وتیشی کە پاشان، چەندین هەفتە و بەبەردەوامی یەکیان دەبینی. لە ناو شار و لە پارکەکان و زۆر جاریش لە سینەما. ئەگنیس شێتی سینەما بوو، دەیویست هەمیشە لەتەکیا بچم. ئەم تەنیا لە لایەوە دادەنیشت و تا ڕادەیەک لە هیچ تێ نەدەگەیشت... پزیشک گایگەر بەمیەرەبانییەوە پرسی:

– ئەی هیچتان لە خانمی لێمەندا هەست پێ نەدەکرد؟

ئەساف سەرنجی پزیشکیدا و وەڵامیدایەوە:

– مەبەستان چییە؟ دەبووایە هەستم بەچی بکردبایە؟

– مەبەستم لە هەر شتێکە، پێوەندیی بەژیانییەوە هەبووبێت، داوای پارەی لێ دەکردن؟ هەستتان پێ دەکرد کە ئەو لەتەک پیاوانی تردا دەڕۆیشت؟

ئەم پرسیارە چەقییە کۆنە برینی، بەڵام سەری بادا. پزیشک پرسی:

– ئەی بۆچی لەگەڵیا نەمانەوە؟

– ئێمە بیروبۆچوونمان جیاوازبوو. شەڕمان بوو. ئیدی من تووڕە بووم و نەمویست بیبینمەوە، هەربۆیەش گواستمەوە بۆ شاری فرانکفۆرت. پاشان ناچار بووم بۆ ڕاژەی سەربازی، بگەڕێمەوە بۆ تورکیا. لە کن ئێمە دوو ساڵ و نیوی پێ دەچێت.

– ئەی باشە، بۆچ نهاکە لە دوی ئەو منداڵە وێڵن؟

– من ئاگام لە هیچ نەبوو. (سەرنجی بردە سەر ڕازی) ئەو دۆستەم ڕۆژێکیان نامەیەکی بۆم نارد، بەڵام نامەکەم زۆر درەنگ بەدەست گەیشت. لە کن مەش لە سەربازی، مۆڵەتی چوونە ماڵەوەت نادرێتێ. ئەگەر منداڵی منە، ئەوا خۆ دەکرێت بیبینم، یان لەگەڵ خۆمدا بۆ تورکیای بەرم.

– ئەلێکساندەر گوزەرانی زۆر باش نییە. هێندەی ئێمە ئاگامان لێیە، ئەو دوو





ساڵی سەرەتا لە کن دایکی بووە. پاشان داوێتییە خانەیەکی منداڵان. نا.. نا.. ئەو بۆ لای ئێمەی نەهێنابوو. ئەو وا چەند مانگێکە لێرەکانەیە. ئێمەیش لە هەوڵی ئەوەداین کە بزانین زامە دەروونییەکانی لە کوێدان، دەنا ناتوانین یارمەتی بدەین. لای هەندێک منداڵ گەلێک دژوارە، سائەگەر ئێمە هیچ شتێکیش لە ڕابردوویەوە نەزانین. دەربارەی ئەلێکساندەریش، زانیاری کەممان لایە. تەنیا چەند زانیارییەکی سەرەتایی لە هەمبەر دایکییەوە. ئەوەیش، کە ئەو لەتەک ئەو منداڵەدا، زۆرجار گواستوویەتییەوە. بۆیە بۆمان دژوارە کە چۆن هاوکاریی ئەو بکەین.

ئەساف کە بەدژواری لە هەموو قسەکانی پزیشک تێ دەگەیشت، وتی:

– ئەو چییەتی، چ نەخۆشییەکی هەیە؟

بێشک ڕازی باشتر لەو لە قسەکان تێ دەگەیشت، بەڵام ئەو نەیدەویست قسەی پزیشکەکە ببڕێت.

– ئەو کەمایەسی خۆشەویستی و سۆزی هەیە، سارد و سڕە. ئەو کێشەی زۆری پێوەندیکردنی هەیە. ئەو چ بە نێزیکبوونەوە و یاخۆ دووربوونەوەیش، نیگەران و نائەمین دەبێت. ئەوەیش پێوەندی بەپێوەندییە سۆزدارەکانی، ساڵەکانی سەرەتای تەمەنییەوە هەیە. ئەو گەلێک جاران شەرمێونە و دەچێتەوە ناو خۆی. خۆی دەخواتەوە. من گریمانەی ئەوە دەکەم کە لە ناخییەوە برسی پێوەندی بێت. کردەوەکانی دەشێ لە چرکە ساتەوە بۆ چرکە سات بگۆڕدرێن. کە تورەو قووشقی دەبێت، دەکەوێتە ڕمبازێن و نائارامی و لە خۆی دەدات و لە خەڵکی تریش. هەروەک بیەوێت بپرسێت، کە ئێوە چیم لێ دەکەن؟ ئای لەو هەژارە. تەنانەت ناتوانێت بەتەنیا بچێت بۆ تەوالێتیش. بۆیە ڕۆژی سێ جاران دایبی – پامپێرسی پێهەڵدەگیرێت. هەتا ئەمڕۆکە زەردەخەنەم لەسەر لێوەکانی نەدیووە.

بێدەنگ بوو، چاویلکەکەی داگرت و کەوتە چاو هەڵگڵۆفاندن. هەروەک ماندوو بێت. ئەوجا بێ ئەوەی سەرنج لەسەر ئەساف لابەرێت، کەوتەوە قسەکردن:

– ئێمە لە چارەسەرەکەماندا هەوڵ دەدەین کە باری هەستییەکەی بەهێز بکەین. ئەم جۆرە چارەسەرانەیش، دەشێ ساڵانێکی پێ بچێت. پەروەردەکەرەکانی خانەی منداڵانەکەی پێش ئێرە، سەرگەرمی بوون، بەڵام نەیاندەتوانی کە ئیدی سەرگەرمی

بن، بۆیە وەک کێشەیەکی بێ هێوا، بۆ کن ئێمەیان هێنا.

ئەساف دەیتوانی زۆر کەم، لە مانای قسەکانی تێ بگات، بۆیە بەبێ ئاگاییەوە پرسی:

– جەنابی پزیشک، ئەو چ زامدارییەکی هەیە؟ لە کوێدا زامدارە؟

– ئەو جۆر زامداریانە نییە کە جەنابتان مەبەستتانە، من باسی برینی ناخ دەکەم، کە زیانی بەڕۆح و ویژدانی گەیاندووە.

ئەساف لە هەوڵدا بوو، لە هەمووی تێ بگات، بەڵام لە ڕستەکانیدا وشەی زۆری وای تێدابوو کە هەرگیز نەیانی بیستبوو.

– ئایا دەتوانم بیبینم؟

پزیشک گایگەر ماوەیەک بێ دەنگ بوو. مرۆڤ دەیتوانی بزانێت کە بیری لێ دەکردەوە. لێ، ئەو ئەم پیاوانەی نەدەناسی، بەڵام دوو ڕووخساری سادە و ڕاستگۆیانەیان هەیە.

– ئەگەرچی هەتا نهاکە وەهابووە، ڕێگە بەکەسانێک نەدرێت کە لە خێزانەکە نەبن. بەڵام باشە. ئێمە ڕێگە دەدەین، لەگەڵمدا وەرن. من ئێوە دەبەمە ژوورێک کە لەوێدا، چاوەڕێی ئەلێکساندەر دەبن. دەیهێنم هەتا بیبینن.

لە ژوورێکدا دایاننان دەرودیواری هەموو سپی بوو. تەنیا چەند تابلۆی لە لایەن منداڵەوە دروستکراو و لەچوارچیوەدا، هەڵواسرا بوون. لە پەنجەرەکەوە دەتڕوانییە سەر حەوشەیەکی باخدار. منداڵان لەژێر دارەکاندا کایەیان دەکرد. ئەوساتەی کە هەندێکیان، بەهارییەوە بەدارتێل و پەرژینەکەندا هەڵدەگەڕان، ئەوانی تر یان دانیشتبوون، یان لە پاڵ دیوارەکەدا وەستابوون. مرۆڤ هەستی پێ دەکردکە ئەوان گرینگی بەڕووداوەکانی دەووروبەر نادەن. هەندێکیشیان کە سەرنجیان لەسەر زەوییەکە بڕی بوو، دەست لە دەستی گەورەساڵانەکاندا دەڕۆیشتن. کڵاوی ڕەنگاو ڕەنگیشیان لەسەردا بوو. کە پزیشک گایگەر دەرگەکەی کردەوە. دەستی لەناو دەستی لاوێکی قژ ڕەش و باریکەلە و لەڕدا بوو. کە بەڕەپییەوە لاپاڵیدا وەستا بوو. نەدەجووڵا، هەروەک لە دوورە دوور سەرنجی شتێک بدات. گایگەر لەسەر کورسییەک دانیشت و بێدەنگ بوو. هەردوو پیاوەکەیش بێدەنگ بوون. سکرتێرە ژنەکەیش، لای





دەرگەکەوە مایەوە. ئەساف بەهێواشی لەسەر کورسییەکەی بەرز بووەوە. ئەلێکساندەر هەتا ناوقەدی دەهات. لەبەر دەمی منداڵەکەدا چۆکی دادا و ورتاندی:" بەنەم ئۆگلوم – من باوکتم". هەر وەک منداڵەکە گرینگی پێ نەدات. منداڵەکە خۆی وەرگێڕا و هەنگاوێک بەرەو پزیشک گایگەر چوو. دەستێکی خستە سەر سەری خۆی و هێناشیەوە خوارەوە. ئەساف نەیدەتوانی بەتەواوی ڕووخساری ببینێت، بۆیە سەرنجی لەسەر قژە ڕەشە کورتەکەی بوو. ئەساف وتی: " ئەوە کوڕی منە.." بەڵام ئەو زۆرتر لەبەر خۆیەوە ئەمەی وت. بەئەڵمانیش بەکوڕەکەی وت:

– من بۆیە هاتووم، هەتا بزانیت کە من هەم. ئەگەر بخوازیت ئەوا جارێکی تر دێمەوە و پێکەوە یاری دەکەین. دەتوانم شتی جوانت بۆ بێنم. ئۆتۆمبیل و کۆلارە. یاخۆ شیرینی. ئەوجا لە پارکدا دادەنیشین و دەڕوانینە ئەو خەڵکەی بەلاماندا تێدەپەڕن یان دەچینە سینەما.

منداڵەکە هیچ بەرپەرچدانەوەیەکی دەرنەبڕی. ئەساف ویستی دەستی بگرێت، بەڵام ئەو بێ ئەوەی سۆز پیشان بدات، دەستی گێڕایەوە. ئەسافیش هەڵسایەوە. پزیشک گایگەر وتی:

– زۆر سەختە، مەگەر بەزۆر باوەشی پێدا بکەیت، زۆری لێبکەیت. چونکەی ئەو هیچ پێوەندییەکی بەتۆوە نییە. لەتەک ئێمەیشدا هەر وەهایە. ئەو حەز لە نەرمی و بەزەیی پێداهاتنەوە ناکات.

– بەڵام منداڵ پێویستی پێیەتی.

– بەڵێ، سروشتییە. پێدەچێت کە ئەو لە ناخییەوە بخوازێت، بەڵام ئەو پێویستی بەبوێری و باوەڕبەخۆ کردنە. ناشزانین کە ئایا ئەو ئێستاکە لێمان تێ دەگات، یان سبەینێ ئەم میوانییەی لەی اد دەچێت. زۆر دژوارە ئەو دیوارە بڕوخێنرێت کە ئەو بەدەوری خۆیدا کێشاویەتی، تەنیا دەبێت بەوە هیواداربین، ڕۆژێک بتوانین لێی نێزیک ببینەوە، هەتا یارمەتی بدەین.

– ئایا دەتوانم لەتەک خۆمدا، بۆ تورکیای بەرم؟

پزیشک گایگەر کەوتبووە ژێر سۆزی ئەم پیاوەوە. لێ، سەرێکیشی لەقاند:

– لەوەدەچێ بۆ ئەو دەوروبەرێکی دی باشتر بێت و کەسێکیش کە خۆشەویستی

پێ ببەخشێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، ئەو وەک هەر نەخۆشێکی تر، پێویستی بەیارمەتی تایبەتمەندی نەبێت، من حەزم دەکرد کە ئەو زووتر بۆ لای ئێمە بهاتبایە. نەخێر، ناتوانن لەتەک خۆتاندا بیبەن بەپێی یاسا و ڕێساکانمان هیچ ئیمکان نییە. چونکەی جەنابتان بابێکی سەلمێنراو نین و ئەویش ئەڵمانە و دەسەڵات و فەرمانگەکانی ئەڵمان، لێی بەرپرسیارن... ناشتوانین هیچ بگۆڕین..

– ئەی دەتوانم سەردانی بکەم؟

پزیشک گایگەر کەوتەوە بیرەوە." مرۆڤ لەوەها گرفتێکدا چۆن هەڵسوکەوت بکات؟" ئەو نەیدەتوانی گرینگی بەو منداڵانە نەدات کە باوەڕیان بەمان بەخشی بوو. چ ئەم و چ پزیشکەکەکانی تریش ئازاریان دەچێشت، کە ناتوانن زۆر هاوکاریان بکەن. " چ زیانێکی دەبێت ئەگەر جارجارە، ئەم مرۆڤە چارە سووکە لەتەک ئەلێکساندەردا، لە باخەکە دابنیشێت؟ خۆ ئەو پێدەچی بەچاکبوونەوەی خێرا هیوابڕاو بێت. دەشێت سالانی پێ بچێت هەتا ئەلێکساندەر، وەک مرۆڤیکی ئاسایی هەڵسوکەوت بکات. خۆ ئەگەر بەڕاستیش بتوانێت. لێی ئاشکرا نەبوو کە ئایا ئەوە بەشێک لەبەرپرسیاری بوو، داوای ئەم تورکە قبوڵ بکات. یان چ بڕیارێک بدات؟ لەکۆتاییدابەنائەمینیەوە وتی:

– هەفتەی جارێک وەرن، باشترە کە پێشنیوەڕۆی شەممان بێت، بەڵام لەگەڵ خۆتدا نەیبەی، چونکەی کاری نەرێتی دەکاتە سەر چارەسەرکردنەکەی. خۆ تێدەگەن؟ لاشم روون نییە کە ئەم جۆرە سەردانانە، کاری ئەرێتی لەسەر ئەو دادەنێت. بۆ ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین، بەڵام باشە، ئەوا من ڕازیبوونی خۆم دەربڕی. ئەوەیش بزانە، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم بڕیارە بگێڕینەوە. چونکەی ئێمە نازانین، ئەو هەڵوێستی چۆن دەبێت. بەڕاستی ناشزانم کە چۆن مۆڵەتت پێبدەم. چونکەی جەنابتان بەپێی یاسا باوکی نین. لێ ئەمە لەم ساتەدا، بۆ من خەمێک نییە.

– ئەی چۆن دەتوانم ببمە بابی یاسایی ئەو؟

پزیشک گایگەر سەرنجی دایە سەقفەکە:

– ئەگەر بەڕاستی دەتانەوێت، ئەوا لە بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی گەنجان





دەپرسم، کە ئایا هەلومەرجی ڕەخساو هەیە؟

ئەساف جزدانەکەی لە گیرفانی دەرهانی:

– من گەرەکمە،بۆ ئەمەیش پارە بدەم.

پزیشک گایگەر باماناوە سەرنجی دایە:

– بۆچ دەتانەوێت پارە بدەن؟

– هەتا کوڕەکەم لێرەکانە گوزەرانی باش بێت. خواردنی، جێگەی نووستنی، بەرگەکانی، لەستۆکەکانی و چارەسەرکردنەی و هەر هەمووی.

پزیشک بەپێکەنینەوە دەستی نایە سەر شانی ئەساف:

– بەداخەوە کە شتی وەها نابێت، جەنابی کارپات. ئەمەیش دەستبلاوی و چاکەیە لە لایەن جەنانتانەوە، بەڵام ناکرێت. ئەو، ئەوەی کە پێویستی پێی بێت، لێرەکانە بۆی فەراهەم دەکرێت، لێ، منیش ناکارم دراو لە جەنابتان وەبگرم خۆ دەبێت لەوەی تێ بگەن. هەتا ئێستاکەیش کەسێک پێشنیارێکی وەهای بۆ نەکردووین!

ئەساف لەم پێشنیار قبوڵ نەکردنە سەرسووڕما و و دڵگران بوو. وای بەبیردا هات، ئەگەر ئەو بیتوانیایە کە پارەی بۆ دابنێت، ئەوا پێوەندییەکی لەتەک منداڵەکەدا توندوتۆڵتر دەبوو. بەڵام دڵگرانییەکەی بەو هۆیەوە کەمتر بووەوە کە بۆی هەیە لە ژێر چاودێریدا، سەردانی منداڵەکەی بکات. ڕازیش بریسکەی خۆشحاڵی لە چاوی هاوڕێکەیدا بەدی کرد، بۆیە بەپێویستی نەزانی هیچیتر بڵێت.

ئەساف لەتەک هاوڕێکەیدا ڕۆیشت بۆ فرانکفۆت و کەلوپەلەکانی خۆی هێنایەوە. لە چەند ڕۆژەکانی سەرەتا، لە کن خێزانێکی دۆست و لەسەر قەنەفەیەک دەخەوت. هەتا ژوورێکی دۆزییەوە، کارگەی ڤالزۆێرک لە شاری دویزبورگ، هەمدیسان وەریان گرتەوە. ڕۆژێکی زووی شەممە بەرەو خانەی هاوکاری ژیان چوو. وەک هەمیشەیش، هەتا خۆی باش بخاتە بەرچاوان، باشترین قاتی لەبەر کرد. بەلای کەلوپەلەکان و مێزەکانی دوکانەکاندا تێپەڕی و بەخەیاڵ، دیاری گرانبەهای بۆ ئەلێکساندەر دەکڕی، چونکەی نەیدەتوانی کە پێچەوانەی ئامۆژگارییەکانی پزیشک گایگەر بجووڵێتەوە. جارێک لە جاران دەتوانێ هەرچییەک گەرەکییە بیداتێ، لێ، ئێستاکە نا.

لە هەشتەمین ڕۆژی سەردانەکەیدا، لە ژووری یاریکردن دانیشتبوون. دەیدی کە ئەلێکساندەر لەبەر پەنجەرەکەدا وەستاوە و سەرنجی لە جێیەک دەربڕیووە. ئەسافیش تا ئێستاکە گوێی لە هیچ وشەیەکی کوڕەکەیەوە نەبووە. ژنە چارەسەرکەرەکەی بەئاسپایی وتی:

– ئێمە وا لەتەکیدا هەڵسوکەوت دەکەین، کە گوایە جەنابتان لەم ژوورەدا نین، ئەو دەبێت بەئێوە ڕابێت.

ژنەکە ئەلێکساندەری وەرچەرخاند، هەتا سەرنجی لەسەر هیچەوە، بگوێزێتەوە سەر فەرشەکە. ژنەکە لەسەر زەوییەکە دانیشتوو بەهێواشی کەوتە قسەکردن. ئیدی خورتەکەیش کەوتە جووڵە و لە کن ژنەکە دانیشت. ژنەکە لە پارچە بەردەپلاستیکەکان، کەوتە دروستکردنی خانوویەک و ڕاڤەشی دەکرد کە چی دەکات:

– ئێمە پارچە بەردە پلاستیکیەکان هەڵدەگرین و گەراجێکی گەورە، یاخۆ خانوویەک دروست دەکەین. "

ژنەکە بەردەپلاستیکییەکانی دەخستە بان یەکتری، بەڵام ئەلێکساندەر بەشداری نەدەکرد.

– نهاکەیش، پێویستمان بەدەرگەیەکە، هەتا پێیدا تێ پەڕین. تۆ چی دەڵییت؟ دەتوانین گەورەتریشی بکەین هەتا ئوتۆمبیلیشی پێدا بچێت....

ئینجا بەردەوام بەردەپلاستیکی دەخستە سەر یەکتری، هەتا شێوەی ساختمانێکی وەرگرت، بەبورج و پەنجەرەوە، ئەلێکساندەر بەهێواشی و لەسەرخۆوە، بەردەپلاستیکێکی هەڵگرت. نێزیکەی یەک خولەک سەرنجی دایە. ئەوجا لەسەر زەوییەکە داینا و ئەملا و ئەولای پێ دەکرد، وەک بەردەکە دوو قاچی بۆ ڕۆیشتن هەبێت بەناو دەرگەکەدا تیپەڕاند و چرپاندی:

– ئینجا پیاوە زەبەلاحەکە، دەچێتە ناویەوە.

بەردەپلاستیکییەکە گەورە بوو، بۆیە خانووەکە ڕووخا و منداڵەکیش هاواری لێهەڵسا و شیڕاندی. تێکشکان و نیگەرانی لە ڕووخساریدا هەست پێ دەکرا. فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا تکانە خوارەوە. کەوتە قژ ڕنینەوە و پەل هاویشتن. ئەساف دەبوایە بەئازایەتییەوە خۆی بگرتبایە و ئارام دابنیشتایە، ژنە





چارەسەرکەرەکە تەوا بێدەنگ بوو، هەتا منداڵەکە لە پەل هاویشتن بووەوە. ئەوجا کەوتەوە دروستکردنی خانووەکە و بەئاسپایی وتی:

– ئەلێکساندەر، هەی گەورەپیاو، تۆ مەبەستت ئەم پیاوە بوو؟

ئاماژەشی بۆ ئەساف کرد، کە بێ جووڵە و لەسەر کورسی کن دەرگەکەوە دانیشتبوو. منداڵەکە ئارام بووەوە بەڵام لە هیچی نەدەڕوانی. هەردوو دەستەکانی لە پشت خۆیەوە شاردبووەوە و وادیاربوو، کەوتبووە بیرەوە، چاوەڕێ نەدەکرا کە بچرپێنێت:

– ئێمە دەرگەیەکی گەورە بۆ پیاوە گەورەکە دروست دەکەین.

هەروەک پەلەی بێت. بەخێرایی و پەلەوە، بەردەپلاستیکییەکانی لەسەر یەکتری کەڵەکە دەکرد و بەناڕێکی دای دەنان، کە لە چرکەساتدا بەسەر یەکدا ڕمان.

– ئەلێکساندەر، ئێمە دەبێت بەخەمخۆری و بەکاوەخۆ بیکەین... ئاوا..

ژنەکە یارمەتیدا و لە هەوڵی ئارامکردنەوەیدا بوو. بە دژواری سەریگرت. ئەلێکساندەر لەتەک هەر جووڵەیەکدا، بەئاسپایی و زۆر نزم وشەکانی دەردەبڕی:

– دەبێت.. خانووەکە.. گەورە.. بێت. بۆ ئەوەیش، پێویستمان بەبەردی زۆرە، بۆ ئەوەی کە دەرگەکەیەش.. هەر گەورە بێت. بۆ ئەوەی کە پیاوە زەبەلاحەکە، بتوانێت بەدەرگەکەدا تێپەڕێت... نەخێر.. نابێت ئۆتۆمبێل بچێتە ناوەوە.. تەنیا پیاوە زەبەلاحەکە..

پەلاماری ئۆتۆمبێلێکی گەورەی دا و فڕێیدایە لاوە. لە کۆتاییدا خانووەکە، بەپەنجەرە و دەروازەیەکی فراوانەوە تەواو بوو. بەردەپلاستیکییەکی ڕەشیش، لەبەر ماڵەکەدا دانرابوو، هەروەک خاوەن ماڵەکە پارێزگاری لە شتەکانی بکات. کە ساتی چارەسەر بەکایە کۆتایی پێهات، ئەلێکساندەر گەڕاوە بۆ ناو باخەکە. ئەساف لە پەنجەرەکەوە لێیدەڕوانی. ئەو خۆی لە منداڵەکان بەدوور گرت و لە لێواری چاڵەزیخەکەدا دانیشت. بێ ئەوەی بزانێت چی بکات. هەردوو دەستەکانی بەرز کردەوە و نایە بان سەری. هەروەک لە بێ بەرنامەیی دوودڵ بێت. ژنەکە داوای لە ئەساف کرد، لەتەکیا بچێت بۆ بەشێکی تری ساختمانەکە. ئەساف بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا و لەوێکانەدا، کێشەی تێکچوونی منداڵی دی، منداڵ کە ڕاکشابوون. وەک

تەنێکی خڕ، بەدەووری خۆیاندا ئاڵا بوون و لەسەر پێخەفەکەیان نەدەبزووان. هەبوون کە بەسترابوونەوە، یان خاولی ئەستوور بەدەستیانەوە ئاڵێنرابوو، هەتا خۆیان زامدار نەکەن. هەبوون کە چیچکەیان دابووەوە، چاویان لە زەویەکە گیر کردبوو و خۆیان ڕادەژەن.

– ناتوانین یارمەتی زۆرێک لەوانە بدەین، چونکەی دەردی چارەسەرنەکراوی مێشکیان هەیە، بەبەراورد لەتەک ئەوانەدا، ئەلێکساندەرەکەت باشە. ئەو ئەمرۆکە و بۆ یەکەمین جار، بەتەنیا چوو بۆ تەوالێت. جا بیری لێ بکەرەوە!

ئەساف هەستی بەشەپۆلێکی خۆشی بەختەوەری کرد.

دوای سێ مانگان ئەلێکساندەر لێگەڕا، ئەساف دەستی بگرێت و بەناو باخەکەدا بگەڕێن. دەتگۆ منداڵەکانی تر، هەست بەو تورکە زەبەلاحە لەتەک ئەو منداڵەدا ناکەن، کە بە سەر ڕێگەی ناو باخەکەدا دەڕۆیشتن، ئەساف بەتورکی و ئەڵمانی لەتەکیا قسەی دەکرد. هەوڵی دەدا کە نەیترسێنێ. بۆیە بەدەنگی نزم قسەی دەکرد. بەوەیش بەختەوەر بوو کە ئەلێکساندەر، دەستی گرتبوو. دەیویست هەردەم تێیبگەیەنێت، کە ئەو لەتەک بابیدا بەناو باخەکەدا دەگەڕێت و زۆر خۆشە. لەبارەی منداڵیی خۆیەوە لە یەنیکۆیا شتی بۆ دەگێڕایەوە. دەربارەی دایە و بابەگەورە لەوێ و بەو هیوایەی کە لەم نێزیکانەدا، بەبینینیان شاد دەبێت. ئەوجا، بابەگەورە بەنیازە کە ئەسپ یان کەرێک بکڕێت. هەتا لە تەنکەرێکی بچوکۆلەدا، شیر و پەنیر بۆ فرۆشتن، بۆ ناو شار بەرێت. گومانی تێدا نییە کە ئەو لێ دەگەرێت ئەلێکساندەر، گالیسکەکە لێبخوڕێت. بێشک پێت خۆشدەبێت، بچیتە کن دایە و بابەگەورە. ماڵەکە بۆنێکی خۆشی لێدێت، چونکەی ئەوان هەموو ڕۆژێک خۆیان نان دروست دەکەن. ئەوناوە بەئارد سپی دەبێت. زۆر جوان و دڵگیرە کە لەبەر سەرمای زستان، کۆتەرە دار دەخەنە ناو ئەگردانەکەوە. بابەگەورە لە دار، ئەسپێکت بۆ دادەتاشێت، هیچ گومانم نییە کە دەیکات، چونکەی ئەو باشی دەزانێت. کەس ناتوانێت وا بەکارامەیی، وەک ڕەئووفی بابەگەورەت، دار دابتاشێت. ئەوجا دەڕوانینە مەڕ و بزنەکانمان. بەسەر کۆڵی عەلییەوە غار غارێن دەکەیت. نا، دەڵێیت چی..؟

ئەلێکساندەر تێی هەڵڕوانی. وادیار بوو کە ئەو بەڵێنانە کارگەریی ئەرێتی لەسەر





چاوە خەمبارەکانی دانەنابێت، بەڵام ئەساف لێنەگەڕا بێهیوا بێت و درێژەی بەسەردان و گێڕانەوەکانیدا. پاش مانگێک ئەساف لە لایەن پزیشک گایگەرەوە ئاگەدار کرایەوە؛ بۆ سەردانی ئەلێکساندەر، چاودێر بەپێویست نازانرێت. ئەگەرچی بۆ فەرمانگە، تەنیا بەیانکردنی خۆت بەس نییە بۆ بەڵگەی باوکێتی. لێ مرۆڤ دەبێت، بیری تریشی هەبێت. جا ئەگەر دەخوازن، دەتوانین بەناوی تۆوە داواکارییەک بەرز بکەینەوە. پاشانیش کێشەیەکی تر هەیە. ئێوە باسی گوندەکەتان بۆ کردم کە یەنیکۆیایە. باسی دایک و باوکت کرد کە ئەوان لە خەمیدا دەبن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە گوندێکی ئاوهادا، چارەسەری پزیشکی بۆ ناکرێت و ئەو دەبێت تەواو پشت بەخۆی ببەستێت. ئەمەیش ڕێگە پێنادرێت، ئەگەرچی جانابتان وەک باوکی بەفەرمیش بناسرێن. (قسەکەی بڕی، دەستێکی خستە سەر باسکی تورکە و درێژەی پێدایەوە) هیچ شکێک لەوەیدا نییە کە ماڵباتەکەتان باش ڕاژەی دەکەن. چاکیش لەتەکیدا هەڵسوکەوت دەکەن. بەڵام ئەلێکساندەر بەبێ چارەسەرکردن، کەمایەسی ئاوەزەی دەبێت. کە ئێمەیش هەرگیز ناتوانین بزانین، چ شتێکی دی لەودا خۆی مەڵاسداوە. خۆ ئێوەیش ئاوهاتان ناوێت!

ئەساف هەتا سەرەتای ساڵی داهاتوویش سەردانی ئەلێکساندەری دەکرد. شەممە نەبووە کە ئەو نەچێت. بەچاوی ناخ دەیدی: لە یەنیکۆیا، لە ژێر تیشکی خۆردا و لە نێوان دایک و بابیدا دانیشتووە. ئەو تاسەی وڵاتی دەکرد، بەڵام دەیزانی کە بەبێ کوڕەکەی، ناتوانێت بگەڕێتەوە.

وا نهاکە دەشتوانێت دەست بەسەریدا بێنێت. بێ ئەوەی وەک مانگەکانی سەرەتا، هاوار بکات و نەیەڵێت. جارێکیش کە زانی چاودێری ناکرێت باوەشی پێدا کرد. لەشی ڕەپ بوو، بەرهەڵستی نەکرد و تەنانەت دەستی بۆ سمێڵە ڕەشەکەشی برد. وەک ئەسافیش هەستی پێ کرد، بۆ ساتێک شەوق کەوتە سەر چاوەکانی. ئەو وشە سادانەی کە ئەو بەتێکەڵەی ئەڵمانی و تورکی دەریدەبڕین، ئەویان خۆشحاڵ و بەختەوەر دەکرد. ئەمرۆکە ئەلێکساندەر لە حەوشەکەدا بۆی پێکەنی و بەرەو ئەو هەڕای کرد. ئەساف هێندە بیری لەوە نەدەکردەوە، چ شتێک لە ناخی ئەودایە. ئەو شەوقی چاوەکانی لە بیر نەدەکرد. بیری کردەوە، ئەگەر چاوی منداڵ شەوق بدەنەوە،

ئەوە مانایەکی ئەرێتی و باشی هەیە.

کەسێک لە خانەی هاوکاری ژیاندا لەو تورکە دوودڵ نەبوو. ئەو لە نانەواخانە تورکییەکان، نانی گەرم، ئەوجا پەنیری مەڕ و نەرمەقووت و بستەی بۆ پزیشک گایگەر دەهێنا. ئیدی وای لێهات کە دەیتوانی بەهەموو خانووەکاندا بگەڕێت، بێ ئەوەی کەسێک لێی بپرسێتەوە، هەموویان خوویان بەسەردانەکانییەوە گرتبوو.

دوای ساڵێک و لە سەردانێکیدا، ئەلێکساندەری هێنایە کەنارەوە و بەتورکی بەگوێیدا چرپاند:

– ئادەی کوڕەکەم، پیشانم بدە کە تۆ لە کوێدا دەخەویت؟

هەروەک ئەویش لێی تێ بگات، بۆیە بەدوای خۆیدا بەکێشی کرد. بەدالانێکی درێژدا چوونە ژوورێکی نهۆمی خوارترەوە، ئەو جێیەی کە سێ پێخەفی تێدا بوو. ئەوجا ئاماژەی بەپێخەفێکی بەر پەنجەرەکە کرد و وتی:

– ئەلێکساندەر هەمیشە لەوێدا دەخەوێت.

ئەساف دەستی درێژ کرد و گیرەی پەنجەرەکەی بۆ لای کردنەوە بادا. هەتا خواردنی شێوییش لەوێکانە مایەوە. دوور لە منداڵە قاووقیژکەرەکان و لەتەک ئەلێکساندەردا دانیشت. کە ئەلێکساندەر نانەکەی خوارد، ئەساف کوپەکەی نا بەدەمیەوە:

– بیخۆرەوە، چاکەی شیرینە، بێشک بەلاتەوە بەتام و خۆش دەبێت!

ئەلێکساندەریش بەفەرمانی ئەو چەند قوومی لێ دا. ئەسافیش پاشماوەکەی لە دەستشۆرەکەدا ڕشت و کوپەکەی شت! ئەوجا لە پاڵ کوپەبەکارهاتووەکانی تردا داینا. هەروەک منداڵەکانی تر، ئەلێکساندەریش برا بۆ خەوتن. ئەسافیش پاڵتۆ ڕەشەکەی لەبەر کرد. دەستی بۆ کچەکە هەڵخست کە لە خواردنگەکەدا کاری دەکرد و خانووەکەی جێهێشت.

لە شەوی داهاتوودا، ئۆتۆمبیلێک بەهێواشی بەلای خانەی هاوکاری ژیاندا ڕۆیشت و لە جادەکەی نێزیکییەوە وەستا، گڵۆپەکانی گوژانەوە، باران دەباری و تەنیا گڵۆپی دارتێلەکان جادەکەیان ڕووناک دەکردەوە. پیاوێک لە ئۆتۆمبیلەکە هاتە






دەرەوە، بەئاسپاییش دەرگەکەی لە پشتی خۆیەوە داخستەوە و بەرەو ساختمانەکەی (خانەی هاوکاری ژیان) چوو. بەوریایی بەو ناوەیدا هەڵڕوانی و بەکارامەیی خۆی هەڵدایە ئەودیوی دیوارەکە. تەنیا لێخوڕەکە لە ئۆتۆمبیلەکەدا مایەوە. خۆی دانەواندبوو و سەرنجی لەسەر چرکەژمێری دەمژمێرەکەی ڕاگرتبوو. پاش سەد و بیست چرکەی تەواو ئەویش هاتە دەرەوە و بەرەو دیوارەکە چوو. گرمۆڵە پێچراوەیەکی لە پیاوەکە وەرگرتوو، بردیە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە. پاش کەمێک ئەوی تریش بەهەناسە سوواریەوە هاتەوە و لە لایەوە دانیشت. ئۆتۆمبیلەکە بەهێواشی دوورکەوتەوە. کەسێک ئەوانی نەدی.

## ٧

بەدرێژایی سەفەرەکەیان بەشک و گومان و تێپەڕاندنی سنوورەکاندا، ڕازی توانی هاوڕێکەی ڕازی بکات، هەر دوای دانانی ئەلێکساندەر لە کن دایە و بابە گەورە، باشتر وایە کە یەکسەر بۆ ئەڵمانیا بگەڕێنەوە.

– ئێمە دەبێت کەمتر لە هەفتەیەک بۆ ئەڵمانیا بگەڕێینەوە، چونکەی لەوێکانە بۆت دەگەڕێن. جا ئەگەر تۆ لە ئەڵمانیا نەبیت، ئەوا پۆلیس یەکسەر دەزانن کە چی ڕووی داوە. ئیدی هێندەیش درێژە ناکێشێت، کە پۆلیس بۆ گێڕانەوەی ئیسکەندەر، دەگەنە یەنیکۆیا. خۆ ناشێت هێندە خۆشباوەڕ بیت کە پزیشک پۆلیس ئاگەدارنەکاتەوە، کێ ساڵێک سەردانی ئەلێکساندەری کردووە؟ دایک و بابت دەتوانن، ماوەیەک لەتەکیا بیگوزەرێنن. واباشترە کە تۆ هەتا کۆتایی ساڵیش لە والتزوێرک بمێنیتەوە و کار بکەیت. هەتا گیا بەسەر بابەتەکەوە دەڕوێت و دەشاردرێتەوە! ئەگەریش لێیان پرسیت، خۆت دەبەنگ و نەزان پیشان دەدەیت.

بۆ ئەساف بیرێکی ئازاردەر بوو، کە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەلێکساندەر نەبینێت. بەڵام ئەو باوەڕی بەژیری ڕەشی هەبوو. بیریشی لە بەڵێنەکەی کردەوە کە دابووی. دەبێت پاسپۆرتی ئەو خورتەیش بگێڕێتەوە، کە لە تەمەنی ئەلێکساندەردا بوو، بەقەرز دابوویانێ تا لەسەر سنوورەکان پیشانی بدات، ئەگەر پرسیان. چونکە لەسەر سنوورەکانیش زۆر کەم بەووردی دەیانڕوانییە پاسپۆرتی منداڵ، وێنەی سەر پاسپۆرتەکەیش زۆر لە ئەلێکساندەر دەچوو، بەڵام ئەوان وایان بەباشتر زانی، لە سنوور پەڕاندندا، ئەلێکساندەر لە پشتی زەمیلەیەکی گەورەی پڕ لە جلوبەرگدا بشارنەوە. بۆ قەومانی ئاشکرابوونیش، درۆیەکی ناچارییان ئامادە کردبوو. بۆیە ئەلێکساندەریان تێگەیاند، ئەو دەبێت بێدەنگ بێت، ئیدی هەرچیش ڕوویدات،نابێت قسە بکات. ئەلێکساندەریش بێدەنگ خۆی لە پشتی زەمیلەکەوە حەشاردا. بێجگە لە (ئەدێرنە) ئیدی پێویستیان بەسنووری تر نەبوو.





ئەساف لەوەی ئەرخەیان نەبوو کە ئایا عایشە و ڕەئووف، باوەڕ بەگێڕانەوەکەی دەکەن. ئەو ئەلێکساندەرەی کە ئەم ناوی ئیسکەندەری لێ نابوو، کوڕیەتی. بەداخەوە دایکی کوژراوە. ئەوانیش دەبێت ئەمەی قبووڵ بکەن. لێ، ئەوانیش وەک هەمیشە، پرسیاریان نەبوو ئاراستەی بکەن. بۆیە دوای دوو ڕۆژان لەتەک ڕازیدا گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیا. ئیدی دوو پیرەکەیش لە یەنیکۆیا سەرگەرمیان بۆ دروست بوو.

کەسێک لە دراوسێکان نەیان پرسی، بۆچ لە ناکاو عایشە و ڕەئووف، منداڵێکیان لە ماڵەکەدا هەیە. ئەوانیش دەیانوت کوڕەزایانە. دوای ساڵێکی تریش کوڕەکەیان و ژنەکەی، دەگەڕێنەوە بۆ یەنیکۆیا. ئەو بەئۆتۆمبێلی خۆی دەگەڕێتەوە، هەتا تورکیا پیشانی کوڕەکەی بدات. ئیدی نە لەوەندە زیاتریان دەوت و نە لەوەندەیش زیاتریان دەزانی. ڕەئووف لە ژووری نووستنەکەی خۆیاندا، پێخەفێکی نزمی بۆ ئامادە کرد. هەر خێرایش لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەوە جێی قبووڵ نەبوو، ئەو منداڵە بەتەنیا بکەنە ژوورەکەی ئەسافەوە. کە هەردوو پیرە بۆ خەوتن خۆیان لەسەر کلیمەکەیان پاڵدەخست و لە هەمبەر ڕووداوەکانی ڕۆژەوە دەدوان، وایاندەزانی خورتەکە خەوتووە. لەوە دەچێ خەوتبێ، یان تەنیا چاوەکانی نووقاندووە و گوێی لێیان دەگرت کە بەنەرمی دەدوان، بەڵام لێشیان تێ نەدەگەیشت. بێشک لەم ژوورە گەچکارییە سپییەدا و لە لای دایە و بابەگەورەی، هەستێکی تری نوێی هەبوو. کە گەرمی پێ دەبەخشی. خەوتن و لە خەو ڕازان جۆرێکی دی بوو لەوەی پێشوو، کە گوێی لە تەق و تۆق دەبوو و وێنەی دەبینی، هەمیشەیش پێوەندیدار بوو بەخۆشەویستی ئەو دوو پیرەوە.

جا لەبەر ئەوەی کە قسەی نەدەکرد، وایان دەزانی ئەو کەمتر لە زمانەکەیان تێ دەگات. هەڵسوکەوتی سەیریشی هەبوو، لەتەک ئەواندا نانی نەدەخوارد. ساتێک دەیخوارد کە ئەوان ژوورەکەیان جێدەهێشت. ئەوجا دەچووە سەر مەنجەڵ و لەگەنەکانی، هێشتاکە لەسەر مێزەکە بوون. نەشی دەهێشت دەستیان بەری بکەوێت. ئیدی بەتەنیا و بەمەزراکاندا کەوتە گەڕان. نەیدەڕوانییە بەر پێی خۆی، بۆیە قاچی لە کاڵەک و کولەکە هەڵدەکەوت. عایشەیش لە خەمی ئەوەدا بوو، نەکات بزر بێت، یان بەهۆی هەنگاوە بێ هێزەکانییەوە، بکەوێتە ناو چۆمەوە، بۆیە دوور و نێزیک دوای

کەوت. ئەو کە بەتەنیا گەڕایەوە، پێدەچوو هەستی بەوە نەکردبێت کە دوای کەوتوون. هەتا نیوە شەویش عایشە و ڕەئووف لەبارەی ئەوەوە قسەیان دەکرد. جارێکیان ئیسکەندەر ڕێک بەرە و جۆگەی ناو مەزراکە چوو. بەپەلە باریکەکانییەوە لە ناو گژوگیا هەڵچووەکاندا وەستابوو، سەرنجی لەسەر کۆڵیتێکی داڕوخاوی ئەوبەری جۆگەکە ڕاگرتبوو. دەرگەی پێوە نەمابوو و تەنیا کونێکی تاریک دەبینرا. کوڕەکە سەرنجی لەسەر ئەوبەر چەقی بوو. دەتگۆ شتێک بەستوویەتییەوە، یان دەیترسێنێت. عایشەیش دە مەترێک لە نێزیکییەوە وەستا، بۆ ئەوەی نەکا بیترسێنێت، لێی نێزیک نەدەبووەوە

بەئاسپایی وتی:

– ئەسکەندەر، مەترسە، ئەوە تەنیا کۆڵیتە کۆنێکە، لە ڕابردوودا جووتیارێک کەلوپەلەکانی تێدا هەڵدەگرت، یان پەزەکانی بۆ خۆپاراستن لە باران، دەچوونە ئەوێوە. ئێمەیش وەها کۆڵیتێکمان لە پشتی ماڵەکەمانەوە هەیە و عەلی تێیدا دەخەوێت، بەڵام کۆڵیتەکەی ئێمە دانەڕووخاوە، چونکەی تازە دروستمان کردووە و هەمیشەیش بەکاری دێنین. کە پەنیرمان کرد دەتوانم پێشانتی بدەم.

کوڕەکە نەدەجووڵایەوە. عایشە بەئاگاییەوە و بەدەم قسە کردنەوە، خۆی لێ نێزیک کردەوە. بیریشی کردەوە؛ تۆ بڵێیت لەچکەکەی بیترسێنێت؟ چونکەی ژنان لە ئەڵمانیا لەسەری ناکەن. بۆیە لەچکەکەی لە قژی خۆی داماڵی و خستییە بەرکۆشەکەی. قژە لوول و درێژەکەی خزایە سەر شان و ملی. بەشڵەژاویەوە لەچکەکەی بەسەریەوە بەستەوە، هەر تەواو لە پشتییەوە وەستا بوو. کە دەستی گرت، ئەویش دەستی لانەدا و لێگەڕا کە بیگەڕێنێتەوە. یەکبینە لە گەڵیدا قسەی دەکرد. بێ ئەوەی بزانێت کە ئایا لێی تێ دەگات؟ باسی نانکردن، گوڵەکانی ڕۆخی ڕێگە و باڵندەکانی بەبەردەمیاندا هەڵدەفڕین. ئێوارە ئەو بردییە ناو پێخەفەکەی و لێفەکەی هەتا ژێر چەناگەی پێدادا. بیری کردەوە: " خۆ ئەگەر هەر جارێکیش زەردەخەنەیەکی بکردبایە، ئەوا تێ دەگەیشتم، کە دەزانێت منم."

ساتێ عایشە لە پاڵ ڕەئووفدا پاڵکەوت، ئەلێکساندەر خەوی لێکەوتبوو. ئەو شەوە هەوا وەک پەشمین سووک بوو. مانگیش لە پەنجەرە بچکۆلەکەوە دەرکەوتبوو.





ڕەئووف وتی:

– ئەگەر پەزێک بەرخی هەبێت، پەزەکە هەمیشە و بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە، هەڵسوکەوتی باش لەتەک بەرخەکەیدا دەکات. ئەگەرچی ئێمە لە دەردی بێئاگاین و نازانین چییەتی، بەڵام هەر کوڕی خۆمانە و ئەوەیش دەکەین کە بەڕاستی دەزانین. دەبێت دوای دڵی خۆمان بکەوین. تۆ ئەمڕۆ ئەوت بردە ناو پێخەفەکەوە، بێ ئەوەی بەرپەرچت بداتەوە. باشتریش دەبێت!

عایشە چرپاندی:

– زۆر جێی خەمە، چونکەی ئەو هەست بەتەنیایی دەکات.

– هەموو شتێک باش دەبێت، هاکا ئەسافەکەشمان گەڕایەوە.

– ئەی باشە بۆچ لێرەکانە نەمایەوە؟

– ئەو دەزانێت چی دەکات.

عایشە دەستی ئەلێکساندەری دەگرت و دەچوونە ناو مەزرا، وادیار بوو کە حەز دەکات.چونکەی ئیدی بەرهەڵستی نەدەکرد، بەڵام هێشتاکە هاوڕێیەکی بێدەنگ بوو. عایشەیش نەیدەزانی کە ئەو بیر لەچی دەکاتەوە، یان هەر بەڕاستی بیری لە شتێک دەکردەوە؟ گەلێک جاران دوای چەندین کاتژمێر و بەماندوێتی دەگەڕانەوە. زۆر جاران چونکەی فریای کار پێکردن بەشیرەکە نەدەکەوتن، بیکەنە پەنیر، ترش دەبوو. بۆیە ناچار دەبوون کە بیرڕێژن.ئەگەریش عایشە ناچاری کەلوپەل کڕین بوایە، ئەوا لەتەک خۆیدا دەیبرد. دۆستەژنەکانی و فرۆشیارەکان، دەیانویست لەتەک ئەلێکساندەردا بپەیڤن، بەڵام ئەو گرینگی پیشان نەدەدا. عایشەیش پێیانی دەوت؛ کە ئەو زمانەکەی ئێمە نازانێت. ئەوان شەکرۆکە و شیرینیان دەدایە، لێ ئەو گرینگی پێ نەدەدان. کە عایشە زەمبیلە پڕەکەی پێدا، ئەویش بێ بەرهەڵستی کردن و بێدەنگ وەری گرت و تا ماڵەوە هەڵی گرت. دوای نیوەڕۆیەک ئەویان بردە ژوورێکەوە کە دەبەی گەورە و ئامێرەکانی دروستکردنی پەنیری تێدا بوو. پارچە خامە سپییەکەیان بەربڵاوکردەوە، هەتا ئاوی پەنیرەکە بتکێت و وشک ببێتەوە. پاشان لەگەن و ئەسوێ و کەوگیرەکانیان شت. قسەیان دەکرد و بەپێکەنینەوە پرسیاریان لە ئەلێکساندەر دەکرد، کە پاڵی بەدیوارەکەوە دابووەوە. عایشە ئاماژەی بەکوپەیەک شیر کرد و وتی:

– دەی وەرە و یارمەتیم بدە. شیرەکە بڕژێنە سەر ئەم خامەیە.

ئینجا چاوەڕێ بوو. ڕەئووفیش بەدەم کارەوە، پێی وت:

– وەرە و هاوکاری دایەگەورەت بکە.

عایشەیش بەسەبرەوە پارچەقووماشەکەی ڕاگرتبوو. ئەلێکساندەر لە دیوارەکە هاتە ئەملاوە و دەستیدایە کوپەکە. دەیاندی کە دەستەکانی دەلەرزێت. ئەگەرچی زۆرێک لە شیرەکە هەڵپرژایە سەر زەویەکە، بەڵام بەئازایەتییەوە کوپەکەی ڕاگرت، هەتا خاڵی بووەوە. عایشە وتی:

– ئەه، باش نەبوو؟ ئەوەی ئەوە بتوانێت، دەبێتە مەڕەوانێکی باش.

ڕەئووفیش پێ کەنی و بەورتەوە ڕازیبوونی خۆی دەربڕی. ئەلێکساندەریش ڕۆیشتەوە پاڵ دیوارەکە. ڕووخساری ئاڵۆزا بوو، هەناسەی سووار بووبوو. چاوەکانیشی گەورەتریان دەنواند. زۆر بەسەختی وتی:

– دژ... وار.. نە.. بوو...

ئەوانە یەکەم وشە بوون کە ئەو، لەوساتەوەی باوکی بۆ یەنیکۆیای هێناوە،دەری برین. بێ ئەوەی هەڵە بکات، بەتورکی قسەی کرد، بەڵام پیتەکان زۆر بەدژواری بەدەمیدا دەهاتن.

شەوی داهاتوو، ڕەئووف لە خەو ڕاچڵەکی، نەیدەزانی کە چ خشە و دەنگێک بەئاگای هێناوەتەوە. لە تاریکییەکەدا گوێی هەڵخست. هەڵسا و لەبەر ڕووناکی مانگەشەوەکەدا، ڕوانییە پێخەفەکەی ئەلێکساندەر. خاڵی بوو. پۆشاکەکانیشی لە جێی خۆیان هەڵنەواسرابوون. لێگەڕا تا عایشە بخەوێت، هەتا ئەو تووشی شڵەژان نەکات. چووە دەرەوە و بەدەووری خۆیدا هەڵی ڕوانی. تیشکی مانگەکە ئەو ناوەی وا ڕووناک کردبووەوە، دەیتوانی هەتا چیاکان ببینێت. کە بەدەوری خانووەکەدا گەڕا، ڕووناکییەکی لە کۆڵیتەکەیاندا بەدی کرد. ئەو ژوورەی پەنیریان تێدا دروست دەکرد. ئەو ڕووناکییە ناشێ عەلی بێت، چونکەی ئەو لەتەک ڕانە مەڕەکەدا، لە چیا مابووەوە. کورتە ڕێگەکەی بۆ کۆڵیتەکە بڕی و بەئاگاییەوە دەرگەکەی کردەوە. ڕووناکی مۆمێک کە لەبەر پەنجەرەکەدا دانرابوو، لە ژوورەکەدا بوو. لە سەرەتاوە بۆنی شیری ترش و پەنیری بەسەردا هات. هەر کە چاوەکانی بەتاریک و لێڵییەکە





ڕاهات، دیمەنێکی لە خراپەکاری دی. کوپە و گۆزە گەورە و بچکۆلەکان، بەشکاوی لەسەر زەوییەکەبوون و شیریان لێ دەچۆڕا. ئامێری تەختەی پەستانی پەنیر، کە لەسەر مێزەکە بوو، کەوتبووە خوارەوە و سەر زەویەکە. دەووریشی هەمووی شیری ڕژاو بوو. سەرقاپەکەشی شکابوو. لە کوپەیەکی کەوتوودا، پەنیر ڕژابووە سەر زەوییەکە. ڕۆنێکی زۆری زەیتوون قەڵیشەکانی تەختی زەوییەکەی پڕ کردبووەوە. گژوگیا و بەهاراتیش، کە بۆ پەنیر بەکاریان دەهێنان، بەسەر مێزەکە و زەوییەکەدا، پرش و بڵاو بووبوونەوە. پارچە قووماشە خامەکانی بۆ ئاوتکان و گووشینی پەنیر بەکاریان دێنان، کەوتبوونە ژێر پێلەقە، هەروەک گورگ ددانی لێگیر کردبن، هەنجن هەنجن و دڕابوون. هیچ نیشانێکیش لە ئەلێکساندەرەوە نەبوو. ڕەئووف لە ناو دەرگەکەدا وەستا. لە هەوڵی ئەوەدابوو کە ڕق و تووڕەیی، ئامێر و گۆزە و کوپە شکاوەکان، لە خۆیدا خەفە بکات و نەیهێڵێت. بەخۆی وت؛ دەبێت ئارام بیت. تێگەیشتن لە هەندێک شت، هێندە سانا نییە. هیچ جێی شک نییە کە ئەلێکساندەر وەهای کردووە. باشە ویستوویەتی خراپەکاری بکات؟ بەڵام بەخۆی وت؛ نەخێر. هەر دەبێت شتێک ڕووی دابێت. شتێکی ترسناک و نیگەرانکەر و ئازاردەر، بەخۆیی وت: بەڵێ، تۆ لەم شەوەدا بۆ ئەو باوک و دایکیت، وا خۆت بەتەنیا لێرەیت. بێ ئەوەی گرینگی بەشیر و تۆپەڵە پەنیرەکان بدات، بەرەو تەویلەی زستانە چوو. لەوێکانە بۆنی شیر و شەوەر و ئالیک، پەین و مشک و شێی بەسەردا هات. ئەو بەسەرنجێک هەستی کرد، کەسی تێدا نییە. ئەوجا بەرەو دەرگەکەی بەرامبەر چوو، کە ڕوو لەدەرەوە دەکرایەوە. بەرلەوەی ئەلێکساندەر ببینێت، گوێی لە هەنسکەهەنسکییەوە بوو. لە ژێر ڕووناکی مانگەشەوەکەدا، بەترسەوە و ڕوو لە دیوارەکە، وەستابوو. بەرگەکانی تەواو تەڕ و بۆنی شیری ترشی لێدەهات. ڕووخساری بەفرمێسک تەڕ بووبوون. گوێی لە هەنسک و ورتە ورتییەوە بوو کە نەیدەتوانی لێی تێ بگات. ڕەئووف کارپات دانەوییەوە و باوەشی پێدا کرد. هەستی بەڕووخساری کرد بەسەر ڕیشی خۆیەوە. بەرگەکانی ئەلێکساندەر تەڕ بووبوون و فرمێسک کراسەکەی شەڵاڵ کردبوو. ڕەئووف کارپات ڕۆیشت و مۆمەکەی کوژاندەوە. ئەوجا بەبارە سووکەکەیەوە، بەدەووری خانووەکەدا وەرچەرخا و بۆ ماڵەوە گەڕایەوە. سەرپێیە

تەڕەکانی ئەلێکساندەری داکەند کە هەڵدەلەرزی. پەتۆیەکی هێنا و لە لەشیەوە ئالاند. ئەویش کە لە نێوان ئەو و عایشەدا پاڵکەوت، هیچ بەرهەڵستییەکی نەکرد. ئەوان ساتێک بەرەو ژووری نووستن دەهاتن و ڕەئووف قسەی دەکرد، عایشە بەئاگا ببووەوە، بەڵام هیچ خۆی تێک نەدا. ڕەئووف کارپات ڕووخسارە ڕیشاویەکەی بردە پەنای و ورتاندی: "دەتویست خۆت پەنیر بکەیت؟ هەروەک چۆن لە ئێمەت دی؟ بۆچی نا. هێندە ناخایەنێت کە دەتوانیت بەتەنیا پەنیر بەرهەم بێنیت، بەڵام تۆ هێشتاکە گچکەیت و دەبێت بڕێک فێر بیت. منیش جاران بچکۆلە بووم و نەمدەتوانی. سبەینێ هەر هەمووی ڕێکوپێک دەکەینەوە. گۆزە و کوپە و قووماشی خامی نوێ دەکڕین و ئەوجا پیشانتی دەدەین. خۆ ئەگەر بمانزانیبایە، دەتەوێت فێر بیت، هەر زوو پیشانمان دەدایت. ئەو شیرەی کەلەوێکانەدا بوو، بەکەڵکی پەنیر نەدەهات. ئەسکەندەری بچکۆلەم، ئێمە ئەو شیرەمان لەوێدا دانابوو کە سبەینێ توێژەکەی بگرین، دەی خۆ تۆیش نەتدەزانی عایشە ئەو سەرتوێژە بۆ خواردن بەکار دێنێت، یان بۆ هەوێنی ماست دروستکردن. عایشە گژووگیا دەکاتە پەنیرەوە کە تامی زۆر خۆش دەبێت. لە پێشدا پەنیر دەکەینە خامی سپییەوە و هەڵی دەواسین، یان ناو پەستاوگە، هەتا تەواو ئاوەکەی دەتکێت و وشک دەبێتەوە. ئەگەریش هێشتا تەڕ بێت، دەیگووشین، پاشان دەیخەینە پێستی بزنەوە و دەمەکەی دەدوورین و تەواو، بەڵام هەموو کەسێک ناتوانێت ئەم کارە بکات. ئێمەیش لە عەلیەوە فێر بووین. عەلیش لە چیاییەکانەوە فێری بووە.... سبەینێ دەست پێ دەکەین. ساتێک ڕەئووف قسەی بۆ دەکرد، عایشەیش دەستی بەسەریدا دەهێنا. بەو تاریکییەش هەستیان پێ کرد کە ئەلێکساندەر، چەند جار سەری بۆ قسەکان لەراندەوە. ئەو ئیتر نەدەگریا، بەڵام هەنسکە هەنسکی بوو. کە دنیاش ڕووناک بووەوە، هێشتاکە لە پاڵ یەکدا نووستبوون. ساتێ بەئاگا بوونەوە، مریشکەکان لەبەر پەنجەرەکەدا، داوای دانیان دەکرد.

پێکەوە کەلوپەلە شکاوەکانی شەویان کۆکردەوە. ڕەئووف و عایشە بەوەی خۆشحاڵ بوون کە ئەلێکساندەر، لەگەڵ ئەو خراپەکاری و شت شکاندنەدا، نیگەران دیار نەبوو. جێی سەرسووڕمان بوو، دەتگۆ هیچ لەبارەی ڕووداوەکەی دوێنێ شەوەوە





نازانێت. لەبەر خۆوە دەیورتاند و پاتەی دەکردەوە، کە مرۆڤ بەبێ ئیگزێم، ناتوانێت پەنیر دروست بکات! سەرتوێژیش بەکەڵکی پەنیر نایەت. بەپەڕۆیەکەوە چۆکی دادا و پەڵە شیرەکانی گشت لایەکی سڕی. کە زەویەکە پاک بووەوە، کەوتە سڕینی دیوار و مێز و سەریشی بادەدا. هەتا ڕەئووف پێی وت: ئیتر بەسە. بەشێوەی قسەکردنەکەی ڕازی و خۆشحاڵ بوون. ئەگەرچی تێکەڵ لە وشەی ئەڵمانی بوو و لەویتری تێنەدەگەیشتن. لێ ئەوان، هێشتاکە بەدنیا و ژیانیان ڕازی بوون.

کە پاشنیوەڕۆ ڕەئووف داوای لێ کرد، لەتەکیدا بچێت بۆ بازاڕ، بۆ کڕینی گۆزە و کوپە، بزەیەکی کرد و دەستی خستە ناو دەستی پیرەوە. لەبەر ئەوەی کە نەیاندەتوانی ئەو شتانە هەڵبگرن، گالیسکەیەکی ئەسپیان بەکرێ گرت. ڕەئووفیش تکای لە گالیسکەچییەکە کرد، ئاگەداری بارەکەی بێت و نەشکێن. ئەوجا لەتەک ئەلێکساندەردا، لە پاڵ کابرای گالیسکەچیدا دانیشتن. کە کەوتنە ڕێ، گالیسکەچیەکە لغاوەکەی دایە دەست ئەلێکساندەر. پیشانیشیدا چۆنی بگرێت و چیبکات، هەتا خۆ لە خەڵک و گالیسکەکانی تر لابدات. ڕەئووف خۆی بەلای کابرادا وەرگێڕا، هەتا هەندێک لەبارەی ژیانی ڕۆژانەی یەنیکۆیاوە بدوێن. گالیسکەکە بەهێواشی بەناوەڕاستی جادەکەدا دەڕۆیشت و درەخت و ماڵەکانی لە پشت خۆیەوە جێدەهێشت. تایەکان بەسەر زیخەکەوە خرچەیان دەهات و بەسەر بەردەکاندا هەڵدەبەزینەوە. منداڵەکانیش خۆیان لادەدا. ئەلێکساندەریش لەبەر لق و چڵە شۆڕبووەوەکانی درەختەکان خۆی دادەنەواند. گەنجێکی پڕ لە هێزی ناخ، وا بۆ یەکەمین جارە ئەسپ لێدەخوڕێ. بەلایەوە جێی باوەڕ نەبوو کە ئەو ئەسپە گەورانە ملکەچی فەرمان و دەستەکانی ئەمن. لەبەر ماڵەوەدا ئەلێکساندەر بەهێواشی لغاوەکەی شلکردەوە و ئەسپەکانیش وەستان. گالیسکەچییەکە و ڕەئووف کوپە و گۆزەکانیان داگرت و بردیاننە ماڵەوە. کە هاتنەوە دەرەوە، دیان هێشتاکە لغاوەکە لە دەستی ئەلێکساندەردایە. لە بەردەم ئەسپە لەڕەکاندا وەستاوە و سەرنجیان دەداتێ، ئەوان چۆن قەپ بەگیاکەدا دەکەن و دەیخۆن. ڕەئووف بیری کردەوە؛" دیارە ئەمەی هەرگیز لە یاد ناچێت." ئەوجا بە گوزەراندنی ڕۆژەکە ڕازی بوو.

ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەلێکساندەر، بەتەنیا نەدەچوو بۆ مەزرا. لەتەک پیرەکاندا

ژەمەکانی دەخوارد و ئەوانیش پێیان دەوت، چ شتێک بۆ کردن لە ماڵەکەدا هەیە. پیشانیشیاندا چۆن گووانی پەز دەگووشرێت. ئەو هەمدیسان بەتەنیا و لە پێخەفەکەی خۆیدا دەخەوت، بەڵام هێشتاکە ڕۆژ هەبوو کە بێدەنگ و هیچی وای نەدەوت. بۆیە عایشە بەمێردەکەیی وت:

– ئەو پێویستە لەتەک منداڵانی تردا بێت. بۆیە لەتەک عەلیدا بینێرە بۆ چیا. واباشترە کە ئەو هەمیشە لەگەڵ ئێمەدا نەمێنێتەوە، بەڵام دەبێت هەموو ئێوارەیەک بگەڕێتەوە، من نامەوێت جارێ ئەو، لە ئەشکەوتەکاندا بخەوێت.

کە عەلی ئەو ئێوارەیە لەتەک گەلەکەیدا گەڕایەوە، ڕەئووف بردییە ئەولاترەوە:

– سبەینێ ئەسکەندەرەکەمان لەتەک خۆتدا ببە بۆ چیا، دەبێت زۆر ئاگەداری بیت. چونکەی ئەو هێستاکە بەتەواوەتی لە زمانەکەمان تێ ناگات. لە نێزیکیەوەبە و، با یەکێک لە سەگەکانی جێی باوەڕت، هەردەم لە لایەوە بێت. باشترە کە گوملەک بێت. ئەو باشترین پارێزەرێکە کە ئێمە هەمانە، هۆشیاربە کە منداڵەکان، مامەڵەی خراپی لەتەکدا نەکەن، ئەوانیش دەبێت بەئیسکەندەر ناوی بێنن و لاقرتێی پێ نەکەن، پێیان بڵێ؛ ئەگەر مرۆڤ لە وڵاتێکدا نامۆ بوو، پێویستی بەدۆستە.

عەلیش بەخەمخۆریەوە. وەڵامیدایەوە:

– برای گەورەم، تۆ بەرپرسیارییەکی گەورەم وەئەستۆ دەنێیت. چاکتر بوو کە تۆ ئەو بۆ خوێندنگە بنێریت...

ڕەئووف دەستی گرت و بەهێواشی بەرە و زەردەپەڕەکە چوون، عەلی بالآی لە ڕەئووف بەرزتر بوو. ڕەئووف وتی:

– ئەو دەکارێت هەمیشە بچێتە خوێندنگە، بەڵام ئەو هێشتاکە بەتەواوەتی لە کن ئێمە نییە. تێ دەگەیت؟ زۆریش باش نییە کە ئەو هەمیشە لەتەک ئێمەی پیردا بێت. منداڵ پێویستی بەمنداڵی تر و سەرگەرمییە. ئەگینا نازانێت چۆن لەم دنیایەدا بەسەر دەبرێت. کەواتە سبەینێ لەتەک خۆتدا بیبە بۆ چیا و منیش باوەڕم پێتە.

عەلی هەڵوێستەیەکی کرد و چاوی لە زەویەکە بڕی. هەروەک سروشتی خۆی، بەئارامی پرسی:





– کەواتە، ئەو دەبێت ببێتە شوانێکی باش؟

ڕەئووفیش پاتەی کردەوە:

– هەروایە.

– کەواتە لە کن من فێر دەبێت، دەبێت شوانێکی باش چی بزانێت.

دەست لە ناو دەست گەڕانەوە بۆ ماڵەوە. ڕەئووف تکای لە عەلی کرد، عارەقێکی لەگەڵدا فڕ بکات.

٨

ئەلێکساندەر لەسەر مێزەکە دانیشتبوو و کەوچکی لە شلە فاسۆلیاکە دەژەنی. عایشەیش گونکە هەویری دەکرد و پاندەکردوەوە و دەیخستە ناو تەندورەکەوە. ژوورەکە گەرم بوو، بۆنی نانەکەیش مێش و مەگەزی کۆ کردبووەوە. مێشەکانیش بەبنمیچەکەوە لکابوون. هێندەیان پێوە بوو، ڕەشی دەکردەوە، بەڵام ئەگەر دەرگەکەیان دەکردەوە، هەموو هەڵدەفڕینە دەرەوە. ڕەئووف کارپات هاتە ژوورەوە و لە کن ئەلێکساندەرەوە دانیشت، کە ئەویش کەوتە پەیڤین، عایشە وازی لە کارەکەی نەهێنا.

– ئیسکەندەر، سبەینێ لەتەک عەلی و منداڵەکانی تر و مەڕەکاندا، دەچیتە چیا. تۆ دەبێت بزانیت کە چی لە دەرەوە بۆ کردن هەیە.

ئەویش کەوچکەکەی دانا و سەرنجیدایە ڕەئووف. هێندەی لە یادی بێت، ئەوە بۆ یەکەم جارە کە ئەلێکساندەر، بەتەواوی لێی هەڵدەڕوانێت. سەرنجێکی ئاسایی، بەڵام پڕ لە چاوەڕێکردن و حەزی ویستن.

– تێگەیشتیت کە چیم وت؟ تۆ سبەینێ لەتەک عەلی و ئەوانی تردا، دەچیت بۆ چیا.

ئەلێکساندەر هێشاتەکە وەڵامی نەدابووەوە. دەستێکی بەکەوچکەکەوە و دەستەکەی تریشی لە ژێر مێزەکەدا بوو.

– سبەینێ زوو ڕێ دەکەوین..

ڕەئووف سەرنجیدا کە عایشە دەمی تەندورەکەی داخست. نائەمین بوو لەوەی کە دەتوانێت ئەوەی خۆی مەبەستییەتی، تێی بگەیەنێت. ئەلێکساندەر لابەلا وتی:

– دەبێت زۆر زوو بەئاگام بێمەوە..

پێ کەنی.قاچەکانی خستە جووڵە و کەوتەوە خواردنی خەستەشلە فاسۆلیاکە.





لەتێک نانی لە شلەکەدا نووقم کرد و پاشان بەحەزەوە خواردی.

بزنە ئەنگۆرە و پەزەکان، ڕێی چیا شارەزا بوون. خێرا خێرا دەڕۆیشتن. جارجارەیش لە لێواری ڕێگەکە و نێوان بەردەکاندا، بەچاپوکی قەپیان لە بنەگیاو گژوگیا دەگرت. شەش سەگی سپی و زەرد بە وریاییەوە، بەدەوری گەلەکەدا دەڕۆیشتن. پردێکی بەرتەسکی تەختە بەسەر چۆمەکەوە بوو، کە ئیدی ئالەوێوە، جادەکە کۆتایی پێ دەهات، سەگەکان بەرە و ئاوەکە هەڕایان کرد، تا خۆیان تێر ئاو بکەن، لە گەڕانەوەشیاندا، پەز و بزنەکان، لێرەدا تینوێتیان دەشکێنن. لێ، ئێستاکە بەخێرایی بەرەو ئەو جێیانە دەچوون کە باشترین گژوگیای لێڕواوە. ڕێگەکە بووە سەرەولێژگانی. عەلی ڕێگەی ناو دارستانەکەی پیشانی منداڵەکاندا. ئاژەڵەکانیش گوێڕایەڵ، ملیان نابوو. نیو کاتژمێری دی دەگەنە بەرزاییەک و لەوێوە سەرنجیان دەگاتە دۆڵێکی چڕی پڕ دارستان. دەبا ئاژەڵەکان لە دڕک و داڵ بپارێزن، هەتا خورییەکانیان لێ نەبێتەوە، یان لە کەندەڵانە سەختەکانیان بەدوور بگرن، نەکا پەلیان ساتمە بکات و بکەونە خوارەوە. کە ئیدی هیچ یارمەتییەک داد نادات. هۆ لەو سەرەیشەوە سەرچاوەیەکی کانی هەیە، ئەگەر مرۆڤ بیخواستایە پشوو بدات، ئەوێکانە فێنک بوو. ئاژەڵەکان بەناو دارستانەکەدا پرش و بڵاوبوونەوە. بەگردۆڵکە و سەر بەردەکاندا هەڵدەگەڕان لەسەر هەردوو پەلی پێشەوە، خۆیان بەقەدی دارەکانەوە ڕادەگرت و قەپیان لە گەڵاکان و بەتایبەت، گەڵا ناسکەکان دەگرت. لەم جێیەدا دژووارتربوو چاودێری هەموویان بکرێت. بۆیە عەلی منداڵەکانی دابەشکرد، هەتا هیچ مەڕوبزنێک، بێ چاودێر نەمێنێتەوە. لەوەیش بەئاگا بوو، لە نێزیکی ئەلێکساندەر بمێنێتەوە. ئەلێکساندەریش زۆربەی لە پشتی عەلیەوەبوو و سەگێکیش لە لایەوە. کە وادیار بوو، سەگەکە هەرگیز بەجێی نەدەهێشت. بەڵام ئەو زۆر لە سەگ دەترسا، هەتا عەلی دەستی گرت، بۆ لای سەگەکەی برد و وتی:

– ئەو هیچ لە تۆ ناکات دەتوانیت دەستی پێدا بێنیت تۆ دەبێت بەو بڵێیت کە چی بکات، ئەو بۆ تۆ لێرەکانەیە و ئاگەداریت دەکات تۆیش دەبێت ئاگات لەو بێت. ئاتۆ وەرە ئێرەکانە

ئەوجا لەتەک ئەلێکساندەر و سەگەکەدا چوونە کن هەندێک مەڕ، کە سەرگەرمی

هەڵپڕوچقاندن و لێ کردنەوە و خواردنی گەڵاکانی دەوەنەکان بوون.

– ئەوە پێنج پەزی دایکن لەتەک هەشت بەرخیاندا. خۆ ئەوانە ئیدی گەورە بوون، بەڵام هێشتاکە لەتەک دایکیاندا دەمێننەوە، هەتا ڕۆژێک خۆشیان بەرخیان دەبێت. تۆیش ئاگەداری ئەم سیازدە ئاژەڵە دەبیت، هەتا هیچیان لێ بەسەر نەیەت. بەتایبەتیش، نابێت نێزیکی دڕک و داڵ ببنەوە، هەتا خورییەکانیان لێ نەبێتەوە. ئەو سەگەیشی کە ناوی گوملەکە، هاوکاریت دەکات، ئەگەر فەرمانی پێ بدەیت کە ئەو دەبێت مەڕەکان بخاتە جووڵە، دەیکات. ئەگەریش پێی بڵێیت: وازیان لێ بێنە، وازیان لێ دێنێت. ئیدی ئەو تەنیا گوێگر و هۆگری تۆیە و هەمیشەیش لە نێزیکتەوە دەمێنێتەوە.

– بۆچی ناوی گوملەکە؟

– چونکەی وەسا دیارە، دەڵێیت کراسێکی لەبەر دایە، بڕوانە لاملی.

عەلی بەپێکەنینەوە چەند هەنگاو خۆی لێ دوورخستەوە، چەقۆکەی دەرهێنا و بەرەو دەوەنێک چوو. چڵێک شووڵی ئەستووری بەئەندازەی ئەستووریی پەنجە بڕی. گەڵاو چڵەکانی لێ هەڵماڵی و هێنای بۆ ئەلێکساندەر:

– بیگرە، هەتا مەڕەکان تۆ بەشوانی خۆیان بزانن. هەموو شوانێک دارێکی پێیە.

ئیتر لێی دوورکەوتەوە، هەتا ئاگەداری ئاژەڵەکانی تر بێت. ئەلێکساندەر شووڵەکەی بەدەستەوە گرت و سەرنجی دەدایە. ئیتر فەرمانی بەو گەلە بچکۆلەیە دەدا کە ئەو لێی بەرپرسیار بوو، ئەو بەسەگەکەی وت، کە لەبەر قاچیدا لمۆزی خستبووە سەر پەلەکانی و تێی هەڵدەڕوانی:

– لێگەڕێ بائاژەڵەکان لێرەکانەدا بلەوەڕێن.

کە گەلە بچکۆلەکەشی کەوتنە جووڵە، لەتەک گوملەکدا دوایان کەوتن. ئاماژەی بەسەگەکە کرد، ئەو بەرخە بگێڕێتەوە کە خۆی لە گەلەکە جیا کردووەتەوە. ئیدی لە بان بەردێک دانیشتوو، شووڵەکەیش لە ناو گەڵیدا. سەگەکە گوێڕایەڵی بوو. هەوڵیشی دەدا کە هەمیشە لێیان دوورنەکەوێتەوە، سەرنجی دەدایە تووکی سپی و زەردباوی بزنەئەنگۆرەکان و بیری دەکردەوە؛ تووکیان چەندە نەرمە وەک ئەو پێستەی کە ڕەئووف لە ماڵەوە، بەقەد دیوارەکە و ژوور سەرینەکەیەوە، هەڵی واسیووە.





پێش لە هاتنی گەرمای نیوەڕۆ، عەلی هاوکارەکانی بانگ کرد کە بۆ پشوو، دەچنە سەرچاوەی کانییەکەی سەرەوە. شەماڵێک بەناو دارەکاندا دەهات، مەڕ و بزنەکان ئاویان خواردەووە و بۆ پشوودان، لە سێبەرەکان تاکوجووت پاڵکەوتن، عەلی و کوڕەکانی تر جێیان خۆش کرد و دەسڕەکانیان ڕاخست، نان و پەنیر و زەیتوون، تەماتە و هێلکەی کوڵاو و خەیاریان لەسەر دانا کە عەلی لە پێشدا دەستی درێژ کرد و نان و پەنیری هەڵگرت، ئەوجا کوڕەکان دەستیان درێژ کرد محەمەد لە ئەلێکساندەری ژەنی: "بۆ چ ناخۆیت؟". ئەلێکساندەریش پەنیری کردە ناو نانە تازەکە و خەیارێکیشی لە گەڵدا خوارد. کەسێک نەبوو سەرنجی بداتێ، چونکەی هەر هەموویان سەرگەرمی خواردن بوون. چلێک لە دارەکەوە بەسەریاندا کەوتە خوارەوە و لە پەنیرەکە هەڵچەقی، هەموویان دایانە قاقای پێکەنین. تەنانەت عەلی جدیش پێ کەنی. مەحەمەد تەماتەیەکی هەڵگرت و پیشانی ئەلێکساندەری دا، لەتی کرد، ووردە پەنیر و خوێی تێ کرد، وتی: ئاوەها بەتامە و کەوتە خواردنی، چنگێک زەیتوونیشی هەڵگرت کە ئاژەڵەکان هەردەم نائارام دەبوون و هەڵدەستان، ئەوانیش دەسرۆکەکانیان پێچایەوە، لەو توێشووەی کە هێنابوویان، هیچی وا نەمابووەوە ئیتر گەلەکە کەوتەوە جووڵە. ئەلێکساندەر دژوواری دایە بەر خۆی و لەتەک سیازدە ئاژەڵ و سەگەکەیدا، بەهەورازێکدا هەڵگەڕان بۆ ئەوجێیەی کە گیای چڕ و تازەی لێ بەدی کرد، هەروەک ئەو لەمێژ بێت شوانیان بێت، مەڕەکانیش وەدوی کەوتن. هەستی پێ نەدەکرد کە عەلی لە خەمخۆریدا، لە دوورەوە چاودێری لێ دەکرد. چونکەی ئەگەری ڕووداوێکی ناچاوەڕێکراو هەبوو. بەسێبەری گابەردێکدا بەرەو پێش چوون، محەمەد بەڕاکردن بۆ لای ئەلێکساندەر ڕۆیشت و لە کونەئەشکەوتێکی نادیار ئاگەداری کردەوە: "جارجارە ئاژەڵەکان دەبەینە ئەوێکانە و بۆ شەوبەسەرکردنەوە دەمێنینەوە." کە لەناو دارەکاندا خۆی بزر کرد، بانگی لە سەگەکەی کرد، هەتا ئاژەڵەکان بەڕێوەبەرێ. تاڵە بەنێک کە وەک پشتێن لە ناوقەدییەوە ئاڵا بوو، سەری دارێکی بەقووتووی وەک شەقشەقەی پێوە ئاوێزان کرابوو، چونکە چەویان تێ کردبوو، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا خڕنگەی دەهات. بەردهاوێژێکیشی پێدا شۆڕ بووبووەوە.

ئێوارە بەناو هەورێک لە تەپوتۆزدا، بەرەو گوند گەڕانەوە. بۆ منداڵەکان دژووار بوو

لەتەک ئاژەڵەکاندا هەنگاو هەڵ بگرن. کە ئەلێکساندەر گەیشتەوە ماڵەوە، ڕووخسار و سەرباسک و دەستەکانی سووتابوون و توێخیان هەڵدا بوو، دارەکەی دەستی لای پێخەفەکەیەوە دانا و لەتەک منداڵەکاندا بۆ خۆشتن، چوونە سەر بیرەکە. ئەویش وەهای دەکرد کە لەوانی دەدی، کراسەکەی داکەند و سابونی لە لەشی هەڵسوو، ئەوجا دەستیدایە تەنەکە ئاوەکە و بەسەر خۆیدا کرد، کەوتنە شەڕە ئاو، هەتا عەلی بڵاوەی پێ کردن. عایشە ڕۆنی زیتوون و لیمۆی تێکەڵ کرد و بەئاگاییەوە، دەیخستە سەر شوێنە سووتاو و هەڵقڕچاوەکان. ئەلێکساندەر نەیدەویست کە هیچ چارەسەرێکی بکات و بەلایەوە ئاسایی بوو، بەڵام عایشە وای بەباش دەزانی، کە هەرچی زووە جێی سووتاوییەکان چارەسەر بکرێن، عایشە وتیشی: " ئیدی ماوەیەکی تر پێویستت بەوەیش نابێت، ئەگەر چەند هەفتەیەکی دی بچیتە چیا، خۆرەکەت بەلاوە ئاسایی دەبێت، کە ئیتر ناتوانرێت تۆ لەوانی تر جوێ بکرێتەوە ئیدی دەشبیتە شوانێکی تەواو پێویستە شەبقەیەکیشت بۆ پەیدا بکەین. ڕۆژی ڕابردوو لە چیا، محەمەد بەردهاوێژەکەی خۆی پێشکەش ئەلێکساندەر کرد. ئەویش هەر وەک چۆن لای برادەرەکانی دەیدی، بەپشتێنە بەنەکەیدا هەڵیواسی.

چەندین مانگ تێپەڕین و ئەلێکساندەریش گۆڕا بوو. قژی بژ و کاڵ بووبووەوە ڕووخساری قاوەیی بووبوو. دایە و بابە پیرەیش لەو باوەڕەیدا بوون، چاوەشینەکانی، کاڵتر بوونەتەوە. بەپێی پەتی دەچووە چیا. بەری پێیەکانی وەها خۆشە بووبوون، تەنانەت گوێی بەبەردەتیژەکانیش نەدەدا. عەلیش دەستخۆشی لێ دەکرد، کە ئەو بۆ کارەکەی، کارامە و وریایە. عەلی دەیزانی، ئەو حەزی فێربوون و زانینی نوێی تێدایە. هەمدیسان گەیشتنەوە بەرزاییەکەی، یەکەم ڕۆژی هاتنی ئەلێکساندەر بۆی هاتن و پشوویان تێدا دا. زۆربەی گەڵاکانی خوار ئەمان و لە دۆڵەکە، بەدەم شنەی باکەوە دەلەرانەوە و فێنکاییەکی خۆشیان بۆ سەرەوە دەنارد. کوڕەکان لە ژێر سێبەرەکاندا دانیشتن، کڵاوەکانییان داگرت و کەوتنە خواردن، ئاژەڵەکانیش یان لەسەر جۆگەی ئاوەکە بوون، یان بەدار و دەوەنەکاندا هەڵدەگەڕان. لەناکاو هەر هەموو ئاژەڵەکان، بەترسەوە بەرەو ژوورتر هەڕایان کرد، دەتگۆ باهۆزێکی مات بەناو دارستانەکەدا بەڕێوەیە. لە سەرەتاوە گرمەگرم بیسترا، ئەوجا تا دەهات گرمەگرم و







لەرینەوەی زەوی نێزیکتر دەبووەوە. هەتا پەنجا مەترێک لە نێزیکیانەوە، لق و پەلەکان دەشکانەوە و بەدواشیاندا، دارەکان. عەلی ڕاپەڕی و پەلاماری تفەنگەکەیدا و نیشانی گرتەوە، بەسەر کوڕەکانیشدا قیژاندی، کە خۆیان لە پشتی درەختەکان بشارنەوە، بەڵام بۆ هەندێکیان تازە درەنگ بوو. پێنج بەرازی کێوی، کە ئەمانیان غافڵگیر کرد، ڕێک بەرەو ڕوویان بەخێرایی دەهاتن، کەف لە لالغاوەیان دەچۆڕا و کەڵبە ترسناکەکانیان دەبینرا دەتگۆ کەس و هیچ لەبەر خۆیاندا نابینن، هەموو شتێکیان لە ژێر خۆیاندا دەشێلا و وێران دەکرد، سەگەکانیش کلکیان شۆڕ کردبوو و لە ترساندا، قروسکە قروسکیان بوو، بەڵام هێشتاکەیش بۆ پارێزگاری لە بەرامبەریاندا وەستابوون. عەلی تفەنگەکەی بەدەووری خۆیدا هەڵدەسووڕاند و دەیویست کە ئاژەڵەکان، لە کەوتنەخوارەوی کەندەڵان بپارێزێت و بەرەو چۆمەکە ڕەوانەیان بکات. بزنی ڕاکرد و بەر ئەلێکساندەر کەوتن و دایان بەزەویدا. لە ژێریانەوە دەیدەی چۆن ئاژەڵەکان هەڵدێن و سمەکانیان ئازاریان بەم دەگەیاند. سەگەکانیشی وەک تارمایی دەدی، کە بەخێرایی هەڕایان دەکرد و دەیان قروسکاند. چەند مەتر لە پێش خۆیەوە بەدی کرد، چۆن گوملەکی سەگ دەیویست قەپ بەملی یەکێک لە بەرازە کێویەکاندا بکات. ئەوجا بۆنێکی ناخۆشی بەسەردا هات. هاواری لە گەڕانەوەی گوملەک کرد. دەتگۆ لە ناو ئەم هەراوزەنایەدا، سەگەکە گوێێ لە دەنگی بوو و دەیویست لە قسەی دەرنەچێت. بۆیە چەند هەنگاو گەڕایەوە دواوە. هەر لەو ئان و ساتەیشدا ئەلێکساندەر دی، چۆن بەرازەکە سەرە زلەکەی وەرگێڕا، تا بەسەگەکەیدا بکێشێت، چاوە بچکۆلە خوێن تێزاوەکانی بەرازەکەشی دی، سەروەشانەکەشی چەند سانتیم بەناو لنگی سەگەکەدا بەهەدەرچوو، بێ ئەوەی بیر لە مەترسی بکاتەوە، هەڵسا و بەدوای مەڕێکدا ڕای کرد، کە لە بەرزایی جۆگەکەوە کەوتە خوارەوە، سەگەکەیش بەوەڕین دوای کەوت، هێرشی بەرازەکان کەمتر لە نیو خولەکی خایاند، زرمە و کوتەی ڕاکردنی بەرازەکان، بەقووڵایی دارستانەکەدا چوو، کۆتایی پێهات. کە ئەلێکساندەر هەر سیازدە مەڕەکانی خۆی، بۆ کن ئەوانیتر دایە پێش خۆی، ئەوجا سەرنجی کەوتە سەر ئەو وێرانەیەی دروست بووبوو. بەرازەکان بەسەر دەسرۆکە ڕاخراوی خواردنەکاندا ڕایان کردبوو خواردنەکان بەسمی ئاژەڵەکان پرش و بڵاو بووبوونەوە. یەکێک لە سەگەکان لە نێزیک سەرچاوەی

ئاوەکەوە کەوتبوو و لە ئازاردا دەیقرووسکاند، عەلی دانەوییەوە و تێی هەڵڕوانی. ئەلێکساندەر بینی کە ئەو چۆن نیشانەی لێگرتەوە، فیشەکێکی بەسنگییەوە ناو کوشتی، لاشەی سەگەکە تەکانێکیدا و لە جووڵە کەوت. بەرازێک سکی سەگەکەی بەئەندازەی بیست سانتیمەترێک هەڵدڕی بوو. نێزیک لە سەگەکەیش کەلاکی مەڕێک کەوتبوو. کوڕەکان بێدەنگ وەستابوون و خەمبار بوون، ئەلێکساندەر ڕوانی، خوێن لە ئەژنۆی محەمەد دەچۆڕێت. کوڕەکانی تریش، دەتگۆ لە شەڕێکی قوورسی دەستەویەخەدا گەڕاونەتەوە. هەموو دەست و قاچیان برین و ڕووشاوی بوو. بەرگەکانیان پیس و پۆخڵ. قژیان لە ئارەقەدا ڕەپ و بژ بووبووەوە. هێشتاکە ترسی ئەو ڕووداوە، لە ڕووخسارياندا دەبینرا، عەلی فەرمانی بەخورتەکاندا، مەڕ و بزنەکان کۆ بکەنەوە، بەرە و بەرایی و خوارەوە بیانبەن و لەوێکانەدا چاوەڕێی ئەم بن، بەڵام کوڕەکان لە نێزیکیەوە هەڵوێستەیان گرت و دەیاندی کە چۆن ئەو پیاوە زەبەلاحە، لەسەر ورگی پاڵکەوتووە و لە خواری کەندەلانەکە هەڵدەڕوانێت، کە هەڵسایەوە بەماتی وتی: "شەش مەڕ کەوتوونەتە خوارەوە. کە هیوای ڕزگارکرنیشیان نییە. دەبێت ئەوان ئاگایان لە گەلەکە بێت، ئەو بۆ بینینیان دەچێتە خوارەوە." پاشان گوێیان لە سەدا و زایەڵەی دوو تەقەوە بوو، کە لە کەندەلانەکەوە هاتن، دوای کاتژمێرێک عەلی گەڕایەوە. بەکۆڵە قوورسەکەی سەرشانی و کۆمە کۆم گەیشتە بن دارەکە، پێستی گووراوی مەڕەکانی فڕێدایە سەر لقی دارێک و جێگە زەخمەکانی پیشاندان. لەسەر بەردێک دانیشت و کاتی بۆ منداڵەکان تەرخان کرد قاچی چەپ و دەستێکی ئەلێکساندەر لە کەوتنەکاندا زامدار بووبون و خوێن قەتماغەی کردبوو. بەڵام ئەو هەستی بەئازار نەدەکرد بەدەسرۆکەیەک و بەهێواشی، قەتماغە و خوێن و پیسی بۆ سڕی و پێی وت:

– باش ئاگەداریت لە گوملەک کرد، هێندەی نەمابوو کە ئەویش بەر بکەوێت، کە ئیدی ئەویشمان لە کیس دەچوو، برینەکانیشت زۆر گرینگ نین. کە چووینەوە ماڵێ، عایشە برین و ڕووشاویەکانت چارەسەر دەکات.

ئەگەرچی هێشتاکە ئێوارە نەبووبوو، بەڵام عەلی فەرمانی گەڕانەوەی دا.

ئەو ڕۆژە شوانکارەکان درەنگتر لە جاران بۆ ماڵەکانیان چوونەوە. لەتەک





گەورەساڵەکاندا ئاهەنگێکیان گێڕا کە یەزدان ئەوانی لە ترسی مەزنی تێداچوون، ڕزگار کردووە. عایشەش خەستە شلەیەکی زۆری فاسۆلیای بۆ کردن، بێجگە لە کارەساتەکە، لەبارەی هیچی ترەوە نەدەپەیڤان، کە یەکی بەچەند زەخم و برینەوە قوتاریان بوو، گەنگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ئایا سێ بەراز و دوو مالۆس بوون، یان چوار بەراز. پاشانیش هەموو شیرینییەکەیان خوارد کە عایشە لە ماڵەوە هەیبوو.

مانگێکی دیش تێپەڕی، ئەساف لە ئەڵمانیاوە نامەی نارد و هەواڵی کوڕەکەی دەپرسی، ڕەئووف کارپاتیش دەبووایە هەموو هەفتەیەک بچووایەتە کن سکاڵانووسەکە، جا چ نامەی بۆ بخوێنێتەوە و چ نامەشی بۆ ئەڵمانیا بۆ بنووسێت.

" بەڵێ، کوڕەکەت گوزەرانی باشە. هەموو بەئیسکەندەر ناوی دەبەن، نازانم چیت پێ بڵێم. ئەو بووەتە شوانکارەیەکی سوودبەخش. دەست بداتە هەر شتێک، بەتەواوی و خەمخۆرییەوە بەئەنجامی دەگەیەنێت!. ئەو هەر وەک ئێمە قسان دەکات و بەس کەمێک هەڵە دەکات. خۆ محەمەدت لەیادە؟ محەمەدی کە دایک و بابی لە ئالانیاوە هاتن، ئەو کوڕە بووەتە دۆستی ئیسکەندەر. لەو ڕۆژەوەی کە ئەو بەردهاوێژەکەی خۆی پێشکەشی ئەلێکساندەر کردووە، ئیدی بوونەتە هەڤاڵ. ئەوانی تریش هەر دۆستین و وەک هەڤاڵێکی خۆیان، مامەڵەی لەتەکدا دەکەن، لێ جاجار شەڕیشیان دەبێت، هەروەک چۆن منداڵان شەڕ دەکەن. عەلی دەڵێت: ئیسکەندەر شوانکارەیەکی باشە. ئەگەر عەلی ئەمە بڵێت، ئیدی دەزانیت کە چ مانایەکی هەیە. ئەو هیچ مەڕێکی لێ بزر نابێت، تەنانەت ئەو ساتەیش مەڕی لێ بزر نەبوو کە بەرازی کێوی لە گەلەکەیاندا و شەش مەڕیان لە کیس چوو. لەم بارەیەوە، ساتێک بۆ یەنیکۆیا گەڕایتەوە بۆتی دەگێڕمەوەو چونکەی ئەم سکاڵانووسە چاوچنۆکە، پارەی زۆرترم لێ دەستێنێت، ئەگەر نامەکە درێژتر بێتەوە، یەزدان دەزانێت کە ئێمە زۆر باش ئاگەداری بیلبیلەی چاوەکانت دەکەین، ئەگینا لە ژێر دەمەبۆڵەی عایشەیشدا دەرنەدەچووم و شەپێکی پێدا دەکێشام. دەی ئەویش کەمتر لە من خۆشیناوێت، بەڵێ ئاوەهایە. ئەو گیروگرفت و کێشانەی، لە هەفتەکانی سەرەتادا، لەتەک ئەودا هەمان بوو، گشتی لە یاد چوونەتەوە. ئەو کێشانە ئێمەی لە یەکتر نێزیک کردووەتەوە. یەزدان وەک هەمیشە دەزانێت کە چی دەکات و کێشە چ سوودێکی هەیە، ئەگەرچی

ئێمەی بەندە لە سەرەتاوە لێی تێ ناگەین، ئێمە ئامێرێکی بچوکین لە هەمبەر یەزداندا. هەر ئەویش بڕیاری داوە کە ئەلێکساندەر لەکن ئێمە بەختەوەر بێت. کوڕەکەم، زۆر ئاشکرا دیارە کە ئەو چەندە خورتێکی تاک و تەنیا بووە لێ، ئەگەر تۆ ئێستاکە ئەو ببینیت، نایناسیتەوە کە ئەو چۆن هەڵچووە. چۆن خۆر سووتاندویەتی و قاوەیی بووە. چۆن مامەڵە لەگەڵ مەڕ و بزنەکاندا دەکات کە بەبرسێتی لەتەک هاوەڵەکانیدا بگەڕێتەوە، چۆن مەنجەڵێک خواردن بەتاڵ دەکاتەوە. ئێواران لەبەر دەرگەی ماڵەوەدا دەوەستین و دەبینین، چۆن لە دارستانەکەوە سەردەردێن و بەسەر پردە بچکۆلەکەدا تێدەپەڕن، لە سەرەتاوە هەست بەعەلی دەکرێت، ئەوجا مستەفا درێژ. پاشانیش ئیسکەندەر و محەمەد. گوملەکیش کە لە پێشیانەوە دەڕوات، هەروەک بیەوێت، هاتنەوەی ئەوان ڕابگەیەنێت. ئەوجا هەست دەکەین کە یەزدان، چ ڕۆژێکی پڕ لە بەختەوەری بۆ دروست کردوین بەوەی کە هەمووان بەسەلامەتی و بێوەیی دەگەڕێنەوە. عایشە دەڵێت: دەبێت بینێرینە خوێندنگە. منیش وای بەباش دەزانم، جارێ چاوەڕێ بکەین، هەتا تۆ دەگەڕێیتەوە لامان، ئەوسا دەتوانین بڕیار بدەین، عایشە پێشی وتم: کە دەتوانم لەتەک خۆمدا، بۆ مزگەوت و نوێژی هەینی بەرم. ئەویش دەڵێت: کە تا ئێستا نەچووەتە مزگەوتێکەوە، ئەمە مانای چی؟ مەگەر ئەو موسڵمان نییە؟ منیش بەخۆمم وت: ڕەئووف کارپات چاوەڕێ بکە هەتا ئەساف دەگەڕێتەوە. ئاهەنگێکمان گێڕاو منیش باقلامەم لێدا، هەروەک چۆن ئێمەی عەلەوی باوەڕمان بەیەزدان بەهێزە و لامان بەڕێزە، ئەویش لە هەموو جێیەک لەتەکماندایە. وا ئیسکەندەر یەک ساڵە کە لە یەنیکۆیایە لەم ماوەیەشدا هیچی وەها ڕووی نەداوە بێشک ژیانمان دەوڵەمەندتر بووە، درێژی هیچ نامەیەکیش بەشی ئەوە ناکات، هەموو شتێکت بۆ بنووسم ئێمە زۆرجاران یادی ئەو ڕۆژە دەکەینەوە کە ئەو بۆ یەکەم جار هاتە ماڵەکەمانەوە ئیدی ئەو بۆ هەمیشە هی خۆمانە ئێمە چاوەڕیی گەڕانەوەت دەکەین."

پاش چەند ڕۆژێک لە ناردنی ئەم نامەیەی ڕەئووف بۆ ئەسافی کوڕی و بۆ ئەڵمانیا، ڕەئووف کارپات نامەیەکی سەرمۆر و داخراوی میریی لە ئەنقەرەوە پێ گەیشت، نامەیەکی لۆککراو کە مۆری پێوە بوو نێرەرەکەیش باڵوێزخانەی ئەڵمان بوو لە ئەنقەرە، ڕەئووف کارپات دەبووایە ئەو نامەیە بەدەستی لە فەرمانگەی پۆست





وەربگرێت. فەرمانبەرەکەیش دەبووایە واژوی وەرگرەکەی لەکن بووایە، ئینجا نامەکەی بدایە. کە ڕەئووف نامەکەی وەرگرت چوو بۆ لای سکالانووسەکە، هەتا بۆی بخوێنێتەوە، هەواڵەکەی باڵوێزی ئەڵمانیا کۆپییەکی تەئکیدنامەیەکی دەستەلاتی تورکیاشی لەتەکدا بوو، کە باس لە ئەڵمانی بوونی ئەلێکساندەر لێمانی لەدایکبووی ٦/٣/١٩٦١ و لە شاری دویزبورگی ئەڵمانیا دەکات هاوکاری جێبەجێکردنی کارەکە دەکەن. نووسینەکەی باڵوێزی ئەڵمانیا کورت بوو:

"بەپێی لێکۆڵینەوە و دۆسییەکان ئاشکرا بووە، کەمتەمەنێکی ئەڵمانی بەناوی ئەلێکساندەر لێمان، لەدایکبووی ٦/٣/١٩٦١ لە دویزبورگ، بەبێ ئاگەداربوون و ڕازیبوونی فەرمانگە و بەرپرسەکانی وەزارەتی کار و کۆمەڵایەتی ویلایەتی نۆردڕاین ڤێستفاڵن، لە گوندی یەنیکۆیا و لە ماڵی ڕەئووف کارپات و عایشە کارپات ڕاگیراوە. بەبێ دواکەوتن و لە ماوەی یەک هەفتەدا، ئەو منداڵە بگێڕنەوە بۆ ئەڵمانیا. نوێنەرێکی باڵوێزخانەی ئەڵمانیا، بۆ قسەکردن لەم بارەیەوە، دەگەنە کن ڕەئووف کارپات و ژنەکەی.

لەگەڵ ڕێزی زۆردا. "

## ٩

## لەیلا و پاوڵ

فرۆکەی هێڵی هەوایی تورکیا، بەرە و ئاسمانی شینی ئەناتۆڵیا بەرز بووەوە. پاش یەک دەمژمێر دەگاتە ئەنقەرە، دەنگی پێشخزمەتە ئافرەتەکەی، کەمێکیش خۆی دانەواندبوو، پاوڵ لانگبێرگی لە بیرکردنەوە پساند. پاوڵ ڕوانییە ڕووخسارێکی خۆش و بەئینگلیزی داوای قاوەی کرد، ئیدی کەوتەوە ناو بیرەوەرییەوە، لە یەکەم پێکگەیشتنەوە تا ئێستاکە، سێ مانگ تێنەپەڕی بوو. ئەم جارێکی دی ئەو ژنە بەسالاچووەی، لە قاوەخانەیەکی ناوچەی چارەسەرکردنی سروشتی، شاری هومبۆرگدا دیەوە. ئەم دەبووایە لەوێدا و بۆ دوو مانگ پشووی هاوین، کاری پیانۆلێدان بەئەستۆ بگرێت، چونکەی باری ئابوورییەکەی تەواو خراپ بووبوو. کاتارینا ناوێک کە خۆشی ویلۆن ژەن بوو، وەڵامی داواکارییەکەی ئەمی لە ڕۆژنامەدا دابووەوە. بەڵام ئەمەیش تەنیا وەڵام بوو کە وەری گرت. ئەم لە شاری هامبۆرگەوە بەشەمەندەفەر چوو بۆ شاری هومبۆرگ و لەتەک هەردوو هاوکارە ژنەکانیدا، لە ئوتێلێک بەسەری کردەوە. کە بەڕیوەبەرایەتی چارەسەری سروشتی پارەکەی بۆ دەدان. ئەم لەتەک هەردووکیاندا کاتارینا و روپ باش ڕێککەوتبوو. لێ بڕیاریشی دابوو کە خۆی تووشی خۆشەویستییەک بکات. بەڵام پێوەندییەکەی لەگەڵ ژنێکی مۆسیکزاندا، لە کۆڵانێکی دەرنەچوودا کۆتایی پێهات. ئەمیش ئەم بیرەوەرییەی وەلاوەنا. کاتەرینا و روپ و باوەڕ بەخۆبوون، لەو ڕۆژانەدا، زۆر یارمەتی ئەمیاندا کە بۆ پێوەندی بەستن، بەسەر گیروگرفتەکاندا سەرکەوێت. ئەوەبوو کە لە بادهۆمبۆرگ و لە ئێوارەیەکدا، لە کافتریاکەی بینای چارەسەری سروشتی، بەخانمی فاهرونوزا ئاشنا بوو. لە دەرەوە بەلێزمە باران دەباری. ئافرەتێکی بەسالاچوو لە نێزیکییەوە، تکای لێ کرد کە هەندێک لە کەرنەڤاڵی شوومەنی مۆسیقازانی بۆ بژەنێت. فاهرونوزایش خۆی کەشخە گۆڕی بوو، بەسەرنجی چاوە قاوەییەکانییەوە لەمی





هەڵدەڕوانی، هیچ شتێک لەودا ئەمی نەدەخستە یادی ئەو ئافرەتانەی، دەهاتنە کۆنسێرتەکانی ئەوێکانە. ئەم نۆتەی پێنەبوو، بەڵام چەند ڕستەیەکی کەرنەڤاڵی دەزانی کە لە سەردەمی خوێندنەکەیدا، فێری بووبوو. ئافرەتە بەسالاچووەکەیش بۆ ئەم سەرکەوتنە، بەخشیشێکی باشی پێدا، پاشان داوەتی پاوڵی کرد کە بێتە سەر مێزەکەی. ئافرەتەکە جگەرەیەکی پێکرد و وتی:

– ئێوە باش دەژەنن و ژەنینەکەشتان، جێی سەرسووڕمانە، بۆیە کە ویستم لە لایەن جەنابتانەوە گوێم لە شوومەن بێت.

ژنەکەیش کە پرسیاری لەبارەی خوێندنەکەیەوە لێ کرد، وتیشی:

– بەڵێ، ئەویش هامبۆرگ شارەزایە، بەڵام لە ساتە بەدبەختییەکاندا، بەڵام ئێرە جێی ئەو باسە نییە.

ڕۆژی داهاتوویش هەر بەڕێکەوت، لە باخەکەدا پێکگەیشتن و کەوتنە قسەکردن. ژنەکە لێی پرسی؛ ئەگەر ئەو دەخوازێت، دەتوانێت لەگەڵیا بچێت بۆ پێشانگەیەکی پاوڵ کلێ لە شاری فرانکفۆرت، چونکە ئەو لێرە تەنیایە و باشیش شارەزای ئەوێکانە نییە. ئەمیش ڕازی بوو، لەبەروەی ئەمیش بەلێنێزیکبوونەوەی ژنەکە خۆشحاڵ بوو و چێژی لە حەز و ئارەزووە مۆسیقییەکانی وەردەگرت بۆ ئەم شتێکی ئاسایی نەبوو، بگرە شتێکی دی بوو، گەشت لەتەک ژنێکی بەسالاچوودا بکات. ژنەکە بەگاڵتە و قۆشمەوە، باسی ژیانی خۆی بۆ دەکرد، باسی سالانی پڕ لە جۆش و خرۆشی بیستەکان لە ئەڵمانیادا و چۆن وەک هاوسەری تورکێکی دیبلۆمات، لە بەرلین ژیاوە. دۆستایەتییەکانیشیان لەتەک نووسەر و هونەرمەنداندا لە بەرلین. باسی گەشتە سەیروسەمەرەکانی، لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا، لە ناوچەی بەڵکان باسی وڵاتەکەی کە تورکیایە و باسی فەخری کچی و لەیلای کچەزای... بیرەوەریەکەی پساندو دەستێکی لە خزمەتچیەکە هەڵخست و داوای قاوەیەکی تری کرد، ئەم لە کۆتایی ڕیزی فڕۆکەکەدا دانیشتبوو. دانیشتنی لەوێدا بەخۆشتر دەزانی، بەتایبەتی بۆ کەسێکیش کە یەکەم جاری فڕینی بێت... بەڵێ، ئەوجا ژنەکە پرسیاری لە نەخشەکانی ئەم بۆ ژیان کرد. بێشک کارگەری ئەو ژنە بوو کە ئەم دەیتوانی بەڕاشکاوی باس لە خۆی بکات، بۆیە کە پێکەوە دەبوون، هەستی بەباشی

و خۆشی دەکرد و نرخیشی پێ دەدرێت. ئیدی زۆربەی ڕۆژەکان پێک دەگەیشتن و قسەکانیشیان بەدەم پیاسەی دارستانەکانی ناو (تاونوس)دا، کۆتایی نەدەهات، کە ناچاری سەفەری تورکیاش بوو، ئەو ژنە داوەتی لەم کرد لە ئەنقەرە، میوانداری بکات، لەبەر خراپی باری دارایی، بۆ ئەم نەبوو وەها سەفەرێک بکات، بەڵام ئەوە بوو ڕۆژێک لە شاری هامبۆرگ، لە گەڕانەوەیدا بۆ ژووره داڕوخاوەکەی، بەسەرسوورمانەوە دی کە زەرفێکی بۆ هاتبوو. وەرگرتنی زەمالەیەک بوو. نامەکەی دوور لە پەنجەرەکە دانا و گوێڕایەڵی بۆق بۆقی پاپۆڕەکان بوو، دیارە کە بەخت بەپیریەوە هاتبوو. دەیتوانی لەسەر زەرفەکە ناوی خۆی(پاوڵ لانگنبێرگ) بخوێنێتەوە، بۆیە بڕیاری دا هەر هەموو نەخشە و بیرەکان وەلاوە بنێت و داوەتەکەی فاهرونوزا بۆ ئەنقەرە پەسەند و قبووڵ بکات. ئەو پارەیەی کە وا تازە پەیدای کردووە، بەش دەکات و کەمێکیشی لێ دەمێنێتەوە، ئەو بیرەیشی لادا کە دەیویست ژوورێکی گەورەتر بەکرێ بگرێت هەتا کلاڤیرە زەبەلاحەکەی دایکی تێدا دابنێت و ئیدی هێندە نەچێتە ژێرخانە پێچاوپێچەکانی ئەکادێمیای مۆسیقاوە، کاتی خۆی کە ئەم فاهرونوزای بۆ فرۆکەخانەی فرانکفۆرت برد و سەفەری کرد، هەستێکی وای لا دروست بوو، کە ئەو ژنە زۆرتر لەبارەی ئەمەوە دەزانێت هەتا خۆی!. ئەو ژنە بەختی ئەمی لە کوپی قاوەدا خوێندەوە، ئێوارەیەکیش لە گازینۆکە فێری یاری ڕۆلێت و بەقەرەی کرد، بەگێڕانەوەی بەسەرهاتە خۆشەویستییەکانی، بلێسەی لەناخی ئەمدا گڕدا. بەڵام ئەم نەیدەزانی چییە؟ بەدنیایەکی پڕ لە بوێری خۆشی و زەوق ئاشنا بوو، کە لەوەوبەر لێی بێ ئاگا بوو. ئەم ئەو ژنە تورکەی بەشێوەی خۆی خۆشویست و لای بەڕێز بوو، دەبێت هەستی ژنەکەیش هەر وەسا بێت بۆ ئەم ئەو ژنە دەرخەری دنیایەک بووکە ئەم تەنیا بەپەنهانی خەونی پێوە دەدی، هەتا زۆرتر دەچووە قووڵایی بەسەرهاتەکانی ژیانیەوە، هێندەیش زۆرتر لە زانستی ژیان بەئاگا دەبووەوە. هەستی کرد کە ئەم خۆی هەمیشە وەک باڵندەیەکی باڵشکاوی نابوێر بووە. وەک ئەو باڵندەیەی کەوتووەتە سەر زەوی و دەترسێ باڵە شکاوەکانی بجووڵێنێت. بڕیاردانەکەشی بۆ مۆسیقا، تەنیا هاوکارییەکی بوو، بۆ هەڵسانەوە و خۆناسین. لەتەک ئەم ژنەدا شتێکی نوێ هاتە ناو ژیانییەوە، بێ لەوەی بزانێت، چۆن ڕووی دا.





جگەرەیەکی داگیرساند و لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە، ڕوانییە گردە قاوەییەکان و پەڵە هەورەکانی دەووری گوندەکانیان گرتبوو، ڕانەمەڕ و گا و گۆلکیش لە ڕۆخی ڕووبارەکان بۆ ئاو خواردنەوە کۆ کرابوونەوە تەنانەت دەیتوانی شوانەکانیش ببینێت، ئێوارەی بەر لە سەفەرەکەیشی سەری لە دایکی دا. لەگەڵیدا بەناو باخی نەخۆشخانەکەدا گەڕا ئەو جێیانەی کە دایکی تێیاندا، ئازارەکانی پاتە دەکردەوە. لەتەکیدا دانیشت و دەستی خستە ناو دەستییەوە، دایکی هەوڵی نەدا کە ئەم لە سەفەرەکەی پەشیمان بکاتەوە، بەڵام هەمان نیگای بێباوەڕیی لە سەرنجیدا بوو. ئەگەرچی هەموو شتێک بۆ ئەم بەئاوات دەخوازێت، بەڵام ئەو خەونانەی کە ئەم هیوای پێ بوو، لەتەک خووڕەوشتی دوورەپەرێزی ئەمدا نەدەگونجان، دەمژمێریک تێپەڕی هەتا سستەرەکە، لە کۆتایی هێنانی دیدارەکە ئاگاداری کردنەوە. گەلێک پرسیار هەبوون کە تەنیا دایکی دەیتوانی وەڵامیان بداتەوە. پرس لە ژیانی ڕابردووی ژن و مێردێتیەکەی. لە باوکە تێداچووەکەی، کە ئەم تەنیا یەک وێنەی لەو هەیە، بە بەرگی سوپای گەلییەوە. جارێک دایکی بەکورتی بەمی وت:" ئەو پیاوێکی باش بوو. هاوسەریەێتییەکەمان باش بوو. ئەو زۆر خەمخۆری ئێمە بوو." پاوڵ لەمەندە زیاتری لە دایکییەوە نەبیست. ئەم خۆشی نەیدەزانی کە بەڕاستی بەدوای چیدا وێڵە. بۆیە لە ئاستی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، خۆی بەناتوانا دەزانی، هەندێک کات، تاسەی پیاوێکی دەکرد کە بابی بوو،هیچ سودێکیشی نەبوو، خۆی بخاتە قووڵایی ئەو باسەوە. چی دەیتوانی هاوکاری خۆی و ڕابردووە لێڵەکەی بکات؟ باوکی چی بووە کە لە ڕووداوێکی شەمەندەفەردا تێدا چووە؟ ئایا ئەوە بەجێهێشتنی خێزانە، وەک بەجیهێشتنەکانی تر؟ چ پێوەندییەک هەیە لە نێوان، حەز و ئارەزووی مۆسیقی ئەم و بێدەنگی دایکیدا؟ بیرکردنەوە لەمجۆرە پرسانە، ئەمیان تووشی شڵەژان و سەرلێشێوان دەکرد. لەبەرئەوەی نەیدەکاری لە ناخەوە وەڵامێک بدۆزێتەوە، بۆیە وازی لەم بیرکردنەوانە هێنا و هەرخێرایش، بابەتێکی تری گرنگ بووە جێی سەرنجی، کە بەم نێزیک بوو. خۆشحاڵ بوو بەوەی جارێکی دی فاهرونوزا ببینێتەوە کە بەنیشتمانی یەکەمییەوە دەنازی. خۆی بۆ هەستی شل کرد و کەوتە ورتاندنی بەشێک لە سیمفۆنیای ڕاینی شوومان. ئیدی لە فڕۆکەکەوە پایتەخت دەرکەوت.

ئۆقیانووسێک لە خانووی نێو گردۆڵکە، بەوشکە گیا و درەخت دەووره دراودا، کەوتە بەر بیبینی. پشتوێنەکەی بەستەوە و فڕۆکەکەیش بەرەو نیشتنەوە دابەزی. پاوڵ بۆ دۆستە ژنەکەیی نووسی بوو: کە ئەم دێتە (ئەنقەرە) و لە ئوتێلێکی هەرزانبەهادا دەمێنێتەوە، ئەگەر ئەو کاتی بۆ ئەم هەبێت، دەتوانن یەکتر ببینن، فاهرونوزایش وەڵامیدابووەوە: پاوڵ، تۆ دەبێت بێیتە ماڵی ئێمە. خۆشحاڵم بەوەی کە تۆی دۆستێکی نوێم، بێتە تورکیا. جێمان هێجگار زۆرە، مەرجێکیشم هەیە کە دەبێت لەسەر کلاڤێرەکە بژەنیت.

ئیدی بەم نێزیکانە چاوەڕێتم

فاەورنوزا

ئەمەیش یەکەم گەشتێتی بۆ ولاتیێکی نامۆ. پاوڵ شڵەژابوو، نەی دەزانی کە چ هیوایەک ئەمی بەم سەردانەوە بەستووەتەوە. فڕۆکەکە بەنەرمی کەوتە سەر زەوی و گەشتیارەکان کەوتنە چەپڵەلێدان. پاوڵ جانتاکەی هەڵگرتوو بەرەو پاسکۆنترۆڵ چوو. بە وورياييەوە بە ناو جانتا و کارتۆن و خەڵکەکەی بەزمانەکانی جۆراوجۆری بیانی قسەیان دەکرد،هەراوزەنایان پێکهێنابوو، لە دووی جانتا یان کەسێکی بزربوودا دەگەڕان، دەڕۆیشت. خەڵکێکی زۆر لە سەرەدا وەستا بوون. هەراوزەنایەک بوو، بۆ ئەم وەک سیمفۆنیایەکی سۆزاوی دەنواند، لە درزی دەرگە و پەنجەرەکانەوە، رووناکییەک دەکەوتە سەر خەڵکەکە هەر بەڕاستی لە ولاتێکی نامۆدا بوو. لەگەڵ نائەمینیەکەشیدا، بەڕووخساری بەخەندەوە چاوی بۆ کۆنەدۆستەکەی دەگێڕا، ئایا لێرەیە؟ چونکەی ئەو تەلەگرافی بۆ نارد کە بەشوێنیدا دێت. نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە فاهرونوزای ناسک، لە نێو ئەو ئاپۆڕەیەدا بێت. ئەمیش بەناو خەڵک و گیرفانبڕەکاندا، هەنگاو بەهەنگاو دەچووە پێش هەر کە ژن و پیاوێک یەکتریان دەدۆزیەوە، لە جێی خۆیاندا جانتاکانیان فڕێدەدا و ئیتر ئەم ڕێگەی لێ دەگیرا ئەو بۆنەی کە لێرەکانە بلاو بووبووەوە، بۆ ئەم قوورس بوو! دەتگۆ لە ئەمبارێکی بەهاراتدایە. هەتا لە دەرگەی چوونە دەرەوەیش نێزیکتر دەبووەوە، هەرا و زاناکە زۆرتر دەبوو. پاشانیش هۆڕنی سەدان ئۆتۆمبێل بەشداری ئەم کۆنسێرتە ئاڵۆزەیان دەکرد. لە پاڵیشیدا، لووشکەی هەڵسانی فڕۆکەیەک. چوو بەهەواکەدا. جانتاکەی





دانا. دەرزەنێک شۆفێری تاکسی لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە ئەو لەتەک خۆیاندا بەرن. هەریەکە و دەیویست جانتاکەی بۆ خۆی ببات. لە ناکاو ژنێک لەبەردەمیدا قووت بووەوە. کورتەباڵا و ناسکۆڵە، هەروەک چۆن لە (هامبۆرگ) دیبووی، ژنەکە سەرەقژ زەردەکەی ئەمی بۆ خۆی ڕاکێشا و ماچێکی کرد:

– بەڵێ، پاوڵی ئازیزم، لە تۆمان کەم بوو. چەند باشت کرد کە هاتیت. بێگومان فەخریی کچم و لەیلای کچەزام دەیانویست بەشوێنتا بێن، بەلام من وام بەباشزانی کە ئەوان خۆیان بەئامادەکردنی خواردنەوە خەریک بکەن. چونکەی من دەمەوێت بە تەنیا لەتەک ئەودا بم. دەی شتەکانت فڕێ بدەرە سندوقەکەوە.

تاکسەکە ئامادە بوو. شۆفێرەکە پیاوێکی ڕووخسار قاوەیی چرچ ولۆچ و شەپقەیەکی لەسەردا بوو. کابرا خۆی لەبەر پاوڵدا نووشتانەوە و نەیهێشت کە ئەو دەست بداتە جانتاکە، فاهرونوزا پاوڵی بۆ کورسییەکەی دواوە ڕاکێشا و بەشۆفێرەکەشی وت: بۆ کوێ بچێت، ساتێک تاکسییەکە بەلای ئۆتۆمبیلە وەستاوەکاندا تێدەپەڕی، فاهرونوزا وتی:

– کچەکان هەندێک کەسیان داوەت کردووە. ئەگەرچی بەدڵی منیش نەبێت، بەلام نەمدەتوانی لێیانی قەدەغە بکەم، تەنانەت لەم تەمەنەی منیشدا، دەبێت هەندێک ڕێگە بەخوو خدەکان بدەم. لە پێشدا دەچین لێوانێک دەخۆینەوە و ئیدی شتەکانی تر بۆ دوایی...

بەدەنگی بەرز هاواری لە شۆفێرەکە کرد و ئەویش سەری بۆ لەقاند. بەسەر جادەیەکی پانی قیردا، بەرەو ناوشار چوون، بۆ پاوڵ هاتووچۆی ئۆتۆمبێل هەر زۆر تەڤ لە هەڤ بوو. خۆشحاڵ بوو بەوە کە ناچار نییە لێرەکانە ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت. ئۆتۆمبێلەکە لە ژێر درەختاکاندا وەستا، شۆفێرەکە ڕازی نەبوو لەتەک ئەواندا بچێتە مەیخانەکەوە، دەی ئەو دەبێت ئاگای لە جانتا و ئۆتۆمبێلەکە بێت، فاهرونوزا بەزەردەخەنەوە وتی:" خورتێکی باشی دەرەوەی شار. زۆربەیان خەڵکانی باشن کە لە داهاتوویشدا گەرەکیانە بێن بۆ ئەڵمانیا، وەرە و با بڕۆین." دەرگاوانەکەی بەرگی تایبەتی لەبەردابوو، بۆیان نووشتایەوە و ئەمان چوونە ژوورەوە: "ئالەو گۆشەیەدا دادەنیشین". بۆ ئەو ساتە زووە خەڵکێکی کەم لە پارکی مەیخانەکەدا بوون. خۆرەکە

لە ئاوی گۆمەکەدا شەوقی دەدایەوە و گوڵەکانی سەر ئاوەکەیش لە بزووانددا بوون. لە ڕۆخی گۆمەکەیشدا، مراوییەکان لە لیتاوەکەدا قرتەقرتیان بوو کۆتری شینی کاڵیش بەسەر گیا و چیمەنەکەوە، کەیفیان دەکرد. فاەرونوزا داوای ئارەق و ئاوی گازی کرد و جگەرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا:

– ئادەی بڵێ بزانم، سەفەرەکەت چۆن بوو؟ ئەڵا لە زەمالەکەت، چۆنت جێبەجێ کرد، پاشاکەم؟ حەز و ئارەزووەکانت چۆن بەڕیوە دەچن؟ چونکەی ئەوەی کە بۆ من زۆر گرینگە ئەوەیە....

پاوڵ هێشتاکە لە سەرسامیی شارەکە پڕ لە خەڵکەکە و شڵەژانی یەکتر بینینەوەی لەتەک فاهروزنوزا دا بوو، بۆیە بۆی دژووار بوو وەڵام بداتەوە، داوای جگەرەیەکی لێ کرد و وتی:

– جێی باوەڕ نییە کە من لەتەک تۆدا، ئالێرەدا و لەگەڵ تۆدا دانیشتووم! لە هەمبەر زەمالە کەیشەوە،ئەوە هەر چاوەڕێ نەکراو بوو. هەرگیز لەو باوەڕەیدا نەبووم کە ئەوان من هەڵدەبژێرن. خویندنەکە دووساڵیش دەخایەنێت، جا بیری لێ بکەرەوە. دوو ساڵ دوور لە خەمی بێ پارەیی.!

– بێگومان کە قابیلتانە.

– جا ئەگەر ٥٠٠ داواکار هەبن و بەڵام ئەوان تەنیا ٢٠ کەس وەربگرن ئەوە پێوەندی بەبەختەوە هەیە.

فاەرونوزا پێ کەنی و وتی:

– ئەی بەختت لە خۆشەویستیدا؟

– ئاخ، فاەرونوزا، وەها ڕوویدا کە هەمیشە و لە ڕابردوودا پێشبینیم دەکرد لەتەک هاوڕێ کچەکەمدا کۆتایی پێهات. ئەو ئیدی نەیدەویست و منی بەبێتاقەتکەر دەزانی. لێ، ئەوەیشی کە ئەو دەیوت بۆ من هیچ گرینگ نەبوو.

– خەڵکانێکی ڕێکوپێک هەن کە هەست بەگۆڕانەکان دەکەن و بەلایانەوە ئاساییە، بەڵام پاشان وەهای دەگێڕنەوە، هەر دەڵێیت دنیا کۆتایی پێهاتووە! هەندێک مێشکی خۆیان بەهەندێک گرفتەوە سەرگەرم دەکەن، کە نرخی دەربڕینیشی نییە. گەنجێکی





وەک تۆ نابێت وەسا بڵێت، چونکەی ئێوە ژیانتان لە پێشە. جیابوونەوەیەک لەم تەمەنەی تۆدا، نابێتە ڕووداو ئێوە گونجاوی یەک نەبوون.

لە ساتێکدا لە دەستێکیدا لێوان و بەدەستەکەی تریشیەوە جگەرە بوو، درێژەی پێدا:

– من دەزانم کە تۆ گەنجێکی جدیت و ڕەخنەم لێت نییە، بەڵام ئەگەر هەر بیری لێ بکەنەوە و خۆتان بەبەرپرسیار بزانن، پێم وایە بێ مێشکییە و دەبێت واز بێنن. پێدەچێت کە بتوانیت لەکن من فێر بیت، چۆن گەنج بیت و چۆنیش چێژ لە ژیان وەربگریت ژیان بۆ ئەوە هەیە، پاوڵ..

– دیارە کە من شارەزای ژیانی خۆش نەبووم و نازانم، ڕووخساری گرژ بوو وپرسی ئەی بە چ شێوەیەکی تورکی مرۆڤ دەتوانێ خۆی بگۆڕێت؟

– گوێ بگرە لاوۆ، دەستی پاوڵی گرت، من لەبەر ئەوە تۆم بەلاوە پەسەند نییە، چونکەی پیانۆژەنێکی باشیت و بێشک گەورەتریش دەبن، یان لەبەر ئەوەی کە دوو چاوانی جوانی شینتان هەیە، ئەوەی کە من بێجگە لە ژەنینەکەتان لام پەسەندە و حەزم لێیەتی خۆتە، ئیدی ئەوەی کە تۆ بۆمی باس دەکەیت، چۆن پێوەندی خۆشەویستیت کۆتایی پێ هاتووە و نیازی چیتان هەیە تێ دەگەم، ئەگەرچی بۆ من بێمانایە، هێندەی منیش بیزانم، ئەوە خو و ڕەوشتی ئێوە نییە کە سەرگەرمی وەها شتێک بن..

پاوڵ سوور ببۆوە. سەرنجی چووبووە سەر چۆلەکەکانی لە ژێر مێزەکەدا، ووردە نانەکانیان دەچنییەوە ئەوجا وەڵامی دایەوە:

– پێدەچێت من وەها پەروەردە کرابم، هەمیشە لاگر و باش بم..

– نەخێر خۆشەویستەکەم! دەبێت ئەوەیش بزانن کە ژیان هەر ئەوەی ئێوە نییە. ئەو ژیانەی کە تۆ لە هامبۆرگە خەمبارەکەتدا و لەتەک دایکە بێدەنگەکەتدا و لە دنیای باوکە تێداچووەکەتدا، هەتە، بگرە لای تریشی هەیە.

بەناو جانتاکەیدا، لە دوای چەرخەکەی کەوتە گەڕان، هەتا لە قووڵاییدا دۆزییەوە. جگەرەیەکی گرِدا و کەوتەوە قسەکردن:

– ئێوە جارێکیان باسی وێنەیەکی باوکتان بۆ کردم لە بیرتانە؟ دەتانەوێت لەبارەیەوە لێکۆڵینەوە بکەن؟ منیش لەوە تێ دەگەم منیش زۆر جاران لەبەر وێنەیەکی ڤیدای دایکم و ئەسافی باوکمدا دادەنیشم. لەبەر خۆمەوە لەتەک ئەواندا دەپەیڤم. هەتا بوێریی ئەوەم هەبێت درێژە بەژیان بدەم، بەڵام وەڵام لە کن وێنە و یان، دایکێکی هەمیشە بێدەنگدا نییە. هێشتا شتی شاراوەیش هەیە کە ناخوازن دەری بخەن، من تۆم لابەگەنە و دەشزانم کە سروشتێکی کراوە و بەکەیفتان هەیە! (قنگە جگەرەکەی فڕێدایە سەر زەویەکە و باقی ناو لێوانەکەی بەتاڵ کردەوە) دە ئیتر بەسە هەر من وەک پەڕتووکێک زانیاری دەدەم، باقییەکەی دەخۆیتەوە و ئیدی دەچینە کن کچەکانم. ئەو خواردنە دەخۆین کە ناچارین بیخۆین. لەیلا لۆمەم دەکات، چونکەی تۆم بۆ ماوەیەکی درێژ و بەتەنیا بۆ خۆم ڕاگرتووە، بەڵام ئەم درێژدادڕییەش پێویست بوو.

لە سەر ڕێگەی بەرەو تاکسییەکە، پاوڵ دەستی کردبووە ملی و بۆلای خۆیی ڕادەکێشا خەم و دوودڵی لە چاوەکانیدا نەمابوو بەپێکەنین و کەیفسازییەوە وتی:

– دەزانیت کە تۆ تەنیا مرۆڤێکیت، ئاوەها لەتەک مندا دەپەیڤیت؟

– قەیرەژنێک مەخەرە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە، باشترە کە مەشق بۆ سەردەمێکی داهاتوو بکەن.

– مەبەستان چییە؟

– من بێ ئەوەی پرس بەتۆ بکەم، ڕێکم خستووە کە تۆ لە باڵوێزخانەی ئەڵمانیادا، کۆنسێرتێک بکەیت بەتەنیا هەر خۆیشت.

پاوڵیش هەر وەک بەر تەزووی کارەبا کەوتبێت، لە جێی خۆی چەقی:

– دەڵێن چێ؟ مۆسیقای بەتەنیا؟ شتی وەها نابێت.! هەرگیز لە ژیانمدا بەتەنیا مۆسیقام پێشکێش نەکردووە. دەنا هەموو شتێک دەدرکێنم..

خۆی لە دەستی ڕاپسکاند و بەئەنگوست بەسەر سنگیدا کێشا و وەڵامی دایەوە:

– شتی وەها ناکەن، دەزانم کە تۆ چی دەتوانی بکەیت ئێستاکەیش بەقسەم بکە و واز لە شەرم و شڵەژانەکەت بێنە، ئەمە بۆ تۆ شانسێکە و بۆ منیشی دەکەیت. دەمەوێت کە تۆ جێی شانازیم بیت.





– بەڵام نۆتەم پێ نییە.

– هەر شتێک کە تۆ پێویستت پێی بێت مەتحەدی دۆستم پەیدای دەکات، ئەو بەرپرسی ئەکادێمیای مۆسیقایە، ئیستا ڕازین؟

پاوڵ بێدەنگ بوو. نەیدەویست ئیتر بەرهەڵستی بکات، نەکا فارونوزا بەشاخ لە شاخ ئالانی تێ بگات. بێجگە لەوەیش، کەوتبووە ژێر کارگەریی ئەو باوەڕەی کە فارونوزا بەمی بەخشی بوو، ئەو باوەڕەی کە ئەو بەمی دابوو، جێی قەدر و ڕێز بوو. شۆفێری تاکسیەکە، دەرگەی دواوەی بۆ دانیشتن بۆ کردنەوە.

## ١٠

بە بلواری ئەتاتورکدا، بەرە و کۆڵانی یاشیلیۆر سەرکەوتن، فاەرونوزا کۆشکە سپییەکەی باڵویزخانەی ئەڵمانیای پیشاندا و وتی:

– لەیلا کەمان لەم کۆشکە گرینگ و جێگایانەدا کار دەکات.

– ئەو بەئەڵمانی قسان دەکات؟

– بەڵێ، بەڵێ. هەر وەک لە ناو خێزانەکاماندا باوێتی! بابم دکتۆراکەی لە شاری لایپزیکی ئەڵمانیا کردووە، بابم هێندە بەوێکانە سەرسام بوو، بۆیە منیشی بۆ بەشی ناوخۆیی کچانی ئەوێکانە نارد. بوون و سەرسامیەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سالآنی جەنگی جیهانی یەکەم. منیش پاشان هەمان کارم لەتەک ەفەخریەی کچمدا کرد، ئێمە هەر هەمووومان، لە بەشی ناوخۆیی کچان و لە ئەڵمانیادا گەورە بووین.

ئۆتۆمبیلەکە بەڕێگەیەکی چەوریژدا پێچی کردەوە و لە بەردەم خانویەکی دوو نهۆمیدا وەستا. شۆفێرەکە جانتاکەی پاوڵی بەپلیکانەکاندا بردە سەرەوە. بۆ ڕێزلێنانیش، کلاوەکەی داگرت و ڕۆیشت. ئەوساتەی پاوڵ لە دەرەوە و لەپاڵ ئۆتۆمبیلەکەدا وەستا بوو، فاەرونوزا لە ئۆتۆمبیلەکەدا، پارەی بەشۆفێرەکە دابوو. ساتێک پاوڵ لە کۆشک و گوڵە شۆڕبووەوەکانی هەڵدەڕوانی، دەرگەکە کرایەوە. دەشێت کچەکە بیست سالآن و یان کەمێک مەزنتر بێت. قژی قاوەیی زەردباو کە بە کراوەیی و لوولی بەسەر شانەکانیدا بلاو بووبووەوە. ئەو کچە بەڕاستی زۆر جوان نەبوو، بەلآم ڕووخۆش و جێی سەرنج نەبوو، کە پاوڵ نەیدەتوانی هەست بکات، بۆچی وەسایە. کچەکەیش تا ڕادەیەک، بالآی وەک ئەم بەرز بوو، هیچ هەڵسوکەوتێکی وەسایشی نەکرد کە مانای بەخێرهاتن بێت، بەڵکو بەپێ، کە کالەی لە پێدا بوو، جانتاکەی بەولادا خشاند و وتی:

– فاەرونوزا پێی وتم: گوایە پیانۆژەنێکی شۆخی بەناوبانگ دێت، بەلآم من تۆ



ئەنوەر محەمەد (٦)



دەبینم و جانتایەکی پەڕپوت و پیس، و.

پاوڵیش وەلآمی دایەوە:

– لە هەموو یانسیبێکدا بردنەوە نییە! وەها چاوەڕێ مەکە.!

پاوڵ توانی بەدژوواری، بەرپەرچی ئاوازی قسەکەی بداتەوە، ئەم بۆشی پێ کەنی، بەلآم هیچ گۆڕانێکی لە ڕووخساری ئەودا بەدی نەکرد، تەنیا چاوەکانی کەمێک کرانەوە، فاەرونوزا لە پلیکانەکان هاتە سەرەوە و دەستی لەیلای گرت:

– ئەوە چ شتێکی بێچاو و ڕووت وت؟

پاوڵیش وتی:

– وازبێنە، بەدەم جانتا هەڵگرتنەوە درێژەی پێدا، هەرکەس دەبێت خۆی چارەسەری ئەو سەرسووڕماویانە بکات کە بەسەریدا دێن. بێگومان لەگەڵ ئەوەیشدا، میهرەبان دەبێت و لێ دەگەڕێت کە بەجانتاکەمەوە بەلایدا تێ پەڕم.

فاەرونوزایش وەلآمیدایەوە:

– لەیلا خوویەکی تایبەتی خۆی هەیە، چۆن لەگەڵ خەڵکیدا هەڵسوکەوت دەکات... ئەگەر ناخۆشی کرد، ئاگەدارم بکەرەوە.

کە چوونە ناو خانووەکەوە، پاوڵ جانتاکەی دانا. فەخریەی دایکی لەیلا بەپلیکانەکاندا هاتە خوارەوە، تا سلاوی لێ بکات. ئەویش هەروەک کچەکەی، هەمان ڕووخساری پۆرخزی هەبوو، بەلآم لەگەڵ هەر بزە کردنێکدا، لە پۆرخزیەکەی کەمتر دەبووەوە.

پاشان هەموو لە باڵکۆنەکەدا وەستان کە دەیڕوانییە باخەکەی پشتەوە و لە لێوانی مل بەرزدا زێکتیان دەخواردەوە، کە بەردەستێکی بەرگ ڕەش لەبەر بۆیانی دەگێڕا. پاوڵ شەرم و لاتەریکەیەکی لە کوڵ نەدەبووەوە. چونکەی ئەو تا نهاکە، بەشداری وەها کۆمەڵگەیەکی نەکردبوو، ئەگەرچی ئەم میوانداریییە لەبەر ئەویش کراوە. خۆبەخۆ ئەم ژیانەی لەتەک ژیانی ڕابردووی لە تەک دایکیدا بەراوورد دەکرد. ئەگەر دراوسێکانیان، بۆ قسەکردن لە هەمبەر ژیانی ڕۆژانەوە میوانداریان بکردبانایە، یان لە چێشتخانەکەدا دادەنیشتن یان لە ژێر دارسێوی باخەکە و لەسەر کورسی لەق و

تۆق. ئەرێ لێرە چۆنە؟ زەنگین و ژیانێکی سەروتر؟ کە ئەمەیش بەتەنیا نابێت. لێرەکانە هەموو شتێک بەجۆرێکی تر تێی دەڕوانرێت و بەنرختر سەیری دەکرێت. مۆبیل و وێنەکان و کەلوپەلەکانی تریش، بەزەوقەوە دانراوون. هیچ شتێک هەروا و لەخۆوە دانەنراوە. ئەو قتووە زیوینەی لە سەر مێزێکی پاڵ قەنەفەکەدا دانرابوو و فاهرونوزا جگەرەی لێهەڵگرت، دەتگۆ لەگەڵ شتەکانی تردا جوانی و ژیان پێک دێنن. ئەم شێوە کردارەیش کە چۆن ئاهەنگ بۆ دۆست و ناسیاوێکت بگێڕیت. ئەمینی و ئارامی بەمیوانەکان ببەخشیت و تێیان بگەیەنیت کە ئێمە لەبەر ئێوە لەم کەیفەداین. میوانەکان هاتن. پیاوێکی لەڕ لەتەک ژنێکی قەڵەودا. دوو پیاوی گەنجیش کە بە ڕێزەوە دەستی فاهرونوزایان ماچ کرد، ئەوانە هاوەڵی لەیلا بوون؟. پیاوێکی شیکپۆشیش، لەیلای وەک ناسیاوێکی دایکی پێشکێش کرد. لەگەڵ پیاوەکەیشدا ژن و مێردێک هاتن، کە ئەو بەخەڵکی بەرلینی قەبڵاندن. پیاوەکە ئەوانی بەکاترین و نۆڤیتسکی ناساند. پاوڵ بۆی ڕوون بووەوە کە نۆڤیتسکی، وەک ئەندازیارێک، لە شاری کریکالە و لە کارگەیەکی چەکسازی تورکیادا کار دەکات، ئەم هەردووکیانی بەقۆشمە و ڕووخۆش قەبڵاند. وادیار بوو کە ئەوان لێرەکانە، دۆستایەتیان لەتەک تورکدا باش بێت، دۆستە ژنەکەی لەیلایش لەبەر هەیوانەکەوە پەیدا بووەوە، کە ژنێکی باریکەلەی جوان بوو، بەپێستی ڕەشی ئەفریقییەوە، هات و بەئینگلیزی سڵاوی لە پاوڵ کرد. پاوڵیش لەبەر خۆیەوە وتی: "ئێستا دەزانم کە لەیلا بەتاسەوە،چاوەڕیی چیدەکرد." ئافرەتە پێست ڕەشەکە بەکەیفسازییەوە زەردەخەنەیەکی کرد. پاوڵ لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە خەڵکی رووخسارە سوورهەڵگەڕاوەکەی ئەم، بۆ هۆکاری خواردنەوەی ئارەق بگێڕنەوە، بۆیە قوومێکی تریشی خواردەوە، ئیدی بیری کردەوە کە بەس بێت. ژنە جوانە ڕەشتاڵەکە چووە کن فاهرونوزا و شتێکی خستە دەستییەوە. فاهرونوزایش بەمی وت:

– سبەینێ دەچینە ئۆپێرا تا بزانیت کە ئێمەیش لێرەکانە ئۆپێرای خراپمان نییە. بۆ ئۆپێرای ڕۆبین و قاژوی دز، زۆر دژوارە کارتت دەست بکەوێت، بەڵام دۆستە ڕەش ئەسمەرەکەم توانی پەیدای بکات.

ئەوجا باوەشی بەکچەکەدا کرد و ماچێکی کرد.





ئەو ساتەی دوو بەرگ ڕەش، بە خواردنەکانەوە هاتن، لەیلا بە گوێی پاوڵیدا چرپاند:

– خۆناشێ باوەڕ بکەیت کە ئێمە، هەموو ڕۆژێک ئاوەها فئودالانە دەژین. دوو دەمژمێر بەر لە ئێستا، ئەم بەردەستانە ئامادە کراون. کە پاشان دەڕۆن و بزر دەبن. ئەمەیش هەمووی لە پێناوی جەنابتاندا، چونکەی دایەگەورە بەجەنابت زۆر سەرسووڕمانە.

پاوڵ بە شڵەژاوییەوە وەڵامی دایەوە:

– هیچ جێی باوەڕ نییە، تۆ لە شڵەژانێکەوە دەمخەیەتە شڵەژانێکی ترەوە، ئەرێ تۆ هەمیشە وەهایت؟

– خۆ ئەگەر تۆیش هەمیشە وەها سوورهەڵنەگەڕایتایە، خۆشتر دەبوو.

هەرکەس بۆخۆی دەپەیڤا، بۆ پاوڵ تەڤ لە هەڤ بوو. لە ساتی خواردنیشدا هەر درێژەی کێشا، بەسێ زمانیش قسە دەکرا، ئافرەتە هاومێزەکەی پاوڵیش، لە هەوڵی ئەوەدا بوو زۆرتر تێبگات. کە پاشخۆرانیش هەت، لەیلا لەژێر مێزەکەوە بۆ دەستی پاوڵ گەڕا، بەتوندی گووشی و چرپاندی:

– خۆشحاڵم بەوەی کە پێ دەچێت تۆ کەسایەتییەکی لە بەردڵان بیت، نەک دەبەنگێک.

– هەی، ئەرێ لە بڕیارەکەتدا تۆزێک پەلە ناکەیت؟

– بەڵێ، بۆیە زۆر جاران بەهەڵەدا دەچم.

– ئەی چۆن لە من ئەرخەیانیت؟

– شتێکی وەسا نییە، لە جادوگەریی ڕۆژهەڵاتی نەبێت.

پاوڵ هەوڵیدا بەجەختەوە بڵێت:

– بەئاگابە. من مۆسیقاژەنێکی کلاسیکیم، بەهەست و دڵ ناسک.

– کەواتە دەتوانم فێری شمشاڵی تورکیت بکەم، هەڵبەت ئەگەر قابیلی جەنابتان بێت و لە خوار ئاستی خۆتانەوە نەبێت، جەنابی ڕۆبین شتاین!

ڕۆژی داهاتوو کە لە ئۆپێرا هاتنە دەرەوە، بەجێبەکەی لەیلا چوون بۆ مەیخانەیەکی

تورکی، ئافرەتەکان چوونە تەوالێتەکان، هەتا دەستێک بەخۆیاندا بێنن. پاوڵ ڕای وابوو کە ئۆپێراکە هەر زۆر باش بوو، دەنگبێژە ژن و پیاوەکانیش لە ئاستی جیهانیدا بوون، ئەم وایدەزانی کە ڕۆزینی بەئیتالی دەبێژن، بەڵام بە تورکی بوو،ئەوان شیریان خواردەوە، تەنیا فارونوزا داوای ئارەق و ئاوی کرد. کە بەتێکەڵبوونەکە ڕەنگی وەک شیری گرت، لە مێزەکەی پەناوە قلیانیان ئامادە کرد. دیوارەکانیش بە فەرش و کەلوپەلی فۆلکلۆری وڵات ڕازێنرابوونەوە. وێنەی ئەتاتورکیش بەهەموو لایەکەوە هەڵواسرابوو وەک لە فرۆکەخانە، لە ژووری میوانەکەی فارونوزا و لە شانۆیش.

فارونوزا کاتی خۆی لە هامبۆرگ، باسی ئەو بەیەک گەیشتنە بەدشانسییەی لەتەک ئەتاتورکی دامەزرێنەری دەوڵەتدا بۆ ئەم کردبوو، کاتێک ئەو کچێکی منداڵکارە بووە لەگەڵ ئەوانی دیدا لە ئەنقەرە برابوونە پێشوازی کردنی سەرۆک. بەر لە دەرکەوتنی سەرکۆمار ئەویش لەتەک کچەکانی تردا و لە ڕیزدا وەستا بوو، بەڵام کە گۆرەوییە درێژەکانی دڕا، شڵەژا، دەستی پێوە گرت و بەرەو تەوالێتەکان هەڕای کرد، هەتا بەڵکو چارەسەرێکی بکات. لە ڕاکردن و خێراییەکەی ئەمدا، دەرگا فەنەرەکە گەڕایەوە و بەرشانی پیاوێک کەوت و خۆشی کەوتە باوەشییەوە، پیاوەکەیش نەیهێشت بکەوێت و بەتووندی گرتی، کە سەرنجی دا، ڕووخسارە ڕووخۆش و پێ کەنیناویەکەی سەرکۆمار بوو.

پاوڵ یەکێک لە جگەرە باشەکانی فارونوزای بەناوی باشترین داگیرساند، کە فەخرییە گفتوگۆکەی بەرەو بەرنامەی سبەینێ برد و لەتەک کچەکیدا دوا، ئەوجا پاوڵ بۆی دەرکەوت، لەیلا لەبەر ئەم یەک هەفتە پشووی وەرگرتووە. ئەوەشی بەبەختێکی چاوەڕوان نەکراو دەزانی، چونکەی پێی خۆشبوو لەتەکیدا بێت، دایکی بەلەیلای وت:

– بۆ پاشاکەمان بیرت لە چی کردووەتەوە؟

– من دەبێت لە نێزیکی ئەنتالیاوە، کارێک بۆ باڵوێزخانەکەمان بەئەنجام بگەیەنم. دەتوانین ئەمەیش لە گەڕانەوەدا بکەین، بەڵام جارێ گەرەکمە دەریای ڕەشی پیشان بدەم، هەتا یەک دوو ڕۆژێک پشوو بدات، چونکەی دۆستە ئەڵمانەکەمان زۆر ماندوو





دیارە! پاشان دەچین بۆ ئستەنبۆڵ. لەوێشەوە بۆ ئیزمیر و ئەوجا بۆ ئەنتالیا، وەها دەتوانێ هیچ نەبێت بەبەشی ڕۆژئاوا ئاشنابێت دەی خۆناشمانەوێت زۆرتان ماندوو بکەینیان...؟

فەخریە وتی:

– تۆ ناتوانیت لە هەفتەیەکدا هەمووی بکەیت، بۆیە واز لە ئیزمیر بێنە دەنا هەر لە ئۆتۆمبیلدا دادەنیشن، ئەوجا ڕووی کردە پاوڵ ئاوەها ڕازین؟

– بەڵێ، بۆچی نا، ئەی ئێوە و دایکتان لەگەڵماندا دێن؟

– بەداخەوە کە نابێت، من ناتوانم پشوو وەبگرم، چونکە لە ئیزمیر پێشانگەیەکی پیشەسازی هەیە و دەبێت لەوێکانە وەرگێڕان بکەم، لەیلایش شتی قۆڕی لێ ناوەشێتەوە!..

بۆ کچەکەی پێ کەنی و دەستێکیشی بەدەستیدا هێنا، لەیلایش وەڵامی دایەوە:

– دەکەوێتە سەر ئەوەی، ئەم زیکفریدە، چۆن هەڵسوکەوت دەکات.

کە لەیلا ئەم قسانەی زۆر بە جەختەوە کرد، پاوڵیش بەجەختەوە وەڵامی دایەوە:

– کچۆڵە، من بەم خوو وخدەی ژیانی ئەڵمانیمەوە، نابمە هۆی تورەبوونت، بێجگە لەوەیش، من لە شارێکی بەناو و دەنگی نێونەتەوەیی سەر دەریاوە دێم، نەک لە شکەفتێکی چیاکانی تورکیاوە، بەڵام با ڕاستییەکیش بڵێم، هەر زۆر خۆش دەبێت، دەریای ڕەش و ئستەنبۆڵ و دەریایی سپی ناوەڕاست ببینم..

لەیلا پرسی:

– ئەرێ شکەفت چییە؟ شتی وەهام هەرگیز نەبیستووە.

– شکەفت جێیەکە، سەگی لێ نێژراوە!..

ڕووخساریشی لێ مۆڕ کرد، لەیلایش وەڵامی دایەوە:

– مرۆڤ دەبێت خوو بەوەها گاڵتەیەکەوە بگرێت، ئەو جێیەشی کە یەکەمجار بۆی دەچین، لەوێکانەیش سەگ نێژراوە! بەڵام ترست نەبێت!

– بۆچی؟

ئیدی تا دەهات پاوڵ بێدەنگتر دەبوو، بیرەکان لە مێشکیدا ئاڵۆزا بوون، ئەو

هەوڵەی بەڕەش دەبینی، خۆ ئەگەر نیازی ئەوەی هەبێت خۆی شەیدای لەیلا بکات، بوێریی ئەوەشی نەبوو، ڕاستییەکەی قبووڵ بکات، بیری دەکردەوە:" ناکرێت کە مرۆڤ داوەتی تاڕادەیەک، خێزانێکی نامۆ بێت، وەها زوویش باوەڕی خۆیانی پێ بدەن، بەڵام هەر زوو خۆی شەیدای کچی ماڵەکە بکات شتی وەها نەگونجاوە." بەڵام هەرخێرایش هیوای خواست و پێچەوانەکەی وت: "بەڵام ئەگەری ئەوەیش هەیە! پێدەچێت کە ئەو چاوەڕێی منی مۆسیقاژەنی کردبێت، پێدەچێت کە حەز لە من بکات.." ئینجا کەوتەوە یادی دەستگووشینی ژێر مێزەکە، پاوڵ ڕۆژەکانی بەر لە سەفەرەکەی لەتەک فاەرونوزادا بەسەر برد، بەناو باخی لاواندا دەگەڕان و سەرنجیان دەدایە باڵندەئاوییەکان، بەلەمە پایدەریەکانی جووتە شەیداکانیان لە ناودا بوون. فاهرونوزا سەرنجی ئەمی بۆ سەر ئافرەتاکان ڕاکێشا، کە بەلەچکەکانی سەریانەوە لەسەر کورسییەکان دانیشتبوون، تێی گەیاند کە ئەوانە دایک و پوورەکانن، دەبێت ئاگاداری ئەوە بکەن، نەکا گەنجەکانی ناو بەلەمەکان، یەکتر ماچ بکەن و یان، شتی قۆڕیان لێ بووەشێتەوە: "بەڵێ، ئەگەر باس لە ڕەوشتی گەنجەکانمان بێت، دیارە کە هێشتاکە ئێمە، گوێ بەجۆری ڕەوشتی گەنجەکانمان دەدەین." هەندێک دوانیوەڕوانیش، پاوڵ کلاڤیری بۆ دەژەنی. دەرگەگەورەکەی بەسەر باخەکەیدا دەڕوانی، دەخرایە سەر پشت و خۆرەکەیش بەسەر بەردە مەڕمەڕەکانەوە دەبریسکایەوە، فاەرونوزایش بێدەنگ لە ناو کورسیەکەیدا و لەپاڵ چەپکە گوڵە گەورەکەدا دادەنیشت و گوێڕایەڵ دەبوو. جارێک کە بەلایدا چووە دەرەوە، بۆ سەرسووڕمانی پاوڵ ئەو وتی:

– کە گوێم لەم مۆسیقایە دەبێت، دەکەومە حاڵێکی وەهاوە، هەر دەڵێیت کە لەم وڵاتەی مندا بەندەگی، بێمێشکی، بەرتیلخۆری و زوڵم نییە!

پاوڵ لە باخەکەدا دانیشتبوو، پەڕتووکێکی بەئینگلیزی لەسەر دەریای ڕەش دەخوێندەوە. کە ئەو لە چەند ڕۆژیکی کەمدا دەیبینێت، لادڕێکی هەیە کە ئاوی کاربۆناتە. لە ڕابردوویشدا، دەوڵەمەندترین ناوچەی جیهان بووە، لەم جێیەدا «سکیت، سارمات، میکینە، قەفقاز، یۆنانی، گۆتی، ڤیکینگە،ئۆسمانی، گیۆرگی، لاس، چەرکەس، ئۆکراین و ئیتالی» تێدا نیشتەجێ بووە، خاسارەکان، یەکەم





میللەتی تورکزمان بوون لە دەریای ڕەشدا، خوێندیشییەوە کە هەمیشە، سنووری نێوان باربار و کولتوورەکان، ڕووبار و دەریاکان بوون، لەتەک سەرەتای جێنشین بوون و کشتوکاڵدا، توانرا بڕیاری سیاسیش بدرێت، چونکەی پێش لەو زەمانە، کولتووری ڕێگری و تاڵانکردن باوی بووە، بۆ ڕێگری و ڕووتکردنەوەش، مرۆڤ خۆی لە تەنگەبەر و ڕۆخی دەریاکاندا دەشاردەوە، پاشان ئەو جێگە سەختانە بەبەراییەکان و پێدەشتەکان گۆڕانەوە، جاران سەدان جۆری ماسی لەوێکانەدا هەبووە. نووسەری پەڕتوکەکە پێشبینی ئەوەشی کردبوو، کە هاکا ئەوانیش کۆتاییان پێهات، ئەگەر مرۆڤ بەژیرییەوە مامەڵە نەکات، ئەگەرچی میللەتان بەدنیادا بۆ زێڕ گەڕاون، بەڵام ماسی هەمیشە بەسەروەت زانراوە. لە ڕابردوودا، ڕووباری پڕ لە ماسی دەڕژانە دەریای ڕەشەوە، لەو باوەڕەیدا نەبوو کە سبەینێ ئەو دەریایە دەبینێت.

کە لەیلا ئێوارە گەڕایەوە و لە زەردەپەڕەکەدا، لەتەک ئەودا دانیشت. پاوڵ پەڕتووکەکەی نایە لاوە، بەڵام لەیلا هەڵی گرت و سەرناوەکەی خوێندەوە، پاشان وتی:

– ئەگەر لە باشوور کاری زۆرم نەبووایە، دەمانتوانی هەتا قەفقازیش بچین، من تا ئێستاکە ئەوێکانم نەدیووە. لێرە خەڵکی دەڵێن: جوانترین شوێنی دنیایە.

– لەتەک تۆدا بەدووەم جوانترین شوێنی جیهان ڕازیم.

هەولێشی دا کە ڕستەکە تۆزێک شانۆیی و هونەرمەندانە بنوێنێت، لەیلایش بەجەغتەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ. منیش بەم سەفەرە و لەتەک تۆدا خۆشحاڵم.

ئەو ماندوو دیار بوو، بۆیە بڕیاریاندا بڕۆن و کەلوپەلەکانیان بۆ سبەینێ ئامادە بکەن.

١١

چوار کاتژمێر دوای دەرچوونیان لە ئەنقەرە، بولوبیرگیان جێ هێشتبوو، لە دوزچە بەنزینیان کردە ئۆتۆمبیلەکە و بەجادەکەدا، بەرەو ئەکچاکوچا پێچیان کردەوە. لە دوورەوە و لە خوارترەوە دەریا دەرکەوت، لەیلا کاسێتەکەی مۆزارتی لە تۆمارکەرەکە دەرهێنا و کەوتە گەڕان بەدوای ڕادیۆیەکی تورکی و مۆسیقای خۆماڵیدا، بۆیە ئیدی هێندەیان قسە نەدەکرد، دیمەنە سروشتییەکانی کە پەسا پەسا دەگۆڕان، گوندەکانی لاپاڵ بەبزن و مەڕەکانیانەوە، پاوڵی وەها سەرسام کردبوو و بەستبوووەوە کە ئارەزووی گفتوگۆی نەبوو، جارجارە لەیلا دەستی لە سووکانەکە بەردەدا، هەتا لەگەڵ گۆرانییەکەدا چەپڵە لێ بدات، بەزەوقیشەوە دەقی گۆرانییەکەی پاتە دەکردەوە، کە پاوڵ تێنەدەگەیشت، بۆیە لەیلا پێ کەنی و وتی:

– نهاکە دەگەین، پاشا! وا دەگەینێ.

زەوقەکەی لەیلا ئەمیشی گرتەوە، لەیلا بەلاقرتێوە وتی:

– دەبینیت کە هەموو سەگەکانی دنیا لە ئەکچاکوچادا نێژراون؟ ئەوێکانە شکەڤتی هەموو ئەشکەوتەکانە، دەبینیت کە هامبۆرگە نەفرتییەکەی خۆت و ئەو شوێنانەشی کە تا ئێستاکە بەجوانت زانیوە، لە بیرت دەچێتەوە، دەبێت لە پێشدا جێیەکی مانەوە پەیدا بکەین، پاشان دەچینە سەر دەریا.

– تۆ خۆت هەموو شتێک دەزانیت.

– کە من هێشتاکە منداڵ بووم، باوکم هەموو هاوینێک ئێمەی بۆ ئێرەکانە دەهێنا. ئەکچاکوچا زۆرجوانە، بەڵام ئیتر نامەوێت کە لەتەک بابمدا بێم.

– جارجارە بیری دەکەیت؟

– بەڵام ئەگەر ئەو جۆرێکی دی بووایە، پێ دەچوو! بەداخەوە کە ئەو هەرگیز ناتوانێت ڕێز لە خەڵکی بگرێت، سوپاس بۆ یەزدان کە جۆری تری پیاو هەیە.





ئەم ڕستەیەی کۆتایی بریسکەی بەدڵی پاوڵ گەیاند، ئەوجا پرسی:

– خۆ دایک و بابت بەجیا دەژین؟

– لێک جیابوونەتەوە. ئیدی هی درێژەپێدان نەبوو، دایکم لەو ژنانە نییە کە لێگەڕێت،بێئەوەی پارێزگاری لە خۆی بکات، بەدرێژایی ساڵەکان سووکایەتی پێ بکرێت.

وورده ووردە چوونە ناو شوێنەکەوە، خانووی لە دار و یان بەرد دروستکراو، کە بەڕەنگەکانی خۆڵەمێشی و شین بۆیاخ کرابوون. دووکانی بچکۆلە کە ڕەفەکانیان تا سەر جادەکە هێنا بوو. دارەکان سێبەریان بەهەموو جادەکان بەخشی بوو، هەموو لایەکیش هەر گوڵ. دوو منارەیش لە سەربانەکانیان تێپەڕاندبوو، مەلایش بانگی ئێوارەی دا. هێشتا ڕوناکییەکەیش گەرمایی دەبەخشی. خواردنگەکانی کەنار ڕۆخی دەریاکە دەرکەوتن کە بەسەر دار و کەڵەکەکانی بان ئاوەکەوە، درێژ بووبوونەوە. ژوورەکانیان لە بەرهەیوانێکی گەورەی دەکرد، کە بەحەسیر و لە بان و بۆ پارێزگاری لە خۆر، سەریان گیرا بوو. زیخی کەنارەکە زۆربەی ڕەش و بەولاشەوە چیمەنێک. دابەزین تا بۆ ماوەیەک سەرنجی دەریاکە بدەن و کەمێکیش بچنە ئاوەکەوە.

لەیلا لێی پرسی:

– ئەگەر حەزت لە ماسی تازەیە و دەخوازیت، ئەوا دەماندەنێ.

بەبەرزاییەکی بەردرێژدا سەرکەوتن.لەیلا ئۆتۆمبێلەکەی لە بەردەم خانوویەکی لە تەختە و دار دروستکراوی دوو نهۆمیدا ڕاگرت و چووە ژوورەوە، دوای چەند خولەک بەکلیلەوە هاتەوە دەرەوە و وتی:

– وەرە با شتەکان ببەینە سەرەوە.

پاوڵ کەوتە بیرەوە؛ کە ئایا یەک یان دوو ژووری بەکرێ گرتبێت؟ ئیدی لێگەڕا، چۆن هات با وابێت، ئەگەر ئەو شتانەی کە ئەو لە بارەی خووڕەوشتی تورک و تێگەیشتنی لە ئیسلام لە ڕەوشت بیستوونی ڕاست بن، ئەوا هەرگیز لەیلا دەستپێشخەری ناکات، بەڵام هەر بەڕاست، ئەم چی لە هەمبەر تورک و ئەم وڵاتەوە دەزانێت؟ یان دەربارەی لەیلا؟ چی ڕوودەدات، ئەگەر ئەم خۆی لێ نێزیک بکاتەوە و بەڵام ئەو نەیەوێت؟ ئەوا هەموو شتێک تێک دەدات. پاشانیش دەرفەتی ئەوە نامێنێت

که پێکەوە، درێژە بەگەشتەکەیان بدەن. ئەویش یان نیگەران یان بریندار دەبێت. بۆیە بڕیاری دا، بازیی بە پێوەندییە دۆستانەکەی نەکات، ئەگەرچی ئەم لەوە زیاتری نەدەویست کە لە نێزیکییەوە بێت.

پاوڵ هەردوو جانتاکەی لە دالانی نهۆمی یەکەم دانا، ڕۆیشتە خوارەوە تا ئۆتۆمبێلەکە دابخات، کە گەڕایەوە، جانتاکان لە جێی خۆیاندا نەمابوون. لەیلایش لەوسەری بالکۆنەکەوە وەستا بوو و دەیڕوانییە شار و دەریاکە نەسیمێکیش کراسە گوڵ گوڵییەکەی دەلەراندەوە ئەمیش سەرنجی ئەو دیمەنە پڕ ڕەنگییە هاوینییەی دەدا. سەربانە خشتە سوورەکان و دەریایەک لە گوڵی دارخورمای ڕۆخی ئاوەکە، لە بەردەمی دا بوون. لەیلا بەنزمی وتی:

– ئەم ڕوانگەیە لەو ڕوانگانەن، کە مرۆڤ هەرگیز لە یادیان ناکات.

ئەمیش بێدەنگ بوو، چونکەی وای هەست دەکرد کە لەیلا، بەپێچەوانەی بیرەکەی ئەمەوە خۆی دەردەخات، هەربەڕاستی ئەوەی کە لەیلا دەیلێت، ڕاستی بوو؟ یان بۆنی سرکەری ئەو گولانەی کە نەسیمەکە لە باخەکەی خوارەوە دەیهێنان و لە بەرپێی دا هەڵی دەڕشت، سەرمەستی کردبوو؟ کەواتە بۆچ باوەشی پێدا نەکات؟ پاوڵ هەردوو دەستەکانی لە بەرسنگی خۆیدا تێک ئالاند و لە هەوڵی ئەوەدا بوو، بیرەکەی باش شەن و کەو بکات. لەیلا لە تەنیشتییەوە هەر لە جموجووڵدا بوو، ئەمیش وەک سێبەرێک هەستی بەو دەکرد. تاکو دەستی لەیلای لەسەر شانی خۆی هەست پێ کرد. لەیلا ئەمی وەرچەرخاند و بەئاگاییەوە ماچێکی کرد، وەهایش بەئاگاییەوە، هەروەک ئەم شتێکی شایانی شکاندن بێت، لەپی دەستی ڕاستی بەسەر ڕوومەتی ئەمەوە بوو، دەستی چەپیشی لە ملیدا ماچێکی وەها، کە ئەم هەستی بەڕاکێشانی خۆی بەرەولای ئەو کرد، ئینجا لەیلا دەستی لێبەردا، بەبیرەوە تێیڕوانی و وتی:

– وەرە با ژوورەکەت پیشان بدەم.

لەگەنێکی پڕ لە ترێ، لەسەر مێزی ژوورەکە دانرابوو. جێگەنووستنێکی پان و پۆڕ لە بەردیوارەکەدا بوو. بۆ بەرگری لە مێشوولەیش، پەردەکوولەی پەشمین لە سەقفەکەوە و بەسەر پێخەفەکەدا شۆڕ بووبووەوە. تەنیا شتێک کە هەڵواسرابوو،





چوارچێوەیەکی نێزیک پەنجەرەکە بوو، کە بەهێڵی عەرەبی لەسەری نووسرا بوو. ئیدی دەووروبەر هەر هەمووی لە تەختە و دار بوو، پاوڵ نەیدەتوانی بزانێت، کە ئایا هەردوو جانتاکە لەم ژوورەدان، یا نا؟ لەیلا دەرگەکەی داخست و پێکەوە چوونەوە سەر جادە، وادیار بووکە لەیلا دەیزانی بۆ کوێ بڕۆن. ڕێگاکە بەرەو ناوەندی شار دەچوو، لە بەرگردێکەوە بەرەو چەپ پێچیان کردەوە ئیدی ڕێگەکە بەرەو ژوور هەڵدەکشا، لەوێوە ڕوانگەی تەواویان بۆ سەر دەریا و بەندەرە بچکۆلەکە هەبوو. کە لەوێشدا بەلەمە بچکۆلەکانی ماسیگرەکان و دوو کەشتی لەنگەریان گرتبوو، بەڕێگایەکی بەردرێژدا کیلۆمێترێک بەرەو ژوورتر هەڵکشان، لەیلا بەرەو کۆلێتێکی لە تەختە و دار چوو، کە لەسەر جۆگایەک دروست کرابوو. ئاوی جۆگاکەیش بەخووڕ دەڕژایە ناو دۆڵەکەوە، پاوڵ لە بەرهەیوانە گەورە و بەحەسیر دروست کراوەکەدا دانیشت، لەیلایش ڕۆیشتبوو لەگەڵ خاوەنەکەی دا قسە بکات، ئەو خواردنگەیە جێیەکی وەهای هەبوو، کە لە لای باکوورەوە، بەلای دەریاکەیدا دەڕوانی، بەرەو باشووریش بەسەر دۆڵێکی دووردەستدا کە پڕ بوو لە دارخورما، دار زەیتوون و بەبەرزاییەکانیشەوە سوورەچنار بۆ خواریشەوە جۆگەیەکی پێچاوپێچ، خۆی دەگەیاندە ئەکچاکۆچا خاوەنەکەی کە پیاوێکی بچکۆلە و شەرواڵێکی ناوچەیی لە پێدا بوو، دەستی ئەمی گووشی و بەخێرهاتنی لێ کرد، ئیدی چوو بەلای کاری خۆیەوە. سەبەتەکەی فرێدایە ناو گۆمی جۆگەکەوە، لەیلا لە جانتاکەیدا شووشەیەکی تەرمۆزی دەرهانی سەرەکەی بادا و کردەوە و عارەقی ساردی ڕۆکرد، ئەوجا بەپێکەنینەوە وتی:

– ئەمەیش بۆماندویەتی گەشتەکەمان باشە، ئەمەیش فاهرونوزا پێی دام. پێم وایە تۆ بۆ ئەو، ئەو کوڕەییت کە هەمیشە ئاواتی بۆ دەخواست.

پاوڵ بیری لە هیچ نەکردەوە و نەیزانی چ وەلامێک بداتەوە. لەبەر شەرمی ناخ کەمێک سوورهەڵگەڕا، ئیدی بەوەی خۆشحاڵ بوو کە لەیلا زۆری لەسەر نەڕۆیشت. لەو نێوانەدا خاوەن خواردنگەکە بەسەبەتەیەکی پڕی ماسی بچکۆلە و زیوینەوە گەڕایەوە، سەبەتەکە ئاوی لێ دەچۆڕا، داینا هەتا هەموو ئاوەکە چۆڕایەوە، ئەوجا کەوتە ئامادەکردنیان، ئاگرێکی لە دار و خەڵوز کردەوە و دووکەڵی بڵاو کردبووەوە.

کابرا ماسی خستە سەر شیشی بان پشکۆکان و چووە ناو کۆڵیتەکەوە. بەقاپ و چەقۆ و چنگاڵ و لەگەنێک زەڵاتە و نانی سپییەوە گەڕایەوە، هەتا سەر مێزەکە ئامادە بکات، ئەوانیش برسیان بوو. پاوڵ هەگیز بەبیری دا نەدەهات، وەها ماسییەکی خواردبێت، خۆشحاڵ بوون و ورتە ورت دەپەیڤان، بەدەست دەیانخوارد و تەنیا سەری ماسییەکانیان دەهێشتەوە، لەیلا بە پارچەیەک نان، چەوریی سەر لێوەکانی خۆی سڕی و وتی:

– هەندێک کەس پێیان وایە کە سەرەکان تامیان خۆشترە هەر بۆ نموونە، دایکم نەیدەهێشت یەک دانەشی بمێنێتەوە!

عارەقی ڕۆکرد و ئاوی زۆری بەسەردا کرد، نەسیمێک بووبووە هۆی بەرگەگرتنی گەرماکە. تاریکیش داهات بەڵام هێشتاکە فێنک نەبووبووەوە. لەسەر مێزەکەی مۆم دانرا بوو، گڕەکانیان پرتەپرتیان دەکرد و دەجووڵانەوە. ڕۆشنایی چرایەکی نەوت لە ناو کۆڵیتەکەوە، شەوقی دەدایەوە، ئیدی لە ناکاو وورتە ورتەکەیان کۆتایی پێهات. سەرنجەکانیان لە تاریکییەکەی دەووروبەردا دەگێڕا و جارجارەیش هەروەک بەڕێکەوت بێت، دەستیان بەر ڕووخساری یەکتری دەکەوت، هەردووکیان لەو هەستە بێدەنگ بوون و تا دەهات هەناسەکانیان خێرا و خێراتر دەبووەوە. پاوڵ دەستی لە دەستیەوە دا، هەر خێرایش گێڕایەوە و وتی:

– ئەوەی کە لەوەو پێش وتت، بەڕاستت بوو؟

لەساتێکدا لەیلا یاری بەچەقۆ و چنگاڵەکەی بەردەمی دەکرد، وەڵامی دایەوە:

– باسی سەرە ماسییەکان؟

پاوڵ کۆکەیەکی کرد و بەمنجەمنجەوە وتی:

– جا کە تۆ من بەسەرەماسی بزانیت!

هەوڵیشی دەدا کە دەستە لەرزۆکەکانی بشارێتەوە. بۆیە هەردوو دەستەکانی بەسەر مێزەکەوە گرمۆڵە کرد، لەیلا وتی:

– ئەرێ ئەمە شێوەیەکی نوێی قسەکردنە لە ئەڵمانیا؟

ئینجا ویستی پێبکەنێت، بەڵام تەنیا زەردەخەنەیەکی کرد.





– لەیلا، خۆت لە خۆت کەمتر پیشان مەدە، دەزانیت مەبەستی من چییە،یان...؟

– ئەگەر تۆ کۆرت یۆرگنێکی تەواو بوویتایە، یەکسەر وەڵامەکەت دەزانی!

– نەخێر، من نە کۆرت یۆرگنم و نە (مینۆەین)، دیارە بۆ تۆیش هیچ مەسەلەیەک نییە کە من کێم.. یان..؟

– کەواتە تۆزێک مێشکت بگووشە و بەکار بێنە، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر چەند شتێکی باشم پێ وتیت، یان ژبیرت کردووە؟

لەیلا دەیویست وەهای لێ بکات کە بەدڵی خۆی بێت، بەڵام وادیاربوو نەیدەتوانی. سەرنجی نیگاکانی وەک باڵندەیەک جرت و فرتیان بوو، بەڵام پاوڵ نەیدەتوانی مانای گاڵتەپێکردن، لە سەرنجەکانیدا هەست پێ بکات. لەیلا وتی:

– نا؟ هەر ئەوەندە بۆ من بەس نییە، کە تۆ کەسێکی میهرەبان بیت، مەبەستم لە دەست لە ملانی باڵکۆنەکەیە.

پاوڵ دەستێکی بەپشتە سەر و ملی خۆیدا هێنا، هەروەک بیەوێت گرژی ماسولکەکانی بشێلێت و خاو بکاتەوە، ئەم چرکەساتە هەر تەواو نەدەبوو، لەیلا بێئەوەی سەرنجی بداتێ و هەروەک لەوێشدا نەبێت، وتی:

– وتت چی؟

پاوڵ پێویست بوو کە زۆر لە خۆی بکات، هەتا وشەکان بەسەر لێویدا بێنێت.

– باسی ماچی باڵکۆنەکەم کرد.

– باسی ئەوە دەکەیت؟

– بیر لە هیچی تر ناکەمەوە.

لە ناکاویشدا هەستی بەبێ هێزی خۆی کرد وەک بێ هێزیی منداڵێک لە بەرامبەر شەپۆلی زەبەلاح و بەرزدا، بۆیە لە شڵەژان و نیگەرانیدا، دەستەکانی گرمۆڵە کرد. لەیلایش وتی:

– منیش.

لەیلا بێ جووڵە دەیڕوانییە بەردەمی خۆی، بەڵام تیلەی چاویشی لەو بوو، ڕووناکی مۆمەکانی سەرمێزەکە، لەسەر ڕووخسارە سوورهەڵگەڕاوەکانیان، پرت پرتی دەکرد.

چاوەکانیشیان بەشەرمەوە، لە دوی یەکتری دەگەڕان، پاوڵ بەدەنگی لەرزۆکەوە وتی:

– باشە، ئەوە ڕووی دا کە دەبا ڕووی نەدابایە...

– بەڵێ، دەبووایە ڕووی بدایە! وە تا ئێستاکەیش باوەڕ ناکەم..

هەردووکیان بەتووندی هەناسەیان دەدایەوە و لە هەوڵی ئەوەیشدا بوون کە بیشارنەوە، هەردووکیان بێدەنگ بوون، پاوڵ بەسەری دانەواوەوە چرپاندی:

– ئەوە ڕاستە کە تۆ منت مەبەست بوو..؟

ئەوجا وەک هۆش لە دەست دراوێک، پڕی بەقژی لەیلادا کرد، هەروەک نەزانێت کە وەها دەکات، ڕووخسار و دەستە ناسکەکانی لەیلا لەسەر مێزەکە بوون، خوێن لە دەمارەکانی پاوڵدا دەکولا و هێندە گرینگی بەدەووروبەر نەدەدا، پاوڵ دەستەکانی لەو ئالاند و ئەویش لە پێشەوە توند گرتنی، خاوەن کۆڵێتەکە هات و ویستی شتەکان کۆبکاتەوە، بەلام بەسەرسووڕمان و بزەیەکەوە، گەڕایەوە بۆ ناو کۆڵێتەکە کە دوای ماوەیەکی تریش گەڕایەوە، هێشتا هیچ لە دیمەنەکە نەگۆڕا بوو، بۆیە هەمدیسان بێدەنگ، گەڕایەوە دواوە، ئەوان لە تەق و تۆقی ناو کۆڵێتەکە بێئاگا بوون گوێشیان بەو پەلک و گەلا شۆڕبووەوانەی ژوور سەریان نەدەدا، کە نەسیمەکە شنەشنی پێ دەکردن و دەجولانەوە. تەنانەت گوێیان لە خوێندنی بولبولەکانی ناو دارستانی دۆڵەکە و لوورەی گورگەکانی کە لە دوورەوە دەهات، نەبوو، ئەگەرچی زۆریش لێک نێزیک بوون، بەلام گوێیان لە ترپە ترپی دڵی خۆشیانەوە نەبوو، دوای ماوەیەک و هەروەک پاش بێ هۆشییەک بەئاگا بوبێتنەوە، گوێیان لە دەنگی شەپۆلەکانی دەریاوە بوو کە خۆیان بەکەنارە بەردەلانییەکەدا دەکێشا. دەکشانەوە بۆ دواوە و جارێکی دیش دەهاتنەوە. ئەوجا هەستیان بەبوون و بۆنی لەشی یەکتری کرد و گوێیان لە هەناسەی یەکتر بوو، ئەو هەستی بەمەمۆڵەکان و ترپەی دڵی لەیلا دەکرد و لەیلایش بەدەست و بازووی پاوڵ، دەستیان بەسەر ڕانی یەکتردا دەهێنا کە باش لە یەکتریان هەڵڕوانی، خۆیان لە پێشوو بەجوانتر دەهاتە بەرچاوان، وایان هەست دەکرد کە ناتوانن لێک دوور بکەونەوە و یەکتر بەربدەن، هەردووکیان بێ ئەوەی ئەزموونیشیان هەبێت، بەلام دەیانزانی کە چرکەسات هەیە، ئەو ڕووداوانەی لە خۆیدا حەشار داوە، کە لەیەکیش دووربکەوتنەوە، هێشتاکە لەو باوەڕەییدا بوون؛ لە هەموو ساڵەکانی





ژیانیاندا، هێندە لە ژینەوە نێزیک نەبوون، ئیتر یەکتریان ماچ نەدەکرد، چونکەی دەیانویست لە یەکتر هەڵبڕوانن. هەروەک ئەوەی کە دەیبینن جێی باوەڕ نەبێت.

لەیلا پاشماوەی ئارەقەکەی بۆ هەردووکیان ڕژاندە لێوانەکانەوە و بەبێدەنگی خواردیانەوە، دەووروپشتیان تاریک بوو. تەنیا ڕۆشنایی مۆمەکان و شەوقی کەمی ناو کۆڵێتەکە، ڕووناکی پێ دەبەخشین، پاوڵ دەستی چەپی خستە سەر شانی لەیلا و وتی:

– ئەمە بۆ تۆ.

ئەوجا بەهێواشی و هەناسەی نەرمەوە، کەوتە خوێندنی پارچە مۆسیقای ئەداگیۆی بەشی پێنجەمی کۆنسێرتی کلاڤیری بێتهۆڤن. بەهەناسە وەرگرتن و دانەوە ئاوازەکەی دەردەهێنا بۆ لەیلایش دەتگۆ هەر هەموو کۆنسێرتەکەیان بۆ ئەم لاچەپەکەی دنیا بۆ هێناوە قژە زەردەکانی پاوڵ بەسەر ناوچاوانیدا هاتبوونە خوارێ دەتگۆ دەتوانێت کات بوەستێنێت سەری لەیلا لەسەر شانی بوو وئاوازەکەی پێ نەدەبڕی ئاوازەکە، لەتەک بۆنی دەریا و شەرابدا، بەسروشتێکی ئازاراوی و تاسە و خەونەکاندا تێدەپەڕی و ئاماژەی بەپێکگەیشتنەکان و لێک دابڕانەکان دەکرد.

نێزیکەی نیوەشەو گەڕانەوە شوێنەکەیان، ڕێگەکە بەگوڵە پەپوولە ئاساییەکان ڕازابووەوە و مانگە شەوەکەیش ئەو ناوەی ڕووناک کردبووەوە. خواردنگەکانی کەنار دەریا کەسێکی وایان لێنەمابوو، خاڵی بوو، لەسەر کورسییەکانی کن مێزێکی ڕۆخی دەریاکە و دوور لەوانەی کە هێشتا مابوونەوە، دانیشتن، داوای ئارەق و ئاوی گاز و لەگەنێکیش مەزەی لە زەیتوون و فاسۆلیا و پیاز دروستکراو و فەریکە بستەیان کرد. لەیلا وتی:

– ڕووداوەکان لەسەر هەمان ئەم زەوییە ڕوویان دا، کە من تا نهاکە لە سەری ژیاوم؟

دەنگی ناسک و نەرم بوو، کەوتە گریان و تکاشی لە پاوڵ کرد، باوەشی پێدا بکات. ئەویش باوەشی پێدا کرد دەسرەکەیشی دەرهێناو فرمێسکەکانی و بەرلووتیشی بۆ سڕی، هەستێکی وەهای بۆ هات کە چەند دێری گۆرانییەکی بۆ بڵێت کە لە قووڵایی یادەوە دەهاتە دەرەوە دەتگۆ وشەکان بێپەروا و لە خۆیانەوە دێن: ئەو ڕێویە بگرن کە

بەسەر ڕەزەکەمانەوە وەستاوە، ئەو ساتەی ئێمە لە گوڵان چەپک دەکەین، نابێت کەسێک لەوێدا بێ و خۆی دەربخات.

لەیلا چاوەکانی خۆی سڕی، دەتگۆ پەیمان بەستنەکەیان سەری گرتووە، ڕەنگی ئاسمانەکە ڕەش و تەنیا ڕووناکی کەنارەکە لە ئاوەکەدا شەوقی دەدایە، گەڕانەوە نشینگەکەیان، ئیدی شەقامەکان تەواو خاڵی بوون، بەڵام هەوا هەر وەک ڕۆژ گەرم بوو. لەبەر هەندێک ماڵدا پیاوەکان دانیشتبوون و تەسبیحەکانی دەستیان دەهێنا و دەبرد، لە هەندێک پەنجەرەشەوە، هێشتاکە دەنگی مۆسیقا دەگەیشتە سەر شەقامەکە، لەبەر دەرگەکەدا، مێش و مەگەز دەووری گڵۆپێکی شلبووەوەیان دابوو کە دەلەرییەوە، پاوڵ وتی:

– لە یادمان چوو کە بۆ شەوباش یەکتر ماچ بکەین.

لەیلایش وەڵامی دایەوە:

– دەمەوێت کە هەموو شەوەکە لە پاڵ تۆدا بخەوم.

هەردووکیان لە بان پێخەفەکە پاڵکەوتن و باوەشیان بەیەکدا کرد، نە لە بیردا بوون و نەباسیان لەوە دەکرد؛ چی لە نێوانیاندا ڕوودەدات، چونکەی بێ ئەوەی لەبارەیەوە بدوێن،هەردووکیان ئەوەیان دەزانی، بێ ئاگایش بوون لەوەی، چۆن نەسیمەکە قژەکانیانی دەلەراندەوە و کەنگێش خەویان لێ کەوت، کە بەئاگایش بوونەوە، زۆرتر بەتاسەی یەکترەوە بوون و یەکیان خۆشدەویست، دەرەوە تەواو ڕووناک بووبووەوە. لە ژێر پەنجەرەکەدا گوێیان لە دەنگی نانکونجی فرۆش و قیژە و هاواری منداڵەکانەوە بوو، هەروەک چۆن هەموو بەیانیانێک دەیکەنە هەرا، بەڵام بۆ هەردووکیان وەهابوو. دەتگۆ ئەم ڕووداوانە لەسەر دنیایەکی دی ڕوو دەدەن، لەیلا بەر لەوەی هەڵسێت، خۆی بەسەر پاوڵدا نووشتاندەوە وچرپاندی:

– ئەگەر جارێکی دی من و تۆ پێکەوە بخەوینەوە – وتم ئەگەر جارێکی تر – ئەوا لێگەڕی کە بەشێوەی تورکی لەگەڵتا بیکەم.. ڕازیت..؟

پاوڵ بەدوای جانتاکەیدا گەڕا، لەیلایش چووە دالانەکە و دەرگەی باڵکۆنەکەی کردەوە. جانتاکەی پاوڵ لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بوو، لەیلا بەکورتی و ماناوە وتی:

– دەبووایە ئەم ژوورە هی تۆ بوایە، باشترە کە شتەکانت بێنیتە ئێرە.



ئەنوەر محەممەد (٧)



چوونە سەر دەریا و کەوتنە مەلە، بەئارامی و خۆشییەوە لەتەک یەکدا دەپەڤان. لەیلا وتی:

– دەتەوێت ئەو ئاوازەی دوێنێم، لەسەر کلاڤیر بۆ بژەنیت؟

– دەبێت لە پێشدا گرووپێکم بۆ فەراهەم بکرێت.

– جا وادەزانیت کە بۆم پەیدا ناکرێت؟

– ئەوسا کێشەیەک نییە و منیش هەوڵی باشی خۆم دەدەم.

– ئەی چەندەی تر دەبێت دەرس بخوێنیت؟

– دوو ساڵ، ئەویش ئەگەر بەختم هەبێت و لە تاقیکردنەوەکاندا دەربچم.

– ئەی پاشان؟

– یان تۆمار دەکەم، هەتا خەمی ژیانم نەمێنێت یان چارەیەکی ترم نییە و دەبێت لە ئۆرکێسترایەکدا کار بکەم، بەڵام زەوقی ئەوەشم نییە.

بەمەلە زۆر دوور کەوتبوونەوە، قژەکانی لەیلا بەسەر شان و پشتتیەوە چەسپی بوو.

– مەبەستم ئەوەیە، بێجگە لە ژن هێنان و ئۆرکێسترا، چیتر دەتوانیت بکەیت؟

– لەتەک گرووپێکی بچکۆلە و یان تۆزێک گەورەتردا مۆسیقا بژەنم. بەڵام بۆ ئەوەیش دەبێت زۆر باش خۆت ئامادە کردبێت کە لەوێشدا دەرامەت کەمە دەی خۆ دەبێت بتوانم ژن و منداڵەکانم بەخێو بکەم.

هەمدیسان چاوەکانی لەیلا شەوقێکی دایەوە کە پاوڵ حەزی پێ دەکرد.

– ئەی نهاکە بەچی دەژین؟ مەبەست لە ژن و منداڵەکەتە؟

– ئەوان هاوکاریی بێدەرامەتان وەردەگرن، ئەی تۆ؟ تۆیەکی تورک چ کارێکت لە باڵوێزخانەی ئەڵمانیدا هەیە؟

– وای دابنێ کە کار دەکەم!

– ئەی لەتەک ئەڵمانەکاندا ڕێک دەکەویت؟

– جار هەیە کە زۆر دژووارن، بەڵام من خووم پێوە گرتووە، ئێمەی کارمەندانی تورک، نوکتە لەسەر هەمووشت زانینی ئەوان دەکەین، بەڵام هەمووشیان وەها نین.

– ئەی سەروکارت لەتەک باڵوێز خۆیدا هەیە؟

– سوپاس بۆ یەزدان هەر زۆر کەم، ئەو هەمیشە سەری گەرم و شڵەژاوە، هەر دەڵێیت ئەم دنیایە لە چاوەڕێی بڕیاری ئەودایە، بۆ من زۆر دژووار دەبوو ئەگەر لە کارەکاندا پێوەندیم لەتەکیا هەبووایە. ئەگینا کەسایەتییەکی خراپ نییە، بەڵام......

لەیلا خۆی بەسەر پشتدا هەڵگێڕایەوە و درێژی پێدا:

– ئیتر بەهەر حاڵ، ئێستاکە تۆ باڵوێزی منیت، وە دەبێت بۆ لاسایی کردنەوەیش، ئاوێکی زۆر قووت بدەیت....

ئەوجا دەستی خستە سەر شانی پاوڵ و کردی بەناو ئاوەکەدا، ئەویش بەرگری لەخۆی نەکردوو لێگەڕا نووقمی قووڵایی ببێت، بەڵام لەیلاشی لەتەک خۆیدا ڕاکێشایە خوارەوە. هەتا لە قووڵاییە سەوزباوەکەدا ماچێکی بکات.

دوای ناشتایەکی باش بەمانگۆ، خۆشاوی پرتەقاڵ پاپایا، ترێ،نانی تازە و ساوەر و هێلکەوڕۆن، بەکەنارەکەدا هەڵگەڕان، نەدەکرا وەک پیاسەیەک بێت، چونکەی کەنارەکە پڕ بوو لەو بەردانەی، ڕۆیشتنەکەی دژووار دەکرد، دەبووایە لەبەردەوە بۆ بەرد بازیان بدایە، دار بەڕووەکان چەمابوونەوە و گەڵاکانیان لێک ئاڵابوون. باڵندەکانی دەریا و قەلەباچکەکان، هێلانەیان لە کون و قلیشەکان چێ کردبوو، بۆ ڕیگایەکی تەسک پێچیان کردەوە کە بەرە و کەنارەکە دەچوو بەلای داری فستقەکاندا تێپەڕین کە تا ئەوسەری لای ڕۆژهەڵاتەوە درێژ بووبوونەوە. کە لە گوندێک نێزیک بوونەوە، پاوڵ ئاگەداری لەیلای کردەوە کە نە باوەشی پێدا بکات و نە ماچیشی بکات، چونکەی بەدڵی خەڵکەکە نابێت.

– ئەی خاوەن خواردنگەکەی دوێنێ؟ خۆ ئەو هەموو شتێکی دەزانی؟

– بەڵام لە لایەن منەوە نا.

گەیشتنە ناو گوندەکە، لەیلا لە دەرگەی ماڵێکی نزمی گوندییەکیدا.

کە ژنێکی پشتکۆماوە دەرگاکەی کردەوە، لەیلا داوای ئاوی لێ کرد، ئافرەتەکە گۆزەیەک و جامێکی پێدان، چەند وشەیەک لەتەک لەیلادا قسەی کرد و گەڕایەوە ژوورەوە، ئەوانیش لەسەر کورسی بەرماڵەکەدا دانیشتن، چەند کەر بەبارە





گیاکانیانەوە، بەڕێگەکەدا خۆیان بەکێش دەکرد. گوندییەکیش بەدارەکەیەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کەرەکان لە ڕێگەکە دەرنەچن، چونکەی جارجارە قەپیان لە گوڵ و گژوگیاکەی بەرماڵەکان دەگرت، سەگەکەیش ڕەنج بەخەساری دەکردن، چونکەی بەحەپەحەپەکەی کەرەکانی بەرەو لاکەی تردەبرد، لەیلا لە ژێر کارگەریدا وتی:

– پاوڵ تۆ دەتوانیت چۆنت دەوێت، ئاوەها من بەکەسێکی سۆزاوی و هەست ناسک بقەبڵێنیت، چونکەی دەمەوێت شتێکت پیشان بدەم، ئەگەر ئەمە بکەم، ئەوا لێرەدا مانای باوەڕ پێ بوونە.

– چییە؟

– وەرە لەگەڵمدا.

لەیلا گۆزە و جامەکەی بەئافرەتەکە دایەوە و پاوڵی بەڕێگەکەدا برد. بەرەو توولە ڕێگەیەکی ناو مەزرا پێچیان کردەوە. بەناو بێستانی کولەکەدا ڕۆیشتن و لەبەردەم گاشەبەردێکی دیوارئاساییدا وەستان، تاقە دارێک لە بەردەم گاشەبەردەکەدا بوو لە ڕاستیدا دوو دار بوون، بەڵام دیارە کە بەدەستی جووتیارێکی کارامە پێکەوە شەتڵ کرابوون. لێک ئاڵابوون و لەسەری سەرەوەیش یەک ترۆپکیان هەبوو، لەیلا وتی:

– بڕوانە ئەم دارە. بۆیە پیشانتی دەدەم چونکە فارۆزنوزا، هەمیشە دێت بۆ ئێرەکانە، هەتا کەمۆکەیەک لە کنی بمێنێتەوە بۆ ئەو ئەم دیمەنە سیمبۆلی زۆر شتە، کە لە ژیاندا گرنگن. بۆ خۆشەویستی و ئاشتی و لێبووردەیی و یەکتر قبووڵکردن. کە من منداڵ بووم، هێنامییە ئێرە و ئەمانەی پێ دەوتم، بۆیە لە منداڵیمەوە حەزم لێرەیە تا ئێستاکەیش پیشانی کەسم نەداوە.

– ئەی بۆچی وادەزانیت کە من تۆ بەهەستناسک بزانم؟

ئەوجا دەستیشی بەقۆرت و خواروخێچیەکانی دارەکەدا هێنا و زیادەیەکی خستە سەر:

– ئەم دارە بەهێز و ڕند و جێی سەرسووڕمانیشە.

– خۆشحاڵم بەوەی کە تەواو تێ دەگەیت، هەردووکیان وا سەرسوورما و واقوڕماو بوون، دەتگۆ مەنزڵگەیەکی پیرۆزیان بەسەر کردووەتەوە، ئیدی خۆیان لە دارەکە دوور

خستەوە و بەکەیفسازییەوە بەتووڵە ڕێگای مەزراکەدا سەرەو خوار بوونەوە، هەتا پاوڵ شانی لەیلای گرت و پێی وت:

– ئەی تۆ؟ تۆیش من بەهەستناسک دەزانیت، ئەگەر داوات لێ بکەم کە بۆ نشینگەکەمان بگەڕێینەوە و سەرگەرمی خۆشەویستییەکەمان بین؟

کە بانگی مەلا لە هاتنی ئێوارە بەئاگای کردنەوە، ئینجا هەستیان بەبرسێتی کرد.

پاش دوو ڕۆژ، ئەکچاکوچا یان بەرەو ئستەنبوڵ بەجێهێشت. ئەوان جادەی ناوخۆیان گرتەبەر کە لە کەناری دەریاوە بەرەو قەرەسوو دەچوو، پاش یەک کاتژمێر ڕووباری مەزنی زەکارایایان تێپەڕاند و لە جادەکەیش بەرە و گوندێکی بچکۆلە لایاندا، هەتا پشوویەک بدەن. لەیلا بەئاگاییەوە ئۆتۆمبێلەکەی دەهاژووت. کە گەیشتنە کەناری ڕووبارەکە، لەیلا ئیستۆپە دەستییەکەی ڕاکێشا لە سێبەری ژێر دارێکدا بەتانییەکیان ڕاخست، زەمیلە پڕ لە میوەکە و نان و پەنیر و زەیتوون و بوتڵێک شەرابی سپیشیان لە ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا. لەدەرگەکراوەکەی ئۆتۆمبێلەکەیشەوە، گوێیان لە مۆسیقای تورکی دەگرت، ڕۆخی گردەکەی ئەوبەر ڕووبارەکەوە، چەندین گوندیی، گەلەیەک گا و مانگا و کەریان، بۆ ئاودان بەرە و ئاوەکە دەبرد. پاوڵ سەری خستبووە باوەشی لەیلاوە، شەرابەکەیش ساردوخۆش و سەرنجیان لەسەر ڕووبارەکە بوو، لەیلا بەپەنجەکانی قژی ئەوی شانە دەکرد. ئەو گۆرانییە ئەڤینداریییەی بۆ دەوت کە باسی لە دوو شەیدای ڕێگەی بەرەو ئوسکودار دەکرد، کە لێزمەباران سەری لێشێواندبوون. لە ناکاو تەقەیەک لە ئۆتۆمبێلەکە بەرز بووەووە و بۆیاخی لێ هەڵتروکا، بەردی بەئەندازەی کۆڵەمشتێک، دەکەوتە دەووروپشتیان و یان ناو دەوەنەکان، پاوڵ خێرا ڕاپەڕی، خۆی خستەبەر لەیلا و چاوی گێڕا، گوندییەکانی ئەوبەری ڕۆخەکەی دی کە بە مشتەکانیانەوە ڕوو لەمان، هاوار هاواریان بوو و لە زەوییەکەدا بۆ بەرد دەگەڕان هەتا بیگرنە ئەمان، پاوڵ وتی:

– ئەوانە چیان دەوێت؟ چیان لێ بەسەرهاتووە؟

ئەوجا لە تووڕەییدا، دەستی بۆ بەردێک برد و ڕوو لەوان هاویشتی، ئەمیش مشتەکانی ڕوو لەوان کرد و هاواری لێ کردن:

– نەفرەتیانە، چیتان دەوێت؟





لەیلا بانگی لێ کرد تا بگەڕێتەوە، هەر خێرایش پەلاماری دایە شتەکان و خۆی گەیاندە پشتی ئۆتۆمبێلەکە.

– وازبێنە، هیچ سوودێکی نییە، سەرکەوە تا پەنجەرەکانیان بەبەرد بۆ نەشکاندووین، ئەوان حەز ناکەن جووت ئەڤینداران پێکەوە ببینن.

لەیلا لە پشتی سووکانەکەوە دانیشت. مۆتۆڕەکەی خستە کار و پێ کەنی. پاوڵ بەتووڕەیییەوە سەرکەوت. لە تووڕەییدا دەلەرزی کە وتی:

– لەسەر هەموو شتێکیشەوە پێ دەکەنیت، دەبێت بیەڵێن ئەمەمان بەسەردا تێپەڕێت؟

– بەوەی خۆشحاڵ بە کە ڕووبارەکە لە نێوانماندایە. ئەگەر بەلەمیان پێبووایە، بەبێوەیی لە دەستیان دەرنەدەچووین، وا باشترە کە ئێمە لە گوندان، تۆزێک ئاگامان لەخۆمان بێت.... باشترە کە پەلە بکەین هەتا ڕێگەکەمان لێ نەگرن و کێشەی زۆرترمان بۆ چێ بکەن.

پاوڵ وتی:

– دەبووایە پۆلیسمان بهێنابایە..

ئەوجا بەدەووری خۆشیدا هەڵی ڕوانی، بەڵام ئیدی ڕۆخی دەریاکە، کەوتە پشتی وێرانە دیوارەوە و لە چاو بزر بوو، هیچ باسێک لە شوانە تووڕە و هەڵچووەکان نەما. لەیلایش وەڵامی دایەوە:

– باشترە ئەوە نەکەین، چونکە پۆلیس بەردەبارانمان ناکەن، بەڵام ئەگەر نەگبەتیت بێت، ئەوا بۆ چەند هەفتەیەک بەندت دەکەن.

پاوڵ هەستی بەسووکایەتی پێکردنی خۆی دەکرد، لەیلایش بەدەم لێخوڕینەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئارامی بکاتەوە.

– هەرلەخۆوە مێشکیان تێک دەچێت، ئەگەر خەڵکانی وەک ئێمە ببینین کە لەوێکانەدا پاڵکەوتوون، دنیایان لێ خراپ دەبێت، ئەوان هێشتاکە بەجۆرێکی تری تێگەیشتن لە ڕەوشت دەژین، چۆن هات وەهای وەربگرە، سوپاس بۆ خوا کە هیچمان بەرنەکەوت.

پاوڵ نەیدەتوانی باوەڕ بکات، ئەو ڕووداوە بۆ لەیلا، لە پێشهاتێکی بچکۆلە زیاتر هیچی تر نییە، چۆن دەبێت کە ئافرەتێکی گەنج و مۆدێرنی وەک لەیلا، ئەوە بەسەر خۆیدا تێپەڕێنێت؟ چونکەی خۆ ئەمە وڵاتی ئەوەو، ئێمەیش لە سەدەی بیستەمدا دەژین! پاوڵ ئارامییەکەی ئەوی بۆ هەرس نەدەکرا.

ئیدی سروشتەکە هەر تەخت دەبوو، ئۆتۆمبێلیش لەسەر جادە سەرەکییەکەی بۆ ئستەنبۆل، هەر لە زیادبووندا بوو. کە گەیشتنە سنووری شاریش، یەک ئاپۆڕە لە کامیۆن وگالیسکەی ئەسپ، کەری بارکراو، پاسکیل سووار و پیادەڕۆ، تێپەڕبوونیان دژوار و سەخت دەکرد. لەیلا وتی:

– ئەگەر ناچاری نەبێت، کەسێک بەئۆتۆمبێل بۆ ئستەنبوڵ ناچێت، ئەمەیش جارێ سەرەتاکەیەتی لە گەڕەکی ریازیت ئوتێلێکیان دۆزییەوە، ئەو ساتەی کە لەیلا جانتاکانی بۆ بەردەرگەکە دەبرد، ئامۆژگارییەکی پاوڵی کرد:

– ئەگەر پرسیاریان لێ کردیت، تۆیش دەڵێیت کە ئێمە ژن و مێردێکی ئەڵمانین. مرۆڤ نازانێت کە ئەمانە بە چ هۆیەک هەڵدەچن جا چ لە کن ئیسلام بێت یاخۆ لای هەندێک لە مەسیحییەکانیش... خۆ لە ڕووباری زەکاریا، هەندێک لە بۆچوونی ڕەوشت لە کن تورک، تێگەیشتیت.

– ئەی تۆ؟ مەگەر تۆ تورک نیت. گوێ بەڕەوشت نادەیت، یان چی..؟

لەیلاش بەنزمییەوە وەڵامی دایەوە:

– لە کن مە هێندە ئاسان نییە.

پاوڵ لە کن نووسینگەکە پاسپۆرتەکەی خستە بەردەست، پەڕەکاغەزی میوانداریی ئوتێلەکەی بەناوی پاوڵ و لەیلا لانگنبێرگ پڕ کردەوە، ئیدی هەستی بەئارامی و باشی دەکرد.

لە ژوورەکە لەیلا بەرگەکانی داکەند و چووە بەر دووشەکە، پاوڵیش خۆی بەسەر قەنەفەیەکدادا، بەکاڵی لەشی لەیلا و جموجوڵەکانی ئەوی لەودیو پەردە نایلۆنە شەفافەکەوە دەدی، ئەو کاتەی لەیلا سابوونی لە خۆی هەڵدەسوو و پاشان چێژی لە ئاوە گەرمەکە وەردەگرت، بەبرین و پشووەوە دەدوا: " لە ڕابردوودا وام بیردەکردەوە ئۆوو کە گەرمە کە ئەگەر لە ئەڵمانیا یان لە جێیەکی تری ئەوروپای خۆرئاوادا بژیم،





ژیان ئاسان ترە. ئادەی سابوونەکەی خۆمانم بدەرێ. ئەو پیاوەی ئەوێکانە هی زەمانی عوسمانی بوو، بەڵام وەهایش نییە! ئەوەی کە من دەبێت وازیان لێ بێنم، هەر زۆرزۆرن، دەی باشە بۆچ ئاوام بوویت؟ هەمیش لەم وڵاتەی ئێمەدا ناتەبایی هەبووە، هەمیشە و هاوکات، جۆری ژیانی جیاواز لە یەکتر، کەواتە بۆچ دەبێت ئەمڕۆکە جۆرێکی تر بێت؟ ئیدی لەبەر ئەوەی کە هەر شتێک لە خۆرئاواوە دێت، بەخێرایی خۆی بەدنیادا بڵاو دەکاتەوە؟ یان ناموسڵمانەکان و ئەوجا ئەڵمان، بتوانن وەها ئۆتۆمبێلی باش دروست بکەن؟ پشوویەکی تێکەوت، چونکەی لەیلا بەخۆشیەوە ڕووخساری لە ژێرپریشکە ئاوی دوشەکەدا ڕاگرتبوو.ئەوجا کەوتەوە ورتە ورت: " خۆ مرۆڤ تەنیا بەئۆتۆمبێل و کەلوپەلە جوانەکان ناژی، یان؟ لەو کاتەوەی کە من لە ئەڵمان ژیاووم، بەچاوێکی خۆشەویستترەوە لە وڵاتەکەم دەڕوانم، ئێستاکە دەزانم کە چی ئێمە لەو یتر جیادەکاتەوە و چیش بەس هی ئێمەیە. مرۆڤ کاتێکیش ئەو شتانە وەردەگرێت، کە ئامادە بێت شتی دیش قبووڵ بکات کە بۆ ئەم باش نەبن.. ئادەی خێراکە و ئەو خاولییەم بدەرێ، سوپاس. "لە دوشەکە هاتە دەرەوە و کەوتە خۆ وشککردنەوە. قاچێکی لەسەر سەرقاپی تەوالێتەکە دانابوو کە وتی:

– دۆزی ئەوەی کە ئەگەر کەسێک، من بەگوێدان بەڕەوشت یان گوێنەدان، بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەوە هیچ گرینگییەکم بۆی نییە، ئەگەر من لەتەک تۆدا بخەوم ئەوە بەڕەوشتییە، چونکەی تۆم خۆشدەوێت و خۆیشم بڕیارم داوە، تا ئێستا ئەم جێبرینەمت دیووە؟

ئەوجا سەر ڕانی خۆی پیشاندا.

– بەمنداڵی لە دار گێلاس کەوتمە خوارەوە، باوکم لە کن پەیژەکەوە وەستابوو تا ئێستایش لە بەرچاومە کە چۆن ترسا، ئەو دەیویست بمهێنێتە خوارەوە، بەڵام تازە درەنگ بوو، ئەمیش لە ئەکچاکوچا ژیانی خۆم ئاوەها پێشبینی دەکەم، کە دەخوازم لێرە بتوانم بژیم! ئامادەییشم تێدایە. تێ دەگەیت؟

بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامێکیش بێت، پشویەکی دا لە ناو جانتاکە دەرپێیەکی دەرهێنا و لە پێی کرد.

– دۆستێکم لە ئەنقەرە هەبوو لەگەڵیدا ماوەیەکی درێژم بەسەر چوو، وام

بیردەکردەوە کە پیاوی ژیانم بێت «پێ کەنی، مەمکگرێکی بەست و بلوزێکیش بەسەریدا»، هەتا جارێکیان لەگەڵ دایک و باب و خەڵکی تریشدا، لە جێیەک بووین. بێ ئەوەی پێ بزانن، گوێم لە قسەکانی ئەو لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بوو، کە لە دالانەکەدا دەیان کردن. ئەوم وەک ئیسماعیلەکەی خۆم نەدەناسییەوە، چونکەی وەها شتێکی پیسی دەوت. ئیتر ترسی تەواوم لێنیشت. چونکەی ئەو دەیویست کە بەشتە نوێ و مۆدێرنەکانی، من ڕاو بکات، هێندەی نەمابوو بکەومە تەڵەیەکەوە، ئەوانە خەڵکانی ئاسایی نەبوون، خۆ دەبێت تێ بگەیت! بابی پارێزەر بوو، وەهایش پیس.. تۆیش جارجارە لە هاووڵاتییەکانت ناسڵەمیتەوە؟

پاوڵ قۆپچەی کراسەکەی داخست و سەری لەقاند:

– زۆریش. لەو باوەڕەیدام کە دەزانم مەبەستت چییە، ئەی لێت نەپرسییەوە؟

– لێپرسینەوە؟. ئەو لەباوەڕەیدا بوو کە من دەبێت خۆم پێ بگەیەنم و ڕاستی خووخدەی کولتوورەکەمان لە بەرچاو بگرم، چونکەی مرۆڤ ناتوانێت کە لە دژی هەموو کۆمەڵگەکە بوەستێتەوە.

– جار جارە بیر لەو دەکەیتەوە؟

– ئاخ، هەروەک بڵقە کەفێک، تاق و نەما، هەر هەموو حەزەکان چوون بەهەوادا خۆشم باوەڕم نەدەکرد.

ئەوجا دەستی بەکراسە ئوتونەکراوەکەیدا هێنا و درێژەی دایە.

– خۆ دەمویست جارێک لە جاران، ئەو باسەی لەتەک ئیسماعیلت بۆ بگێڕمەوە. باوەڕیش مەکە هەموو پیاوانی تورک وەک ئەو بێ مێشک بن.

پاوڵی ڕازی کرد کە لە هەمان ڕۆژدا، بچنە بازاڕ. ئەوە هەر شتێکی نەگونجاوە، لە ئستەنبۆڵ بمێنیتەوە و سەردانی بازاڕ نەکەیت، پاوڵ وتی:

– دەمەوێت لە سەرەتادا، بچمە یانەی ئەڵمان هەتا هەستی نیشتمانپەروەریی خۆمم جێبەجێ کردبێت.

– یانەکەتان ناوی تیۆتۆنایە، دەزانی کە ناوەکە لەتەک تۆدا دەگونجێ؟

ڕووخساری لێ گرژ کرد و وەڵامی دایەوە:





– بەڵام تەنیا ئەو ساتانەی کە تۆ زەوقت لێ بێت.

خۆیان بەئاپۆڕەی بازاڕەکەدا کرد، ئەوەی کە پاوڵ لێرەکانە بەدی کرد، ڕۆشنایی و پڕڕەنگی زۆر بوو دنیایەک کە هیچ پێوەندییەکی بەو هەرا و زەنای سەر شەقامەکانەوە نەبوو. یان بەراوورد لەتەک ئەوانەی تری کە ئەو دەیزانی، دیوارە زەبەلاحەکانی کە وادیاربوو سەدان ساڵە لەوێکانەدان و بۆ هەمیشەیش، ئەم جێیە گرینگ و بازرگانی جیهانییە بپارێزن، بۆنێکی قوورسی بەهارات و گژوگیا بڵاو بووبووەوە. لە لاکەی تریشەوە، بۆنی پێستە و چەرم و تەپوتۆز و شتی دی، لەیلا دەیویست کە پشتێنێکی بۆ بکڕێت، زۆر گەڕا و ئیدی لە پشتی دوکانێکەوە بزر بوو. پاوڵیش لە سەر کورسییەک و لە دوکانەکەی ئەوبەرەوە دانیشتبوو. ئەو چا شیرینەی دەخواردەوە کە خاوەن دوکانەکە بۆی هێنابوو. لە دووریشەوە وەک تارماییەک و لە خەوندا، جارجارە لەیلای لە نێوان جل و عابا و لەچکەکاندا دەدی. هەستێکی وەهای هەبوو کە لە ئێستاوە گەڕابێتەوە بۆ ڕابردوو و لە سەردەمێکی تردا بێت. وێنەی وای دەهاتە بەر زەن کە تووشی سەرلێشێوان دەبوو. ئەو هەوڵی دەدا ئێرەکانە لەتەک وێنەی تردا بەراوورد بکات. وێنەی ژێرخانێکی مۆسیک لێدان لە شاری هامبۆرگی ئاڵمانیا. دایکی لە بێرگدۆرف و لە کلینیکە، دۆستە تەنیاکەی ڤالدامارلە ڤێندلاند. کاتارینا و روس بۆ کۆنسێرت لە ماڵە دەوڵەندەکانن یان لە ئاهەنگە بێتاقەتکەرەکانی کارگەن و ژوورە بۆن و شێدارەکەی لە هامبۆرگ ئەو وێنانە وەک جادویەک وێنەخەونیان دروست دەکرد، بۆیە هەستێکی وەهای هەبوو، دەتگۆ کات ئەمی فڕێداوەتە ناو میللەتانی سەدساڵە بەسەرچووەکانەوە، ئەو ئاوازی مۆزیکانەی کە لە پشت ژوورەکانەوە لێ دەدران و دەبیستران، دەتگۆ مۆزیکی جادوگەرەکانە، یان مۆزیکی جەنگەکان و پاشاکان و نێردراوەکان و گەلەکانن کە هەمیشە لە بیزانس پێک گەیشتوون و شەوان ئاهەنگەکانیان گێڕاوە، یان نەخشەی هێرش و زوڵموزۆرەکان و هونەرەکانیان کێشاوە.ڕۆمەکان؟ یۆنانییەکان؟ بێزەنتیەکان؟ عوسمانییەکان؟ ڤێنێتەر؟ خۆ ئەو دەیتوانی هێندە بخوێنێتەوە و بشپرسێت، هەتا خۆی دەیەوێت، بەڵام هەرگیز لەو هەمووە تێ ناگات کە لێرەدا ڕوویان داوە. لەوەندە زیاتریشی بۆ نەدەکرا کە خۆی بداتە بەر ڕووداوەکان، هێندە چووبووە قووڵایی

وێنەکانی ڕابردووەوە، لەو باوەڕەیدا بوو گوێی لە خرمەی سمی ئەسپەکانی سەر بەردڕێژەکە و گرمەی دەف و شریق و شاقی چەکەکان و هەراوزەنای خەڵکەوەیە، ئەو نەک هەر نەیدەهێنایە بەرچاوی خۆی، بگرە دەیتوانی سناریۆیەک بنووسێت. بەڵام وا ئەو لێرەکانەدا دانیشتووەوە و بەشێکە لەو سناریۆیە، بەئاڵۆزییەوە بەدەووری خۆیدا هەڵی ڕوانی، هەڵسا و هاتەوە بیری کە ئەو لەتەک لەیلادا هاتووە.

لە خواردنگەیەکی سەر بۆسپۆرۆس نانیان خوارد، لەیلا داوای پلاوی مەهانە و بستە و شیرینییەکی کرد، خواردنەکە بۆ پاوڵ، لەو هەموو خواردنانەی تر شیرینتر بوو کە ئەو تا ئێستا خواردبوونی، لەیلا تۆزێکی کردە دەمییەوە و وتیشی:

– ئەمە بۆ خۆشەویستی باشە.

ئەوان لەوێوە، ڕوانگەیان لە سەر مزگەوتە گەورەکە و حاجیا سۆفیا بوو، کە دەیانویست ڕۆژی داهاتوو سەردانی بکەن، ژیانیان لە ڕۆژەکاندا وەها بەسەر دەبرد، دەتگۆ ڕۆژە سەرەتاییەکانی ئەم دنیایەیانە، بەلای هەموو مێز و ڕەفەیەکی بازاڕەکەدا، تێ دەپەڕین و سەرنجیان لێ دەدا، ڕەفەکانی ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکان کە لەسەر پردەکە، کن کەشتی و بەلەمەکان و لە نێزیکی یەکترەوە دانرابوون، دەریای هەتاوی، منارەکانی حاجی سۆفی، نەخشەی دڵگیر و سەرسووڕهێنەر و خشتە شینەکانی مزگەوتیسوڵتان ئەحمەد، چوونە دوورگەی شازادە. ڕوانیانە تۆپقاپی و پەیکەرەکان و نووسینە هونەرییەکان، خەنجەر و کاشی و سەحەن و لەگەن، کەلوپەلە لە خشتی کاشی دروستکراوەکانی یابانی و چینیی دڵگیر و جوانی، سەدان ساڵی ڕابردوو، دەتگۆ ئەم هەموو شتانە بۆ ئەوە دروستکراون، تا هەست بەکارەکانی یەزدان بکرێت، لەیلایش باسی نهێنییەکانی ژوورەکانی حەرەمی بۆ کرد، بۆیە پاوڵیش بەخەمساردییەوە پرسی:

– وادیارە کە هونەری خۆشەویستی – تێکەڵبوون! – گرینگترین بەرهەمی کارامەیی میللەتەکەتانە؟

لەیلا ئەوی کێشایە سووچێکی تاریکەوە و وتی:

– جاران هونەرێکی بەرز بوو، چونکەی ئەگەر من ئەمڕۆکە سەرنجی ژن و مێردە داخراوەکان بدەم، مرۆڤ تێ دەگات کە هیچی وەها لەو هونەرە نەماوەتەوە، بەڵام من





و تۆ دەتوانین لە سەرەتایەکەوە دەست پێ بکەینەوە، بەلاتەوە چۆنە؟

ئەوجا لەبەر ڕۆشنایی پەنجەرەی کۆشکەکەدا ماچێکی کرد، پاوڵ پرسی:

– ئەرێ ئەمە قەواڵەی ژن و مێردایەتی بوو؟

– لە ڕاستیدا، بەپێچەوانەکەیەوە.

وایان بڕیار دا کە لە ئستەنبوڵەوە یەکسەر بۆ ئەنتالیا بڕۆن، هەتا دوو ڕۆژ لە کەنارەکانی دەریای ناوەندا بەسەر بەرن، لەبەر خراپی جادەکە، زۆری کامیۆن بەباری تەختە و خەیار و کاڵەکەوە، کە بەلای ئاماندا تێدەپەڕین و کارکردنیش لە جادەکەدا، سەفەرەکەیان ماندوکەر و تاقەتپسێن بوو، بۆیە بەنۆرە ئۆتۆمبێلەکەیان لێدەخوڕی، ناو ئۆتۆمبێلەکە و بەرگەکانیشیان تۆز دایانی پۆشی بوو. لێوەکانیان وشک هەڵگەڕا بوون و ڕۆژەکەیش ئازاری چاویانی دەدا. کە گەیشتنە بەرزایی تاورس، ئیدی بەناو ڕێگای دارستاندا ڕۆیشتن کە بۆنی شیلە و داری بڕدراوە دەهات، لە گوندێک پشوویاندا، خۆیان شت و چایان خواردەوە، چێژیان لە ماستە تازەکە وەرگرت کە گوندییەکان خۆیان بەرهەمیان دەهێنان و لە جامی تەختدا ئاراستەیان دەکرد، پاوڵ پرسی:

– بەر لە تاریکی دەگەینێ؟

– یەک دەمژمێری تر، پاشا.

– دەتەوێت لە ئەنتالیا چی جێبەجێ بکەیت؟

– ڕووداوێکی نیگەرانکەر، چەند ساڵێک لەمەوبەر، گوندییەکی تورک کە لە ئەڵمانیا دەبێتە کرێکاری میوان، لەتەک کچێکدا منداڵێکیان دەبێت، بەڵام ئەو بەهۆی ڕاژەی سەربازییەوە، دەبوایە بۆ تورکیا بگەڕێتەوە، کاتێک لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و لە سەربازخانەیەکی پڕ لە دژواریدا، ڕاژەی سەربازییەکەی دەکات، نەک لە لایەن فەرمانگەیەکەوە لە دەرگەکەی بدرێت و ئاگەدار بکرێتەوە، بەڵکو لە لایەن دۆستێکییەوە کە هێشتاکە لە ئەڵمانیادا دەژیا، بەنووسین ئاگەدار دەکرێتەوە کە ئەو پێدەچێت بووبێتە باوک، ئەو گەمژەیەش لە بریتی ئەوەی هەر گوێشی نەداتێ، دوای تەواوکردنی ڕاژەی سەربازییەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و لە دوای خۆشەویستەکەیدا دەگەڕێ، بەڵام ئەو ژنە بەر لەوەی بەکارەساتی ئۆتۆمبێل

تێدابچێت، منداڵێکی هەبووە، منداڵە کوڕەکەی بردووەتە خانەیەکی منداڵان، گوایە منداڵەکە، نازانم بڵێم چی، پەککەوتە و کەمایەسی زۆری هەبووە، پیاوەکەیش هەموو هەوڵێک دەدات، کە هەرچۆنێک بێت منداڵەکە بدۆزێتەوە و لەگەڵ خۆیدا بۆ تورکیا بگەڕێنێتەوە، جا لەبەر ئەوەی کە هێشتاکە باوک بوونەکەی ڕوون نەبووەتەوە و منداڵەکەیش ئەڵمانە، داواکارییەکەی بۆ وەرگرتنی منداڵەکە بەرپەرچ دەدرێتەوە. بەڵام ئەو منداڵەکە دەفرێنێت و بۆ تورکیای دەهێنێت، مرۆڤیش نازانێت کە چۆنی هێناوە، چونکەی منداڵەکە نە بەڵگەنامەیەک و نە پاسپۆرتیشی هەیە، پێدەچێت کە ئەو بەئۆتۆمبێل گەشتەکەی کردبێت، منداڵەکەی لە سندوقەکەی دواوە شاردبێتەوە و بەقاچاغ بەسنوورەکاندا بردبێتی، یان بۆ پەڕینەوە لە سنوورەکان، گوایە پاسپۆرتی منداڵێکی تری تورکی قەرز کردبێت، چونکەی بۆ منداڵ هێندە بەگرینگییەوە سەیر ناکەن.

– ئەی تۆ دەبێت چی بکەیت؟

– بیگێڕمەوە!

– مەگەر ئەوە کاری پۆلیسی تورکی نییە؟

– ئەوە ڕاستە، بەڵام لێرەدا، باڵوێزی ئەڵمانیا لەتەک فەرمانبەرانی توکیادا لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون، کە خۆیان دەیگرنە ئەستۆ، دایک و بابی ئەو تورکەی کە منداڵەکەیان لەکنە، پێناچێت بۆ دانەوەی بەرهەڵستی بکەن، پێدەچێت بەوەیش خۆشحاڵ بن، کە منداڵێکی پەککەوتەیان لە کۆڵ بێتەوە، بۆیە هیچ پێویست بەوە ناکات، بەپۆلیسەوە بۆ ئەوێکانە بچین.

– چلۆن پەککەوتەیەکە؟

– نازانم، ئەو لە خانەیەکی (نەخۆشییە دەروونییەکان) بووە، زۆر درەنگ دەستەلاتدارانی ئەڵمانیا، کاریان بۆ کردووە. پێدەچێت کە ئەوان وردەکاری و ناسنامەی باوک و فڕێنەرەکەیان نەبووبێت بۆ ئەوان، منداڵەکە هەروانەما و بزر بوو. ئیدی هەرچۆنێک بێت، دەتوانرێت ئەڵمانیا ئاگەدار بکرێتەوە کە منداڵەکە لە کوێ شاردراوەتەوە، هاکەیش دەبێت بگێڕدرێتەوە، چونکەی بەپێی بەڵگەنامە، منداڵەکە ئەڵمانە و بەردەوام نەبوونی چارەسەری دەروونی، مەترسییە بۆ ئەو.





– چی لە منداڵەکە دەکەن لە ئەنقەرە؟

– دەیخەینە فڕۆکەیەکەوە و یەکسەر بۆ دوسڵدۆرف، بەڵام من لەوەیش ئەرخەیان نیم کە ئایا دەیدۆزمەوە و دەشتوانم بەئۆتۆمبێل بیگوازمەوە؟ لەوەیشدەچێت کە پێویستمان بەئەمبولانسێک بێت. ئەمەیش دەبێت لە ئەنقەرە جێبەجێی بکەم.

– ئەو ئێستاکە لە کوێیە؟

– لە ئەشکەوتێکدایە بەناوی یەنیکۆیا، من هەرگیز لەوێ نەبووم، بەڵام دەبێت لە جێیەکی سەر جادەی ئەنتالیا بۆ ئێلمالی بێت.

پاوڵ هەستی بەکەیفسازی دەکرد:

– بڕێک کەمتر وشەی ئەشکەوت بەکار بێنە، چونکەی پێدەچیت کە لە هەمبەر یەنیکۆیای هەژارانەدا، ناحەقی بێت، وشەیەکی هێندە دۆستانەیش نییە.

لە خوارووی ئەوانەوە ئەنتالیا بەسەربانە ڕەش و سوورەکان و منارەکانی یقلیەوە دەرکەوت. لەیلایش تێی گەیاند کە هێندە چاوەڕێی باشی نەبێت.

– پاشا، تۆ نایەیت بۆ هاوای بە ڕۆخی دەریای سپی و هەرا وهوریاوە، شارەکە زۆر جوانە، بەڵام ڕۆخی لێژی هەیە، لێوار دەریای کۆنیالاتیش پڕە لە چەو، گوایە حوتیشی تێدایە.

– بەڵام خۆ هیچ نەبێت دەتوانم، باقەیەک گوڵ بەخەمە ملتەوە؟

– پێم خۆشترە کە جارێکی دیش هەمان ئاوازی مۆسیقام بۆ بورتێنیت، هەروەک چۆن لە ئەکچاکوچا ورتاندت.

لەهەمان ساتی پێکەنینا بوو، خەریک بوو لە پێچەکە تێپەڕن، لە ساتی خێرا وەرگێرانی سووکانەکەدا، سەری بەر دەرگەکە کەوت، پاوڵ وتی:

– ئەی جوان، ئەگەر لێرەکانە بەژیانی بێوەی دەربچین، ئەوا دەتوانین بیر لە ئاوازی تریش بکەینەوە.

جادەکە بەپێچی پان و پۆڕدا سەرەو خوار دەبووەوە. لە دووریشەوە دەریاکە بەشەوقی خۆرئاواکە دەبریسکایەوە، بەنێوانی مەزرای پەموو وسەوزەدا تێدەپەڕین کە گوندیەکان هێشتاکە کاریان دەکرد، یان لەسەر ئاوەکان خۆیان دەشت، لە

پشتیانەوە چیاکانی (تاوروس) لە لێلاییدا بزر بوون، هەردووکیان ماندووی گەشتەکە بوون بەئێسک و ماسولکەی ڕەق بووە وە دابەزین، بەرلەوەی بچنە ئوتێلەکەوە، تەپ و تۆزی بەرگەکانیان تەکاند، ژوورێکیان وەرگرت کە بەسەر پارکی کەنارە لێژەکەیدا هەڵدەڕوانی، پێکیشەوە دووشیان کرد، کە هاتنەوە دەرەوە، لە بەندەرەکی خوارەوە، خواردنگەیەکی بچکۆلەیان دۆزییەوە، لەوجێگایە و سەر کورسییەکانیانەوە، چەندین دارتاشیان دەدی، کاریان لە بەلەمی نوێدا دەکرد. لەیلا بەلەخۆڕازیبوونەوە وتی:

– هەر وەک چۆن سەدان ساڵی بەری، لێرەکانە بەلەمیان دروست کردووە. هەر پارچەیەک بەدەست چێکراوە، گونجێنراوە و بەچەویی تەختە پێکەوە قایم کراون.

پاشان بەڕێگا بەرتەسک و هەورازەکەدا سەرکەوتن و لەوێوە چێژیان لەو ڕوانگەیە وەردەگرت، کە بەسەر لاتەریکە دابڕاو و تاریکی دەریاکەدا هەڵی دەڕوانی. کەشتییەکی گەشتیاران بەناوی گونەی سوو گەیشت و لە کەنارەکەدا وەستا، گڵۆپەکانی شەوقیان دەدایەوە، بەلەمیش کە چرا لە بەشی پێشەوەیاندا بوو، لە هاتووچۆدا بوون، ئاوەکە ڕەشی دەکردەوە و تیشکی گڵۆپەکانیش وەک لە ئاوێنەیەکدا بن، شەوقیان دەدایەوە. پاشانیش ئەستێرەکان هەڵهاتن و دەرکەوتن، لەیلا و پاوڵ گەڕانەوە بۆ هۆتێلەکە. بێگرینگیدان بەدەنگەدەنگی سەر جادەکە، خەویان لێ کەوت. تەنیا کە کەشتی گونەی سوو بۆقبۆقی ڕۆشتنی لێ دا، جارێک بەئاگا بوونەوە.



## ١٢

## بەشی سێ: کۆنسێرت

ڕەئووف کارپات، هەستی بەبەدبەختییەکی زۆر دەکرد، جا بۆ ئەوەی خۆی لەو بەدبەختییە لابدات و باشتر بیر بکاتەوە، چەندین دەمژمێر بەمەزراکەدا لە هاتوچۆدا بوو، هەر کەسێک لەتەک ویدا قسەی دەکرد، بەڕوو مۆن و گرژی دەزانی، ئەو چۆن دراوسێکان لەم بەدبەختییە ئاگەدار بکاتەوە و چیان پێ بڵێت؟ کێ دەیتوانی یارمەتی بدات؟ ئایا لەتەک ئیمامی مزگەوتدا لەم بارەیەوە قسان بکات؟ لێ، ئەویش تەنیا پەندی ژیرانە بۆ وتن ئامادە دەکات، کە هیچ هاوکارییەکی ئەم ناکەن. ئەی ئەگەر ئەساف لێرە بووایە؟ بەڵام پێدەچێت کە ئەو هەموو شتێکی خراپتر بکردبایە. چونکەی ئەو ئەسافی باش ناسدەکرد. پێدەچێت کە ئەو کاری خراپی لێ بووەشایەتەوە و لە بەرامبەر دەستەڵاتداراندا، بەهەڵستی بکردبایە. ئەو بیری لە حەسەنی باپیری خۆی کردەوە کە بوێری ئەوەی کردبوو، بزنەکانی دەرەبەگەکان لە لەوەڕگاکانی خۆی وەدەرنێ، بۆیە سەرباز هاتن و ئەمانیان بەکەلوپەلەکانیانەوە، ناچاری کۆچباری کرد. نێزیکەی یەک ساڵ بابی لەتەک ژن و منداڵەکانیدا، بێجێگە و بەچیاکانی تاورودا دەگەڕا هەتا توانی لە یەنیکۆیا، دەست بەژیانێکی هەژارانە بکاتەوە. نەخێر، بەرپەرچدانەوەی ئاغا و بەگەکان لە تواناکا نەبوو، بۆیە دەبێت گوێڕایەڵ بێت، هەتا هیچ نەدۆڕێنێت. ئەوان نووسیوویانە کە ئەو منداڵە، ئەڵمانییە. ئەو لێگەڕا نامەکەی چەندین جار بۆ بخوێننەوە باشە، ئەو منداڵێکی ئەڵمانە. بەڵام کوڕی ئەساف و کوڕەزای ئەمە، کەواتە خورتێکی تورکیشە!. نووسیبووشیان کە منداڵەکە پێویستی بەچارەسەرکردنی دەروونی هەیە، لە تورکیادا ئەو هەلومەرجە نییە، نە ئەم تێ دەگەیشت و نە پیاوی پۆستەکەیش کە نامەکەی بۆ دەخوێندەوە کەسێک تا نهاکە شتێکی وەک چارەسەری دەروونی نەبیستبوو. ئەوان چیان دەویست؟ خۆ ئەو کوڕە تەندروستی باشە، دەشبێتە شوان و گوندییەکی باش. بەڵێ،

ئەو لە سەرەتادا، جێی سەرسووڕمان بوو، چونکەی لە سووچێکدا دادەنیشت و جارجارەیش لەخۆی دەدا، یان هەر نەدەپەیڤا، عایشەیش وتی کە ئەو شەرمێونە. هەروایش بوو. ئەو شەرمێونە یان ماندوو. کە ئەوەیش هیچ جێی سەرسووڕمان نییە. پاش گەشتێکی دوورودرێژ و بەئۆتۆمبێل. هیچیش جێی سەرسووڕمان نابێت، کە مرۆڤ بچێتە وڵاتێکی نامۆ و کن کەسانی نامۆ، بەڵام ئەو هێدی هێدی خۆی گۆڕی، ئەو ساتانەشی کە ئەم بەخەیاڵەوە لەسەر جێگەکەی پاڵ دەکەوت، عایشە دەستی ئەوی دەگرت و کاتژمێرەکان بەمەزراکەدا دەگەڕان، عایشە پیشانی ئەوی دەدا، لە کوێدا کولەکە و خەیارەکانی دەڕوێن و لە کەیشدا، هاکا کەوتینە ڕنینەوە و چنینەوەی زەیتوون، لەتەکیا چووبووە کۆڵێتەکە و کن ئامێرەکان و پیشانی دابوو، چلۆن پەنیر دەکرێت، تکاشی لێ کردبوو کە هاوکاری بکات، لە سەرەتاوە ئەو شیری زۆری هەڵڕشت و هەڵپرژاند، بەڵام عایشە هیچ وشەیەکی خراپی پێ نەوت، بگرە هانی دا، پاش ئەو شەوە بەدبەختییە، کە هەرگیز لە بیری ناچێتەوە، ئیدی هەمیشە گوزەرانی باشتر دەبوو، ئەوەبوو کە خێرایش لەتەک عەلی و خورتە شوانەکان و پەزەکاندا، چوونە چیا و وەک پاڵەوانێکیش لە هێرشی بەرازەکاندا خۆی ڕاگرتبوو، نووسیبووشیان کەسێک دێت بەدوایدا و دەیباتەوە، ڕەئووفیش وەڵامی نەدابۆوە. وەڵامی چی بداتەوە؟ بڵێ وەرن و بیبەن؟ دەبوایە بینووسیایە کە دەمانەوێت، خۆشەویستەکەمان و هۆکاری بەختڕوونی پیریمان، لە کۆڵ بێتەوە؟ دەمانەوێت جێی شانازی ئەسافی بیلبیلەی چاوەکانمان، هەروا بە سانایی بدەینە دەست؟ عایشە چەندین ڕۆژە هیچ قسە ناکات، تەنیا بەمی وت: "تۆ دەبێت خۆت بڕیار بدەیت. ئەگەریش ڕێگاچارەیەک نادۆزیتەوە، ئەوا حەواڵەی لای یەزدانی دەکەین." عایشە ئیدی هیچ ناڵێت. ئەمەیش بۆ ئەم خراپ بوو، بەڵام لەوەها بەدبەختییەکدا، دەبێت لەتەکیا بدوێت و ئەم بەدبەختییەی لەتەکدا بەش بکات، بەتووڕەییەوە شەقێکی لە کوودییەک هەڵدا و پارچە پارچە بوو، بەو نیگەرانی و ئازارەوە، ڕووی لە کوێ بکردبایە؟ یان ئەمڕۆ دێن یان سبەینێ، نامەکەی لە فەرمانگەیەکی ئەنقەرەوە نووسرابوو، هەفتەی ڕابردوو گەیشت، ئەوەیش تەنیا نامەیەک بێت کە لە ژیانیدا و لە ئەنقەرەوە پێی گەیشتبێت، هەر کە زەرفەکەی بەدی کرد، هەستی کرد کە ناشێ







شتێکی باش بێت، هەر بۆیەش بەرەو فەرمانگەی پۆست چوو و وتی:

– یوسێف، ئەم نامەیەم بۆ بخوێنەرەوە، بەڵام بەهێواشی، هەتا لە هەمووی تێ بگەم!

سکاڵانووسەکەیش بەهێواشی بۆی خوێندەوە و بەبەزەییەوە تێی هەڵدەڕوانی، بەڵام ڕەئووف کارپات پرسیاری لێ دەکردەوە:

– هیچ بەهەڵەدا نەچوویت؟ جارێکی دیش بیخوێنەرەوە، بەڵام بەهێواشی، ئەم نامەیە لە ئەنقەرەوە، لە میری و لە باڵوێزی ئەڵمانەوە هاتووە مەگەر سەری نامەکە نابینیت؟ ناشێ وەها نامەیەک هەروا بێ پەروا گرینگی پێنەدرێت، دەی بێ مێشک، جارێکی تریشی بخوێنەوە!

پیاوەکە نەیدەویست کە بۆ ئەو کارە پارە وەربگرێت، بەڵام ڕەئووف لەسەر ئەوەی سوور بوو، هەر دەبێت پارەی بداتێ، بەڕێگەکەدا و لە ئێوارەکەدا، بەرەو ماڵ بووەوە. گەلەکە گەڕابووەوە. مەڕەکان کۆمەڵ کۆمەڵیان بەستبوو بەچکەکانیشیان بەکەیفسازییەوە لەبەر کۆتایی تیشکەکانی خۆردا هەڵبەز و دابەزیان بوو، عایشە ڕۆژانەی بەشوانکارەکاندا ئیسکەندەر لە سەر بەڕەیەکی بان مەڵۆ گیاکە و لەتەک منداڵەکاندا دانیشتبوو، نانی تازەی بەخەیارەوە دەخوارد، چلۆن زمانەکە فێر بووبوو؟ عایشەیش چەندی پێخۆش بوو کە گوێی لێدەبوو، ئەو بە بابانە بانگی دەکرد، چەندەیشی خۆشدەویست، هەربۆیەش خەمبارییەکەی بەئاشکرا دەرنەدەبڕی. ئەویش دەیزانی کە بۆیە عایشە وەها گونجاوە، کە ئیدی ڕەئووف کارپات، ئارام بێت و هێندەی دی دژوواریان بۆ پێش نەهێنێت، ئەرێ کێ ئەم بەدبەختییەی بۆ ناردووین؟ میری لە ئەنقەرە چی لە هەمبەر ئەم خورتەوە دەزانێ؟ میری ئەڵمان بەنیازبوون، چی لە ئەلێکساندەر بکەن؟ چارەسەرێک؟ تفی کردەوە و چووە پشتی خانووەکە. خۆرەتاوەکە نیشتبووە سەر ڕووخسارە چرچاویەکەی، بەتووڕەییەوە دەستی بەسمێڵیدا دەهێنا، چەند جارانیش دەردی گەیاندە لای خودا! کە باشترە ئەو ئەم نامەیە پووچ بکاتەوە؟ چونکە خۆ وەها کارێک لە چاو توانای ئەودا، هیچی وا نییە. چۆن بنواڕێتە چاوی کوڕەکەی، ئەگەر بێتو بیەوێت کوڕەکەی ببینێت؟ ئایا کوڕێک نابێت چاوەڕێی ئەوە بێت، کە باوکی باش ئاگەداری لە نەوەکەیەوە بکات؟ ئەساف

کوڕەکەی خۆشدەویست و داوای لە باوک و دایکی کرد، کە باش ئاگایان لێ بێت. بەڵام هەمیشە وەها بووە، کە هەموویان خۆیان بەخاوەنی گرفتەکان دەزانی. ڕەئووف چووە ماڵەوە و لێوانێک ئارەقی تێ کرد، زۆر لەوە گەورەتر کە ئەو لەوەو پێش و وەها بەخێرایی هەمووی هەڵبدات، وا بەدبەختییەکە کەوتووتە نێوانی ئەم و عایشێ وە، ئەوجا قوومێکیشی لە بووتڵەکە دا و دای نایەوە، لەگەڵ گەرمایی ئەلکهۆلەکەدا، تووڕەبوونەکەی زیادی دەکرد. نەیدەزانی چۆن تووڕەبوونەکەی ئارام بکاتەوە.

ئەو شەوە هەردووکیان خەویان لێ نەکەوت، دەووروبەری نیوەشەو کەوتە قسەکردن لەتەک عایشەدا، بەوەش خۆشحاڵ بوو کە ئەویش وەڵامی دەدایەوە.

– ئەگەر سبەینێ بێن....

بێدەنگ و مت بوو، ئەلێکساندەر لە بان پێخەفەکەی نووستبوو، دەیانتوانی گوێیان لە هەناسەدانەوەکەیەوە بێت و لەبەر تیشکی مانگەکەیشدا، دڕاوی بەرگەکانیان دەدی. ئەو گەورە بووبوو.

– ئەو لەم مانگانەدا بەهێزتر بووە.

– بەڵێ، ئەو وەک ئەسافەکەمان، دەبێتە پیاوێکی باش.

– چۆن دەتوانێت مەڕەکان تاقەت بکات، ئەگەرچی ئەم گەنجی شارییە، تا نهاکە شتی وەها ڕووی نەداوە، چۆن خێراکەیش فێر بوو.

– نا، چی دەڵێیت، کە ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەتەک ئەسافدا هەموو کارەکان دەکات، دوو پیاوی بەهێز..

– ئاخ عایشە، وەها مەڵێ، ئازاری هەیە.

– ڕەئووف، مرۆڤ دەبێت هیوای هەبێت.

– بەسەدان جار بیرم لێ کردووەتەوە. کە بۆچ چارەسەرێک نادۆزمەوە؟ هێندە گەمژەم؟

– هێشتاکە نەماندۆڕاندووە، پیاوەکە. لە بیرت نییە کە ئەساف پێی وتین: هاکا وەک باوک قبووڵ کرا؟ خۆ ئەو لەتەک میری ئەڵماندا و لەم بارەیەوە قسەی کردووە.

هەردووکیان بێدەنگ بوون، هەردووکیان نەیاندەزانی مانای چی؛ وەک باوک قبووڵ





بکرێیت؟ ئەرێ کەسێک هەبوو بۆیانی شی بکاتەوە باوک باوکە، ئیتر چی بێتە قبووڵ و ناسکردن؟ کێ داوای کرد کە ئەم وەک بابی ئەساف قبووڵ بکرێت؟ ئەسافیش باوکە و وەک باوکێک مامەڵە دەکات، ئەوان لە زۆر شت تێ نەگەیشتن کە ئەساف بۆی باس کردن، ئەوە چ دایکێک بوو کە ئەساف لە بارەیەوە قسەی دەکرد؟ ئەمانیش لێیان پرسی:" ئەی بۆچ ئەویش بۆ ئێرە ناهێنیت؟ بۆ چ کچەکەمان نەیەتە میوانداری و سەردانمان؟ ئەویش لابەلا وەڵامی دابووەوە، کە ئەو لە کارەساتی ئۆتۆمبێلدا گیانی لەدەستداوە. تەنانەت وێنەیەکیشی پیشانی ئەمان نەدا نەخێر، ئەمان هەستیان کرد کە ئەو نایەوێت لەمەڕ ژنەکەوە هیچ بڵێت، ئەمانیش زۆری لەسەر نەڕۆیشتن، ئەو ئیدی ئەو شوانەی جاران نەبوو، کە چووە ئاڵمانیا، بەڵکو ئەو پیاوێکی شیکپۆش بوو، کە هاکا بەئۆتۆمبێلی خۆیەوە گەڕایەوە بەڵێ، ئەو بەشتێک گەیشتبوو، ئەمانیش بەپاشاکەیان سەربەرز بوون، بەڵام هەستیشیان بەوە کرد، کە ئەو خۆشحاڵ نییە. تەنانەت ڕازیش لەگەڵ جاراندا جیاوازی هەبوو، بێدەنگ تر بووبوو. ئەو تەنیا بەکورتی سڵاوی لەمان کرد و ئیدی بەئۆتۆمبێلەکەی، چووە کن ماڵباتەکەی خۆی. دەی مرۆڤ لەمەیش تێ دەگات، بەڵام هەمدیسان دوو ڕۆژ بەر لە گەڕانەوەیان بۆ ئەڵمانیا ئەویان دییەوە، کە هات بەشوێن ئەسافدا، ئیدی ئەمانیش لە ساتی قسەکردنەکاندا، نەیاندەخواست بەقووڵی بەهەموو شتێکد ڕۆبچنە خوارەوە، چونکەی خۆ ئەو پیاوێکی پێگەیشتوو بوو، ئەمانە هەمووی لە حەوت مانگی ڕابردوودا ڕوویان دا کە ئەمانیش بیریان لە هیچ شتێکی خراپ نەدەکردەوە، هەتا ئەو نامەیە هات." دەی خۆ ئەسافیش لە ئەڵمانیایە، کەواتە ئیسکەندەرەکەمان بەتەنیا نییە، خۆ ئەو ئاگەدار دەبێت کە ئەم دەچێتەوە ئەوێ یان؟ نابێت هێندەش لە خەمیدا بین هەرکەس دەزانێت کە شت هەیە، وەک شتی دی سانا نییە، ئەگەر مرۆڤ کوڕێکی لە ئەڵمانیادا هەبێت، ئیدی گرفتی وەها ڕوودەدەن کە مرۆڤ بەسانایی لێی تێ ناگات ئیدی وەسایە، یان.."

– گەلێک باشە کە تۆ کێشەکە وەها دەبینیت، ڕەئووفەکەم، ئێمە هەمیشە بەبەرپرسیارییەوە ژیاوین و باوەڕیشمان بەخوا هەبووە. خواش لە کن خەڵکەکەی ئەڵمانیا هەیە و هەر خۆی دەزانێت، چ شتێک بۆ ئەو باشە،

– پێدەچێت کە ئەوان یەزدانێکی دیان هەبێت.

عایشە لە ژێر لێفەکەوە دەستی گرت، ڕەئووف وتی:

– باشترە کە سبەینێ، نامەیەک بۆ ئەڵمانیا بنێرم، هەتا ئەساف لە هەموو شتێک ئاگەدار بێتەوە، نەک لە خەڵکی ببیستێت.

– پیاوەکە ئەمە بیرێکی چاکە، هەموو شتێکی بۆ تێدا بنووسە.

ڕۆژی داهاتوو کە عەلی و خورتەکان، لەگەڵ گەلەکەدا بۆ چیا ڕۆیشتن، ڕەئووف چوو بۆ فەرمانگەی پۆست و چاوەڕێی کرد، هەتا سکاڵانووسەکە کاتی بۆ تەرخان کرد، ڕەئووف کاغەزێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و وتی:

– نامەیەکم بۆ کوڕەکەم بۆ بنووسە، ئەمەیش ئەدرێسەکەیەتی، یۆسێف، ئەوە بنووسە کە من پێتی دەڵێم.

"کوڕە خۆشەویستەکەم ئەساف

دایکت هەر زۆر باشە و ئەم بەیانییە گەلەکەمان بێ کەمایەسی و پێکەوە، ملی چیایان گرتەبەر هەموو شتێک ڕوو لە باشییە ئەگەر بەخت یارمەتیمان بدات، ئەوا ساڵی داهاتوو، سی مەڕی زیاترمان دەبێت، چونکەی خورتەکان باش بەدەمیانەوەن.کە مانگی ڕەمەزان هات، دەتوانین هەندێکیان بفرۆشین، لە مەزرایش هەموو شتێک بەباشی دەڕوات، کودییەکان هێندە گەورەن، هەر دەڵێیت ورگی ژنێکی سکپڕن، با ئیدی باس لە بەدبەختییەک بکەین، کە ئازارمان دەدات، نامەیەکمان لە میرییەوە بۆ هاتووە، کە تێیدا نووسراوە: دەبێت ئیسکەندەرەکەمان بۆ ئەڵمانیا بگەڕێتەوە، ئێمەیش نازانین بۆچ؟ ئەوان نووسیوویشیانە، ئەو منداڵێکی ئەڵمانییەو پێویستیشی بەچارەسەرە بەهۆی شتێکەوە کە کەسێک لێی تێ ناگات، بۆیەش لەم نێزیکانەدا دێن بەشوێنیا و بۆ ئەڵمانیای دەگێڕنەوە نەخێر، تا ئێستاکە ئیسکەندەر لە کن مەیە و تەندروستیشی باشە، بەڵام تۆ دەبێت بزانیت کە چاوەڕێی چی دەکرێت، هەتا تۆیش لە ئەڵمانیا لە خەمیدا بیت کوڕەکەم، بۆ من باشتر بوو کە هەواڵێکی ترم بۆ تۆ هەبووایە، بەڵام مرۆڤ دەبێت، باوەڕی بەیەزدان هەبێت و ڕەچاوی ڕێنماییەکانی میری بکات، دایکت ماچی زۆر و





باوەشپێداکردنت بۆ دەنێرێت.

باوکت ڕەئووف کە خۆشتی دەوێت

یەنیکۆیا، ٥ مانگی ٩ "

ڕەئووف لێگەڕا کە دووجاران نامەکەی بۆ بخوێننەوە، ئینجا دای خست و بردیە بەرپەنجەرەکە. بەسەرنجی گرینگەوە لەسەر کارمەندەکە، وتی:

– ئەمە نامەیەکی بەپەلەیە بۆ ئەڵمانیا، هێندەی پوول پێوە بنێ هەتا دەتوانیت، بۆ ئەوەی خێرا بگات! ئەگینا تۆ بەرپرسیار دەبیت.

## ١٣

لەیلا و پاولّ ڕۆژەکەیان لە بەرهەیوانێکی خانۆچکەیەکی سەر کەنارە بەردینەکە بەسەر برد، خانووەکەی هی خەڵکی شار بوو، کە لەم وەرزی ساڵانەدا، خۆیان سوودیان لێ نەدەبینی، چاودێری سەر دەریاکە لە بەرامبەر پارەیەکی بەخشیشدا، دەرگەکەی بۆ کردنەوە، بەڵام پێشی وتن کە دەست لە هیچ شتێکی ناو خانووەکە نەدەن. ئەگینا خاوەنەکەی لە ئەنقەرە، داوای دەرکردنی ئەم دەکات، ئەوجا ئەمانیش بەدانی پارەکاغەزێکی تر ئارامییان پێدا، هەردووکیان دەیانزانی کە ئەمە کۆتایی ڕۆژەکانی پێکەوەبوونیان دەبێت، بەڵام کەسیشیان هیچیان لەبارەیەوە نەدەوت. شەرابیان خواردەوە و نانی کونجی و پەنیریان لەگەڵدا دەخوارد، کەنارەکە تاڕادەیەک چۆڵ بوو تەنیا ژنێکی وێنەکێشی باریک و لەڕی فەڕەنسی، بەکاغەزەکانییەوە لە بەردەم یەکێک لە کۆڵیتەکاندا دانیشتبوو، کوڕێکی گەنجی ئەڵمانی بازرگانی پەڕتووکیش، سەری بەسەر ئەودا شۆڕ کردبووەوە، بەدەستی چەپ سڵاوێکی لەمان کرد، لەیلا و پاولّ خۆیان لەوان بەدوور دەگرت، دەیانویست سوود لە کۆتایی دەمژمێرەکانی پێکەوەبوون و کۆتایی ڕۆژیان لەم شارەدا وەربگرن، بەڵام نەیاندەتوانی پەلە لە شتێکدا بکەن، کە هەردەم نێزیکتر دەبووەوە، لەیلا لەسەر بەتانییەک پاڵکەوتبوو و سەرنجی لەسە رپاولّ بوو، وتی:

– چی دەبێت کە گەڕایتەوە بۆ ئەڵمانیا؟

– هەر نامەوێت بیریشی لێ بکەمەوە، هەر هێندەی تۆ بڵێیت کە لە تەکما دێیت، ئیدی هەموو شتێک لە جێی خۆیدایە.

لەیلا خۆی وەرچەرخاند، بەبێدەنگی سەرنجی بردە سەرخۆرە تۆپ ئاسا و سوورەکەی، نیوەی کەوتبووە پشتی چیاکانەوە.

– پاشاکەم، نهاکە پێت دەڵێم کە چی دەبێت.

پاولّ بەم قسانە ترسی لێ نیشت و لەیلایش درێژەی پێدا:





– تا ئێستا بەپیاوێکی وەک تۆ ئاشنا نەبووم، وەهایش بیر نەکەیتەوە کە من بڵێم: تۆ بۆ من پیاوێکی شیاویت، بەڵام ئەگەر بگونجێت، دەمەوێت تۆم بۆ هەمیشە هەبێت.

– بەوهیوایە بووم کە تۆ ئەمە بڵێیت. پێدەچێت هەر لەسەرەتاوە کە یەکمان دی، خواستێکی وەهام هەبووبێت.

– تکایە ساتی گاڵتەبازی نییە.

هەڵسا و لە بەردەمیدا وەستا، سووریی خۆرەتاوەکە بەسەر قژەکانیانەوە بوو، لەیلا وتی:

– تا ئێستاکە دەبێت هەستت بەوە کردبێت، کەی من پێداگرم و کەیش نا.

پاولّ پێ کەنی و هەوڵی دەدا لە ژێر تیشکەکەدا، گۆڕانەکانی ڕووخساری ببینێت.

– دەی فەرموو قسان بکە.

– لەگەڵمدا وەرە بۆ ئەڵمانیا یان با بیر لە شتێک بکەینەوە، کە بۆ ماوەی درێژ لێک دانەبڕێین.

– ئێ ئەمە یانی چی؟

– من دەتوانم لە ئەنقەرە، درێژە بەخوێندن بدەم. وەک خوێندکاری مێوان، خۆ پاولّ هیندیمیتیش، لێرە خوێندوویەتی و ژیاویشە؟

–هیندی... چی..؟ شتی وەهام هەرگیز نەبیستووە، بەڵام بەهەرحاڵ بیرەکە خراپ نییە لەو باوەڕەیدا نیت ئەگەر بمانەوێت چارەسەرێک بدۆزینەوە، دەیدۆزینەوە؟

پاولّ هەڵسا و دەستی بەقژیدا هێنا، ئیدی تاریکی کردبوو. گەلەیەک لە گا و کەر بەڕۆخەکەدا ڕابووردن، پاولّ دەستی گرت و بۆخۆیی ڕاکێشا:

– لە گەشتەکەماندا بۆ ئەنقەرە، لەسەر ئەم بابەتە دەوێین.... دەرگەکەی کردەوە، نهاکە لە چارەسەرێکی تردام.

لەیلای بەرەو ماڵەکە بەکێش کرد، کە دەبوا هیچ ئاڵوگۆڕێکیان تێدا نەکردبایە ئەوجا بەئاگاییەوە، دەرگەکەیان لەسەر خۆیان داخست.

بەیانی زوو ڕێکەوتن. لەیلا دەبووایە هەموو هونەرێکی ئاژوتنی خۆی بەکار هێنابا، چونکەی جادەکە هەر چاڵوچۆڵی و تاسە بوو، جادەکە بەرەو چیا هەڵدەکشا و تا

دەهات پێچ و ملەکان زیاتر دەبوون، جارجارە بە ڕێگایەکی بەرتەسکدا دەڕۆیشتن کە چەند سەد مەترێک بۆ خوارووتر کەندەڵانی بوو، چەند جارێک ڕایان گرت، هەتا چێژ لەو جوانییە وەربگرن، هەر کە سەختترین دەربەندیان لە پشت خۆیانەوە جێهێشت سەرنجیان کەوتە سەر بەرزاییەکی بەرهەمدار، ئەو ناوە زەرد هەڵگەڕابوو، کە دیارە مەڕەکان لێیّ لەوەڕابوون، لە هەندێک جێیش سووتابوو گوندییەکان کولەکە و خەیار و فاسۆلیایان دەرنییەوە و دەچنییەوە، کەرەکانیش بەگارییەکانەوە، لە لێواری بێستانەکان وەستابوون، هەتا ئەو بەرهەمە بگوێزنەوە، ماوەیەکی زۆر لەیلا بەبێدەنگی لێی دەخوڕی و پاوڵیش هیچی نەوتبوو، بۆیە پاوڵ پرسی:

– لە خەمی ئەو کارەدایت کە پێیان سپاردوویت، وانییە؟

ئاوڕێکی کورتی لێدایەوە و وەڵامی دایەوە:

– لە کوێوە دەزانیت؟

– چونکەی وای دەبینم، خۆ تۆزێک دەتناسم.

لەیلایش پێکەنینێکی کرد.

– من ئەوە دەکەم کە دەتوانم، خۆ بڕیاریش لە دەستی مندا نییە.

– لە کێشە و گیروگفت دەترسیت؟

– لە ڕاستیدا نەخێر، گوندە چیاییەکان، مرۆڤی سادە و میهرەبانن. ئەگەر بەدڵی ئەوان نەبێت، کە ئێمە ئەو کوڕە لەتەک خۆماندا بەرین، داوای لێبووردن دەکەم. ناشبێت ئەوان بۆ ئەم هەڵوێستە من بەبەرپرسیار بزانن.

– بێشک بۆیان نییە کە وەها بڕیارێک بدەن.

– هێشتا بیر لە گفتوگۆکەی دوێنێمان دەکەیتەوە؟

– من بیر لە هیچ ناکەمەوە، تەنیا ترسم هەیە، نامەوێت تۆ جێ بهێڵم.

– خۆ دەزانیت کە منیش لێرەکانە کاری خۆم هەیە، هەروا ئاسان نەبوو کە وەها کارێکم دەست بکەوێت، چونکەی ئازادییەکەشم بۆ من زۆر گرینگە.

– لە باڵوێزخانە چەندە وەردەگریت؟

– پارەی خراپ نادەن، بەڵام بەڕاشکاویش بڵێم، لە وەها پارەیەکیش وەها





ئۆتۆمبێلێکم بۆ نەدەکڕدرا.

– کەواتە چۆن پارەکەی دەدەیت، چونکەی خۆ تۆ نە مێردێکی دەوڵەمەندت هەیە و نە بەمزوانە و خێرایش، دۆستێکی زەنگین، لە پارەی دایکت؟

لەیلا بنێشتێکی خستە دەمییەوە:

– نا، نا، ئەو خۆشی پارەی زۆری نییە، پێدەچێت کە تۆیش بێ چاوڕوویەک بیت و لە دووی وەها مارەکردنێکدا بگەڕێیت، بۆیە دەتەوێت بزانیت. بەڵام بەهەرحاڵ، وا ئێستاکە تێی کەوتووم... بەڵێ، ئەوەیش بەسەرهاتێکی سەیرە، لە سەدەی هەژدەدا خەلیل حەمید پاشا ناوێک، وەزیری سوڵتان دەبێت، ئەو کابرایە یەکێکە لە پشتاوپشتەکانمان، کە دەگەڕێتەوە بۆ خێزانێکی بەئاین کریستی ئەلبانیا، ئەو زەمانە زۆر کەم لە کاربەدەستەکان تورک بوون، بگرە بیانییە ژیرەکان بوون کە ڕێگەی بەرتیلیان نەدەدا. ئەو یەکێک بووە لە باشترین کاربەڕێوەبەرەکان، دوای دۆڕانی شەڕ لە هەمبەر ڕوسیا و هابسبورگدا، چووبووە بەردەمی سوڵتان و وتبووی: ئیدی لە داهاتوودا، کەسێک بەرپرسیاری ئەوە هەڵناگرێت کە بەبێ بودجەیەکی ڕێکوپێکی دەوڵەتی، سەرپەرشتی وڵات و جەنگیش بکات، سوڵتانیش لەسەر تەختی پادشاییەکەی دانیشتبوو کە لە داری ماهاگۆن بوو و دیاری ماهاراجایەکی هیندی بوو، بەئارامییەوە گوێی لە هەمووی گرتبوو، کە خەلیل حەمید قسەکانی تەواو دەکات،پاشاهەڵدەستێ و دەکەوێتە هاتوچۆ، پاشانیش فەرمان بەپارێزەرەکانی دەدات کە سەری خەلیل حەمید لێ بکەنەوە، ئەوجا بۆ ئەم فەرمانە دوو هۆکار ناو دەبات: تۆ نە باوەڕت بەژیری و زیرەکی من هەیە و نە باوەڕیشت بەوەیە کە یەزدان لە بەرەی ئێمەیە، ئەوجایش ئەگەر سەری کاربەدەستێکی باڵا لە لەشی لێ بکرایەتەوە، ئەوا هەموو سەروەتەکەی دەبووە هی سوڵتان، بەڵام ئەو ئورهانە ژیرە دەبێت زانیبێتی کە چی ڕوودەدات پێش لەوەی بۆلای سوڵتان بچێت، ڕێکخراوێکی خێرخوازیی بەناوی خواناسییەوە دامەزراندووە کە بەم جۆرەیش سوڵتان نەیتوانیوە دەست بەسەر سەروەتەکەیدا بگرێت لە دامەزراندنی کۆمارەوە، ئەو جۆرە سەروەتی خێرخوازییە، بەمافی پاشماوەکانی ئەو ماڵباتە قبووڵ کراوە و گەڕێنراوەتەوە بۆیان، چارەکێکی دەبێتە زەریبە بۆ دەوڵەت، چارەکێکی دەخرێتە کارەوە و باقییەکەشی،

بەش دەکرێت بەسەر ئەندامانی پاشماوەکاندا کە بۆ هەر کەسێک کەمێک دەمێنێتەوە بۆ هەر یەکێک لەوانە هێندە زۆر نییە، بەڵام تۆزێکیش لۆکسۆسە.

بەهێواشی چوونە شوێنەکەوە و لەبەر پۆستدا ڕایان گرت کە لەیلا دابەزی و بەرەو سکالانووسەکە چوو، ئەویش هەڵبەزییەوە، کڵاوەکەی لەسەری داگرت و لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەستی ماچ بکات، لەیلا هەواڵی ڕەئووف کارپاتی پرسی، کابرایش وتی:

– بۆ کۆتایی گوندەکە، ئەفەندم، کۆتایی خانووشە، ئەگەر هەستتان کرد کە ئیدی خانوو نەماوە، دەیبینن. لە لای چەپەوە سپی بۆیاخ کراوە و بەگوڵیش ڕازێنراوەتەوە، لە خزمەتداین... خانمی هێژا.

لەیلا سەرکەوتەوە.

– ئەرێ ئەوە چ پێشوازی لێکردنێک بوو؟ هەر دەتگۆ ڤیکتۆریای شاژن، بەبەردەستێکی دەگات. ئەو پیاوە تۆ دەناسێت؟

– هەرگیز یەکمان نەدیووە، بەڵام لای ئێمە وەسایە خەڵکی سادەی گوند خێرا هەست بەکەسان لە چینی سەرەوە دەکەن، ئەوجا قاچیشمان ماچ دەکەن، هەروەک لە سەردەمی سوڵتانەکاندا بین.

– ئەی تۆ بەمە ڕازیت؟

– نەخێر، بەڵام ناشتوانم بیگۆڕم ئەوانیش لەوە زیاتر هیچی دی نازانن. پاشماوەیەکی سەردەمی خاوەن زەوییە گەورەکانە، کە قسە هەر قسەی ئەوان بوو و جووتیارە بێ زەوییەکانیان، وەک پارچەیەک لە لەشی خۆیان دەزانی، لە هەندێک بەشی تورکیادا تا ئێستایش هەروایە، نەمدەتوانی پێشگیری لێ بکەم.

چوونە چایخانەیەکەوە تا چا بخۆنەوە و هەندێک کێکیش بخۆن، چونکە وایان دەزانی کە ئەم چەندین خولەکە، ئەو خولەکە کەمانەن کە تەنیا بۆ خۆیان و پێکەوە بن، بۆیە دەیانویست، چوونەکەیان بۆ ئەوێ دواخەن.



## ١٤

هیچ دژووار نەبوو خانووەکە بدۆزنەوە، ئۆتۆمبێلەکەیان لە کەنار جادەکە ڕاگرت و لەیلا لە دەرگای دا، کەسی تێدا نەدەبینرا، بەدەووری خانووەکەدا وەرچەرخا و لە پەنجەرەیەکەوە ڕوانییە ژوورەوە ژنێکی بەدی کرد کە کوڕێکی گەنجی لە نێوان قاچەکانیدا ڕاگرتبوو، قژەکانی بۆ شانە دەکرد گەنجەکە باریکەلەیەک بوو و قژی چڕ و ڕەشی هەبوو باش خۆی گۆڕی بوو لە ژێر چاکەتە بۆرەکەیەوە، سەردەستی کراسە سپییەکەی دەرکەوتبوو. دیاربوو کە ژنەکە لەتەکیا قسەی دەکرد، چونکەی ئەویش پێ دەکەنی و ڕووخساری چرچ و لۆچ دەبوو، لەیلا بەئاگاییەوە لە پەنجەرەکەیدا و ژنەکەیش خێرا ئەمی دی، هات و دەرگەکەی کردەوە.

– ئێوە هاتوون خورتەکە ببەن؟

لەیلا سەری لەقاند، دەستی بەژنەکە دا و ڕوومەتەکانی ماچ کرد:

– بەڵێ نەنە، ئێمە دەمانەوێت کە لەتەک خۆماندا بۆ ئەنقەرەی بەرین، خۆ ئاگەدارن؟ ئێمە باش ئاگامان لێی دەبێت.

– هاکا ڕەئووفی مێردیشم هاتەوە، ئەو زۆر لێرەوە دوور نییە تکایە، دەتوانن تا ئەو دەگەڕێتەوە چاوەڕێ بکەن؟

– ئێمە پەلەمان نییە و پەلەی لێ مەکە، چۆنتان دەزانی کە ئێمە ئەمرۆ دێین؟

– نیوکاتژمێر لەمەوبەر، لە گوندەکەوە یەکێک ئاگەداری کردینەوە، خەڵکی دەزانن کە لە دوی ئیسکەندەرەکەمان دێن و دەبرێتە ئەڵمانیا، ئەو هەرچییەکی بۆ ڕێگە پێویست بێت، لە ناو ئەو جانتایەمان خنیووە، بەرگەکانی و ئەو شتانەشی کە ئەو حەزیان پێ دەکات ئەو حەزی لە نان و پەنیری سپی و خەیار و زەیتوونیشە. لەو باوەڕەیدام ئەو لە ئەڵمانیا، ئەوانەی نادرێتێ، کێکێکیشم بۆ کردووە.

لەیلا دەستی لە پاوڵ هەڵتەکاند، بێتە ناو خانووەکەوە ئەو دەبووایە بەژێر گرێژنەی

دەرگەکەدا خۆی دابنەوێنێت، سەرنجی کەوتە سەر دوو ئامێری تەلیی گەورە و بچوک، کە بەدیواری بەرامبەر ئاگردانەکەوە هەڵواسرابوون، حەزی دەکرد بەدەستیانەوە بگرێت و گوێی لە ئاوازیانەوە بێت، ژنەکە داوای لێکردن کە چایان بۆ ئامادە بکات، بەڵام ئەمان نەیانویست، وتیشی: یان دەخوازن عارەق بخۆنەوە؟ ئەمانیش وتیان ناو، لە ساتی ئۆتۆمبێل لێخوڕین نابێت. بەڵکو لێوانێک ئاو ژنەکە چووە سەر بیرەکە و ئاوی هێنا جامەکان قووپاو و بەکار هاتوو بوون بەڵام ئاوەکە فێنک و خۆش، ساتێک ژنەکە سەرگەرم بوو، گەنجەگە بێدەنگ لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، سەرنجی لەم نامۆیانە دەدا، قاچەکانی ڕادەژەن و لەبەر خۆیەوە ورتەی بوو، پاوڵ بەئەڵمانی لەتەکیا قسەی کرد:

– دەزانیت کە پێکەوە گەشتێک دەکەین؟

– بەڵێ.

– لەوێکانەیشدا جانتایەکی گەورەیە کە دایەگەورەت بۆی ئامادە کردوویت.

ئەلێکساندەر، بێگیرکردن قسەی کرد:

– بەڵێ، ئەوە جانتایەکی گەورەیە، بەشتی منەوە.

– جا بۆ ئەوەی کە شتەکانت هەر خێرا نەخورێن، لەسەر ڕێگەیش لە خواردنگەیەک نان دەخۆین.

– هەمووی لەگەڵ خۆمدا دەبەم بۆ ئەڵمانیا.

کە ڕەئووف کارپات خۆی بەژووردا کرد، تارمایییەک دروست بوو، ئەو هەوڵی دا کە دەستی لەیلا ماچ بکات، بەڵام لەیلا بەقسەکردنەوە سەرگەرمی کرد، بەڕەئووف بەگ ناوی دەبرد و تێگەیشتنیشی بۆ نیگەرانییەکەی هەبوو. پاوڵ حەزی دەکرد پرسیاری لە بارەی ئامێرەکانەوە لێ بکات، بەڵام وا دیار بوو کابرا لە پەلەبروزێدایە، ئیدی بێ ئەوەی داوای لێ کرابێت، جانتاکەی هەڵگرت، بەرەو ئۆتۆمبێلەکە ڕۆیشت و خستییە سەر کورسییەکی دواوە، پاوڵ ڕووخساری وەک بەردەکەیی دی، ئەم پیاوە بەدەستووری خۆی، چارەسەری خەمەکانی دەکرد، پاوڵیش هەستی بەنیگەرانی کرد.





دەستیان دایە ژنەکە و بەرەو ئۆتۆمبێلەکە چوون، ڕەئووفیش کەمێک دێرتر لەتەک منداڵەکەدا هات، ژنەکە بەحەوشەکەدا چوو بۆ گەنجینەی کەلوپەلەکانی ئەوبەرو ئیدی نەهاتەوە، ڕەئووف چەند مەترێک لەتەک منداڵەکەدا ڕۆیشتە ئەولاترەوە، پاشان دیان چۆن ڕەئووف هەردوو دەستی خستووەتە بان سەری گوێشیان لێ بوو کە شتێکی دەوت، بەڵام لێی تێنەدەگەیشتن دیشیان کە بۆ جارێکی دیش باوەشی پێدا کردەوە ئەوجا هاتنەوە کن ئۆتۆمبێلەکە، منداڵەکەی بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە و سەر کورسییەکە بەرز کردەوە، بەدەووری ئۆتۆمبێلەکەدا خولێکی خوارد و بەلەیلای وت:

– ئەگەر وەکو خواستی خوایە، دەبا لاوۆ بچێتە ئەڵمانیا، چونکەی خوا دەبێت بزانێت، کوێ بۆ ئەو باشە. بەڵام لە هیچ جێیەکی ئەم دنیایەدا، هیچ شوێنێک بۆ ئیسکەندەر لێرە باشتر نابێت.

خۆی وەرسووڕاند، ئیدی بێ ئەوەی جارێکی تر ئاوڕ بداتەوە، چووە ناو خانووەکەوە.

ئۆتۆمبێلەکە هێدی هێدی کەوتە جووڵە، هەتا سەر جادە سەرەکییەکە بەبێ دەنگی ڕۆیشتن.

– دەتوانین ئەمڕۆ بگەینە ئەنقەرە؟

– ئەگەر بمانەوێت، ئا، بەڵام چی دەڵێیت کە لە ڕێگە جارێکی تر شەو بکەینەوە؟ یان لە ئەفیون کە نیوەی ڕێگەکەیە.

– کاتت هێندە هەیە؟

– تەلەفۆن بۆ باڵوێزخانە دەکەم و پێیان دەڵێم، کە هەر شت بەباشی بەڕێوە چوو، خورتەکە لەتەک خۆماندا دێنین، ئەوانیش ڕازی دەبن، نابێت کارێک بکەم کە بزانن، لەتەک تۆدا بەرێگەوەم.

– بۆچی نا؟

– چونکەی ئەوسا ئەڵمان باوەڕیان بەتوانای ژنێکی تورک نابێنێت، دەتوانیت بێیتەپشت سووکانەکەوە؟

لەیلا ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و چووە سەر کورسییەکەی تر دانیشت، هەتا لەتەک

خورتەکەدا بەتورکی قسان بکات، پاوڵ هەستی کرد کە وەڵامەکانی ئەلێکساندەر، بەکورتی، بەنا و بەڵێ بوون، لەوە دەچوو پاشان باسی شتێکی گرینگی بۆ کردبێتەوە، بۆیە هێنایە سەر حاڵ، پێنج خولەکێک بەسۆز و خۆشەویستییەوە لەگەڵ دەست باداندا، لەتەکیدا پەیڤی، پاوڵ لە ئاوێنەکەوە ڕووخساری کوڕەکەی دەدەی کە سوور هەڵگەڕابوو بەڕووخساریدا دەیار بوو، گوزەرانی باشتربووە، لەیلا بەچرپەوە بەپاوڵی وت:

– ئەو باسی سەرگەرمییەکەی لەتەک پەز و بزنەکان و عەلی شواندا دەکات. ژیانی لەتەک دایە وبابەگەورەدا.

ئەوجا خۆی بەلای کوڕەکەدا وەرگێڕایەوە و کەوتەوە قسەکردن. پاش دوو دەمژمێر دەرکەوت کە ئەلێکساندەر ماندووە، لەیلایش جانتاکەی بەلادا برد و وای بۆ ئامادە کرد، کە ئەو بتوانێت وەک سەرین بەکاری بێنێت، بەبەتانییەکیش دای پۆشی، هەر خێرا خەوی لێ کەوت، ئەمانیش بەئاسپایی قسەیان دەکرد، هەتا بەئاگا نەبێتەوە، لەیلا وتی:

– ئەو دەڵێت کە لە ئەڵمانیا و لەتەک منداڵانی تردا، لە خانەیەکی منداڵان بووە. یەکەم جار لە جێیەک کە ئەو هیچ بەدڵی نەبووە پاشان هێناویانە بۆخانەیەکی دی، کە بەلایەوە باش بووە، تا ڕۆژێک بابی دەردەکەوێت و ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە،بەبەردەوامی سەردانی کردووە زۆر جێی سەرسوورمانە کە ئەو دەتوانێت باس لە هەموو شتەکانی ڕابردوو بکات، تەنانەت باسی پێخەفەکەی خۆی، لە ژووری دایە و بابەگەورەدا کە باسی جەڵەبە مەڕ و منداڵەکان و محەمەدی هاوەڵی کرد، زۆر بەتام و چێژ و حەزەوە دەیگێڕایەوە، بەداخەوە...

گەیشتبوونە چیاکانی تاوروس، جادەکەیش هێندە ئۆتۆمبێلی بەسەرەوە نەبوو.

– ئەی باسی فڕاندنەکەی نەکرد؟

– حەزم نەکرد ئەو پرسیارەی ئاراستە بکەم، تێ دەگەیت؟

– جا تێ دەگەم یان تێ ناگەم، خۆ هیچ پێوەندییەکی بەئێمەوە نییە.

پاوڵ جگەرەیەکی داگیرساند و پەنجەرەکەی لای خۆی کردەوە، وتی:





– بابەتێکی گرینگە منداڵێک بەبێ پێناسە و بەقاچاغ بەسنوورەکاندا ببەیت. دەبێت زۆر کارامە ڕێکیان خستبێت، حەزم دەکرد بزانم چۆن؟

– تەنیا باوکی دەتوانێت لەم بارەیەوە شتێک بڵێت، من لەو باوەڕەیدام، کە دایە و بابەگەورەی هیچ لەبارەیەوە نازانن.

– ئەگەری ئەوە هەیە نەیزانن، چونکەی کە ئێمە چووین بەشوێنیدا، نە کردیانە شیرە شیرِ و نە گریاشن کە ئەگەر وەسا بووایە، کارەکەی خراپ دەکرد.

– پێم وایە ئەوەیش شێوەی تایبەتی خۆی بوو، چۆن لەتەک گیروگرفتدا مامەڵە بکات.

– من لەوەیش تێ دەگەیشتم، ئەگەر ئەوان ئێمەیان بەنەفرت بکردبایە.

– وەسایە، مرۆڤ ئەو کەسە بەنەفرەت دەکات، کە لەو جێیەدایە ئیدی مەسەلەیەک نییە، ئەو بەرپرسیارە یان نا.

– بەڵام ئەوان وەهایان نەکرد.

– ئەی وتی بەوە خەمبارە کە دەبێت دوور بکەوێتەوە؟

– پرسیاری وەهام لێ نەکرد، هیچ سوودێکی نییە، ئازاری دڵیشی بدەیت ئەوەی کە دەتوانین بۆ ئەوی بکەین، لە گەڵیدا میهرەبان بین.

– لە ئوتێلەکە چی لێ بکەین؟ سەرنجیشی دایە لەیلا

لەیلا پێکەنی و وتی:

– ئۆ یەزدان، لەو بارەیەوە هەر بیرم نەکردووەتەوە. ئێمە بەهیچ جۆرێک ناتوانین ئەو لە تەنیا ژوورێکدا دابنێین و دەرگەکەی لەسەر دابخەین، هەر لەبەر ئەوەی کە خۆمان شەوێکی ئارامان هەبێت.

– نەخێر شتی وەها نابێت، داوا دەکەین کە لە ژوورەکەماندا، جێیەکی بۆ دابنێین، بەداخەوە، بەڵام دەبێت وەهایش بکەین.

– بەداخەوە.

ئەوجا بۆ پاوڵ پێکەنی و سەری نایە سەر شانی، دوای دوو کاتژمێری تر لە خواردنگەیەکی ڕۆخی جادەکە لایاندا، ئەلێکساندەر لە ساتی بەئاگابوونەوەدا،

نەیدەزانی لە کوێیە، وشەی وای دەوورتاند کەسێک لێی تێنەدەگەیشت. ڕووخساریشی حاڵەتێکی وەهای گرتبووە خۆ، دەتگۆ ڕێ لە هاتنە دەرەوەی فرمێسکەکان دەگرێت کە لەیلا دەستی گرت، بەرهەڵستی نەکرد، هەمدیسان بەتورکی لە گەڵیدا قسەی کرد و لە پێڵاو لە پێکردندا هاریکاری کرد، ئەلێکساندەر چووە بەر ڕەفەی خواردنەکان، قاپێک ماست و دوو جۆر کێکی بۆ خۆی داوا کرد. لەیلا و پاوڵیش بەدەم قاوە خواردنەوەوە گفتوگۆیان دەکرد، بەلایانەوە جێی سەرسوورمان بوو کە هەر لە خۆیەوە بەشداری گفتوگۆی ئەمانی کرد و وتی:

– باوکیشم زۆرجار قاوە دەخواتەوە، بەڵام ئەو وەک ئێوە شیری تێ ناکات.

– لە کوێ دیووتە کە باوکت قاوە دەخواتەوە؟

– لە گەشتە دوورودرێژەکەماندا بەئۆپل ئۆڵۆمپیاکەی و لەتەک خاڵە ڕازیدا کە جارجارە پشوومان دەدا، ڕازی زۆر جار گۆرانی دەوت، جارجاریش باوکم و ئەو گۆرانیان دەچڕی، منیش دەبووایە فێریان بم.

– لە ڕێگە جێی زۆرت دی؟

– من هەموو ساتەکان خەوتبووم، ئیستەنبوڵ جوانترین شارێک بوو کە من تا نهاکە دیتبووم هەموو شتێک گەورەیە دەبوایە هەمیشە لەتەک بابم وخاڵە ڕازیدا، فێری تورکی ببم هەر فێربم..

پێکەنی و گازێکی لە کێکەکە گرت، وتیشی:

– دەتوانم ئاو بێنم؟

– بێشک، دەی ڕاکە.

ئەلێکساندەر هەڵسا و چووە بەر مێزە شووشەکە، سەری نەدەگەیشتە لێواری سەرەوەی مێزەکە، دیان کە چۆن پیاوەکە لەتەک چۆمانەوەیەکدا، لێوانێک ئاوی پێدا. ئەویش بەئاگاییەوە هێنایە سەر مێزەکە.

– ئەو پیاوە میهرەبان بوو؟

– ئەی ئەو چی وت؟

– ئەو بەئەڵمانی قسەی لەتەکدا کردم، نەک وەک منداڵێک.





– حەز ناکەیت کە خەڵکی لەتەک تۆدا، وەک منداڵێک بپەیڤن؟

– نەخێر. دایە و بابەگەورەیش، وەها لەگەڵمدا ناپەیڤن.

– ئەی تۆ باسی عەلیت کرد، خۆشت دەوێت؟

– ئەو زۆر لەبەر دڵانە، بەڵام ئەو کەمدووە، ئێواران لەبەر ئاگردا، چیرۆک دەگێڕێتەوە.

– چ جۆرە چیرۆکێک؟

– نازانم، ئێمە تێنەدەگەیشتین، چیرۆکی گەشتێک، بەڵام هەر هەموو دەیانویست گوێی بۆ ڕادێرن.... لەبەر خۆشییەوە پێکەنی

– ئەو منداڵانەی کە لەتەک ئێوەدا دەهاتن، لەتەک تۆدا باش و میهرەبان بوون؟

– لە دەستپێکدا، سەیر و نامۆ بوون، پاشان محەمەد بووە دۆستم و ئینجا ئەوانی تریش، محەمەد بەردهاوێژێکی پێشکێش کردم کە لە جانتاکەمدایە، جارێکیان کە لەسەر گابەردێکی گەورە وەستابووم و ئەوانیش بەدەوروپشتدا بوون، گۆرانییەکم چڕاند ئیدی هەموو دامانە پێکەنین.

لەیلا پرسی:

– بۆچ پێکەنین؟

– لەبەر ئەوەی گۆرانییەکی ئەڵمانی بوو! چونکەی ئەوان هیچ تێنەگەیشتن.

بەبیرهێنانەوەی ئەو دیمەنە، کەوتەوە پێکەنین.

– ئەوان لە لایەن بابەگەورەوە پارەیان دەدرایە، بەڵام بەمن نا، بابەگەورە دەیوت، بۆ تۆ نابێت، چونکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر هەمووی هی تۆن، بەڵام ئەگەر بمویستایە، لووقمێک یان کۆلایەک بکرم، پارەی دەدامێ.

– بەوە ڕازی بوویت؟

هەر وەک بۆی گرینگ نەبێت، شانەکانی هەڵتەکاند. لەیلا ووردە کێکەکانی بەسەر چاکەتەکەیەوە تەکاند و کەوتنەوە ڕێ، لە شاری ئەفیون و لەسەر جادە سەرەکییەکە، ئوتێلێکیان پەیدا کرد، تکایان لە نووسینگەکە کرد، پێخەفێکی زیادە لە ژوورەکەیاندا دابنێن، پاوڵ جانتاکەی ئەوی بەپلیکانەکەدا سەرخست، بەڵام ئەلێکساندەر جەختی

کرد، کە خۆی جانتا قوورسەکەی خۆی هەڵدەگرێت، پاشان هەتا دەمژمێری نۆ و نیو لە خواردنگەیەک مانەوە، کە دیان وا ئەلێکساندەر ماندووە، گەڕانەوە بۆ ژوورەکەیان، لەیلایش یارمەتی دا، جلی خەوەکەی بدۆزێتەوە، پاشان پێی وت:

– دەتەوێت گوێ لە چیرۆکێک بگریت.

ئەویش سەری لەقاند

– بەئەڵمانی یان بەتورکی؟

– تۆ چۆنت دەوێت.

لەیلا نیو کاتژمێر کەوتە گێڕانەوە. پاوڵیش لەسەر پێخەفەکەی پاڵکەوتبوو، گوێی گرتبوو. ئەگەرچی هیچیش تێنەدەگەیشت. بەڵام شتێکی تێدا دۆزییەوە، خۆ ئەمە لەیلایەکی ترە زۆر ژنانە و دایکانە قژیشی تەواو بۆ پشتەوە هەڵدابووەوە. ئەو چۆن لە لێواری پێخەفەکەی ئەلێکساندەر دانیشتبوو، دەستی ئەو لە دەستەکانیدا بوو، ئەم دیمەنە زۆر کاری کردە سەری، هەر وەک وێنەیەکی ناو پەڕتووکی حەکایەتە کۆنەکان. ئەلێکساندەر بووبووە بەندی گێڕانەوەکە، چاوەکانی لەسەر لەیلا ڕاگرت بوو و لە خۆشی شڵەژانی دەروونیدا، ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕابوون. کە بەئەڵمانی پێی وت: "ئیدی بخەوە." ئەویش گوێڕایەڵانە خۆی بەودیودا هەڵگێڕایەوە و چاوەکانی نووقاند، لەیلایش بەئاسپایی دای پۆشی، دوای چەند خولەکێکی کەم، بەهەناسەدانەوەکەیدا زانیان کە خەوی لێ کەوتووە، ئەوانیش خۆیان پاڵخست، کە تەواو ئەرخەیان بوون ئەو قووڵ خەوتووە، کەوتنە چپە چپ، پاوڵ پرسی:

– دەتەوێت ڕۆژێک لە ڕۆژان منداڵت هەبێت؟

– بەڵێ، سروشتییە، ئەی تۆ؟

– منیش، دووان یان سیان.

لەیلا بەرپەرچی دایەوە:

– من تەنیا دانەیەکم دەوێت، کە تۆ سیانت هەبێت و منیش دانەیەک، ئەمە بەیەکەوە چوار نابێت؟

ئەوجا بەفزوڵیەوە لێی هەڵڕوانی، پاوڵیش وەڵامی دایەوە:





– ئەمە شێوە حساباتێکی سەیری تورکییە.

– بۆچی؟

– چونکەی من هەموو منداڵەکانم لە تۆ دەوێت، جا ئەگەر پێویستیش بوو، با چوار بێت.

لەیلا بەئاسپایی پێکەنی، گازێکی لە سەر شانی گرت و ماچێکیشی کرد، ئەوجا بەهێواشی لێی پرسی:

– ئەوەیش ئامۆژگارییەکی باشی تورکی بوو؟

– هەموو ئەو شتانە ژبیر دەکەم کە لە ئەڵمانیادا فێریان بووم.

– هەر خێرا ئەو ئافرەتانە ژبیر بکە، کە تۆ جارێک لە جاران یان لەگەڵیاندا قسەت کردووە، یان شتێکت لەگەڵیاندا هەبووە، ئیدی هەرگیز بیریشیان لێ نەکەیتەوە، بەڵێنم پێ دەدەیت!

– باشە، باشە، بەڵێنبێ، بەڵام وەک تورکێکیش دەبێت باش بیزانیت، هەر شتێک پێوەندی بەمنداڵەوە هەبێت، پیاو خاوەن بڕیارە.

ئەوجا بەئاسپایی پێکەنی، لەیلایش وتی:

– لەبەر ئەوەی کە لە ئەڵمانیادا پیاوەکان ناتوانان، بۆیە ژنەکە بڕیاردەری ژن و مێردایەتییەکەیە.

پێ دەچێ مافی ئەوەشت هەبێت کە... نەخێر، جارێ خۆتم دەوێت، پاشان باسی منداڵ دەکەین.

لەیلا وتی:

– ئەلێکساندەر قووڵ خەوی لێ کەوتووە.

– باشتر نەبوو کە ئەومان لە یەنیکۆیا بهێشتایەتەوە؟ یان؟

– پێم وایە باشتر دەبوو.

– چونکەی ئەو لەوێکانە حاڵی باش بوو.

لەیلا سەرنجی لەسەر سەقفەکە بوو، کە ڕووناکی شەقامەکە لەسەری وێنەی جیاواز جیاوازی دروست کردبوو.

– مرۆڤ پێویست ناکات لە نێزیکەوە پێیان ئاشنابێت، هەتا بۆی دەرکەوێت ئەوان چ دڵێکی گەورە و باشیان هەیە، بەشێوەی خۆیان کەسایەتییەکن تەنیا کەسانی کە لە دەرەوە دەژین هەستی پێ دەکەن. لە شار جۆرێکی ترە.

پاوڵ وەڵامی دایەوە:

– نازانم، کە مرۆڤێک لەبەردەمدا بێت، هەستێک پێم دەڵێت: هۆشیاربە، یان هیچ کێشەیەک نییە. بێشک تۆیش ئەوە دەزانیت، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ هەست

بەشتێکی تر لێرەکانەدا بکات.

– بۆ من زۆر گرینگە بزانم، کە تۆ گرینگی بەوەها شتێک دەدەیت.

– منیش هەرگیز بیرم لێ نەدەکردەوە، کە تۆ گرینگی پێنادەیت. لەوەتەی دەتناسم، یان لەوەتەی دایەگەورەت دەناسم، هەستم پێ کردووە، لە دایە و بابەگەورەی کەسێکەوە، مرۆڤ دەتوانێت زۆر لەبارەی نەوەکانیانەوە بزانێت.

– تۆ شتی وەها لە کوێوە دەزانیت؟

– پێموایە لە پەڕتووکەوە. چونکەی من دایە و بابەگەورەم نەبووە، بۆیەش هەمیشە تۆزێک ئێرەییم بەکەسانی تر دەبرد، جارێک لە پڕاکسیسێکی پریشکی داندا، گوێم لە چیرۆکێکەوە بوو، کە گوایە جارێک کوڕێک کە خۆی دایە و بابەگەورەی نەبووە، چووە لە خانەی پیران بۆ دایە و بابەپیرە گەڕاوە.

– ئێ، ئەی پاشان؟

– پیرەپیاوێک ڕازی بووە، ببێتە بابەگەورەی، ئیدی کوڕەکە بەردەوام سەری لێ دەدا. پیرە فێری کرد چۆن فیکە لێ بدات.

– ئەی دوایی؟

– کە بابەگەورە مرد و ساتی ناشتن هات، کوڕەکە لەسەر گۆڕەکەی فیکەی لێ دەدا.

– لە ئەڵمانیا چیرۆکی وەهاتان هەیە؟

– ئەگەر بەدڵت نییە، بڵێ.

– هەر زۆرم بەدڵە!





– کەواتە بەمن ڕازیت؟

لەیلا نیوەی لەشی بەسەر ئەودا دا و دەستی لە بن چەناگەی ڕاگرت.

– با بزانین داواکارییەکەت لەبارەی منداڵ بوونەوە، گەیشتە سنووری خۆی.

– کەواتە ئاگات لە خۆت بێت، بەداخەوە کە من هەموو شتێک باشتر دەزانم!

– منیش هەروەها، ئەرێ تۆ بەڕاستی مەسیحیت، یان..؟

– پڕۆتستانت، هەر مەسیحییە، ئەی تۆ؟

– هەڵی بێنە!

– لەوەدەچێت کە تۆ.. تۆ هیندی بیت؟

– هەڵەیە.. بەردەوام بە.

– یان ئۆرتۆدۆکسی یۆنانیت.

– هەمدیسان لە پەنایتدا!

– کەواتە تۆ محەمەدانەییت؟

– نابێت محەمەدانە بووترێت، من موسڵمانم.

– ئەی کەواتە چی بکەین، ئەگەر بمانەوێت پێکەوە بژین؟

– چی.. چی بکەین؟ چی بکەین؟

لە ژێر تیشکە بێ هێزەکەی دارگڵۆپەکەی دەرەوەدا، کە لە ناو ژوورەکەدا بوو، بەسەرسووڕمانەوە لێی هەڵڕوانی و دەریژەی پێدایەوە:

– هەموو شتێک باش دەبێت، ئەگەر تۆ هەموو ڕۆژێک بەگوێمدا نەدەیت کە لە دین وەرگەڕێم، تۆیش هەردەم بەرەو کەنیسە هەڕانەکەیت، منیش بەلەچکەوە نەیەمە ناو جێگاوە و بەردەوامیش لە گۆشتی بەراز خواردن دوورت نەخەمەوە.

– من گۆشتی سوورەوەکراوی بەراز ناخۆم، ساتێکیش بۆ کەنیسا دەچم، ئەگەر کۆنتسێرتێک هەبێت.

لەیلا بەئاسپایی پێکەنی و وتی:

– بەداخەوە، من زۆر حەز لە گۆشتی سوورەوکراوی بەراز دەکەم، دەتوانین وەها

بکەین: ئەگەر لە ئەڵمانیا بووین، وەک پڕۆتێستانتێک دەژین، ئەگەریش لێرە بووین، وەک موسڵمانێک، باشە؟

– دەوترێت پڕۆتستانت، ئەی دایکت و دایەگەورەت ڕایان چی دەبێت؟

– خەمت نەبێت بۆ ئەوان لە نێوان مرۆڤەکاندا، وەها چاڵ و خەندەقێک نییە. کاتێک (فاەروزنوزا) بچێت بۆ ئستەنبۆڵ بۆ سەردانی براکەی، هەمیشە دەچێتە کەنیسای ئۆرتۆدۆکسەکان، چونکەی لەوێدا باشترین مۆزیک هەیە.

– بێشک ئەمە هەڵوێستێکی تورکی نییە، یان پێدەچێت کە هەموو تورکێک وا بیر نەکاتەوە ئاوها کراوە؟

– زۆربەی دۆستەکانمان وەها بیردەکەنەوە، هەروەک ئێمەیش وەها دەژین، پێ دەچێت کە جیاوازیەکان لێرە جۆرێکی تر بن، وەک لە کن ئێوە، ساتێک کێشە چی دەبێت، ئەگەر خەڵکی هان بدرێن، ئەوەیشی کە لە سەر ڕووباری زاکاریا بەسەرماندا هات، ئەوەیش شتێکی ترە، ئێمە بەهۆی هەلومەرجی خۆشەویستیمانەوە، ڕێزمان بۆ خووخدەی ئەوان دانەنا، منیش تاوانبارم، چونکە دەبووایە بمزانیبایە، بیرەکانی کە لە سەدان ساڵدا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، وەها خێرا لە دەشت و دەر نایەنە گۆڕین.

– کەواتە مرۆڤ لە وڵاتی خۆیدا، هەست بەنامۆیی ناکات؟

– ئۆ نا، من لەبەر تۆ هەستم بەشەرم کرد، بەڵام زۆر کەمیان وەها بەرد دەهاوێژن، یەکێکی وەک ڕەئووف کارپات کە موسڵمانێکی باشیشە، هەرگیز بەرد ناهاوێژێت، خراپترینی دەمارگرژەکان، لە شاردا دەژین، ئەو جۆرانە لە پارتەکان و گرووپە ئاینییەکاندا هەن کە بەردی وشە فڕێ دەدەن و هانی خەڵکانی سادە دەدەن ئەوانە زۆر لەو چەند گوندییە تووڕەیە ترسناکترن!

– ئایا ئەمە پێوەندی بەئیسلامەوە هەیە؟

– بێ مێشکییە! تۆزێک بەهەڵچوونەوە وتی: ئیسلام زۆر کەمتری لە دار داوە، وەک لە وڵاتە مەسیحییەکانی ڕۆژئاواتان.

– باشە، باشە، چونکەی من لە کن خۆمان، وەها هەڵچوون و هەڵوێستێکی وەک





ئەوەی ڕووباری زاکاریا شک نابەم.

– ئەوە باسی چیدەکەیت؟ ناشێ باوەڕ بکەیت کە کۆمەڵگەی ئاڵمان کەمتر ئامادەیە لە دژی بیانی هەڵچوون و هەڵویست دەربڕێت؟ پێ دەچێت کە سیاسەتی داخراوی ئەوێکانە، نادیار بێت، بەڵام بەرپەرچ دەرەوەیە، ئا سەرنجێکی مێژووەکەتان بدە! خۆ لە کن ئێوە تەنیا بەرد ناهاوێژرێت.

– خۆت مەشڵەژێنە، دەی من دەبووایە ئەوەم نەوتبایە.

پاوڵ مەبەستی ئەوە نەبوو، بەراووردی ئەڵمانیا و تورکیا، مەسیحی و ئیسلام بکات، دیار بوو کە لە هەستی ناسکی لەیلای دابوو. لەیلا وتی:

– من ئەوە دەزانم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە، هەڵوێستی هەندێک لە ئەڵمان، تووڕەم دەکات، لەو باوەڕەیدا نیم کە لە هیچ جێیەک، مرۆڤی گوندی سادەی وەک ئێرە هەبێت، بۆ کەسێکی نامۆ و یان دۆستێک لە تەنگانەدا، ئامادەن ئەوەی کە هەیانە بیدەن، خۆ دژووارە کە وەها هەڵوێستێک لە گوندییەکانی ئەڵماندا ببینیت؟ یان؟

پاوڵ پێکەنی.

– ئەوان ئەگەر کەسێک نەناسن، دەکەونە دوودڵییەوە، هیچ نەبێت لەو جێیەی کە منی لێوە دێم.

ئەوجا ڕووخساری لەیلای خستە ناو لەپی دەستەکانییەوە.

– لەیلا، وای دابنێ کە تۆ کچی گوندییەکی ئانادۆڵیت، بەشێوەی پەڕگرڕ وەک ئیسلام و پێوەست بەکولتوور، پەروەردە کراویت، کەواتە داهاتووی ئێمە چۆن دەبێت؟

– ئەو ساتە دایەگەورە موسڵمانە پەڕگرڕەکەم، نەدەکەوتە سەر ئەو بیرۆکەیەکی، بۆ چارەسەری سروشتی بێت ئەڵمان و لێگەڕێ کە ساتەکانی لەگەڵ خوێندکارێکی مۆسیقای قژ زەرد و زۆر هەژار و پڕۆتستانتی وەک تۆ بەفیرۆ بڕوات ئەوجا بۆ تورکیاش داوەتی بکات جا لەو باوەڕەدایت کەسێکی پەروەردەکراو بەمەسیحی و خەڵکی ناوچەیەک و ماڵباتێکی بادن – ڤورتنبێرگ، لێ دەگەڕێت لەتەک تورکێکی موسڵماندا بێت؟

ئەوجا دەستی کردە ملی و بەچرپە وتی:

– بەڵام بەو شێوەیەی کە بۆ ئێمە پێشهاتووە، باشترە، تۆش وای نازانیت؟

کە خۆی بۆ نووستن ڕاست کردەوە، زیادەیەکی خستە سەر.

– هەرگیز باوەڕ نەکەیت کە (فاەرونوزا) و یان دایکم، موسڵمانی باش نەبن، ئەوەش مافی خۆیانە، بائەوەش بڵێم: لە کن مە موسڵمان هێندە شتی بەدواوە نییە. وەک لە کن مەسیحی، ئابوونەی ئەندامییەتی و هەمیشە خۆناساندنەوە، زەریبەی کەنیسا و لە جۆرە شتانە.

– چونکەی ئێوە ناتوانن شتەکان ڕێک بخەن.

ئەوجا بەئاسپایش پێکەنی

– دەیجا با وابێت، بەمن چی.

ساتێک خەویان لێ کەوت، کە دەنگەدەنگی سەر جادەکە کەمتر بووەوە. نەسیمێک لە پەنجەرەکراوەکەوە دەهاتە ژوورەوە، هەستیشیان بەوە نەکردبوو، کوڕەکە جارێک لەخەو بەئاگا بووبووەوە. لە بەردەمی قەرەوێڵەکەیدا وەستابوو و لەمانی ڕوانی بوو. سەریان لە لای یەکترەوە بوو و دەستێکی لەیلا، بەسەر سنگی پاوڵەوە بوو. منداڵەکەیش بێدەنگ خۆی لەسەر پێخەفەکەی پاڵخستەوە، لێفەکەی هەتا بن چەناگەی برد و نەیزانی کەی خەوی لێ کەوتەوە.



## ١٥

کە لە ئوتێلەکە ناشتایان کرد، خۆیان وەک خێزانێک پیشاندا، دیاربوو ئەلێکساندەر باش خەوتووە، باشیش پەلاماری خواردنەکەی دەدا، کە هێلکەوڕۆن و پەنیری سپی بوو، شیری گەرمیشی داوا کرد، کە ئەلێکساندەر لە حەمامەکە بوو، لەیلا و پاوڵیش لە ژوورەکەدا، کەلوپەلەکانیان لە ناو جانتاکەدا دەپێچایەوە، پاوڵ باوەشی پێدا کرد و وتی:

– کە دەگەینە ئەنقەرە چی دەبێت؟

– نازنم، خۆ تۆ چەند ڕۆژێکی تریش دەمێنیتەوە؟

– دەمەوێت کە هەفتەیەکی تریش بمێنمەوە، ئەگەر نەبم بەبار بەسەر کەسەوە.

– شتی وەها مەڵێ، جا ئەگەر دایەگەورە گوێی لە وەها شتێکەوە دەبوو. هەوڵ دەدەین کۆتایی هەفتەی داهاتوو، گەشت و سەیرانێک بکەین، بەڵام هەردووکمان بەتەنیا.

– ئەگەر دایکت و دایەگەورەت بیانەوێت بێن، ناتوانیت ڕێگەیان پێ نەدەیت.

– باوەڕناکەم بیانەوێت.

– چۆن دەزانیت؟

– چونکەی دەزانن چ باسە، وە دەشی بینیت کە هەزار بیانوو دەهێننەوە، هەتا نەیەن.

– دەی کەواتە بەتەنیا دەڕۆین، بەڵام ئەگەر ئەوان لە ماڵەوە بمێننەوە، من هەست بەنیگەرانی ڕۆحی دەکەم، ئەگەرچی دەشمەوێت، لەگەڵ تۆدا بەتەنیا بم.

چونکەی ئەلێکساندەر هاتبووەوە ژوورەکە، لەیلا بەدەم پێچانەوەوە وتی:

– چارەسەرێک هەر دەبێت.

لەیلا لە نووسینگەی ئوتێلەکە، داوای تەلەفۆنی کرد، ئیدی چووە ژوورە بچکۆلەکەی

کابینەکەوە، پاوڵیش لە شووشەی دەرگەکەوە سەرنجی دەدا، کە چۆن لەیلا هەر جارەی لەسەر قاچێک دەوەستا، یان دەستێکی دەخستە پشتەملی خۆی و دەیڕوانییە سەقفەکە، بەبەردەوامی قسەی دەکرد و وادیار بوو کەمێک قەلەق بێت، دەبێ بەو دەرێژدادرییەی باس لە چی بکات؟ هەر بۆ ئەوەی کە ڕاڤەی یەک ڕۆژی دواکەوتن بکات؟ پاوڵ هیچ تێ نەدەگەیشت. تەنیا ورمە و وژەی تۆتۆمبێلی سەر جادەکەی دەبیست، پاوڵ لە بەردەمی سەکۆی نووسینگەکەدا وەستابوو و جانتاکانیش لەبەر پێیەکانییدا بوون، ئەلێکساندەریش لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو و باوەشی بەجانتاکەیدا کردبوو، ڕادیۆیەکیش کە کەس گوێی لێ نەدەگرت، مۆسیقای پەخش دەکرد، کە لەیلا لە کابینەی تەلەفۆنەکە هاتە دەرەوە، بەکورتی وتی:

– هەموو شتێک جێبەجێ کرا، دەی با ڕێکەوین.

چوونە پارکەکە و جانتاکانیان بار کرد، لەیلا لە پشتی سووکانەکەوە دانیشت و وەهاشی دەنواند کە پەلەی بێت، بەسانایی و بەڵام بە نائاگایشەوە، خۆی بەنێو ئۆتۆمبێلەکاندا کرد، پاوڵ خۆی بەلای ئەلێکساندەردا وەرگێڕا، چەند نوقڵی بۆ کردەوە، لەو نوقڵانەی کە لەسەر مێزی نووسینگەکە دانرابوون. کەوتە قسەکردن لەگەڵیدا. ئەوجا لە گیرفانی خۆی دەسرۆکەیەکی دەرهێنا و چەند هونەری دەستجوولانی پیشانی ئەلێکساندەر دا. ئەوەی کە خۆی بەمنداڵی فێری بووبوو. وا دیار بوو کە ئەلێکساندەر بەدڵی بوو، بۆیە هەر خێرا لە فێڵەکە تێگەیشت.لەیلا خێراتر لە ڕۆژی ڕابردوو دەیهاژووت، پاوڵ هەستی دەکرد کە شتێک نائارامی دەکات، بەڵام نەشی دەویست هەر خێرا پرسیاری لێ بکات، ئەو جادەیەی کە بەرەو دەرەوە دەچوو، بۆ ئەم نامۆ نەبوو، بەنائارامییەوە چاوەکانی بەوناوەدا دەگێڕا، هەر کە بەنزینخانەیەکی بەهێڵی شینەوە دی، زانی کە ڕێگەکە ڕاست نییە، بۆیە وتی:

– کیژۆڵە، تۆ بەسەر جادەیەکی هەڵەدا دەڕۆیت! ئێمە دەگەڕێینەوە، دەبێت بگەڕێینەوە، ئەمە ڕێیەکی هەڵەیە.

لەیلایش بێدەنگ دەیڕوانییە پێشەوە.

– لەیلا ئەوە چییە؟

– دەگەڕێینەوە.





– دەگەڕێینەوەی چی؟ بۆ کوێ؟

– بۆ یەنیکۆیا، ئەم کوڕە دەبەینەوە بۆ کن دایەگەورە و بابەگەورەی.

پاوڵیش بێدەنگ بوو و پاڵی دایەوە.

– شێت بوویت؟ تۆ دەزانیت چی دەکەیت؟

کە لەیلا وەڵامی نەدایەوە، پاوڵ پاتەی کردەوە:

– شێت بوویت؟

– تۆ چی ناودەنێیت ناوی بنێ، چۆنت دەوێت ئاوەها، وە من باش دەزانم کە چی دەکەم، ئەلێکساندەر دەبەینەوە بۆ کن دایە و بابەگەورەیی و تەواو.

پاوڵ بێدەنگ بوو، لەیلایش خێرا و باوەڕبەخۆ لێی دەخوڕی، ڕووخساری جدی بوو. دوای پشوویەکی درێژ، پاوڵ بەئاسپایی وتی:

– دەتوانیت بۆمی ڕوون بکەیتەوە؟

لەیلایش بێ ئەوەی خێرایی دابەزێنێت، وتی:

– تەلەفۆنم بۆ دۆستێکی کچم لە باڵوێزخانە کرد، چونکەی کێشەکە بەرەوڕووی ئەو کرابووەوە. ئەگەر ئەوانە ڕاست بن کە دەیڵێن: دەبێت ئەلێکساندەر بگەڕێتەوە بۆ شارێک لە رورگەبیتی پیس و بخرێتە خانەیەکی نەفرەتییەوە کە سەدان منداڵی حاڵ خراپی لێیە، دەزانیت ئەمە مانای چییە؟ ئەو دەبێتەوە بەمنداڵێکی تێکشکاو و حاڵ خراپ، بۆیە من نامەوێت کە هیچ پێوەندییەکم، لەتەک وەها فەرمانگەیەکی نامرۆڤ و بێسوودا هەبێت!

بۆ خولەکێک بێدەنگ بوون. پاشان پاوڵ بەئارامی وتی:

– ئەی بیرت لە ئاکامەکەی کردووەتەوە؟ بێگومان کە لە باڵوێزخانەیش وەدەرت دەنێن، ئەوسا لە پەروەندەکەتدا بۆ هەمیشە، نەک تەنیا بێ کار دەنووسرێت، بگرە، ناتواناش، ئەوجا ئۆتۆمبێلێکی تر بۆ گەڕانەوەی ئەلێکساندەر دەنێرن، باوەڕم پێ بکە ئەم کارە بەگورجی دەکرێت، تۆ لەم کارە چی دەبەیتەوە؟

لەیلایش بەشێوەیەکی ناشایستە لە خۆی، وەڵامی دایەوە:

– ئەگەر تۆیش لە جێیەکەی مندا بوویتایە، منیش هەوڵی ڕێگەگرتنم دەدا، بۆیەش

بەسەیری نازانم کە ڕات وەهایە، ئەگینا دەبووایە چی بڵێیت؟ بەڵام ئەوەش ڕاست نییە کە تۆ ئەمە بەڕەوا نەزانیت.

ئەوجا چەند جارێک و بەتووندی دەستی بەسووکانەکەدا کێشا و لەگەڵ سەربادانداندا، درێژەی دایە:

– نەخێر، شتی وەها نابێت ببێت، لەویش سوورم، چونکە تۆ ئەو کەسە نابیت کە من بیری لێ دەکەمەوە.

هەناسەیەکی دایەوە و پشوویەکی دا. دەستی پاوڵی گرت و وتی:

– ئادەی خێرا بڵێ کە من لەسەر حەقم! خێرا!

– سروشتییە کە وایە، کێشەکەیش لەوەدا نییە کە چی ڕوودەدات. من ترسم هەیە..

– بێشک تەواو بیرم لێکردۆتەوە. دۆستە کچەکەم لە باڵوێزخانە بۆ ڕۆژێکی تری نەبوونم لەوێ داوام بۆ درێژ دەکاتەوە کە لە ئاکامی گەڕان بەدوای منداڵەکەدا، کاتی زۆرم لە دەست چووە، چونکەی لە زۆر جێی چیاکانی (تاوروس)، سەدان ناوی (ڕەئووف کارپات) و ناوی گوندی وەک (یەنیکۆیا) و لەو شێوەیە هەن، کە ئەمەیش دەبێتە هۆکاری لێ گۆڕان. کارپاتی ئەم یەنیکۆیایە، منداڵێکی پەککەوتەی نییە. بەڵێ کە نامەیەکی بۆ چووە، بەڵام چونکەی ئەو نەدەزانێت بنووسێت و نە بخوێنێتەوە، بۆیە هەروا لەوێکانەدا فڕێی داوە، جا بێ ئەوەی کە باڵوێز ئاگەدار بکەینەوە، ڕێکخراوی نیومانگی سوور ئاگەدار دەکەینەوە، هەتا ئەوان بکەونە گەڕان و پرسینی ژیانی منداڵێکی لەو جۆرە لە یەنیکۆیادا. باوکیشی هان دەدەین کە بێت و تاقیکردنەوەیەکی باوکێتی بکات، بەچەند دۆلارێک دەتوانی کە لێرەکانە، کارەکە بەخێرایی بەرەو پێش بەریت، بەدۆلارێکی زۆریش بەڵگەنامەکە وەردەگریت، بێ ئەوەی کە خۆت لەوێکان بیت، هەتا وەها کارێک لە ئەڵمانیا مۆدێرنەکەی ئێوشدا دەکرێت هەبێت. ئێمەیش لێرەکانە هەر وەها دەکەین بۆ ئەوەی کە ئەو لە شەڕی وەرگرتنەوەی منداڵەکەیدا بێت لە حاڵەتی پێویستیشدا و بۆ ئەوەی سوود لە کات بکەین، بابەگەورە لەتەک منداڵەکەدا و بۆ چەند هەفتەیەک دەچێتە چیا، کەسێک لەوێکانەدا نایدۆزێتەوە! بێشک کە باڵوێز نابێت لەم شتانە ئاگەدار بێت!





پاوڵ ئیتر هەوڵی نەدا، ڕاکەی پەسەند بکات، لە ناخەوە هەستی دەکرد کە هەوڵێکی سەرنەگرتووە، بەڵام شانازیشی بەم ژنەوە دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– ئۆو، بەڵام هەر زۆر بڤەیە.

لەیلایش بە ڕووگرژییەوە لاسایی کردەوە:

– ئۆو، بەڵام هەر زۆر بڤەیە، بۆیە ئەگەر ڕۆژێک منیان دەرکرد، ئەوا دەزانم کە بەچ هۆیەکەوەیە، چونکەی ئەو کوڕە گچکەیەی پشتمان، تەواو لە کۆتاییدا بوو! گوزەرانی هەر زۆر خراپ، دوو ساڵی چارەسەی دەروونیش، هیچ ئاماژەیەکی بەچاکبوونەوە نەکردووە، من نازانم، بەڵام دیارە کە ئەو تورکە هەستی بەمە کردبێت. یان تەنیا، دوای مێشکە ئینکارییە ئەنادۆڵییەکەی خۆی کەوتووە، ئیدی هەرچییەک بێت. بەڵام ئەم لاوە لە کن دایە و بابەگەورەی بەزۆر دەربکێشرێت، لەو جێیەی کە خۆشەویستی پێ دەبەخشرێت، ئەوجا هاوکاری ئەوە بکەین کە ئەو بۆ خانەیەکی شێتان بگێڕینەوە، چونکەی ئەو لە ئەڵمانیا بەدەروون نەخۆش دەناسرێت، نەخێر، ئەم کارە بەبێ من ئەو دەتوانێت لێرەکانە ببێتە شوانێکی لێهاتوو، کە لە لایەن ماڵباتەکان و خەڵکی گوندەکەوە، ڕێزی لێ دەگیرێت و قبووڵ دەکرێت ئایا ئەو لە ئەڵمانیادا و لەو جێیەی کەسی ئەوی تێدا نییە، وەها شانسێکی هەیە؟ لە جێیەک کە هیچ کەس لە خەمی دا نابێت؟ باوەڕ ناکەم!

پاوڵ بەپێکەنینێکەوە وتی:

– بەڵام تۆ من لەم کارەدا، دەکەیتە هاوکردەوەی خۆت.

– لە مێژە وەهایت.

پلانەکەی پڕکێشە و ترس بوو، سەریشی لە خۆی دەسووڕما کە هەست بەو ترسە ناکات، لەوەها چالاکییەکدا هاوکار بێت، دەڵێیت کە ئەم کچە تورکەی تەنیشتی، هیچ ترس ناناسێت! یان ترسی هەیە، بەڵام بەتەمای چی بوو؟ ئەی چۆن دەبێت ئەگەر ئەو لە ئەنقەرە، بکەوێتە بەر لێپرسینەوەوە؟ خۆ ئەوسا دەبێت خۆی باوەڕی بەخۆی بێت.

لەم ساتەدا ئۆتۆمبێلەکە لە دەست دەرچوو و خۆی بەوبەری جادەکەدا دا، لەیلا خێرا ئیستۆپی گرت و سووکانەکەی ڕاست کردەوە و ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند، تەکان

تەکان بەقەراغی جادەکەدا، لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو. لە خۆشبەختی ئەمان، ئۆتۆمبێل لە بەرامبەرەوە نەهات، دابەزین تایەی لای ڕاست و پێشەوە پەنچەر بووبوو. کە لێیان ڕوانی، بزمارێکی گەورەی پێداچوو بوو، لەیلا شەقێکی لە تایەکەدا و وتی:

– ئۆو خوایە، من تا ئێستاکە تایەیەکم نەگۆڕیووە. نهاکەیش لە تەنیشت پیانۆژەنێکەوە وەستاووم، کە نابێت دەستەکانی بخاتە مەشقەتییەوە.

دیاربوو کە نیگەرانییەکەی زۆر بەڕاست بوو. پاوڵ بەتووڕەیەوە قسەکەی پێ بڕی:

– زۆر سوپاس، ئیتر بەسمە.

لەیلای لادا و سندوقەکەی دواوەی کردەوە. جەگ و تایەی یەدەکی دۆزییەوە. ئاماژەی بەدارستانەکە کرد و وتی:

– تۆ لەگەڵ ئەودا بچۆ بۆ پیاسە و گەڕان.

لەیلایش چونکەی هەستی بەتوڕەبوونەکەی کرد، بەقسەی کرد، ئیستۆپە دەستییەکەی ڕاکێشا، جەگەکەی خستە ژێری و کەوتە بادان. ئۆتۆمبێلەکەیش سانتیم بەسانتیم بەرز دەبووەوە. هەوڵی دا کە بەئیسپانە گەورەکە، یەکەم برخوو بکاتەوە، بەڵام هێندە قایم بوون، دەتگۆ سەد ساڵە نەکراوەتەوە، پارچەیەک ئاسنی دۆزییەوە و لە ئیسپانەکەی گیر کرد، چووە سەر پارچە ئاسنەکە و بەهەموو هێزییەوە، تەکانی لێ دەدا. هیچ نەجووڵا بیری کردەوە، نەکا بەپێچەوانەوە بای دەدات. بەڵام وەسا نەبوو. شەلاڵی ئارەق بوو، هێندەی نەمابوو کە هاواری یارمەتی لەو کامیۆنە بکات کە بەوژە و تەپوتۆزەوە، بەلایدا فرتەی کرد، نەیدەویست کە بانگی لەیلا بکات، خۆشبەختانە برخوەکە قرتەیەکی کرد و شل بووەوە. چوارەکەی تریش هەروا ژەنگاوی بوون، بەڵام زۆر گیر نەبوون، دوای پازدە خولەک تایە نوێکەی تێکرد و ئۆتۆمبێلەکەی داگرت، کەرەستەکانی خستەوە جێی خۆی و دەستی لە لەیلاو کوڕەکە هەڵتەکاند، بەلەشی ڕۆناوییەوە لە بەردەمیدا وەستا. لەیلا وتی:

– تا ئێستا وەها جوان نەمدیویت.

ئەمیش زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و لە هەوڵی ئەوەدابوو، لە ڕووخساری بخوێنێتەوە، کە هەمدیسان گاڵتە دەکاتەوە، بەڵام وا دیار بوو بەڕاستی بێت، گرژییەکەی ئەمیش





لە مێژ بوو نەمابوو. وتی:

– سەرکەوە. کاتمان زۆر لە دەست دا.

ساتێک بەئارەقەوە، ماندوو شڵەژاو لە سەر کورسی کن شۆفێرەکەوە دانیشت، بەپەڕۆیەک سەرگەرمی سڕینی دەستەکانی بوو، بێ ئەوەی کە خۆی بیەوێت، کەوتە بیری ئەو کۆنسێرتەی، دەبێت لە دوو ڕۆژی داهاتودا بەئەنجامی بگەیەنێت، بۆ لەیلا پێکەنی و وتی:

– سبەینێ دوو دەستی وەک تەختەم دەبێت، ئەگەر مرۆڤ ماوەیەکی درێژ کاری ماندوبوون نەکات وەهایە، بەڵام دووبەیانی بەجێیبەکە یەکسەر بەرەو باڵوێزخانە دەچین، ئەوجا (پاوڵ لانگنبێرگ) لەوێدا خۆی دەبینێتەوە. دەبێت دایەگەورەت چەندە بەمنەوە بنازێت!

– هەر بەڕاستی خەمی لێ دەخۆیت؟

دەرفەتی بۆ وەڵامەکە هێشتەوە. بۆ ئەوەی لە پێشدا بۆ خۆیی ڕوون بکاتەوە. بێئەوەی مەشق بکات، ژەنینەکەی زۆر باش نابێت، چونکەی ئەمە ئاکامی ئەزموونگەرییە، نواڕییە دەستەکانی خۆی کە هێشتاکە دەلەرزین بۆیە لە ژێر پەڕۆکەدا شاردنییەوە، بەڵام شتێکی تر هەبوو کە خەمی لێ دەخوارد، ئەو لە دەستپێکی ئەوەدا بوو کە بیرۆکەکانی بەو بڵێت، بۆیە وەڵامی دایەوە:

– ئەگەر بڵێم لە خەمدام، ئەوە پەرگریم کردووە، بەڵام پێموایە باشترە کە کۆنسێرتەکە ڕەت بکەینەوە هۆیەکیش هەر دەدۆزرێتەوە.

لەیلا بەواقوڕمانەوە سەیری دەکرد:

– بۆچ ڕەت بکرێتەوە؟

– شتێک لەتەک ئەوێدا ناگونجێت ناتوانین وەها شتێک بەئاکام بگەیەنین، جلی ڕەش لەبەر دەکەم و لەبەر خەڵکێکی لە بەرچاوی باڵوێزخانەدا، تۆزێک (مۆزارت) بژەنم و.. نەء، نابێت...

وادیار بوو لەیلا چووبووە بیرەوە، چونکەی بەخێرایییەکی زۆرەوە چووە سەر ڕێگەیەکی خۆلاویی تەپوتۆزاوی تەپۆلکەیەک دەووروبەریان بوو بەتەپوتۆزێکی وەها

چڕ، کە ناچار بوون فڵچەکان بخەنە کار. لەیلا پرسی:

– ئەمە یانی چی؟

– ئەوەی کە ئێمە لێرە دەیکەین، خۆمان خستووەتە بەرەکەی ترەوە، تەنانەت زۆریشم پێ خۆشە خۆ من ئەو کەسە نیم جادوگەری پیشانی خەڵکی دەدات، ئەگەرچی دژی ئەوەش نیم کە باشییەک لەو جادوگەریەدا ببینمەوە، بەڵام ئەو مۆسیکەی کە من مەبەستمە و دەمەوێت بیژەنم، ئەوە شتێکی دییە، چونکەی بۆ ئەمە پێویستم بەزەوق و هاوتەباییە، هەتا بۆ هاوتەبایی ناخم، مەبەستی تەواوی خۆم دەربڕم من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە جەنابی باڵوێز، لە ڕیزی پێشەوە دابنیشێت و میهرەبان و بێئاگا لێم بڕوانێت. ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە تەفرەیان بدەم بەوەی؛ بۆ ئەم گەمژانە (مێندلزۆن) دەژەنم، چونکەی وەها نابێت.. یان ئەوە شتێکی تر دەبوو ئەگەر جاز لێدەرێکم هەبووایە، چونکەی (شومەن و مێندلزۆن) ئەوە جیهانێکی ترە...

لەیلا ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو، لای ڕوون نەبوو ئایا پاوڵ توانی ئەوە دەرببڕێت کە خۆی مەبەستێتی؟ هێندەی وشە پێنەبوو کە بڵێت؛ بۆ ئەو مۆسیک چ مانایەکی هەیە، کە لەیلا وەڵامی دایەوە، زۆر ناسروشتی هێواش دەدوا:

– من زۆر لە مۆسیک نازانم، بەڵام هەست دەکەم کە بۆ تۆ چییە دەشمەدەوێت ڕۆژێک لە ڕۆژان، بەتەواوی بزانم. بۆ من هەر هەمووی بۆ بیستن، شاردراوەیە، هەرچۆنێکیش بێت ناتەبایی بیری تێدایە، ئێستا هەوڵ بدە کە لە ڕوانگەی منەوە بیبینت، بیهێنە بەرچاوی خۆت کە ئێمە خورتەکەمان دەبردە فڕگە و دەمانخستە فڕۆکەیەکەوە، بیری لێ بکەرەوە، تۆ دەبووایە لە ساتی کۆنسێرتەکەدا، بیرت لە ئەلێکساندەری گچکە بکردبایەتەوە، کە ئەو بەتەنیا لە فڕۆکەیەک و یان لە خانەیەکی منداڵانی ئەڵمان، دانیشتووە، بیری لێ بکەرەوە؛ ئەو لە ژێر چ ئازارێکی تاسەی دایە و بابەگەورەیەتی، چۆن دایە و بابەگەورە و بابیشی ئازار دەچێژن، بیری لێ بکەرەوە؛ ئەو لە وڵاتێکدا کە هیچ کەسێکی لەوێدا نییە هەتا خۆشیان بوێت، چی لێ بەسەر دێت. ئەوسا دەتوانیت باشتر بژەنیت؟ ئایا ئەوسا لەو ڕاستییەوە نێزیک دەبوو کە تۆ باست لێوە کرد؟ مەبەست لەو مۆسیقەیش تەنیا هارمۆنییە؟ کەواتە ناتوانیت ئیتر بژەنیت؟






کورتە سەرنجێکی دا و درێژەی پێدایەوە:

– تۆیش هەر وەک من، بەقووڵی بەناخی ئەم ڕووداوەدا ڕۆچوویت! ئەمە شتێک نییە کە ئێمە دەرمانهێنابێت. من پێ بزانم، بەهەڵە لە شتێک تێگەیشتوویت، هیچ ڕاست نییە کە تۆ بەستراوەی کەسانێک بیت کە سەربەخۆتن، تۆ تەنیا و هەمیشە هەر خۆتیت، تۆ ئەو کەسەی کە توانای بەمندا ئەوە بکەم کە کردوومانە، بەبێ تۆ بوێری ئەوەم نەدەبوو.

پشوویەکی دا و سەرنجی لەسەر خۆرئاواکە بوو، هەمدیسان بەهێواشی کەوتەوە قسە:

– شتی زۆر خراپ و ناڕێک لەم دنیایەدا هەیە، ئێمەیش وا هەندێکیمان وەبەر دەکەوێت، تۆ هەموو کۆنسێرتەکانت لە دنیایەکی خراپدا پێشکێش دەکەیت، تۆ کاتێک دەبیتە مۆسیقارێکی باش، ئەگەر خۆت و مۆسیقاکەت نەخزێنە ژێرخانێکەوە، ئەگەریش شانست هەبێت، جارێک لە جاران ئەلێکساندەرێک یادی تۆ دەکاتەوە. پێدەچێت کە بۆ یەکەم جار بێت، ژیان شتێکی گرینگی خستووەتە بەردەستت، کە تەنیا هەر پێوەندی بەتۆوە نییە، تۆیش بڕیاری خۆتتدا، تەنانەت خێرا و ئاشکرا، زۆر سوپاس بۆ خوا کە تۆ لە لاکەی تریت.

پاوڵ لانگنبێرگ دەبووایە دانی بەوەدا بنایە ئەو، ئەو جێیەی پێکا کە ئازاری هەیە، بۆیە خوێن هێرشی هێنایە ڕووخساری، ئەرێ چی لێ ڕوودەوە؟ ترس لە نەتوانین؟ لە نائەمینی؟ ئەوانە بەشێک بوون لەو، بۆیە هەروا دەمانەوە، بەڵام ئیدی لەمەولا، نائەرخەیانی وەک جاران ناتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت، لەمەولا هەست نابێتە هۆی خۆ بەهیچ زانین و بێ سوودی. لە ناکاو وێنەی دایکی کەوتە بەر بینینی، ئەوی لە باخی نەخۆشخانەکەدا دی و بیری لە بێدەنگییە هەمیشەییەکەی دەکردەوە، کاتێک ئەم دەیویست پرسیارێکی گرینگی ئاراستە بکات. ئەو هەموو شتێکی بەم دابوو؛ مۆسیق و خۆشی ژیان، بەڵام هەر ئەویش بوو کە بێ ئەوەی خۆی بیەوێت، ئەمی خستبووە ناو ترس و خەمی خۆیەوە، بۆیە ئەمیش لە ئێستادا خۆی وەها بەبەهێز نەدەزانی، شەڕێکی بڕیار لێ نەدراو بوو، ئەرێ بۆچ ئێستاکە بیری لەو دەکردەوە؟ بۆچ بیری لە قسەکردنەکە لەتەک فاهرونوزادا دەکردەوە، کاتێک هات بەشوێنیا بۆ

فڕگە؟ ئەو دەیویست کە ئەم ڕووداوانە بەم بڵێت؟ هەستێکی تێکەڵ لە خەم و بوێری ڕێگەی لێ گرتبوو، بۆیە نەیدەتوانی بڕوانێتە لەیلا، خۆی وەک کەسێک هەست پێ دەکرد کە پاش ساڵانێکی زۆر، دارشەقەکانی فڕێ دەدات وهەوڵ دەدات هەنگاوی شل و شێواو هەڵبێنێتەوە، ویستی بەدەست لێکخشاندن بەسەر قەلەقییەکەیدا زاڵ بێت تا وتی:

– باشە مۆسیق دەژەنم.

لەیلاش بەکورتی سەرنجێکیدایە و وەڵامی دایەوە:

– منیش لەوەی سەرم دەسووڕما، ئەگەر ناخت شتێکی تری بەگوێتدا بچرپاندایە، ئەگەر گوێڕایەڵی ناخت بیت، دەتوانیت هەر کۆنسێرتێکی ئەم دنیایە ئامادە بکەیت!

بەسروشتێکی گردەڵانی بێ دار و درەختدا ڕۆیشتن، تاکە تاکە خانوو لە دۆڵەکاندا و لە ژێر سێبەری درەختەکاندا بوون، مەڕ و بزنەکان بەبێ بوونی پەرژین و چەپەر دەلەوەڕین. هەروەک هەموو ناوچەکە بۆ ئەوان بێت، دەتگۆ ئاسمان لێرەکانەوە بەرزترە، وەک لە جێی تر. دوای ماوەیەکی درێژی بێدەنگی ڕووی لە لەیلا کرد:

– گوێ بگرە، مامۆستای جوان، کێشەیەکی بچکۆلانەیش لەگۆڕێدایە، خۆ ناتوانم هەر کە لە جێبەکە دابەزیم، دووشێک بکەم و هەر خێرایش لەسەر کلاڤێرەکە دانیشم، تۆزێک پێویستم بەکاتە، تا مەشق بکەم و خۆم کۆ بکەمەوە، ئەگینا نابێت.

لەیلا بەکەیفسازییەوە پێکەنی و دەستی بەناو قژیدا برد.

– هەر بەڕاستی تا ئێستا هەستت پێ نەکردووە، ژنێکی ژیر لە پاڵتایە؟ هەر دەڵێیت من بیرم لە وەها شتێک نەکردبێتەوە، گوێ بگرە: کوڕەکە دەبەینەوە بۆ (یەنیکۆیا) و بەکورتیش لەتەک بابەگەورەیدا قسە دەکەین، ئیتر ڕێ دەکەوینەوە و ئەمڕۆ ئێوارەکەی دەگەینەوە ئەنقەرە، کە ئیتر لەوێدا ئەکرۆباتە ئۆتۆماتەکەم، دەتوانێت دوو ڕۆژ پشوو بدات، تۆزێک ڕابوێرێت و نۆتەکانی ڕێک بخات..

بۆ پاوڵ پێکەنی، قاچی بەبەنزیندا ناو ئۆتۆمبێلەکە بەرەو پێش فرتەی کرد.

پاشنیوەڕۆیەکی زوو گەیشتنە یەنیکۆیا، ئەلێکساندەر لە دواوە دانیشتبوو، بەبەنێک مەشقی ئەو یاریانەی دەکرد کە پاوڵ فێری کردبوو، ئەلێکساندەر هیچ





پرسیارێکی ئاراستە نەکرد، کاتێکیش لەیلا لە کن دارستانەکەوە پێی وت: ئەو پێویست ناکات بۆ ئەڵمانیا سەفەر بکات و دەیگێڕنەوە بۆ کن دایە و بابەگەورەی. تەنیا بەقوورسییەوە وتی:

– ئینجا کێکەکەم لەتەک ئەواندا دەخۆم.

پێش ئەوەی بگەنە خانووەکانی بەرایی یەنیکۆیا، لەیلا ڕووی بەلایدا وەرگێڕاو بەئەڵمانی پێی وت:

– هاکا گەیشتین، لەو باوەڕەدایت کە دایە و بابەگەورەت، بەگەڕانەوەت خۆشحاڵ دەبن؟

– لە دەستپێکدا پێکەوە کێکەکە دەخۆین، بەیانیش لەتەک محەمەد و ئەوانی تردا دەچمە چیا لەگەڵ گۆملەکیش.

دەستێکیشی لەبەر گیرفانێکی پانتۆڵەکەیدا بوو، لەیلا لەبەرماڵی کارپاتدا ئیستۆپێکی توندی گرت، دابەزی و دەرگەکەی بۆ خورتەکە کردەوە و جانتاکەشی هەڵگرت. بەڵام ئەو دەیویست خۆی جانتاکەی هەڵبگرێت، کەسێک نەدەبینرا. لەیلا لە دەرگاکەیدا و کەسێک کردییەوە، پاوڵ کە لە کن ئۆتۆمبێلەکە مابووەوە، عایشەی بەسەرپۆشە سپییەکەیەوە دی کە لەبەر دەرگەی ماڵەکەدا وەستا بوو. هەردوو دەستەکانی لەبەر ڕووخساریدا ڕاگرت و بۆ ئەلێکساندەر چۆمایەوە و باوەشی پێدا کرد. پاوڵ دی کە ڕووخساری عایشە پڕ بوو لە فرمێسک، گوێشی لە دەنگی ئاخ و ئۆف و یان دوعاوە بوو، ڕەئووف کارپات لە کۆڵیتی کەلوپەلەکان هاتە دەرەوە. بەسەرسامی و واقوڕمانەوە، سەرنجی دایە ئۆتۆمبێلەکە و پاوڵ، کە خۆی بەسەر دەرگەی ئۆتۆمبێلەکەدا دابوو، ئەوجا منداڵەکەی لە باوەشی ژنەکەیدا دی، وەها ڕای کرد کە کڵاوەکەی لێ کەوتە خوارەوە، لەبەر ئەلێکساندەردا چۆکی دادا، هەتا توند بەسنگی خۆیەوەی بنووسێنێت، لەیلا بۆ چەند خولەکێک ئەوانی بەتەنیا جێهێشت، ئەلێکساندەر خۆی لە باوەشیان ڕاپسکاند، جانتاکەی کردەوە و بەدوای کێکەکەدا گەڕا، کە ڕەئووف هەڵسایەوە، لەیلا بردیە ئەولاتر و کن چەپەرەکە، لە وێکانەدا چەند بزن دەلەوەڕان، لە ژێر تیشکی خۆرەکە و لەوبەرایی چیاکانی تاوروسەوە، ئاژەڵەکان بچوکتریان دەنواند، کابرا خۆی بەسەر سنگەدارێکی چەقیوودا دا، هەروەک بیەوێت،

خۆی پێ ڕابگرێت، لە کاتێکدا لەیلا قسەی دەکرد، ئەویش کە جارجارە دەستی بەسمێڵیدا دەهێنا، سەری بۆ دەلەقاند، پاوڵ لە دوورەوە دی، چۆن ئەو دەستی لەیلای ماچ کرد و ئەویش هێشتی. پاشان لەیلا بەهەنگاوی بەپەلەوە، بەرەو ئۆتۆمبێلەکە هات، لەسەر کورسی کن شۆفێرەوە دانیشت، جگەرەیەکی ئاگردا و وتی:

– لێخوڕە، هەموو شتێک تەواوە.

هەردووکیان بێدەنگ بوون، پاوڵ شەشدانگی بیری لەسەر تاسە و چاڵ و چۆڵییەکان و لۆرییەکانەوە بوو، کە لە بەرامبەرەوە دەهاتن. لەیلایش یان نوقمی بیر بوو، یان سەرنجی قووڵی لەسەر سروشتەکە بوو، هەتا لە پڕێکدا لە بارەی ڕەئووف کارپاتەوە،کەوتە قسەکردن.

– من تەواو لێم ڕوونە کە ئەمانە عەلەوین، هەرگیز لە هەمبەر ئەوانەوە شتت بیستووە؟

– باوەڕ ناکەم، دەبێت میللەتێکی تر و یان ئاینێکی تر بن؟

– فەلسەفەیەکی ئاینییە و سەر بەئیسلامە، بەڵام لە دینەکانی تریشدا عەلەوی هەن، وەک شێوەیەکی ترە لە ژیان.

– چۆن وا ئێستاکە بیر لە وەها شتێک دەکەیتەوە؟

– لەبەر (ڕەئووف کارپات)، ئەم مەرِ بەخێوکەرە پیاوێکی نائاساییە، هەر لە سەرەتای هاتنیشمانەوە بۆ ئێرە، کە ئامێرەکانی مۆسیقام بەهەڵواسراوی بەدیوارەکەوە دی و بەجۆری ئاخافتنەکەشیدا، هەستم پێکرد. ماڵباتەکەیان خەڵکی (یەنیکۆیا) نین. باپیری خەڵکی دەرسیمی ناوچەی تونجەلییە و لەوێوە هاتوون، کە دوو نەوەیە، وەک خەڵکەکەی ئێرەکانە لێرەکانە دەژین، بەڵام ئەوان لە دڵەوە خەڵکێکی ترن، تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەویژدان، خۆگونجێنەر و ئاشتیخواز، ئەوان هەتا پرس بەدڵیان نەکەن، هیچ شتێک ناکەن تا لەتەک خودی خۆشیاندا پاک نەبن، نوێژیش ناکەن، هێندەی من بزانم، لە ئیسلامدا، ئەمانە باشترینن.

– تۆ پرسیارت لێ کرد؟





– نا، تەنیا ئەوەندە کە ماڵباتەکەیان لە کوێوە هاتوون، ئیتر باقییەکی دەتوانم خۆم ڕێکیان بخەم، ئەو ساتێک پاش قسەکردنەکانمان بۆ لای ئەلێکساندەر گەڕایەوە، دەستی بەسەریدا هێنا و پێی وت: "وا نهاکە دەنگی یەزدان لە لای ئێمەیە." و منداڵەکەشی ماچ کرد. بۆیە بیرم کردەوە، کە ئەو سەر بەعەلەوی بێت، فاهرونوزا زۆر باسی ئەوان دەکات، ئەو زۆر پێیان سەرسامە و هەمیشەیش پێیان سەرسام بووە. ئەو لە دڵەوە وەک ئەوانە بەخێرایی دەڕۆیشتن و بەنۆرەش لێیان دەخوڕی، نیوەشەو گەیشتنە ئەنقەرە، بولڤاری ئەتاتورک هێندەی ئۆتۆمبێل پێوە نەمابوو، تەنیا چەند تاکسییەک لە هاتوچۆدا بوون. ئۆتۆمبێلەکە لە ژێر خۆڵ و تەپوتۆز و پنتکە قووڕدا دیار نەمابوو، لەیلا ئۆتۆمبێلەکەی لەبەر خانووە گەورەکەی باڵوێزخانەی ئەڵماندا ڕاگرت، بەو بەر جادەکەوە دوو کەسی شڕۆڵە، لە زبڵدانەوە دەچوونە سەر زبڵدانێکی تر، سەگ و پشیلەکانیان وەدەر دەنا و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە پاشماوەی خواردن و پۆشاکی کۆن بدوزنەوە، گوڵەکانی ناو باخی باڵوێزخانەکە، بۆنیان بەو ناوەدا بڵاو کردبووبووەوە. پاوڵ وتی: "بۆ لێدان و پێشکێشکردنی مۆسقای تەنیا، جێیەکی خراپ نییە" ئەم وشانە بەسەختی بەسەر لێوەکانیداهاتن، بەڵام لە ناخیدا هەستی سەرنەکەوتن، سەری هەڵدایەوە، لەیلا ئەوی بۆ تاریکی ئۆتۆمبێلەکە بەکێش کرد و ماچێکی کرد.

– خۆ ئەگەریش، لەبەر هۆکاری پەنجە تەختە ئاساییەکانت سەری نەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر تۆم دەوێت، تۆیش دەتوانیت چییان بۆ لێ بدەیت، بۆ من بەسە!

هەموو لایەکی خانووەکە تاریک و بێدەنگ، بۆ ئەوەی کە نەبنە هۆکاری دەنگە دەنگ، ئۆتۆمبێلەکەیان لەسەر جادەکە ڕاگرت و خۆیان بەخانووەکەدا کرد، بەئاسپایی لە دووی ژوورەکەیان گەڕان، کە پاوڵ لەسەر پێخەفەکەی پاڵکەوت و ویستی گڵۆپەکە بکوژێنێتەوە، بەئاسپایی لە دەرگاکە درا، فاهرونوزا کە ڕۆبێکی خەوی لەبەردابوو، قووتووە زیوینی جگەرەکانی بەدەستەوە بوو، هاتوو لەسەر جێگەکەی دانیشت. وتی:

– ئەگەر زۆر ماندوو نین، دەمەوێت لەگەڵتاندا جگەرەیەک بکێشم، تورکیاتان بەدڵ بوو؟ لەیلا باشی لێدەخوڕی؟ ئا تۆزێکم بۆ باس بکە.

پاوڵ پەشۆکا، باسی چی بکات؟

– لەو ماوەیەدا هێندە شت ڕوویداوە، کە ناتوانم باسی هەمووی بکەم، گەشتێکی هێجگار دڵگیر بوو، وڵاتێکی گرینگ و پڕ ڕووداو، بەڵام لەبەر دڵانیشە بێ جیاوازی، سائەگەر لە بەر ماڵی گوندێکدا دانیشتبێتین، یان لە ئاپۆڕەی بازاڕدا بووبێتین، دەتگۆ ئاوازی زیبیلیۆ و ڕۆزینیە ئەویش بەدەهۆڵ کوتانی ڤاگنەرەوە.... بۆ ئەم وێکچوونەم داوای لێبووردن دەکەم. هیچی ترم بەبیردا نایەت. هەرگیز بیرم نەدەکردەوە کە دەریای ڕەش، دەمخاتە یادی براهماسەوە...، لە کن لەیلایش هەروەها بووە... بۆ من زۆر باش بوو کە لەتەک ئەودا بم.

بۆ ئەوەی لێیی دەرنەکەوێت کە شتێکی بۆ وتن لە بیر کردووە، دەستی بۆ جگەرەیەک برد و بەپێکەنینەوە وتی:

– ئەگەر من مەنوێت سەمای گوندیەکم خستبیتە بەردەستی، ئەو کردویەتی بە شێرتزۆ ئاوازێکی بەرز، بەڵێ، ئەو ئاوایە..

فاەرونوزا، سەری لەقاند.

– بەڵێ، ئەو ئاوایە، بەڵام جارجارە سەمایەکی گوندی بۆ ئەو باشترە، لێ هەمیشە ئەوە تێ ناگات.

– لە ئان و ساتی خۆیدا، بەڵێ،

پاوڵ لەوەی ئەرخەیان بوو کە ئەو لەم تێگەیشتووە، دەشیزانی کە لەیلا لەگەڵ هەردەم خۆ دەرخستن و قسە سەپانەکانیدا، هەستە بریناركردنەکانی شاردووەتەوە. پاوڵ لە مێژ بوو هەستی بەوە کردبوو، کە لە پشتی لەیلای هەردەم گەڕان لە دووی زانیارییەکان و قسە بەتوێکڵەکانییەوە، لەیلایەکی تریش هەیە، ئیدی نەیدەویست کە زیاتر لە بارەیەوە بڵێ و بۆ ماوەیەک بێدەنگی دروست بوو، پاشان وتی:

– من نازانم ئایا ئەمە درێژترین گەشتم دەبێت، بەڵام لەوەی یەقینم کە گرینگترین گەشتم بوو.

– منیش هیوادار بووم، ئێوە پێویستان بەوەها گەشتێک بوو.

– مەبەستتان چییە؟





– تۆ دەبێت باوەڕ بەدۆستێکی لە خۆت بەساڵاچووتر بکەیت، کە ئەو دەزانێت ئێوە لە کوێدا و پێویستان بەچی هەیە! بۆ ئەو دۆستەتان، ئاسایی و جێی باوەڕبوونە لە ژیاندا، بێشک بۆ مۆسیقاکەشی. ئێوە ئێستاکە پێویستتان بەنوێکارییەکە، بەهێزێک کە هاندەرتان بێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناو خۆتان، شتێک کە هاوکاریتان بکات، شتەکان وەها ببینن کە دێن یان..؟

– باوەڕ ناکەم کە مرۆڤ خۆی هەست بەوەها شتێک بکات.

– من لێم یەقینە، هەر لەبەر ئەمانەشە کە تۆ بەمن ناسێنراویت.

پاوڵ سوور هەڵگەڕا بوو، بەسانایی وتی:

– جا ئەگەر وابێت، با وابێت.

– ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ئەو شتانە دەزانین، بەتایبەتیش ئێمەی ژنان، ئیدی خەو خۆش.

ناوچاوانی پاوڵی ماچ کرد. لەبەر دەرگەکەوە ئاوڕێکی دایەوە و زەردەخەنەیەک لە چاوەکانیدا بەدی دەکرا. کە وتی:

– لە هەمبەر وێکچواندنی ئاوازی گوندیەوە، هەر زۆرم بەدڵ بوو، بەڵێ، ئەوە لەیلاکەمانە بخەوە، کوڕەکەم.

پێش لە خەوتن بیری لەوە دەکردەوە، کە هێشتاکە و بۆ کۆنسرتەکە، نۆتەی نییە، بەڵام ئەم بیرە نەبووە هۆی خەولێنەکەوتنی.

## ١٦

که بەیانی بەئاگا بووەوە. دووشی کرد و خۆی لەبەر کرد، لەیلا و فەخرییە لە ماڵ چووبوونە دەرەوە، فاەرونوزا چاوەڕێی ئەمی دەکرد، هەتا لەتەکیدا بۆ ئەکادێمی مۆسیقا بڕوات، تەلەفۆنیشیان بۆ کەسێک بەناوی مەتحەت فەنمەن کرد، فاەرونوزا لە هەموو جێیەک خەڵکی دەناسی، فێنمەن بەڕێوەبەری ئەکادێمی مۆسقا بوو لە گەڕەکی جەبجی، ئامادەبوو ئەگەر ئەو هات، نۆتەی بداتێ، کابرایەکی پیر کە دەستێک چاکەت و پانتۆڵی مۆدێل کۆنە ڕەشی لەبەردا بوو. ئەوی بەدالانەکەدا بردە ژوورێک کە لە ڕەفەکاندا و هەتا سەقفەکە، فایلە نۆتە هەڵچنرابوو، نۆتەی کلاسیک و نوێژەن. ساتێک پیاوەکە بەپەیژەکەدا هەڵگەڕابوو، فایلی نۆتەی دەهێنا و دەبرد و پیشانی دەدا، فاەرونوزا، لە لێواری پەنجەرەکەوە دانیشتوو جگەرەی دەکێشا. نیو کاتژمێری نەخایاند، ئەو پڕۆگرامە ئامادە کرا کە ئەو دەبێت پێشکەشی بکات، پاوڵ وتی:

– فاەرونوزا، من پێویستم بەکەسێکە کە لاپەڕەکان هەڵبداتەوە، چی بکەین؟ دەتوانیت لێرە لە کەسێک بپرسیت؟

– ئەی لەیلا ناتوانێت ئەوە بکات؟

– ئەو سەرم لێ تێک دەدات و بێ سوود دەبێت، پێشم وایە کە ئەو ناتوانێت نۆتە بخوێنێتەوە، چونکەی ئەگەر هەر جارێک سەر بلەقێنم، ئەوە چ بۆ من و چ بۆ بینەرانیش ناحەزە.

پیاوە پیرەکەی ئەوانی بۆ ئێرەکانە هێنا، گوێی لێ بوو، بۆیە وتی کە ئەو بەیانی زوو، بۆ ئەم کارە کەسێک بۆ باڵۆێزخانە دەنێریت و خەمیان نەبێت.

تاکسییەکیان گرت و ڕۆیشتن، فاەرونوزا، بەپێکەنینەوە پێی وت:

– فراک = چاکەتی تایبەتی مایسترۆکانەێکت بۆ پەیدا بکەم، لەبەری بکەیت؟

پاوڵ سەری لەقاند و وەڵامی دایەوە:





– بەوەش حاڵی خراپی ژەنینەکەم چاک نابێت.

لەسەر کلاڤیرەکەی فاەرونوزا، چەندین جار و هەتا درەنگی شەویش، مەشقی پڕۆگرامەکەی چەند پاتە کردەوە، کەس ڕێگری نەبوو، دەتگۆ ئافرەتەکان زەوی قووتی داوون. ڕۆژی داهاتوویش هەتا نیوەڕۆ مەشقی کرد، کە ئیدی بەقووڵی و بێ خەوبینین، نووست، هەتا لەیلا بەئاگەی هێنایەوە و وتی:

– کاتی ئەوە هاتووە بچینە باڵۆێزخانە.

تاکسی و ئۆتۆمبێلی ئێلێگانسی تایبەتی بەدەروازەکەدا تێ دەپەڕین، خەڵکەکەیان لەوێدا دادەبەزاند و دەچوونە پارکەکانەوە، شۆفێرەکان یان لە مەلەگاکەدا بەسەریان دەبرد و دەبووارد، یان یاری کارتیان دەکرد. ژن و پیاوە خواپێداوەکان بەپلیکانە کەمەکاندا سەردەکەوتن و سلاویان لەگەڵ باڵۆێزدا دەگۆڕیەوە، کە دوور لە شانۆکە دەستی دەدایە هەر کامێکیان، پاوڵیش نەیتوانی ئەوە ڕەت بکاتەوە و بۆ بەخێرهاتنی میوانەکان، لە پاڵ فاەرونوزا و باڵۆێزدا دانەنیشێت، پاوڵ بەگوێی فاەرونوزایدا چرپاند:

– باشت خەجاڵەت کردووم..

– دەیبینین کە چۆن تۆیش خەجاڵەتم دەکەیت..

ئەوسا دەستی پاوڵیشی گووشی، پاوڵ تێنەگەیشت چ مەبەستێکی هەیە، ئایا لەیلا هەموو شتێکی بۆ گێڕاوەتەوە؟ بێشک گەڕانەوەکەی ئەلێکساندەر بۆ یەنیکۆیا ناڵێت، بۆ ئەوەی کە دایەگەورەی تووشی نیگەرانی نەکات، ناکرێت شتی وەهای بۆ بگێڕێتەوە، ئەی باسی ڕووداوی خۆشەویستییەکان؟ پاوڵ ڕوانییە ڕووخساری فاەرونوزا، بەڵام هیچ نیشانەیەکی شت پێزانین لە ڕووخساری نەدەبینرا، کە هۆڵەکە پڕ بوو. داوای لێبووردنی کرد و چووە ژوورێکی بێدەنگ و هێمنی نهۆمی یەکەم، هەتا خۆی بۆ کۆنسێرتەکە ئامادە بکات، بیری کردەوە کە هۆڵەکە زیاد لە هەشتا کەس ناگرێت، بەڵام زۆرتر هاتووە، هەر لەم ئان و ساتەیشدا جووتیارەکان بۆ خەوتن دەچنەوە گوندەکانیان، ئەو گوندانەی کارەبای تێدا نییە، ئەلێکساندەر لە ناو پێخەفە تەختەکەی سەر زەویەکە پاڵ دەکەوێت. کە بۆنی دڵگیری نان و ئارد، پەنیری تازە لە خواردنگەکەوە بەرەو لای دەچێت، پێدەچێت کە ئێستاکە دوو پیرەکەیش لەسەر

کلیمەکانیان پاڵ کەوتبن، مانگەشەوەکەیش لە پەنجەرەکەوە شەوق دەداتەوە و هەردووکیان بەچپە لەتەک یەکدا قسە دەکەن، ئەم وێنانە ئەو هیوایەی تێدا دروست کرد، کە خۆزگە لەیلا لەگەڵیا بووایە، لە گەڕانەوەکەیانەوە، نەیانتوانیووە پێکەوە بپەیڤن، لەوەش دەچوو ئەم هەست و خواستەی لە خەمی نهێنی ئەو ڕووداوانە بێت کە ڕوویان دابوو، ئەو بڕیارانەیشی کە پێکەوە دابوویان لەم دوو ڕۆژەدا و لە ناخەوە، تووشی شڵەژانێکی قووڵ بووبوو لە ناکاودا، دەتگۆ تەلەفۆنی بۆ کردووە، دەرگەکە کرایەوە و لەیلا هاتە ژوورەوە. ئەو کراسێکی ڕەشی لەبەر کردبوو، جووتێک پێڵاو و ملپێچێکی سوور، چەندە ناسک و نازدار دەهاتە بەرچاوان. بەدەم ڕێکردنی لاپەڕەی نۆتەکانەوە، بەدوای یەکتریدا، لەبەر خۆوە وتی: " تۆ بڵێیت ئێستاکە ئەلێکساندەر خەوتبێت؟"

لەیلا لەبەر دەرگەکەدا وەستا، هەروەک بترسێت نیگەرانی بکات یان هەروەک لە وشەکانی تێ نەگەیشتبێت، وتی:

– هەموو شتێک باشە؟

– هەموو شتێک باشە، لای فاەرونوزا باسی خۆمانت کردووە؟

– بۆچی؟

– هەستێکی وەهام هەبوو، ئەو شتێک بزانێت ئەو بە منی وت، کە بوومەتە هۆی خەجاڵەتی ئەو، یان بەجۆرێکی تر دەری بڕی، منیش هێنامە سەر خۆمان.

– من لێم یەقینە کە ئەو دەزانێت، بەڵام پرسیاریش ناکات، چونکەی ئەوە کاراکتەری ئەو نییە، هەلومەرج و ساتی ئەوەش دێت، لەبارەیەوە قسە بکرێت.

– باشە ئەو فزوڵی نییە؟

– هەر زۆریش، بەڵام ئەو بۆ منی جێ دێڵێت بۆ ئەو جێی باوەڕە، ئەوەی من دەیکەم تەواوە، جاران بەو هیوایە بووم، کە ئەو خومخۆرییەکەی لە هەمبەر مندا، بەئاشکرا پیشان بدایە، بەڵام ئەو وەهایە کە هەیە.

– ئەی تۆ هێشتاکە ئەرخەیانیت، ئەوانەی کردوومانە ڕاست بووبن؟

– خۆ تۆیش دەزانیت، کە چارەی ترمان نەبوو.





بەڵام پاوڵ نەیدەزانی کە لەیلا، لەم کاتەدا بیری لە ئەلێکساندەری بچکۆلە دەکردەوە، لە خۆشەویستییەکەی یان لە هەردووکیان؟ پرسی:

– ئەی لە باڵوێزخانە چیان وت؟

– یەکێک لە کارمەندەکان، بەبێ چەندوچۆن گوێی لە ڕاپۆرتەکەم گرت، هیچ پرسیارێک نەکرا، من نووسیم کە منداڵێکی پەککەوتە لە کن ئەو ڕەئووف کارپاتە وجودی نییە، خۆشم لەوە سەرم سووڕما، کە هەموو شتەکان بەبێ کێشە بەرەو پێش چوو.

– چی؟ نەتدەویست درۆ بکەیت؟ هەر زۆر بەکارامەیی لە خەمی دایت و لەوە دەترسیت، شتێکی بەدواوە بێت؟

– نازانم. بەڵام سروشتییە کە بڕێک نیگەرانم نامەم بۆ باوکی نارد، کە هەرچی زووە بۆ ئەنقەرە بێت، چونکەی کاتمان زۆر نییە خۆ ئەگەر کارمەندی تورک بۆ یەنیکۆیا بنێرن، ئەوا کارەکەمان هەمووی بێ سوود بووە.

پاوڵ قسەکەی پێ بڕی:

– لەیلا، هەرچیەکیش ڕوویدات، هێشتاکە بێ سوود نەبووە! ئەوکاتەیش هەر بێ سوود نەبووە، تەنانەت ئەگەر کوڕەکەیش بێنن و بۆ ئەڵمانیای بنێرنەوە، ئەوە یەکەم کردەوە و بڕیاری بوێریم بووە، کە من هەتا ئێستاکە بەشداریم تێدا کردبێت، هیچ هۆکارێک بۆ ترس نییە. تۆ زۆر جێی شانازی منیت!

لەیلا ڕوانیە دەمژمێرەکە،لە خوارەوە غەڵبەغەڵبەکە دەگەیشتە کن ئەمان، دەیانبیست کارکەرەکانی باڵوێزخانە، کورسیان بۆ دەهێنان، هەتا هەموو بتوانن دانیشن، لەیلا وتی:

– ساتی ڕۆشتنمان هاتووە.

پاوڵ هەڵسا، نۆتەکانی خستە بنباڵی چەپی و بەرەو ئەو چوو، بەڵام مەترێک لە دووری لەیلاوە وەستا و وتی:

– هەر هەموو شتێک زۆر بەسانایی، بۆ کوڕەکەی یەنیکۆیا بەڕێوەچوو. نەتدەتوانی خۆتی لێ لابدەیت، ئەو وەک مەڕی قوربانی بەسترابووەوە. وەها نەبوو؟

– بەڵێ، تۆیش وەک منی لێ دەزانیت.

زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێویان زەدەخەنەیەکی تەنک، بەڵام هێندەیش بەهێز کە لەوی تری تێ بگەیەنێت؛ ئەوان زۆر لەوە نێزیکترن، تا هاوکاری کارێک بن، پاوڵ وتی:

– با بڕۆین.

ئەوجا بەدوای لەیلادا بەپلیکانەکاندا چوونە خوارەوە. ئەو لەشی باریکەلەی لەیلای لە بەردەمی خۆیدا دەدی و بیری کردەوە: "چ شتێک منی تا ئێرەکانە هێنا؟ " لەیلا بۆ دواجار دەستێکی لە باڵییەوە دا و بەجێی هێشت، هەتا لە هۆڵەکە و لە کن فەخرییەی دایکی و فاهرونوزای نەنکییەوە دابنیشێت. پاوڵ لە پاڵ پلیکانەکاندا وەستا و بۆ نیو خولەکێک ئارام بووەوە. لە ڕۆحیدا ئەو هەشت ڕۆژی ڕابردووە، وەک گەنجینەیەک وابوو، هەموویان لەمدا زیندوو بوونەوە و کەوتەوە یادی، بەڵام ئەوە هەر بیریشی لەوە نەدەکردەوە، کە ڕوویان دابوو، ئەو هەستی کۆ کردەوە، خۆی ئامادە کرد و گوێڕایەڵی ناخی خۆی بوو. ئەوەیش نەشڵەژان بوو، نەنەشڵەژانیش، بگرە فێرکارییەکی باش، کە ئەو ئەم ئێوارەیە بەمۆسیقاکەی دەیەوێت دەری ببڕێت، جارێکی دیش ڕوانییەوە نۆتەکانی بن باخەڵی و ئیدی زانی کە چۆنیان بژەنێت، هەر هەموو شڵەژانەکەی لەتەک کۆتایی وشەکاندا، کە لەگەڵ لەیلادا کردنی، سڕابوونەوە، کوڕێکی بەرگ ڕەشی شەرمێون لە پەنایەوە خۆی دەرخست، پێدەچوو کە هەژدە ساڵیش نەبێت، بەئینگلیزییەکی خراپ و بەچرپە وتی: کە ئەو ناوی ئونولە. بەرپرسانی کۆنسێرت ئەویان ناردووە، هەتا پەڕەکانی بۆ هەڵبداتەوە. وتیشی: کە ئەو ئەم کارەی زۆرجار کردووە، تەنانەت بۆ هونەرمەند سڤیاتۆسلاف ریشتەریش. پاوڵ دەستی پێ داو وتی:

– زۆر باشە کە تۆ لێرەیت. من ئەم کێشەیەم هەر لە بیر چووبووەوە. دە بەخەڵکەکە بڵێ ئەم پارچە مۆسقایە، لە گەڕانمدا بەوڵاتەکەی ئەواندا هاتووەتە بەرهەم. پێیان بڵێ کە کۆنسێرتەکە چوار بەشە. لە دەستپێکدا دوو کاری باخ کە بوزۆنی ئامادەی کردووە، دوای پشووەکەیش لە کاری جۆراوجۆرەکانی بێتهۆڤن – سێ مۆل – سێ پارچە مۆسیقای بێ تێکستی مێندل زۆن و – گێ مۆل – ی شۆپین، ئاگەداریان بکەرەوە، دەزانیت بەوە هەڵسیت؟





ئونال سەری لەقاند و ناوەکانی لەسەر پارچەیەک کاغەز نووسی، ئیدی خەڵکەکە بێدەنگ بووبوون. هەرکە پاوڵ و کوڕەکە لە سووچەکەوە بۆ سەر شانۆکە هاتن، دەست کرا بەچەپڵە لێدان، ئەو ساتەی کە ئونال بەتورکی قسەی دەکرد، پاوڵ لەبەر ئامێرەکەدا دانیشت، پەنجەیەکی بە دوگمەیەکدا ناو یەکەم نۆتەی پێ دەرهێنا. بیریشی کردەوە، دوگمەکان سارد و خۆشن، ئەرێ جارێکی دیش هەڵسم و خۆم بچۆمێنمەوە؟ باشترە وەها نەکەم، چونکەی ناخوازم هەمدیسان بەینی تێ بکەوێت، بۆ جارێکی تریش و لە ژێر ئامێرەکەوە، پەنجەکانی تەقاند و ئامادە کرد، ئونالیش دانیشت، پاوڵیش چاوەڕێی کرد، تا کاتی خۆی هات.

بەلێدانی پارچە مۆسیقاکانی (باخ)، خەڵکەکەی بۆ خۆی ڕاکێشا، هەستی بەنێزیکی خۆی لەوان و ڕازیبوونیان دەکرد. ئەویش دەیویست بەو پلەیە بگات. دەیویست بزانێت، ئایا ئەوان هەستی پێدەکەن کە ئەمە کارێکی کۆڕاڵە؟ یان وەک موسڵمان زویریان دەکات؟ پێدەچێت کە لێدانی (مارشی تورکی) بۆ ئێرە باشتر و لەبەر دڵانتر بوایە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە بەخراپ لێی حاڵی بن، لە نێوان هەردوو بەشەکاندا هیچ پشوویەکی نەدا. باشیش بەدەستییەوە هات! پارچەکان، پارچەی مەشقی سەردەمی خوێندکارییەکەی بوون، بۆیە بێ کێشە بەدەستییەوە دەهاتن، ئەویش هەر بۆ ئەوە ئەوانەی هەڵبژارد، هەتا بەسەر لێدانەکاندا زاڵ و سەرکەوتوو بێت، هۆکارێکی دیش هەبوو. دەیدی کە چۆن میوانەکان پێشوازیان لە مۆسیقا بێ تێکستەکان دەکرد و چێژیان لێوەر دەگرتن زۆرترینیش کەوتنە ژێر کارگەری پارچەی (ستڕانی شکایەت ئاسای شوان)ەوە. بیری کردەوە و زەردەخەنەیەکیشی کرد: "پارچەیەک بۆ شوانەمەڕی بچکۆلەمان." جا ئەگەر لەیلا هەستی پێ دەکات؟ پاش تەواوکردنی پارچەیەک لە (شۆپین)، خەڵکەکە کەوتنە چەپڵەلێدان و ئافەرین ئافەرین. تەنانەت هەندێکیشیان هەڵسابوونە سەر پێ، پاوڵ خۆی چەماندەوە و بەهەنگاوی خێراوە، بەپلیکانەکاندا چووە خوارەوە، بۆ ئەو ژوورەی کە پێشتر لەوێ بوو. باقەیەک گوڵ لەسەر مێزەکە دانرابوو، بێ ئەوەی پارچە کاغەزێکی پێوە بێت، لەبەر خۆیەوە پێکەنی، ئەرێ قابیلی گوڵ بوو؟ ئایا ئەمە لە فاەرونوزاوە هاتووە؟ چاکەتەکی داکەند، هەتا کراسە ئارەقاویەکەی وشک بێتەوە.

ئەوجا لەسەر پارچە کاغەزێک بەشەکانی تری بۆ ئونول تۆمار کرد، بۆی دژوار بوو کە لە ئێستادا تەنیا بوو، بەڵام نەیدەتوانی هیچ بگۆڕێت، تۆ بڵێیت لەیلا بێت؟

کە هاتەوە ناو هۆڵەکە، خەڵکەکە بەچەپلە پێشوازیان لێ کرد، بەخوێندنەوەکەی ئونال، ئەم تەنیا لە ناوی مۆسیقزانەکان تێگەیشت. "ڕۆبێرت شومەن" ،کارنەڤاڵ و مۆستزۆفسکی و"فرانس لیزتس"، هەندێک بەشی لە کەرنەڤاڵ هەڵبژاردبوو بۆ ژەنین، کە بۆی دژوار نەبێت. تەنیا فارونوزا و خۆی دەیانزانی کە ئەم پارچەیە بۆ ئەو هەڵبژێردراوە. بیرەوەریەک لە خۆشەویستییەکی ناکام لە بەرلین، ئەو نهێنیە قووڵەی ناوەڕاستی ئەو جەماوەرە، هێزیان بەمدا. ئەو ئەم پارچەیە تەنیا بۆ ئەو لێ دەدات. بەڵام ترسی لە لێدانی پارچەمۆسیقای مۆستزۆفسکی بوو، ئەو دەبێت هێواشتر لەوە لێی بدات کە نووسرا بوو، لە کاتی ژەنیندا هەستی کرد چۆن کراسە وشکەکەی هەمدیسان غەرقی ئارەق بووەوە، بیری کردەوە: "ئەرێ لەیلا لێرەکانەیە؟ هیچ هەڵەیەکم نەکردووە؟ بەئاگاییەوە لێ مداوە؟ بێشک کە (مۆتستزۆفسکی) کابرایەکی ڕووس بووە، بەڵام ئەم میوانانە بەدڵیان دەبێت و قبووڵی دەکەن یان ئەو پۆڵۆنی بوو؟ ئەیجا بۆ تورک جیاوازی هەیە؟ شەڕ هەبووە لەگەڵ ڕووسا، یان؟ ئەم پارچەیە بۆ من بڕێک نیگەران کەرە. بڕیارێکی نابەجێ بوو، یان کۆنسێرتەکە درێژە... شومانی خەڵکی ناوچەی (ڕاین لاند)، هەروەک ئەلێکساندەر لای شومان ناونانی ڕستەکان چەندە جوانن: پریامبولۆ، چیارینا، چۆپین – ئەگیتاتۆ، ڤالسە ئەلێماندە. چۆن دەتوانم لە بیردا بم و بشچمە قووڵایی ژەنینەوە؟ دەبێت تواناکەم هەتا لێدانی (فرانز لیستز) بڕ بکات. یان هەتا جارێکی تری تایەگۆڕینی قەراغ جادە، بەلێدانی کۆتایی بەش، زەردەخەنەیەکی کردەوە. ئەگەرچی لێدانی گوایە ئاسانی ئەم بەشە، هەموو تواناکەیی بەخەسار دەدا لێ، ئەو دەیتوانی شەو و ڕۆژ ئەم بەشە بەبێ نۆتەیش بژەنێت، ئەوجا ئەگەری ئەوە هەیە کە بڕێک چەپڵە لێبدەن. چونکەی ئەم بەشە تاڕادەیەک بەرز بوو ئایا فاهرونوزا، لێم ڕازییە؟ سەرنجێکی دایە، هەتا ڕووخساری ببینێت کە زەردەخەنەیەکی لەوەوە بەدی کرد، دەتگۆ ڕۆژ کەوتووەتە پانتایی ئاسمانەوە، بەهەموو هێزییەوە کۆتایی بەشی لێ دەدا، ئازار کەوتبووە قۆڵ و باڵەکانی، پەنجەکانی چێژیان لە کرتەکان وەردەگرت و هێواش و بەڵام پڕ، بەرەو





کۆتایی دەچوو لەبەر خۆیەوە پیتە ئاڵتونییەکانی سەر تەختی کلاڤیرەکەی دەژمارد و بەهێواشیش قاچی چەپی لەسەر، پایدەرەکە لادا. لەسەر کورسییەکەی هەڵسا، چووە پێشەوە و خۆی چۆماندەوە، لەو ساتەی ئەو بەدوای یەکدا سوپاسی چەپڵەکانی دەکرد و دەستە گوڵی هاوسەری باڵوێزی وەرگرت، هەستی کرد کە چاکەتەکەشی شەلاڵی ئارەقەیە، بیری کردەوە کە دەبێت، جێییەکی جلشۆردن بدۆزمەوە، چونکەی ئەمە کۆتایی کراسی پاکم بوو یان هەر هەموویان بخەمە ئاوی دەستشۆرەوە، هەر وەک چۆن لە هامبۆرگ خۆم کراسەکانم، بەسابوونی کۆتر دەشۆم، بۆ خەڵکەکە پێکەنی و شانۆکەی جێهێشت.

## ١٧

لە ناو باڵکۆنە گەورەکەی کۆشکەکە، کە پلیکانەکانی دەچووە ناو باخێک، وەک شارەهەنگێک، ویزە ویزی ئاپۆڕەکەی بەرگوێ دەکەوت، هەر پاش لێدانی چەپڵەکان، خزمەتچییەکان، مەشخەڵەکانیان گڕ دا و مێزەکانیان بەخواردن و خواردنەوە ڕازاندەوە، میوانەکان پەلاماری لێوانەکان وئەو کێکە تورکی و ئەڵمانیانەیاندا کە باڵوێز ئامادەی کردبوو، خزمەتچییەکان بەکراسی سپی پاک و چاکەت و پانتۆڵی ڕەشەوە، بەگورجی لە هاتوچۆدا بوون، هەتا کەسێک هەست بەوە نەکات خزمەتی ناکرێت و لەبیرکراوە، هەمیشەیش خەڵکانێک بۆی دەچۆمانەوە کە پاوڵ نەیدەناسین، هەتا پیرۆزبایی و دەستخۆشی کۆنسیرتەکەی لێ بکەن، ئەگەرچی ئەو سوپاسی دەکردن، بەڵام بەبیر لێرە نەبوو، ئایا ماندوو بوو، یان قسەکردنەکەی لەتەک لەیلادا هۆکار بوون بۆ ئەم بیرئاڵۆزییەی؟ یان هەست دەربڕینی خەڵکەکە هێجگار زۆر بوو؟ بەخۆشی وت: بەڵام خراپیشم نەژەند؟ باشتر لەوانی تر نا، بەڵام نێزیکییەکی تر بوو لەو پارچانەی کە لێیدان، ئیدیش بۆی گرینگ نەبوو، چونکەی شتی دی سەرگەرمی دەکرد، بیرەوەری لە لێدانی پارچەکاندا هەبوو کۆمپۆنیستەکان بەشێکی ڕۆحی ئەمیان دەردەخست کە لەوەوبەر وەها نەبوو. یان چۆن بوو؟ چەند بێ خەم دەمژەنی. چ بێ مێشکییەک بەسەرمدا تێدەپەڕی، بەچاویش بۆ لەیلا دەگەڕا، لە دووری چەند مەترێکەوە وەستابوو و لەتەک چەند کەسێکدا دەدوا، دەتگۆ بەهەڵچوونەوە دەپەیڤن. بینی کە چۆن پیاوە موو زەردە باڵوێزەکەی، شایەد تەمەنی پەنجا ساڵ بێت، چۆن چووە لایان و ڕووبە لەیلا قسەی کرد، لەیلا لەگەڵیا ڕۆیشت، بەپلیکانەکاندا چوونە هۆڵی پێشوازی کردنی باڵوێزخانەکە، پاوڵیش بەدزییەوە هەتا کن پلیکانەکان دوایان کەوت، ئەوجا بینی چۆن لە پشتی دەرگە بەرزەکەوە دیار نەمان.

دەتگۆ ئیفلیج بووە، دەبێت دەربارەی هیچ نەبێت، بێجگە لە کوڕەکە، ئەگینا باڵوێز چ بابەتێکی تری هەیە کە لەتەک لەیلادا لەبارەیەوە بدوێت؟ هەستی بەشڵەژان و







تێکچوون کرد، ئایا دەبێت چی بکات؟ ئایا ئەو پێویستیی بەیارمەتییە؟ نەخێر، دەبێت لەم ساتەدا بەتەنیایی جێبێڵم؟ بەهۆی شڵەژاوی و خەمخۆرییەوە داوای مۆڵەتی بەجێهێشتنی لە ئەڵمانەکانی تر کرد، کە ئەوان لە هەمبەر یۆهانس براهام و هامبۆرگەوە دەدوان. هەتا لە دوای فاەرونوزا بگەڕێت، ئەو پێویستە لەتەک ئەودا بپەیڤێت، دەنا لەتەک کێدا؟ بۆیە بەناو خەڵکەکەدا خۆی بەکێش کرد، فاەرونوزا لە ژوورەکەی تەنیشتەوە، لەتەک ژنێکی هاوتەمەنی خۆیدا، کە لە ئۆپێراکە لەگەڵیا ئاشنا بووبوو، لەسەر قەنەفەیەکی سوور دانیشتبوون. کەمێک بێ ڕەوشتانە قسەکەی پێ بڕی:

– دەتوانم بۆ چەند چرکەیەک لەتەکدا بدوێم؟ چونکەی گرینگە. تکایە وەرە لەگەڵمدا.

بردیە سێبەری پلیکانەکانەوە و وتی:

– باڵوێز لەیلای بۆ کن خۆی بانگ کرد.

فاەرونوزا، دەستی گرت و وەڵامی دایەوە:

– ئینجا خەمی لێ دەخۆن؟ ئارام بەرەوە، ئەو دەتوانێت یارمەتی خۆی بدات، من پێ موایە کە ئەو دەبێت بەتەنیا لەبەرانبەر شتەکاندا بوەستێتەوە

– ئاخ، بەڵام تۆ نازانیت کە مەسەلەکە چییە؟

– تۆیش دەبێت فێربیت کە مەسەلەکان، تۆزقاڵێک بەشێوەی تورکی ببینن، لێگەڕێ هەرچی ڕوودەدات، با ڕووبدات ئازیزەکەم، بەسەرهاتەکانی ئێوە، هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نییە، دەزانم کە لەوێکانەدا شتێک هەیە، مرۆڤ کە کەسێکی زۆر خۆشویست، هەست بەشتی لەوبابەتە دەکات، بەڵام لەیلا هەمیشە دەزانێت کە چۆن هەڵسوکەوت بکات، ئەگەرچی ترسیشی هەبێت، ئەو دەبەنگ نییە و ئەوجا، فریشتەی پاراستنیشی هەیە!

پاوڵ گازێکی وەهای لە ئێسقانی ئەنگوستی گرت، هەتا ئازاری هات. ئەو هەستەی کە دەبێت بەکارێک هەڵسێ و بەڵام بێ تواناشە، نیگەرانی دەکرد.

باڵوێزەکە بەقیتی و ڕووخساری بێجووڵەوە، بەپلیکانەکاندا هاتە خوارەوە، دوای

ماوەیەکیش لەیلا، ڕەنگی زەرد و پەشۆکاو، پەروەندەیەکی مقەبایش بەدەستی چەپیەیوە بوو، پاوڵ بەپلیکانەکاندا ڕای کردە سەرەوە و ئەوی بۆ ژوورێکی بچکۆلە برد، ئەو ژوورەی کە گوڵەکانی ئەم و نۆتەکانی لێ بوو:

– ئۆو خوایە، چی ڕووی داوە؟

دەتگۆ تازە لەیلا هەستی بەم کردبێت و بۆی پێکەنی، دەستی بەدەستی پاوڵدا هێنا و پرسی:

– ئەوە چی ڕووی داوە؟

ئەوجا لەسەر کورسییەک دانیشتن و کەوتە گێڕانەوە، هەروەک هەر وشەیەک قوورسایی خۆی وەربگرێت:

– ئەو پیسە زیرەکە، هەمیشەیش وەهام ناوبردووە. کەسێکی لە پشتەوە دەستوەشێنی نموونەی دیبلۆماتی ئەڵمان.

– دەی، دە قسە بکە.

– نا، بەهێواشی، هەروا بەخێرایی نابێت، هەروەک چۆن هەستم پێ دەکرد، ئاوەها پەروەندەی کوڕەکەی ئامادە کردبوو. بیری لێ بکەوە، تەنیا ئەم پەروەندەیە و لەسەر مێزێکی گەورە. بێ شک هەستم پێ کردبوو، کە کۆتاییەکی ئەستوور بەڕێوەیە، بەڵام هەرچۆنێک بێت، بەلای منەوەهیچ گرینگ نەبوو، ئەوپەڕی کارێکی ئاسایی دەبوو، کە ئەو دەرم بکات، بۆ من ئەوە قابیلی قبووڵکردن نەبوو کە گوێ لە وەعزخوێنێکی ئەڵمان بگرم، ئەو پەروەندەکەی پەڕە پەڕە هەڵ دەدایەوە کە پێدەچوو پێشتر خوێندبێتیەوە، وتی: لەیلا دانیشە، ئەوجا پرسی: کەواتە منداڵێکی پەککەوتە لەو گوندەدا نەبووە؟ ناوی چی بوو؟. منیش تەنیا سەرم ڕاوەشاند. ئینجالەگەڵ هەڵدانەوەی پەروەندەکەدا، باڵوێز درێژەی پێ دایەوە: سەیرە. بەشێوەیەکی سەرسووڕمان کارەکانی ئەو کوڕە بەڕێوە چووە، ئەوجا سەرنجی منی دا، منیش لەبەر ئەوەی نەمدەزانی چی بڵێم، بێدەنگ بووم، ئەویش وتی: هەروەها پزیشکی خانەی منالانەکەی دویزبورگیش، هیچ وشەیەکی لەبارەی تورکێکەوە نەنووسیووە ئەگەرچی وەک لێرەدا هاتووە کە بەدێژایی مانگەکان، تورکێک سەردانی کردووە. هەر هەموو زانیوویانە، بەڵام کەسێک شتێکی نەوتووە، بۆیە بۆ ئەو ماوە درێژە، پۆلیس





نەیتوانیووە هیچ بکات، لەوە تێ دەگەیت؟ منیش تەنیا سەرم لەقاند، ئەویش درێژەی پێدا: هەر بۆیەشە کاروبارەکان بۆ چەندین مانگ، لە فەرمانگە و لە دوسڵدۆرف ماونەتەوە. پاشانیش لێرە، لە ئەنقەرە وادیارە کەسێک حەز و ئارەزووی ئەوەی نەبووە، لە خەمی ئەم کارەدا بێت، لە کۆتاییدا کارمەندێکی کارامە لە دوسڵدۆرف، پەروەندەکەی دەکەوێتە بەردەست و لێی دەکۆڵێتەوە. بەڕێکەوت کۆنەدۆستێکی ژنی دایکی ناوی چییە دەڵێت کە دۆزەکە هێشتاکە بێکارکردن تێیدا، لە ئەڵمانیادا ماوەتەوە. بەڵام لە کۆتاییدا، دەبێت هەرچۆن بێت کارەکە بەرەو پێش بچێت باڵوێز بەماناوە پێکەنی و بەپەنجە بەپەروەندەکەیدا کێشا: ئیدی هەرچۆن بێت گەیشتووەتە ئەنقەرە و بە ئەدرێسی گوایە باوکی کەسە شک لێکراوەکەی کە منداڵی فڕاندبێت، لێرەکانەیش چەند هەفتەیەک ماوەتەوە، هەتا ناردیانە لای ئێمە، خۆ ئاشکرایە کە ئەم تورکانە، کاروبارەکانیان وا بەخێرایی بەڕێوە نابەن، لێرەکانەیشدا دەتوانم ئەوە تێ بگەم، ئەو منداڵێکی تورکە یان ئەڵمان؟ لەسەرئەوەشەوە، زۆر پەککەوتە، بۆیە خۆ سەرگەرم کردن بەوەها کارێکەوە، شایانی خەڵات وەرگرتن بۆ هیچ کارمەندێک نییە، جای چ ئەڵمان بێت و چ تورک، ئەوجا سەرنجی تێبرِیم: ئینجا ئێستاکە تۆیش دێیت بۆ لای من و دەڵێیت کە هیچ منداڵێک لە کن ئەو، ئەو ڕەئووف کارپاتە نییە. لە هیچ لایەکیشەوە باسێک لە باوکێک نییە.. تەواوە. چونکە ئەو هەمدیسان لە ئەڵمانیایە. ناویشی ئەسافە و ئەمەیش وێنەیەکی، ئەو لە کارگەی تیسن و لە شاری دویزبورگ کاردەکات، من وەک خوێندکار لەوێدا کارم کردووە. دەیجا بیری لێبکەنەوە، خۆ دۆزیوومانەتەوە! باڵوێز پەروەندەکەی بەرز کردەوە و وێنەکەی پیشاندام. بابایەکی تەواوی ئەنادۆڵی. سمێڵێکی ڕەشی چڕ و قاتێکی شازی لەبەردایە. ئەوجا باڵوێز پرسیەوە:هەربەڕاستی لەوێکانەدا منداڵێکی وەها نەبوو،کە لەگەڵ ئەم وەسفەدا وێکچوونیان هەبێت؟ ئەوجا بەهەڵسەنگاندنەوە چاوی تێ بڕیم، منیش بڕێک بوێریم دایە بەر خۆم و وەڵامم دایەوە: بەڵێ، نەوەیەک لەوێدا هەبوو، بەڵام ئەو پەککەوتە نەبوو، بەتورکیش قسەی دەکرد، ئەوە ئەو منداڵە نەبوو کە من دەبووایە لێی بگەڕێم، پاشان بیرم کردەوە: ئێستاکە پرسیارێک بە دوایدا دێت و کارەکە خراپتر دەکات، دیاربوو باڵوێز کەوتبووە بیرەوە، بۆیە لە کۆتاییدا وتی: باشە لەیلا، خۆ هیچ شکێک

نییە کە ئەدرێسەکە ڕاستە، خۆ ناشێ هێندەیش ڕەئووف کارپات لەو ناوەدا هەبێت، هەر وەک جەنابتان بۆی دەچن، ئێمە دەبێت جارێکی دی کارمەندی تورک بۆ ئەوێکانە بنێرینەوە، چونکەی پێدەچێت کە منداڵەکە شاردرابێتەوە، بێگومان دەیدۆزنەوە،

ئینجا خۆی بەسەر نووسراوێکدا چۆماندەوە، هەر وەک زۆر گرینگ بێت، بەڵام دیم کە بەتیلەی چاوان لە من هەڵدەڕوانێت، ئەو وتی: نازانم چۆنە، بەڵام ناتوانم دەست لە کارەکە هەڵبگرم، چونکەی زۆر ئاشکرایە، وانییە؟ وەهای سەرنج دەدام کە گوایە چاوەڕێی وەڵامێکە، کە من هەر بێدەنگ بووم، هەڵسا و وتی: لەیلا، خۆ دەزانیت کە ئێمە هەموو، نرخی تۆمان لەکنە، بۆیە واجارێکی دی کێشەکە دەکەوێتەوە دەستی خۆت، چونکە وا باشترە کە ئەو کێشەیە وەک بەرپرسیاری وەئەستۆ بگرن، ئەمە پەروەندەکە و با لای خۆتان بێت! وە من سبەینێ دەچمە ئیزمیر بۆ پێشانگەی پیشەسازی، خۆ دەشزانن کە وەزیری دەرەوە دەیەوێت سەردانی کارگەی چەکسازی لە (کریکالە) بکات، من سەرم زۆر قاڵە ئەم هەموو کارە جێبەجێ بکەم، ئەگەر هەموو کارەکانیان برێک دوابخەن، دەبا ئەو کارەیش برێک وەپاش بکەوێت. بزانە جۆن کارەکە بەرەوپێش بچێت تەلەفۆنی وەزیری کۆمەڵگە و ڕێکخراوی نیومانگ و.. هەرجێیەک بێ بکەن، خۆتان دەزانن کە مرۆڤ دەبێت چی بکات، ئینجا بەدەستەکانی چەند جموجووڵی نارازیبوونی کرد، کراواتەکەی توونڵ کردەوە و لە بەردەممدا دەهات و دەچوو، ئەو وتیشی: جا ئەگەر بەڕاستی کە ئەو منداڵە پێویستی بەچارەسەر هەبێت، ئەوا هەر زۆر درەنگە، بۆیە هیچ هۆکارێک بۆ خێرایی کردنێکی پەرگر نابینم کە گەڕامەوە، کارەکە بخەرەوە بەر دەستم، ئەگەر کاتم بۆ وەها شتێک هەبوو. پاشان بزانین چی دەبێت! کەوتە چەناگە خوران، هەروەک هێشتاکە بڕیاری تەواوەتی نەدابێت، ئینجا وتی: دەی خۆ هێشتاکە ئاشکرایش نییە، کێ باوکێتی. بەسەرهاتێکی ئاڵۆزە، باڵوێز سەری لەقاند و قۆپچەی چاکەتەکەی بەست، هەتا بۆ لای میوانەکانی بگەڕێتەوە، کە منیش هەڵسام، دەستمی گووشی و ڕاوەشاند و وتی: زۆر سپاستان دەکەم بۆ ئەو ئەرک و ماندووبوونەتان، هەروەک بیستوومە،پشووەکەتان کردووەتە قووربانی ئەم کێشەیە؟ لە ڕاستیدا دەبووایە بەم





هۆیەوە چەند ڕۆژێکم پشوو پێ بدابانایە، بەڵام خۆ دەیبینن کە من دەبێت بڕۆم و کارمان هێجگار زۆرە، لە دوو هەفتەی تردا، کۆمەڵی پێشانگەی پەرتووکی ئەڵمانی کە چەندە تەڤ لە هەڤن، دێنە ئێرەکانە، ئەوجا پێویستمان بەجانابتان دەبێت، لەبەر دەرگەکەیش خۆی وەرگێڕاو وتی: بەڵێ. بۆچیش بانگم کردیت؟ شتێکی دیش هەیە، ئاخ، بەڵێ، کۆنسێرتەکە هەر زۆر باش بوو، ئەو کوڕە گەنجە دەبێتە شتێک، کەواتە ئێوارەیەکای خۆش سلاویشم بەدایەگەورەت بگەیەنە، ئافرەتێکی جێ سەرنجە! مێردە کۆچکردووەکەشیم دەناسی، نا، پێدەچێت کە لە دەرەوە ببینم.

لەیلا بەبیرەوە مقەبای پەروەندەکەی لە دەستیدا لوول کرد، کە پاوڵ پرسی:

– تۆ لەو باوەڕەدای کە باڵویز بەهەموو شتێکی زانیووە؟

– هیچ نەبێت، بێئاگایش نییە، ئەگینا ئەم قسە هێنان و بردنەی نەدەکرد، بەومانایە بوو کە من وا تێ بگەیەنێت، بێ ئەوەی لەبارەیەوە قسان بکات، لە هەموو شت ئاگەدارە، چونکەی باڵوێزێکی ئەڵمان، نابێت شتی وەهای بەسەردا تێپەڕێت.

– یان دەیویست بۆ هەڵچوونێک کنەت بکات؟

– باوەڕ ناکەم، بەڵام بۆ ئەوەی تەواو بۆی ڕوون بێتەوە، بەپێویستی زانیووە کە تۆزێک تەنگم پێهەڵبچنێت. هەتا بزانێت من چۆن بەرخورد دەکەم و چی دەردەبڕم. هەروەهایش بوو. کە ناچاربووم باسی کوڕەکەی کن کارپاتەکان بکەم، بیرم کردەوە کە تازە تێپەڕی، بەڵام کە ئەو پرسیاری ئاراستە نەکرد، زانیم کە باش گوێێ ڕانەگرتووە، یان هەمووی دەزانێت و پێویست بە وەڵامدانەوەم ناکات، ئاخ، تەواو ماندووم.

لەگەڵ گرژبوونیشدا، توانی زەردەخەنەیەک بکات، بێ دواکەوتن پاوڵ پرسی:

– کەواتە....؟

لەیلا بەکەیفسازییەوە پێکەنی و وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، کەواتە...! (کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی پەروەندەکە)، کەواتە... (ناوچاوانی خۆی خوراند)، ئەو دوای شتێک کەوتووە کە من بێئاگام لێی، زۆر بەدەگمەن دیپلۆماتەکان، بەڕێک و ڕوونی قسە دەدەبڕن و خۆ دەردەخەن، تەنانەت لە

ساتی ڕاستی وتنیشدا، بەڵام خۆ ئیدی چ جیاوازییەکی هەیە، با کارەکان ڕەوتی خۆیان وەربگرن.

پەروەندەکەی کردەوە، وێنەی پاسپۆرتەکەی ئەساف کارپاتی پیشانی پاوڵ دا و وتیشی:

– هیچ شکێک نییە کە ئەو باوکەکەیە، یان..؟

پاوڵ پەروەندەکەی بەدەستەوە گرت، پیاوە ریشداری ناو وێنەکە قاتێکی ڕەشی لەبەردا بوو.

– گەلێک ئاشکرایە کە ئەوە! ئەگینا کێی ترە؟

لەیلا لە زەردەخەنەکەی تێگەیشت و ماچێکی ڕوومەتی کرد، بۆ وێکچوونی ئەلێکساندەر لەتەک ئەم ئەسافەدا، تەنیا قژە ڕەشەکەیان بوو و هیچی تر، پاوڵ پەروەندەکەی بەلەیلا دایەوە و وتی:

– هیوادارم کە ئەم کوڕە ئەڵمانە لە داهاتوودا، بەحەز و چێژێکی ترەوە لەوەی باوکە تورکەکەی، پۆشاک لەبەر بکات.

ئەوجا سەرنجێکی ماناداری دایە قاتەکەی و کراواتە خوارەکەی کەمێکی لە وێنەکەدا دیاربوو، لەیلا دەرەلنگێکی پانتۆڵەکەی پاوڵی هەڵدایەوە، سەرنجی دایە گۆرەوییە سپێکانی ژێر پانتۆڵە ڕەشەکەی و وتی:

– ئەوەی کە شتی وەها بڵێت، دەبێت لە خۆیەوە دەست پێ بکات.

ئیدی بەپلیکانەکاندا چوونە خوارەوە، لە بەر دەروازەکەوە، غەڵبەغەڵبی میوانەکانەکان دەبیسترا کە هێشتاکە مابوونەوە، لە پەنجەرەکەوە سەرنجیاندا، چۆن هەورەکان بەبەر تیشکی مانگە گەشەکەدا دەکشان و ڕووناکییەکەیش کەوتبووە سەر بان و پەلکی دارخورماکان، خزمەتچییەکان بلێسەئاگرەکانیان گوژاندەوە و سەرگەرمی کۆ کردنەوەی سەر مێزەکان بوون. دەنگەکانی دەرەوە و ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلەکانیش دەبیستران، فاهرونوزا دەرکەوت کە دەستماڵەکە بەسەر شانەکانیدا شۆڕ بووبووەوە و بۆ ئەمان دەگەڕا، نەخۆی و نە کچەکەشی هیچ پرسیارێکیان ئاراستەی یەکتری نە کرد. فاهرونوزا پێشنیاری کرد: ئەگەرچی





کاتیش درەنگە، بەڵام دەتوانین لە دوی بارێک بگەڕێن کە باشترین سەمای شەرقی لێدەکرێت، باشترین خواردنی لەسەر ڕەچەتەی کۆنی لێ دروست دەکرێت، پاوڵ و لەیلا هەر خێرا ڕازی بوون، پاوڵ برسی بوو، هەردووکیشیان تاسەی ناو ئاپۆڕەی خەڵکیان دەکرد. کە ئەوان ڕۆیشتن، ئیدی دوای ئەوانیەک یەک ڕووناکییەکانی باڵوێزخانە دەکوژێنرایەوە، هەتا تاریک بوو. لەیلا و پاوڵ هەتا بەرەبەری بەیانی مانەوە و سەمایان کرد، بەڵام فاهرونوزا و فەخرییەی کچی، نیوەشەو بەدزییەوە تاکسییەکیان گرت و ڕۆیشتن.

لەیلا و پاوڵ، بەهەتاو سووتاو و تۆزاوی و ماندوو، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە لە چیاوە گەڕانەوە، فاهرونوزا پێی وت:

– لەیلا، وا لەوێکانەدا دوو پیاو چاوەڕێت دەکەن، ناشخوازن بێژن سەبارەت بەچییە، هەردووکیان تورکن بەڵام بەئەڵمانی دەپەیڤن، چ ئاشنای سەیرت هەیە؟

ئەگەرچی دەیزانی کێ بێت هاتبێت، بەڵام وتیشی: "چاوەڕێی کەسێک ناکەم" ئەوجا پرسیشی:" لە کوێن؟"

– لە بەرهەیوانی سەر باخەکەن، چا و کێکم بۆ بردن، ئەوان ساتێک دەڕۆن کە لەتەک تۆدا قسەیان کردبێت.

– پێیان بڵێ کە دێم، بەڵام لە پێشدا دەبێت دووشێک بکەم و بەرگی نوێ لەبەر بکەم، هەر تەواو چڵکن بووین، پاوڵ وەرە با بڕۆین.

فاهرونوزا لە پاڵ پاوڵەوە توانجێکی گەیاندێ:

– گەرەکتە باقی ڕۆژەکەیش بەخۆتییەوە بنووسێنیت؟

– خەم مەخۆ، بەم نێزیکانە ئەم خۆشەویستەت وەردەگریتەوە، بەڵام ئێستاکە پێویستم پێیەتی.

کە پاش ماوەیەک ئەوان هاتنە بەرهەیوانەکە،دوو پیاوەکە لەسەر کورسییەکانیانەوە بەرز بوونەوە، یەکێک لەوان باریکەلە و قاتێکی ڕەنگ تاریکی لەبەردا بوو، دووەمەکەیش گەورە و تۆکمە و ئەویش هەر بەرگی ڕەشی لەبەردا بوو، هەردووکیشیان سمێڵیان هەبوو، لەیلا و پاوڵ هەر خێرا، زانیان کە گەورەکە ئەساف کارپاتە، کە ئەمان سڵاویان لێ کردن، ئەساف هاوڕێکەی وەک (ڕازی) پێ ناساندن،

هەموو بەئەڵمانی قسەیان دەکرد، چونکەی لەیلا دەیویست کە پاوڵ تێ بگات، لەیلا بەدەم دانیشتنەوە وتی:

– ئەمە ئەڵمانە و دۆستی منە، ئەویش بۆ (یەنیکۆیا) لەگەڵمدا بوو، دەتوانین

بەکراوەیی لە هەمبەر هەرشتەوە قسان بکەین، ئەرێ ئیسکەندەری بچکۆلەمان لە چی دایە؟ لە کوێدا خۆی حەشارداوە؟

– لە کن دۆستی باش و لێرە، لە ئەنقەرە.

– بیرم بۆی دەچوو، باشە کە ئەو لێرەیە، ئەی بۆچ لەتەک خۆتاندا نەتان هێنا؟

لەیلا پێکەنی، پاوڵیش تێگەیشت کە بۆ چ پێ دەکەنێت، هەردوو پیاوەکەیش بەسەر سوورمانەوە لە یەکیان هەڵدەڕوانی، لەیلا وتی:

– دەتانەوێت لە پێشدا بزانن کە ئایا من جێی باوەڕم یان نا؟

ئەساف سەری لەقاند و ڕازی وتی:

– داوای لێبووردن دەکەم، چونکەی ئێمە تۆ ناناسین، هەر منیش ئامۆژگاری ئەسافم کرد، بەئاگا بێت، هیوادارم کە لێمان تێ بگەیت.

– هەر گوێشی مەدەنێ و خەمی لێ مەخۆن، گوزەرانی باشە؟ هی عایشە و ڕەئووفیش؟

– سوپاس بۆ یەزدان کە هەموو باشن.

لەیلا وتی:

– ئێمە وا تازە لە گەشتێک گەڕاوینەتەوە.

ئەساف بەشڵەژاوییەوە هەڵسا، قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– بمان بەخشن، ئێمە دەتوانین سبەینێ و یان دوو سبەی بێینەوە،

– نا. هەر ئێستاکە لە بارەیەوە دەدوێین، ئەگەرچی پەروەندەکەیشم لە کن نییە. باش گوێ بگرن، خۆ ئێوە نامەکەی منتان پێگەیشت، لەو نێوانەدا باڵوێزی ئەڵمان، بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە، پەروەندەکەی ڕووبەڕووی من کردووەتەوە، بەڵام من

بەڕاستی دەزانم کە ئەلێکساندەر لە یەنیکۆیا بمێنێتەوە.

هەردووکیان بەجەختەوە سەریان لەقاند و بەواقوڕمانەوە گوێیان گرتبوو.





– کارەکە هەروا بەو ساناییە نییە، وای دابنێین کە بۆ تاقیکردنەوەی ئیسپاتی باوکێتی، ئەلێکساندەر لەتەک تۆدا بچێتە ئەڵمانیا، وای دابنێین کە پشکنینی ئیسپاتی باوکێتی تۆ، بەئەرێنی بوو، بەڵام هێشتاکە زۆر ئاشکرا نییە کە ئەو لەتەک تۆدا بۆ تورکیا بگەڕێتەوە. چونکەی هاونیشتمانی ئەڵمانی بوون و چارەسەری پزیشکی ئەو، ناخرێتە پشت گوێ، دەرفەتەکەی تریش ئەوەیە؛ کە ئێوە لێرەکانە و لە ئەنقەرە، پشکنینی ئیسپاتی باوکێتی دەکەن، جا ئەگەر پشکنینەکە ئەرێنی بوو، ئەوا ئەلێکساندەر هەر لێرە دەمێنێتەوە، ئەوسا هەوڵی مانەوەی لێرە دەدەین. ئەگەریش ئاکامی پشکنینەکە نەرێنی بێت، جا ئیتر هەر چۆن بێت، دەگێڕدرێتەوە بۆ ئەڵمانیا. ئەوسا، پاشان دەتوانن کە هەوڵ بدەن، بەڕەسمی بیکەنە زڕکوڕی خۆتان، بەڵام باوەڕم پێبکە، ئەمەیان دژوار دەبێت! ئەگەری سێیەمیش: ئێوە ئەو پشکنینە ناکەن، بەڵام پارە دەدەن بۆ ئەوەی باوک بوونی تۆ ببێتە ڕەسمی و قبووڵ بکرێت. لێ، ئەم کارەیش ڕەسمییەتی نییە و بەقاچاغ دەکرێت، لەو باوەڕەیشدام کە سێ هەزار دۆلارێکی تێ دەچێت. ئێمە لە لایەن خۆمانەوە وەک باڵوێزخانەی ئەڵمان هیچ کێشەیەک دروست ناکەین. چونکەی هیچ خزم و کەسێک لە ئەڵمانیادا نییە، داوای ئەلێکساندەر بکاتەوە، ئایا سێ هەزار دۆلارتان هەیە؟

ئەساف کارپات لەسەر کورسییەکەیەوە خۆی قیت کردەوە و وتی:

– ئامادەم هەر بڕە پارەیەک بێت ئامادەی بکەم، بەڵام ئەمەیش پێویست ناکات. چونکەی من ترسم لە کردنی تاقیکردنەوە و پشکنین نییە، ڕازی پێی وتم کە بەپشکنینی چەند دڵۆپە خوێن، دەکرێت ڕاستیی باوک بوونم بسەلمێنرێت، چونکەی خۆم بەباوکی دەزانم، هیچ خەمێکم نییە، دەشتوانین لێرە و لە ئەنقەرە بیکەین. ئەگەر شتەکان بەڕێکوپێکی بەڕێوە چوون، ناگەڕێمەوە بۆ ئەڵمانیا، بۆ هەمیشە و لەتەک کوڕەکەمدا، دەگەڕێمەوە بۆ (یەنیکۆیا).

لەیلا بەدەنگی قوورس و جەختەوە، ڕووی لە هەردووکیان کرد:

– گوێ بگرن. من بەشێوەیەکی دۆستانە و جێی باوەڕ، ڕای خۆمتان پێ دەڵێم، ئەگەر ئێوە کەمترین شکتان هەیە کە ئەساف کارپات، بەڕاستی باوکی بێت، دەتانەوێت کە منداڵەکە گل بدەنەوە، ئەوا باشتر کە پارەکە بدەن.

ئەساف زۆر بەخێرایی وەڵامی دایەوە:

– نەخێر!

ڕازی بەگوێی ئەسافیا چرپاند، بەڵام کەوتە سەر لەقاندن، لە ناکاو ڕازی بەرز بووەوە، وەک خوو و خدەی تورکێک، بەتوند و تووڕەیی لەگەڵ ئەسافدا کەوتە قسەکردن، هەتا ڕای پێ بگۆڕێت، پاوڵ لە هیچ تێ نەدەگەیشت، بەڵام سەرنجی دا کە لەیلا پاڵی لێداوەتەوە و چێژ لەم دیمەنە وەردەگرێت. ئەساف لە کۆتاییدا بەدەنگی بەرز وتی: نەء! ڕازی هەستی بەشەرمەزاری دەکردو بەتووڕەییەوە وتی:

– هەرچییەک بکەم ئەم بزنلەوەڕێنی ئەنادۆڵییە، گوێم لێناگرێت. بەردەوام داوای ئامۆژگاریشم لێ دەکات، بەڵام هەرکە بەپێویستی زانی، ئەوە دەکات کە خۆی دەیەوێت!

ئەوجا بەدەستماڵەکەی و بەتووڕەیی، ئارەقەی نێوچاوانی سڕی، ئینجا بەبێ زەوقیەوە پرسی:

– دەی باشە، ئێستا دەبێت چی بکەین؟

لەیلا وتی:

– سبەینێ کاتژمێری یازدە، لەتەک کوڕەکەدا وەرنە نەخۆشخانە، من پێش ئەوە لەگەڵ پزیشکەکاندا، کارەکان ڕێ کدەخەم. پێکەوە دەچینە ئەوێ و پێ دەچێت کە ئیتر هەمووی جێبەجێ ببێت.

ڕازی ئاوڕێکی لە لەیلا دایەوە و پرسی:

– چەندی تێدەچێت؟

– پێدەچێت بیست یان سی دۆلار، زۆرتری تێناچێت...

ڕازی بەدەنگی نزمتر وتی:

– مەبەستم ئەوە نییە، ئەویتر چەندی تێدەچێت؟

– پاوڵ، تۆ وەڵامی بدەرەوە.

پاوڵ بەپرسیارەوە لێی ڕوانی و وتی:

– من تێناگەم.





– ئەو ئەندازەیەی کە من و تۆ دەمانەوێت لەم کاسبییەدا دەستمان کەوێت، بۆ هاوکاری و کارەکانمان، کە کارەکە بەڕێگەی خۆمان چارەسەر بکەین، خۆ هێندە دژوار نییە کە لێی تێنەگەیت؟

ڕازی بە بیرەوە سەری لەقاند، ئەسافیش جزدانەکەی دەرهێنا، پاوڵ بەسەرلێشێوانەوە پرسی:

– ئەوە پرسیارەکەت لە من جدییە؟

– بەڵێ، ئەوە لەکن ئێمە سروشتییە کە مامەڵە لەسەر شتێکی وەها بکرێت.

لەیلا بەبێدەنگی سەرنجی تێ بڕی. بەڵام پاوڵ لێی تووڕە بوو، چونکەی لەیلا ئەمی خستبووە ناو کێشەکەوە و لەگەڵ ئەوەشدا، کەیفی پێ دەهات، بەڵام زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و وتی:

– جا ئێوارەیەک و لە بارەکە.؟

ئەساف بەدوودڵیەوە زەردەخەنەیەکی کرد، بەڵام کە لەیلا هەستی پێ کرد، درێژی دایە:

– هەموو شتێک ڕێکخراوە، بۆیە جزدانەکەتان بخەنەوە گیرفانتان.

بەڵام هێشتاکە ئەساف ئارام نەبووبووەوە، هەتا هاوڕێکەی بە ئاماژە تێیگەیاند. ئیدی هەردووکیان بەخواسپاردنیان کرد. کێک و بسکیت و چاکەی فاهرونزا بۆی دانابوون، لە پەشۆکاویدا دەستیان لێ نەدابوو.

لەبەر دەرگەی هۆڵی نەخۆشخانەکە ئەلێکساندەریان دییەوە، ئەویش وەک باوکی قاتێک جلی ڕەنگ تاریکی لەبەردا بوو، کراواتێکی سووریشی بەستبوو، بەڕەوشتەوە دەستی ئەمانی ماچ کرد و دەستیانی بۆ سەر ناوچاوانی خۆی بەرز کردەوە، ئەوجا وتیشی:

– پێکەوە کێکەکەمان خوارد، ئێستا منیش لە گەلەکەمدا بزنم هەیە، بزنی ئەنگۆرا. هەمووی بەسەر یەکەوە هەژدەن.

پزیشکێک هات و ئەوی برد و کردی بەژووری چارەسەرکردندا، ئەسافیش لێگەڕا کە بەوجۆرەی خۆیان دەیانەوێت خوێنی لێ بگرن، ئەلێکساندەریش بێ ئەوەی پرسیارێک بکات لێگەڕا خوێنی لێ بگیرێت، دوو پزیشکی بەدلە سپی لەبەر، ئەوانیان

خستە ژێر سەرنجیان و بەئاسپایی دەپەیڤان. ئەوان لە ژووری چاوەڕێکردن بوون. لەیلا و پاوڵیش چووبوونە دەرەوە و ناو باخەکە، کە بڕیار بوو پاشان یەکتر ببیننەوە. ئەلێکساندەر هەڵساو گۆڤارێکی کارتۆنی جەفەنگی هێناو کەوتە سەیرکردنی. ئەسافیش پەشۆکابوو، لە ژوورەکەدا هەر هاتوچۆی دەکرد، دۆستەکەی هەڵسا و ورتاندی، کە دەیەوێت بچێت بۆ تەوالێت. محەمەد ڕازی بەهۆڵە چۆڵەکەدا، بەلای تەوالێتەکەدا تێپەڕی و لەوسەری هۆڵەکەوە، لە بەردەمی دەرگەیەکدا هەڵوێستەیەکی کرد، دەتگۆ نازانێ چیدەکات. دەستی بەقژیدا هانی و ڕوانییە ئەوسەری تری هۆڵەکە، بیری کردەوە: " ئاخ لەو بارە نەفرەتییەی دویزبورگ. "وێنەکان بەبەر چاوانیدا دەهاتن. شەوانی قسەکردن لەتەک ئەسافدا و ئەگنێسی مووزەرد و ئەو بەدبەختییەی هاوڕێکەی، نامەکەی عایشە و ڕەئووف لە کۆزی بزنەکان و گەڕان بەدوای ئەلێکساندەردا و پاش دۆزینەوەی، ڕووخسارە تێکچوو و شڵەژاوەکەی، ئەوەی کە ئەم دەیویست بیکات، پێچەوانەی حەز و ئارەزووی ئەم بوون کە ناخی تووشی شڵەژان دەکرد، بەجەغتەوە دەرگەکەی کردەوە. هەردوو پزیشکەکان بەبەدلەی سپییەوە، دانیشتبوون و جگەرەیان دەکێشا، هەروەک لە چاوەڕێکردنی ئەمدا بن، ڕازی ویستی هەرچی زووە کارەکە تەواو بکات، بۆیە لێیانی پرسی:

– چەندە؟

– هەروەک لەسەری ڕێککەوتوون، دوو هەزار، دەبێت بۆ ئەم نرخە هەرزانەیش، سوپاسی ئەو ژنەی باڵوێزخانە بکەن بەڵام بەبێ پسووڵەیش! وەهیچیش لەبارەیەوە نەدرکێنرێت! ئەگەریش ئاشکرا بێت، حاشا لە هەموو شتێک دەکەین.

ڕازی بە شک و گومانەوە. لێیانی پرسی:

– جا ئەو ژنە پێوەندی بەم مەسەلەیەوە چییە؟

پزیشکەکە کەوتە ئارام کردنەوەی و وەڵامی دایەوە:

– هیچ، هیچ پێوەندیەکی نییە، ئەو تەنیا بەتەلەفۆن دەیوست ئەندازەی پارەکە لە ئێمەوە بزانێت. بۆ حاڵێک ئەگەر، یان هەستی بەوە کردبێت کە ئێوە چ نیازێکتان هەیە.

– ئەم کارە لە نێوان ئێمەدایە و هیچ پێوەندیەکی بەو ژنەوە نییە ئەی پشکنینی





خوێنەکان لە کوێن؟

یەکێک لە پزیشکەکان دەستی دایە دوو شووشەی بچکۆلەی سەر مێزەکە، ڕوانییە ڕەنگە سوورەکان و بەرەو دەستشۆرەکە چوو، پرسیشی:

– تۆ لەوەی ئەرخەیانیت کە وەهایان گەرەکە؟

– بەڵێ.

– ئەی هاوەڵەکەت لە دەرەوە؟

– ئەو هیچ پێوەندیەکی پێوە نییە.

پزیشکەکە خوێنەکانی ڕشت شووشەکانی شت و سڕی و لە جێی خۆی و سەر مێزەکە دای نانەوە پزیشکەکەی تر هەڵسا و بەرەو پەنجەرەکە چوو، وتی:

– پێدەچێت کە ئەو باوکی بێت!

ڕازیش بەدەم دەرهێنانی جزدانەکەیەوە لە گیرفانی چاکەتەکەیدا، وەڵامی دایەوە:

– هیچ شک نییە کە ئەو باوکێتی.

– ئەی کەواتە بۆچ ئەم هەموو هێنان و بردنە؟ خۆ بۆ ئێوە پشکنینێکی ئاسایی هەرزانتر دەکەوت؟

– چونکە من وەهام دەوێت.

ئەوجا دوو هەزار دۆلاری ژمارد و لەسەر مێزەکەی دانا. یەکێکیان وتی:

– ئێمە دەممان دەگرین، بەڵام تۆیش!

پزیشکە بەساڵاچووەکەیان چووە کن مێزی لای پەنجەرەکەوە، سەرنجی لە پارەکە داو مانای ڕازیبوونی نیشانی هاوڕێ پزیشکەکەی دا. ئەویش سەری لەقاند، ئەوجا ئەو نیوەی پارەکاغەزەکانی هەڵگرتوو، خنینیە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە، نیوەکەی تریشی بۆ لای ڕازی پاڵ پێوەنا و لە ژێر لێوەوە وتی:

– خۆ ئەگەر ئەو بەڕاستی باوکی بێت، هێندە بەسە.

ڕازی بەسەرنجێک تێگەیشت کە پزیشک بەڕاستییەتی. پارەکەی هەڵگرتەوە وگەڕایەوە، کە گەیشتە بەر دەرگەی ژووری چاوەڕێکردنەکە، بۆ ئەوەی وایان تێ بگەیەنێت کە بەڕاستی لە تەوالێت بووە، دەستی بەدەستڕۆکە سڕی و قایشەکەشی

تووند کردەوە، ئەساف تاکی پەنجەرەیەکی کردبووەوە و بەقەلەقی جگەرەی دەکێشا، ڕازی کەوتە دڵنەوایی و ئارام کردنەوەی:

– خەمی لێ مەخۆ، هێندەی پێناچێت.

ئەوجا دەستی دایە گۆڤارێک و وای نیشاندا کە دەخوێنێتەوە، بەڵام دەستەکانی دەلەرزین.

پاش نیو دەمژمێر ئاساف ئاکامەکەی وەرگرتەوە، هەر خێرایش بەڵگەنامەی باوکێتییەکەی بەئەنجام گەیەنرا. هەردوو پزیشکەکان، دەستیان بەئەساف دا، دەستیان بەسەری ئەلێکساندەردا هێنا و بەخواسپاردنیان کرد، لەیلا و پاوڵ هاتنە ژوورەوە، لەیلا بەڵێنی دا کە ئەساف دەتوانێت بێ خەم سەفەر بکات، چونکەی ئەم بەڵگەنامەی هاونیشتمانی و پێناسە بۆ ئەلێکساندەر جێبەجێ دەکات و دەینێرێت بۆ یەنیکۆیا ئیدی لەیلا و پاوڵ لە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە و لە پارکەکەدا ،سەرنجیان دەدایە هەردوو پیاوەکە و منداڵەکەی نێوانیان، هەردووکیان دەستی ئەلێکساندەریان گرتبوو، وادیاربوو کە ئەساف لەتەکیا قسەی دەکرد، ئەساف باسی پلانی خۆی لە یەنیکۆیا، بۆ لەیلا و پاوڵ کردبوو. کڕینی خانوویەک و پارچەیەک زەوی بەراو و بەرفراوان بۆ لەوەڕگای پەزەکان هەردووکیان کەلوپەلەکانیان دێنن و بەپاس بەرەو باشوور دەچن، بەڵام ڕازی دەیویست بۆ ئەڵمانیا بگەڕێتەوە، چونکەی وەک وتبووی، دەیویست بخوێنێت. لەیلا ئۆتۆمبێلەکەی خستە کار، پاوڵی بۆ ماڵەوە بردەوە و خۆشی چوو بۆ باڵوێزخانە، هەتا درێژە بەکارەکانی بدات، پاوڵیش بەڵێنی بەفاهرونوزا دابوو، کە بۆ بەخواسپاردن، پاشنیوەڕۆ ئەپا سیۆناتای بێتهۆڤنی بۆ لێ بدات. چونکەی ڕۆژی داهاتوو، پاوڵ دەبایە بۆ ئەڵمانیا بگەڕایەتەوە. ئەو کاتەی پاوڵ لە بەرئامێرەکەدا بۆ ژەنین دانیشتبوو، فاهرونوزای دۆستە بەساڵاچووەکەی لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە مانا بەجۆری سەرنج و جمووجووڵەکانی خۆی ببەخشێت، ئیدی ئەگەر پاوڵ پارچەیەکی بەحەز و زەوقەوە بژەنیایە، یان پارچەیەکی ئارام و تێکستئامێز، بەڵام زەردەخەنەی سەر لێوی و کەیفخۆشی چاوەکانی، گۆڕانیان بەسەردا نەدەهات، بۆیە فاهرونوزا بیری کردەوە؛ دەبێت هەمیشە وەها بووبێت، بەڵام من گرینگیم بەم لاوە نەدابێت و بەجدیم وەنەگرتبێت یان هەر ئەو شەوق و ڕەونەقەیە کە هەموو شەیدایەک دەگرێتە خۆی، یاخۆ منی پیرەژن دەمەوێت ئەو وەک کوڕێکم ببینم.





تێبینییەکی وەرگێڕ: نووسەر زانیارییەکانی لە هەمبەر عەلەوییەکانەوە، زۆر وورد نەبووە. بۆ نموونە؛ عەلەوی نە مزگەوتیان هەیە و نەنوێژ دەکەن... ئەم تێبینی و سەرنجەم بەنووسەر خۆی ڕاگەیاندووە و پەسەندیشی کرد!

سەرچاوە: ئیسکەندەر، دەستگای پیپەر، ئەڵمانیا ٢٠٠٢